ژمارە (١٢)
ساڵی سێیەم
حوزەیرانی/ ٢٠٠١
پووشپەڕی/ ٢٧٠١

# هەزارمێرد

وەرزە گۆڤارێکی زانستییە،
لە شوێنەوار و مێژوو و کەلەپووری کوردستان دەدوێت



وەزارەتی ڕۆشنبیری
حکومەتی هەرێمی کوردستان دەری دەکات



**گردی بەکر ئاوا**

**دیمەنی قەبرێکە کەلە چینی حەوتەمدا دەرکەوتووە**

بەڕێوەبەرێتی شوێنەوارەکانی سلێمانی
ژمارە / /
بەروار / /
کتێبخانە

# هەزارمێرد

ژمارە ١٢
ساڵی سێیەم
حوزەیرانی ٢٠٠٠
پوشپەڕی ٢٧٠٠

وەرزە گۆڤارێکی زانستییە

لە شوێنەوارو مێژووو کەلەپووری کوردستان دەدوێت

وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەری دەکات

ژمارە ١٢
سالی سێیەم
حوزەیرانی ٢٠٠٠
پوشپەڕی ٢٧٠٠

# هەزارمێرد

وەرزە گۆڤارێکی زانستییە لە شوێنەوارو مێژووو کەلەپووری کوردستان دەدوێت.
وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەری دەکات.

خاوەنی ئیمتیاز
**وەزارەتی ڕۆشنبیریی**

سەرنووسەر
**د. ئەبەز مەجید ئەمین**

سکرتێری نووسین
**رافیدە عەبدوڵلا قەرەداخی**

دەستەی نووسران
**پەخشان عەبدوڵلا محەمەد**
**وەفا خەلوق سەعید**
**هاشم حەمە عەبدوڵلا**
**ئەسرین خواکەرەم**

ڕاوێژکاران
**د. کەمال عەلی**
**د. دلێر ئەحمەد**
**سازان حسێن**

سەرپەرشتیاری زمانەوانی/ **حەسەن عەبدولکەریم**
سەرپەرشتیاری چاپ/ **محەمەد عەبدولکەریم سۆڵەیی**

ناونیشان: سلێمانی وەزارەتی ڕۆشنبیریی/ بەڕێوەبەرێتی گشتیی چاپ و بڵاوکردنەوە
ژمارەی تەلەفون: ٢٢١٣٧٦

العدد ١٢
السنة الثالثة
حزيران ٢٠٠٠

# هزارميرد

مجلة علمية فصلية تبحث عن تأريخ و آثار و تراث كردستان.
تصدرها وزارة الثقافة في حكومة إقليم كردستان.

صاحب الأمتياز
**وزارة الثقافة**

رئيس التحرير
**د. نيز مجيد أمين**

سكرتير التحرير
**رافدة عبدالله قرداغي**

هيئة التحرير
**بخشان عبدالله محمد**
**وفاء خلوق سعيد**
**هاشم حمه عبدالله**
**نسرين خواكرم**

الإستشاريون
**د. كمال علي**
**د. دلير عبدالله**
**سازان حسين**

المشرف اللغوي/ **حسن عبدالكريم**
مشرف الطبع/ **محمد عبدالكريم سۆڵەیی**

العنوان : السليمانية/ وزارة الثقافة/ المديرية العامة للطباعة و النشر.
رقم الهاتف/ ٢٢١٣٧٦

# پێڕستی ناوەڕۆکی بەشی کوردی


| ژمارە | ناونیشانی بابەت | نووسەر/ وەرگێڕ | لاپەڕە |
|---|---|---|---|
| ١ | وتەی ژمارە | وەزیری ڕۆشنبیریی | ٥ |
| ٢ | هونەری بیناکاریو نەخشو نیگاری ناوچەی کەرکوك | ئەژی | ٧ |
| ٣ | کاسییەکانو حکومەتی کاسی | ئەحمەد میرزا ڕۆستەمی | ٣٧ |
| ٤ | نەریتو هونەری میدییەکان | موحەمەد حەمە سالح تۆفیق | ٥٥ |
| ٥ | زەردەشتو پەیامەکەی | سەرهەنگ سالار | ٦٢ |
| ٦ | بەهەشتی عەدەن | هاشم حەمە عەبدوڵڵا | ٧٠ |
| ٧ | دیسان سەعیدی تەتەر | سدیق سالح | ٧٨ |
| ٨ | کێشەی کوردی تورکیا | سەلمان عەلی | ٨٧ |
| ٩ | نیاندەرتاڵەکەی شانیدەر | ڕزگار عومەر عەلی | ١١٥ |


١- بەرگی یەکەم دیوی دەرەوە: چەرخی گۆزەکەری/ گردی (یەڵخی) ناوچەی حەمرین/ هەزارەی دووەم پێش عیسا

٢- دیوی ناوەوەی بەرگی یەکەم: وێنەی گۆزێک لە چینی حەوتەم/ گردی بەکراوا، هەزارەی دووەم پێش عیسا.

٣- دیوی ناوەوەی بەرگی پاشەوە: وێنەی هێڵکاری شاعیری گەورەی کورد مەولەوی

٤- بەرگی پاشەوە: شاخێکی هەورامان/ ناوچەی مەریوان


نەخشەو دەرهێنانی هونەریی بەرگ: ئاشنا عەبدوڵڵا

کۆمپیوتەر: دیاری جەمال عەبدوڵڵا

نەخشەسازی بابەتەکان: نەهلە ڕۆکس

چاپخانە: چاپخانەی تیشک

چاپی بەرگ: چاپخانەی دلێر

تیراژ: ٥٠٠ دانە

# وتەی ژمارە

(هـــەزارمێرد) وەك گۆڤـــارێكی زانســـتیی كلتـــوری، لـــە نێـــو خوێنـــەرو هەوادارانی مێـــژووو كلتـــورو شوێنەوارناسـانی نەتەوەكـەماندا بۆتـە خـاوەن سەنگی خۆیو بایەخی پێدراوە، ئەمەش ئاواتی هەموو گۆڤارێكە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نیە كە ئیتر پشتێنی لێ بكەینەوە، زۆر جار تاقە نووسینێك گەلێك لە نرخو بەهای رۆژنامەیەك، گۆڤارێك، دێنێتە خوارەوە، لەبەر ئـەوە داوا لـەو بەرێزانـە دەكـەم كـە بەشـداری دەكـەن بـە نووسـین لـە گۆڤارەكـەدا رێـز لـە سەرەتاكانی ئازادی دربڕینو نووسین بگرن.

مەبەستم ئەوەیـە كـاتێ ئـەو بەرێزانـە بەشـداری لـە پێشخسـتنی رەوتـی گۆڤارەكـــەدا دەكـــەن، خۆیـــان نەخەنـــە پـــەراوێزی بابەتـــە زانســـتیو ئەكادیمییەكانو، بە وشەو ڕستەی نەشیاو خۆیان گیرۆدەی بەزۆر سەپاندنی راو بۆچوونەكانیان بكەن، سـەرەڕای ئـەوەش هەسـتی كەسـانی دی برینـدار بكەن .

رەنگە بۆ نووسەرێك بچێتە سەر، رای خۆی بەوپەڕی توندو تیژیو بەدەر لە دەربەسـتی بۆچوونـی نسـوڵی، تانـەو تەشـەر.. كینـە هەڵرشـتن حەواڵـەی كەسانی دیكە بكات، بەڵام ئاخۆ لەم حاڵەتـەدا ئـەو نووسـەرە بە رادەی یەكەم پیرۆزی پـەیامی خـۆی لەدەسـت نـادات..؟ زیـان بـە كەسـێتی خـودی خـۆی ناگەیـەنێ..؟ ئایا دوا بەدوای ئـاڵۆزاندنی بـاری دەروونـی خوێنـەر ناشـبێتە باعیسـی ململانێـی لاوەكـیو بریندارکردنـی نەسـتی خوێنـەر؟ لـە وەڵامـدا دەڵێین، بێگومـان ئەگـەر نووسـەر لـە نیگـای ئـەم پرسـیارە ئاراستەكراوانەوە بڕوانـێ، ئـەوا نـەك لەسـەر سـەكۆی ئـازادی گۆڤارەكـەدا، بەڵكـە لـە بۆتـەی داهێنانەكانیشدا هەرگیز مەبەستەكانی خۆی ناپێكێ.!

لەبەر ئەوە چاك وایە نووسەر بیروبۆچوونەكانی خۆی لە چوارچێوەیەكی زانستیی گونجاودا بخاتە ڕوو، بە پشتبەستن بە سەرچاوەو بەڵگە رەسمییو باوەڕپێكراوەكـان بیانسـەلمێنێت.. (هـەزارمێرد)یـش كـە ئـەركی سـەرەكی خزمەتكردنـە بـە چـەمكی مێژوویـیو شـوێنەواری میللەتەكـەمانو هـەروا رێزگرتنە لە هەموو ئەوانەی لەم پێناوەدا ماندوو بوونەو دەبن، لاپەرەكانی بۆ هەموو خاوەن قەڵەمێكی كارامەو بابەتێكی بەكەڵكو سوودبەخش والایە.

خاڵێكی دی كە لێرەدا بە پێویستی دەزانم بە كورتی ئامـاژەی بـۆ بكـەم مەسەلەی پاراستنی شوێنەوارەكانی كوردستانە، دیارە كە شوێنەوار بۆ هەر

گەل‌و نەتەوەیەك وەك ناسنامە وایەو بە زۆری بەهۆی ئەو شوێنەوارانەوە دەتوانرێ زانیاری‌و شارەزایی بەدەست بهێنرێ دەربارەی مێژووو کەلتووری هەر نەتەوەیەك.

ئێمەی کورد، کە هەر لە دێرزەمانەوە دوژمنانمان بە هەموو جۆرێك هەوڵیان داوە مێژوومان بسڕنەوە یان بیشێوێنن‌و وامان لێ بکەن کە خۆمان نەناسینەوە! ئەگەر پێشتر پاساوێکمان هەبووبێ بۆ کەمتەرخەمیمان بەرامبەر ئەرکی پیرۆزی پاراستنی شوێنەوارەکان، ئەوا ئێستا بەهیچ شێوەیەك پینەو پەڕۆی ئەو کەمتەرخەمی‌و گوێ پێ نەدانەمان بۆ ناکرێ.

ڕاستە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا لەبەر هەندێ هۆ، نەمانپەرژاوەتە سەر ئەوەی پلانێکی زانستی‌و ڕێکوپێك دابنێین بۆ ڕووکردنە ئەو بوارەو، دەسکردن بە پشکنین‌و کنەکردنی شوێنەوارەکان، بەڵام خۆ دەتوانین ڕێگا نەدەین بە کەسانی نەفس نزم‌و دوژمنانی نەتەوە، لەوە زیاتر قوڕەکەمان بۆ خەست کەنەوەو بە تەواوی ئاسەواری شوێنەوارەکانمان لەگەڵ خاکدا یەکسان بکەن، ئەو هەموو زوڵم‌و ناهەقیەی کە بەرامبەر شوێنەوارە پیرۆزەکانی کوردستان کراوەو دەکرێت.. لە ڕاستیدا دەبێ زۆرتری لەمەڕ بنوسرێت‌و، لەنێو هەر کۆڕو کۆمەڵەیەکی ڕۆشنبیریدا بە بایەخەوە لێی بکۆڵدرێتەوەو وەك دیاردەیەکی نادروست‌و دزێو بخرێتە ڕوو.. پاراستنی شوێنەوارەکان ئەرکی هەموو کوردێکی دڵسۆزو نیشتمانپەروەرەو هۆکارێکی گرنگیشە بۆ نیشاندانی ڕووی گەشی شارستانێتی گەلەکەمان، بە پێچەوانەوە شێواندن‌و دزین‌و ئاودیوکردنی ئەو سامانە بەنرخەی مێژوومان، تاوانێکی گەورەیە دژ بە ژیاری کۆمەڵی کوردەواری.!

بێگومان ئەوانەی لەنێو بازنەی ئەم تاوانەدا دەگیرسێنەوە پێویستە بەتوندی سزابدرێن‌و شەرمەزاری گەل‌و نیشتمان بکرێن.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم پێشنیاز بکەم لیژنەیەکی یاسایی لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە پێکبهێنرێت‌و لە دەسپێکی کارەکانیدا لیژنەکە هەوڵ بدات یاسایەکی تایبەت بە پاراستن‌و پارێزگاری کردن لە شوێنەوارەکان دابڕێژرێت‌و بڕیاری لەسەر بدرێت، بە کردەوەش لە زووترین کاتدا جێبەجێ بکرێت.

ئەمانە گشتی‌دەبنە سەرەتایەکی پتەو لە پێناو کۆتایی هێنان بەتاوانی لەنێوبردنی شوێنەوارەکان،!

وەزیری ڕۆشنبیری

# هونەری بیناکاریو نەخشونیگاری ناوچەی کەرکوک

## سەردەمە مێژوویی‌یەکان

### بەشی دووەم

نووسینی: ئەژێ

هونەری بیناکاری سەرەتاکانی سەردەمە مێژوویی‌یەکان گۆڕانێکی هەمەلایەنەی بەخۆیەوە دیت کەبووە هۆی ئەوەی هەنگاوی چاك بنێت بۆ بەرەو پێش چوونی هونەری بیناکاری، ئەو بناغەیەی سەردەمەکانی پێش مێژوو، بووە هۆی گۆڕانێکی باشتر بۆ سەردەمە مێژوویەکانو گۆڕانێکی هەمەلایەنەی دروست کرد کە جیٚ پەنجەی لەسەرتاپای کوردستاندا بەدەرکەوتو گەشەی بەردەوامیکرد لە قاوغێکی نوێدا لەبەر ئەوە وایکرد کە سەردەمە مێژوویی‌یەکان وەرچەرخانێکی پێش کەوتوویی پێش خۆی بێت.

بۆنموونە ناوچەکانی (مەتارە) و (قامیش)و (حەویجە) کە لەسەردەمە مێژوویی‌یەکاندا ئاوەدان بوو، دەگەڕێتەوە بۆ بەردەوامی سەردەمەکانی پێش مێژو، لەناو خۆیدا زنجیرەیەکی نەپچڕاوی دروست کرد بۆ ئاوەدانی، هەر لەسەردەمەکانی (گۆتی)و (لۆلۆیی) و (سۆمەری) و(ئەکەدی)و (ئاشووری) و(میتانی). ناوچەی کەرکوک شوێنێکی گرنگی کۆڕەو بووە، لەسەرەوە بەرەو خوارووی (عێراق)، بۆیە هەردەم هونەری بیناکاری لەبرەودابوو، شان بەشانی لایەنەکانی‌تر گەشەیکردووە و بۆتە خاوەنی مۆرکێکی خۆماڵی ڕەسەن، چونکە ئەو کۆچ ڕەوەی ناوچەکانی (چەرموو) تا ماوەیەکی چاك لە دەشتایی‌یەکانی (کەرکوك)و دەوروبەرەکەیدا گەشەی کردو ئینجا بەرەو خوارووی عێراق گەشەیان کرد، مۆرکی هونەری بیناکاری ئەو سەردەمە بە تەواوەتی ئەو ڕاستی‌یە دەسەپێنێت کە ناوچەی کەرکوك بنکەیەکی گرنگی ئەو گۆڕانە بیناکاری‌یە بووە.....

**لێرەوە دەگەینە ئەو ڕاستی‌یانەی خوارەوە لەهونەری بیناکاری سەرەتاکانی سەردەمە مێژوویی‌یەکان:-**

١. بەکارهێنانی قوڕ وەکو کەرەستەیەکی سەرەکی لەهونەری بیناکاریداو، بەکارهێنانی بەشێوەیەکی فراوانو دروست کردنی شێوەی جۆراوجۆری خشتی‌کاڵ لە قوڕ، ((چونکە لەبەر ئەوەی کەرەستەیەکی زۆر و کەمتر ئەرکی تێ‌دەچێت وزیاتر توانای هەیە بۆ ئەوەی لەژێر دەستی ئەوەی بەکاری دەهێنێت لە

بیناکاریدا[1]...هەروەها توانایەکی چاکی هەیە بۆ بەدەست هێنانەوەی قورەکۆنەکە بێ ئەوەی گۆڕنێنێك دروست بکات لە دیوارە کۆنەکەداو،ئەوەی بەسە بۆ زیادکردنی چینێکی تازە لەسەر قورە کۆنەکە، کەتووشی ڕووخاندن بووە، کەبەهۆی گۆڕانی وەرزەکانەوە تووشی داخوراندن بووە...))... وە بەکارهێنانی خشتیکاڵ بە شێوەی تێك هەڵکێش، بۆ ڕیزکردنی خشتەکان[2]. هەروەها بەکارهێنانی بەردیش لەگەڵ قوڕدا بۆ دروست کردنی خانوو بەکارهاتووە، وە سەرچاوەکان ئاماژە بۆئەوەدەکەن کە قیرو گەچیش بەکارهاتووە بەتایبەتی بەکارهێنانی (ئەسفلت) لە کێشانی ئاوەڕۆی ژوورەکانداو، گەچیش لەسنوورێکی دیاریکراودا بەکارهاتووەو، ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ خوارووی عێراقدا،دەبینین لەناوچەکانی سەروودا بەشێوەیەکی زۆر بەکارهاتووە بۆ سپیکردنەوەی ژوورەکان .

٢.هەرلەو سەردەمە مێژووییەکاندا هەنگاونان بەرەو دروست کردنی ژووری لاکێشەیی، لە ژووری بازنەیی‌و چواگۆشەییەوە و هەروەها هەنگاونان بۆ دروست کردنی هەرچوار سوچی ژوورەکان‌و دەرکردنی چەقی پێویست بۆ هەر چوارلاکانی.

٣. سەرهەڵدانی نووسین شان بەشانی هونەری بیناکاری کەئەمەیش لەگەڵ خۆیدا هەنگاوی نابەرەو بیری فراوانتر، چونکە سەرهەڵدانی نووسینی خەتی مێخی بووبە هۆی فراوانی زمانی مرۆڤەکە لە چواندنی هەموو لایەنی هونەری بناکارییەکەو هەنگاوی نا بۆ ئەوەی بتوانێت خۆی سەقام گیربکا لەبەکارهێنانی زمانی بیناکاری‌و نەخش‌و نیگار، کە گەلێك جار نەخش‌ونیگارەکە بوو بە بناغە بۆتێك هەڵکێشی زمانەکە کە لەگەلێك کاتدا نەخشەکە زمانەکەی خوێندۆتەوە...

٤.سەرهەڵدانی هونەری پەرستگا، وەکو هونەرێکی تری بیناکاری و دروست کردنی لەسەر شێوازێکی دیاریکراوو جیاواز لە هونەری بیناکاری خانووەکانی ترداو، لەبەر پیرۆزی شوێنەکە، بیناکارییەکەشی بایەخی پێدراوە.

٥. سەرهەڵدانی دروست کردنی شووورە بە دەوری شارەکەدا کەئەمەش لەخۆیدا هەنگاوێکی سەردەمەکانی پێش مێژووە کەئەمجارە بە شێوەیەکی فراوانتر ولەقاوغێکی گەورە وقەبەتر دروست کراوە و شێوازی دروست کردنی بورجی چاودێری لەسەر شوورەکانی بۆ خۆپاراستن...

٦. ئەوەی لەناوچەی کەرکوکدا بەرچاو دەکەوێت ئەوەیە کە هونەری بیناکاری (گۆتی) و(لولۆیی) و (سۆمەری) و( ئەکەدی) و(هوری - میتانی) هەنگاوی گەورەیان ناوە و جێپەنجەیان زۆر بەزەقی دیارە، ئەگەر بەراوورد بکرێت لەگەڵ ناوچەکانی تردا، چونکە ناوچەی کەرکوك خاوەنی تایبەت



اللوح ي-٥ ختم أسطواني من العصر الحوري الميتاني



اللوح ي-٦ ختم اسطوانى من العصر الآشوري الوسيط



الألواح س ١، ٢، ٣، ٤، ٥، ٦ أختام أسطوانية من العصر الآشوري الوسيط

مەندی‌یەکی زۆر ئاشکراو روونە، بۆ نموونە کارتێکردنی (هوری-میتانی)لەسەردەمی ئاشووری‌یەکاندا زۆر بە زەقی دیارە.

٧. سەرهەلدانی دروست کردنی کۆشکی فراوان و قەبە کەشێوەیەکی بیناکاری قەشەنگ و دلگیری هەیە کە نموونەی ئەمە کۆشکی (نوزی) و (کوروخانی)یە کە هەم کۆشکیکی کۆمەلایەتی و هەروەها بەریوبەری‌یە کەتییدا دەلالەت لە شوینی بەرزی لایەنە کۆمەلایەتی‌یەکەی سەردەمی هۆری‌یەکان دەکات.

٨. سەرهەلدانی هونەری نەخش و نیگار بەشێوەیەکی فراوان، کە نمونەی ئەمە کۆشکی (نوزی)یە، کە لەکاتی پیویست دیینە سەر بەراوردی ئەم نەخشانە.

٩. دروست کردن و هەلکەندنی بیناکاری ئاوەرۆ بە شیوەیەکی ریك‌وپیك و ریژکردنی بەقیرو چەوو بەرد بۆ راکیشانی دەرچوونی ئاو...

١٠. شان بەشانی هونەری بیناکاری و نەخش‌ونیگار هونەری گلکاری و کۆتەل و بۆری لوولەکیش گەشەی کردوو شیوەیەکی ریك‌وپیکی بەخۆیەوە گرت.

١١. سەرهەلدان و فراوان بوونی بیروباوەری ئایینی لەناوچەیەکی وەکو (کەرکوك)، لەگەل خۆیدا گۆرانیکی بنەرەتی هونەری بیناکاری روویدا، وەکو ئەوەی کەسەرهەلدانی ئایینی زەردەشتی جۆرە پالپیوەنەریکی هونەری دروست کردنی ئاتەشگە بوو، کە هەنگاویك بوو بۆ زیاتر دروست کرنی هونەری بیناکاری.

((بەندی‌یەکەم))

**هونەری بیناکاری و نەخش‌ونیگاری((گۆتی))و (لۆلۆیی) و(سۆمەری) و (ئەکەدی)یەکانی ناوچەی کەرکوك**

نزیکترین سەردەمیکی میژوویی بیناکاری ناوچەی کەرکوك کەبەدەستمان گەیشتبیت، هونەری بیناکاری (گۆتی)و (لۆلۆیی)یەکانە، چونکە کەرکوك بنکەی سەرەکی قەلەم رەوی گۆتی‌یەکان بووە، وە ناوچەکانی سەروو رۆژهەلاتی کەرکوکیش شوینی گەشەی شارستانی (لۆلۆیی)یەکان بووە، کە زیاتر شارستانی‌تەکەیان لە ناوچەی سلیمانی و دەوروبەری بووە، بەلام کارتیکردنی هونەری‌یان بەسەر ناوچەکانی کەرکوکەوە بەدیارکەوتووە، بۆیە تارادەیەکی چاك تیکەلاویی‌یەکی بیناکاری لەنیوانیاندا بەدیار کەوتووە؛ کەخۆی دەبینیتەوە لەگەشەکردنی کۆچ رەویان بەرەو ناوچەکانی خوارووی عیراق، لەناوچەیەکی هاوبەش ئەمیش سەرووی میزۆپۆتامیایە. بەلام ئەوەی جیگەی داخە ئەوەیە کە تاکو ئیستاکە پشکنینیکی پیویست نەکراوە لە ناوچەکانی کەرکوك لەسەر هونەری بیناکاری‌یان،وە ئەوەی کە کراوە شتیکی وا پیویستی بیناکاری‌یانە نی‌یە.

لیرە بەدواوە، هەول دەدەم کە روونکردنەوەیەك بکەم لەسەر هونەری بیناکاری (گۆتی) و( لۆلۆیی)یەکان هەرچەندە بەشیوەیەکی کەم بی‌دەرامەت بیت و بەلگەی پیوست بەدەستەوە نەبیت.

((جیگـای قـەڵاو وێرانـە کۆنـەکان کەلـە (ئەراپخا) و((زامـوا))دا هـەن نیشـانەی ئـاوەدانی کۆنــی ئــەم وولاتانــەت[٣] ...))، پــاش ئاشووری‌یەکان شاهیدی مەدەنیەتی ئەمانـەن، ئاشوور (ئاسرپاڵ)ی پاشای ئاشوور، بەکۆمەڵ وەستاو صەنعەت کاری لۆلۆکانی بردووە بۆ ئاشوور، بێجگە لەمە بوونی ئەو هەموو قـەڵاو شاری لۆلۆیەکە پاشاکانی ئاشـور باسـیان کردووە، بەڵگەیەکی ئاشکرایە کـە ئەمانـە دوو میللەتی مەدەنی‌و بەکەڵك بوون و بە قابیلیەتی ئێستای وڵاتەکەشا گومان نیە کە ئەمە راستە. چونکە سامانی ئەم وڵاتە ئەوەندە زۆرە گومان نامێنێت ك بووبێتە هۆی پێشکەوتنی لۆلۆکانی ئەوکاتە))[٤]

بــەڵام بــیروبۆچوونی مامۆســتای هونــەر ئـەنطوان مورتگات وایە دەربارەی گۆتی‌یەکان کە:

((لـەتوانادا نی‌یـە دەستنیشـانی ناسـنامەی گۆتی‌یــەکان بکــەین لــەرێگای زانســتی ئاســەوارەوە، وە (ف.ئەندریــــە) ئــەوەی سەلماندووە کە بینایەك هەیە لە چینی ( F) لە پەرستگای (عەشـتار) لـە (ئاشــوور) کــە دەتوانرێت بەهی گۆتی‌یەکان دابنرێت، چونکە بنکەی خانووەکـە لەبـەرد دارێـژراوە، بـەڵام لـەدوایدا لەگـەڵیك شـوێندا هی‌لـەو جـۆرە دۆزراوەتـەوە کـە ئاگەرێتـەوە بـۆ بنـەڕەتی (گۆتی)یەکان، مرۆڤ دەتوانێت بیر بکاتەوە لـەو کۆشکە گەورەیەی کەلە بەرد دروست کراوە لە گـردی(خوێــرە) لــە ســەرووی وولاتــی (میزۆپۆتامیــا)، کــە دەســت پی‌دەکــات لەسـەردەمی سـۆمەری کـۆن، کـە پـەیوەندی کارێکی هەیە بەهۆری‌یەکانـەوە، کـە سـەریان هەڵداوە لە هەزاری سێ‌یەمی پێش زاینی، کە ناگەرێتــەوە ســەر گۆتیــەکان، و مۆرێــك دۆزراوەتـەوە، لـە(ئەشـنونا) کـە بابەتەکـەی (ئەکەدی)یە، و رووکارەکەی دیـاری‌کراو نی‌یـە کەبەجۆرێك ناتوانین هیچ تیشکێکی چاك بگرین کە تایبەت بێت بە شێوازەکەی.

هـەروەها نـاتوانین بریـاری ئـەوە بدەیـن کـە گۆتی‌یەکان ئـەوەندە بـەهێز بوونـە و ژمارەیـان زۆر بووە کە تاپلەیەکی وابتوانن کاربکەنە سەر دانیشتووانی سۆمەری‌و ئەکەدی‌یەکان لەلایەنی دروست بوونەوە، لەوانەیە لەلایـەن ئاوەزیشـەوە (العقـل) دووبـارە... هـەروەها دەتوانـین ئـەو سەردەمەی (گودیا) بگەرێنینەوە بۆ سەردەمی گۆتی‌یەکان ... بەڵام بەڵگـەکان زۆر بەدەسـتەوە نایەن بۆ راستی ئەم بۆ چوونە ئەوەی پێشوو بیروبۆچوونی بەرێز ئەنطوان بوو بەڵام دەتوانین بگەینە ئەم راستی‌یانەی خوارەوە:-

١.نـاتوانین بڵێـین((کـە گۆتی‌یـەکان هەمیشـە سەرگەرمی شەڕو شۆڕ و بگرەو بەردە بوون، وە پاشـایانی ئــەوان پاشــایەتیان بۆنــەکراوە ولــەناوچوون. بــەڵام ئەگــەر وابێــت چــۆن توانیویانـە (٩١)سـاڵ حوکمرانـی کیشـوەرێك بکەن کە لەو رۆژگارەدا لـەرووی ئابووری‌یـەوە لەپلەیەکی باڵا و کامڵ دابووە، واتا کیشوەری (ســۆمەری) و (ئاکــاد) - وە لــەدواییدا لەناوبچن))[٦]

((گەلی گۆتی گەلێکی چیایی و شەڕزان بوون، هەرچی پاشاکانیانە، ئەوە پاشا گەلێکی دڵ سەرت و توندوتیژ، خاوەن دەسەڵات و زەبروزەنگ و بەترسی سەردەمی خۆیان بوون هەر لەبەر ئەوەیشە سەرچاوە ئەکەدیەکان کە ناوی هەندێکیان دەبات دەڵێ ((پاشای بەزەبرو زەنگی گۆتییەکان وجارجاریش دەڵێ((درنجی چیا)).[٧]

لێرەدا دەمانگەیەنێتە ئەو ڕاستییە کە لەبەر زەبروزەنگی گۆتیەکان، لەدوای ڕووخاندنی خۆیان هەموو ئاسەوارێکیان لەناو دراوە و سووتێنراوە و لەکەڵک خراوە، چونکە بەهێزییەکەیان وای کردووە کە لەگەڵ نەمانیاندا هونەرەکەشیان هەرەس بیهێنێت نموونەی ئەم جۆرە کارانە زۆر زۆرە لەمێژوومان‌دا، بۆیە((کەوا بۆماوەی کەمی سەڵتەنەتی پاشایانی گۆتی ناتوانین بەهۆی جەنگ و بگرەو بەردەوە دابنێین...))[٨]

لەبەر ئەوە ناگەینە ئەو ڕاستییە تابەوەی شوێنێکی فراوانی کوردستان هەڵنەدرێتەوە و ئاسەوارەکانیان لەشوێنەکانی دوور دەستی سۆمەری و ئەکەدییەکان نەدۆزرێتەوە چونکە ئەوەی ژێر دەستی (سۆمەری) و (ئەکەدی)یەکان تووشی لەناوچوون بووە و فەوتاوە و شوێنێکی وای نەماوەتەوە کە بکرێتە کاری بەراووردکاری بۆ سەردەمی گۆتییەکان.

٢. درووست کردنی، بنەڕەتی بنکەی خانووەکانیان لەبەرد دروست کراوە، کە ئەویش لە زۆر شارستانییەتی ناوچەکانی زاگرۆسدا بەردەوام بووە و هەبووە، بۆیە گۆتییەکان نەتەوەیەکی ئەو ناوچانە بوونەو لەوێوە گەشەیان کردووە و بەردەوام بوونە.کە نموونەی ئەم لێک نزیک بوونە (چەرموو)ی لای چەمچەماڵ و ((حەسوونە) و (مەتارە)، کەلێکچوون هەیە لە بنکەی خانووەکانیان، کە لەوانەیە گۆتییەکان لە هونەری بیناکاری ئەوانەوە مابێتەوە.

**بۆیە مامۆستای بەڕێز فۆاد حەمە خورشید گەیشتۆتە ئەو ڕاستییەکە :-**

((.. شارستانیتی گۆتییەکان هەبی و نەبی، هەر بەرەو چاترگۆران و لەدرێژی دانی شارستانیتی پیشەوەی چەرمووە.چونکە کۆمەلگەی کشتوکالی(چەرموو)، بەرە.. بەرەو هەنگاو بەهەنگاو بەرەوەچاتر گورا ، بووبە کۆمەلگەیەکی شارستانی وپیشکەوتوو ترو، ئەنجام شارستانیتی گۆتییەکانی لیهاتە دی.

گۆتییەکان جۆرە هاوپەیمانیو یەکگرتنیکی خیلەکیو هۆزایەتییان پیکهینابوو مل کەچی فەرماندەیەکی ئۆروستوقراطی بوون کە بۆماوەیەکی کورتی دیاری نەکراو بەپاشا هەلیان دەبژارد..))[٩]

بۆیە دەگەینە ئەوراستییە کە لیکچوونی هەمە لایەنیکی هونەری بیناکاری نەتەوەکانی زاگرۆس بەدی دەکریت، لەبەر ئەمە هونەری بیناکاری گۆتییەکانیش بزر بوونیکی پیوەدیارە وهاوچەشنە لەگەل ئەو نەتەوانەی زاگرۆسدا.

٣. بەهۆی لیکچوونی لایەنەکانی نەتەوەکانی زاگرۆس وای کردووە، لەگەل

خۆیدا لێکچوونیکی بیناکاری دروست کردووە، گەلێک جیاکردنەوەی لێ زۆر بەگران دەکەوێت، چونکە لەبەر بەردەوامی ئاوەدانی شوێنەکەیان وای کردووە، هەر لەسەردەمەکانی پێش مێژوو بەزنجیرەیەکی نەپساوە بڕوات بۆ سەردەمە مێژووییەکان، چونکە نەتەوەیەکی بیانی نەماتۆتە ناوی تاهونەرەکەی بەدیار بکەوێت، بەلکو تەنها لەناو نەتەوەکانی خۆیاندا گەشەو لێکچوون دروست بووە، بۆیە لەیەک لەدوای یەکی ئەو زنجیرەیەدا تەنها زیاد بوونیکی کەم رووی داوە لە تەکنیکی هونەری بیناکارییەکە،نەك لە شێوە و تەرزی هونەری بیناکاریەکە،بۆیە هونەریکی بیناکاری (چەرموو) لەگەل (حەسوونە) و (مەتارە) و (گۆتی)دا بەراوردیك هەیە لەتەکنیکی هونەرەکەدا کە هاوسەنگە لە شکلو تەرزی بیناکارییەکە.

بۆ نموونە هەموویان بەردیان بەکارهیناوە، بەلام بەپێی گۆرانی سەردەمەکان، جیاوازی تەنها لەقەبارەی بەردەکەدایە، ئەمەش دەگەریتەوە بۆ زۆری بەرد لەو شوێنەدا کەلەگەل خۆیدا، قەبارەو جۆری بەردەکە و ریژەی بەکارهینانی ئەو بەردە دەگۆریت.

بەلام ئەگەر سەیری هونەری بیناکاری سەردەمی سۆمەری و ئەکەدیەکانی ناوچەی کەرکوك بکەین، دەبینین شتیکی بیناکاری دیاری کراومان بەدەست ناکەویت، وە ئەوەی لەبەر دەستمان دایە بریتییە لە بیناکاری نیوچل و دۆزینەوەی چەند لایەنیکی گۆزەکاری و مۆری لوولەکی و هەندیك بەلگەی جۆربەجۆر.

((نیردەیەکی)) ئەمریکی) لە کۆتایی بیستەکانداشوینیکی گرنگی دۆزیەوە، لەناوچەی کەرکوك کە پێی دەوتریت(گاسوور)، کە دەگەریتەوە بۆ سەردەمی ئەکەدییەکان، بەلام لەسەردەمی (فجرالسلالات)(بەرەبەیانی بنەمالە سەرتاییەکان)دا پەرستگایەك هەیە کە تایبەتە بۆ خواوەند (عەشتار) و هاوشێوەی لە(ئاشوور)دا هەیە، وەهەندیك شتی گرنگی لێدۆزراوەتەوە لەنزیك ئەم خانووەدا کەبریتییە لە هەندیك پارچە کە رۆشنایی گەورە دەخاتە سەرپەیوەندییە بازرگانی و ئالوگۆرەکانی سەردەمی ئەکەدیەکان، هەروەها لەو دەست نووسانەدا ئیشارەت کراوە بۆ گەلێك دەرگای بازرگانی وولاتی (ئەنادۆل)کە دەبیتە کەرەستەیەکی گرنگ بۆ داستانەکانی (سەرجۆنی) هاوپەیوەست بە بابەتەوە، هەروەها بۆتە هۆی هەولدان بۆ دۆزینەوەی تر بۆ لیکۆلینەوەیەکی ناباوو(غیر مالوف) لەسەر داموودەزگای مەدەنی و سەربازی سەردەمی(ئەکەدی) ئەو کەرەستە کانزاییانە ومۆرە لوولەیی و گۆزە زۆرانە، دەتوانین بەراوردیان بکەین لەگەل ئەو چینەی کە هاوسەردەمە لەگردی (براك) کەلە نیوانیاندا گەلێك لایەنی لێکچوون هەیە لەگەل هاوسەردەمەکانیدا لە خواروو.[١٠]

((ئەو پەرستگایەی )(عەشتار)، (چینی ا) کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەکەدیەکان، وە لە(نوزی)دا گۆڕینێکی شکلی وای لێ روونەداوە، کە زۆر کەم، وە ئەمەیش زیاتر بۆ ئەوە کراوە، هۆڵەکە فراوان کراوە، کە تاریژەیەکی زیاتر خەلك بگرێت، لەکاتی نوێژکردن و پەرستندا... لەبەرئەوە ناتوانین بلێین کە ئەو پەرستگایە هونەرێکی بیناکاری(هوری)تەواوە بەلکو تێکەلاوە لە (هۆری - ئەکەدی) کە ئەمیش نیشانەی تێکەلاوی هونەری بیناکاری[١١] (ئەکەدی-هۆری)دەکات. ((کە لەمەو دوا دێینە سەر باسی ئەم پەرستگایە)).

## بەندی دووەم

### هونەری بیناکاری و نەخش و نیگاری هاوسەردەمی (هۆری-میتانی-ئاشوری) ناوچەی (نوزی) و (کورووخانی) و (ئال-ئیلانی)لای کەرکوك

((ئەوەی کە گرنگییەکی تایبەتی هەیە دەربارەی پاشەڕۆژی هونەری ئاشووری و رۆژهەلاتی خواروو بە شێوەیەکی گشتی، هاتنی لێشاوی هۆرییەکانە لە سەرووی وولاتی نێوان دوو رووبار(مابین النهرین)، وە بەسەرۆکایەتی لە چینی ئاری فەرمانڕەوا، کە ئەمەیش ئەومیتانیانەن کە لەدوای رووخاندنی دەسەلاتی کەنعانییەکانەوە لە ماوەی درێژەوە بوو لەنێوان رووخاندنی دەسەلاتی حامورابی هەتا سالی(١٤٠٠)ی پێش زایینی٠ لەبەر ئەوە ناتوانین ئەو سەردەمە دابڕین لە هونەری (هۆری-متانی)، کە لەو کاتەدا دەسەلاتی میتانییەکان درێژبوو بووە لە چیای (زاگرۆس) هەتا (فەلەستین))، وە زۆر وولاتی ئاشوورییەکان کەوتبووە ژێر دەستیانەوە، هەرچەندە کە لەدوایدا رەچەلەکی ئاشوورییەکان زال بوو بەسەر فەرمانڕەوای سیاسی هۆرییەکان بەلام دەتوانین بە ئاوەز (العقل) بگەینە ئەو راستییەکە ئاشوورییەکان لەسەرەتای چەرخی چواردەهەمی پێش زایینی و لەودوایدا توانییان ئەو دەسکەوتە سیاسیی و شارستانییە بەدەست بهێنین کە میللەتی (هۆری) و(دەولەتی میتانی) ئەیانویست بگەن پێی، وە سەردەمی تاریکی ئاشووری لەنێوان مردنی (شەمشی ئەدەدی یەکەم)ە وەیە، وە بوژاندنەوەی سیاسی لە ئاشوور لەماوەی سەدەی چواردەهەمی پێش زایینییە لەسەردەمی فەرمانڕەوای ئاشووری (ئەدیبا ئەدەدی یەکەم)بوو[١٢].

لەبەر ئەمە((ناتوانین چاو بپۆشین لەو کارتێکردنە گەورەیەی کە رووی داوە لە هاتنی هۆزەکانی (هۆری-میتانی)یەکان بۆ سەرووی عێراق لەسەر هونەری ئاشووری بە شێوەیەکی تایبەتی و هونەری رۆژهەلاتی خواروو بە شێوەیەکی گشتی...کە دەولەتەکەیان زۆرینەی زەوییەکانی ئاشوورییەکانی گرتبۆوە[١٣].بەلام لەدواییدا هونەری ئاشوورییەکان پێش کەوتنی بەخۆیەوە دیوەتەوە دووبارە لەماوەی سەدەی پانزەهەم و چواردەهەم، وە هەولیدا کە خۆی پاك بکاتەوە لەژێر کارتێکردنی (هۆری - میتانی)[١٤].

بۆیە ئاشوورییەکان توانیان کە ئاواتی سیاسی‌و رۆشنبیرییان بەدەست بهێنن دوای دەرچوون لەژێرکۆتی (هۆری- میتانی) لەماوەی سەدەی سیانزەهەمی پێش زاینی لە هاوسەردەمی سێ گەورە فەرمانڕەواییاندا کە ئەوانیش (ئەدادنیراری یەکەم)و(شەلمانسەری یەکەم) و (تۆکۆلتی میتنورتای یەکەم)، کە هەوڵیاندا بۆ پاراستنی ڕیزی هونەری ئاشووری‌و پاوەشیان بۆ کردەوە.[١٥]

((هونەرمەندی ئاشووری بێبەشە لەسەرنجدان بۆ چوونە ناخی خودی، چونکە لە ژینگەیەکی شەڕوشۆڕو بگرەوبەردە و کاولکاریدا ژیاوە خۆی بەستۆتەوە بەخزمەت کردنی گەورەکەی بێ ئەوەی بچێتە ناخی ناوەڕۆکییەوە (الفکرە)، بابەتەکانیان بریتییە لەشەڕکردن لەگەڵ کلدانییەکان‌و میدی‌و حیثی‌وهۆزەکانی ناوچە بەرزەکان، کە تووشیان بووە یەکەلێک گوی دریژی کیوی‌و گەران بەدوای شێر لەئەشکەوتەکانی چیای زاگرۆس، بۆیە دەبینین هیچ شتێک نەماوە لە بابەتەکانیان بێجگە لەرووداوی توندوتیژی وبگرەو بەردە، کە شێوازەکەی بێهێزی داپۆشیوە. بۆیە هونەری ئاشووری دادەنرێت بە سادەیەکی زۆر و وانیشان دەدات کە ڕوویەکی تەواوی نییە و سیبەری تابلۆکە تەواونییە و تەنها چەند هێلێکی کەمی بەدیار دەکەوێت[١٦].

بەلام ئەگەر سەیری هونەری (هۆری- میتانی)بکەین دەبینین کە یەکگرتنێکی تیدا هەیە لەو هونەرە لە نێوان ناوچەکانی ژێردەسەلاتیان هەر لە(عێراق) و(سوریا)و(میسر) کە دریژ بۆتەوە لە چیای (تۆرۆس) هەتا چیای (زاگرۆس)[١٧] وەئەوەی ئێمە دەیزانین دەربارەی بیناکاری(هۆری - میتانی)، بریتییە لەپاشماوەکانی بیناکاری لە (نوزی) و (ئالالافە) لەسەردەمی پاشای میتانی گەورە (شوشتار) ... بەلام ئەمە ئەو بەلگەیە بەدەستەوە نادات کە نەخشەی ژێرەوەی پەرستگای (عەشتار) پاشماوەیەکی هوری - میتانییە[١٨] وە دۆزینەوە لەمەو دوایی(کوروخانی)، هاوسەردەمی (نوزی) دەمانگەیەنێتە هەولدان بۆبەراووردی هونەری بیناکاری (هوری - میتانی) ناوچەی کەرکوك، پێش ئەوەی بگەینە سنووری بەراوردکاری هونەری بیناکاری سەردەمی هونەری (هوری- میتانی) ناوچەی کەرکووك دەگەینە ئەم راستییانەی خوارەوە:

١.ئەوەی لەم قۆناغەی (هۆری - میتانی)دا بەرچاو دەکەوێت درووست بوونی هونەری بیناکاری‌و سەرهەلدانی بەشێوەیەکی فراوان‌و سەرهەلدانی بنیات نانی کۆشکی گەورەو قەبە، کەئەمە لەپێشدا زۆر بەکەمی بەدەردەکەوت، ودبەناوبانگە بەزلی و فراوانی هونەری بیناکاری.

٢.فراوانی بەکارهێنانی هونەری نەخش‌ونیگار و سەرهەلدانی هونەری فرە بەرز کە لەپێشدا

ئاوا بەو فراوانییە هونەری نەخش و نیگار بەکارنەهێنراوە....

٣. بەکارهێنانی ڕەنگ لەنەخشاندنی هونەری نەخش و نیگار و ڕازاندنەوەی لەسەر بنەمایەکی دڵگیر.

٤. بەکارهێنانی هەموو پێویستییەکانی هونەری بیناکاری و تەواوکردنی هەموو لایەنەکانی ئەو هونەرە و هەوڵدان بۆ نەپچڕانەوەی ئەو پێویستییانە.

٥. سەرهەڵدانی هونەری بیناکاری (هۆری - میتانی) وکاشی و متوربە کردنی لەگەڵ هونەری بیناکاری ئاشووریدا، وەئەوەی کەلە ناوچەیەکی وەکو کەرکوك بەرچاودەکەویت ئەوەیە کە تایبەت مەندیەکی تارادەیەك تەواوی هونەری (هوری- میتانی) ڕوویدا، کە تێیدا زۆر جیاوازی و تایبەت مەندیتی هەیە لە هونەری بیناکاری ناوچەکانی تردا، هەمووشیان سەر بە هونەری (هوری-میتانی)، ناودەبرێن، هەروەکو ئەوەی بەرچاودەکەویت لەهونەری بیناکاری(نوزی) و(کورووخانی)دا.

٦. ئەوەی لەسەردەمی ئاشووری ناوەڕاستدا بەرچاو دەکەویت، کارتێکردنی هونەری (هوری - میتانی)یەو سەرهەڵدانی هونەرێکی کامل بووی لە وناوچەیەدا، چونکە بوونی ئەو تایبەت مەندییە وایکرد بەر شاڵاوی هێرشی ئاشوورییەکان بکەویت....

٧. ئەوەی لەو سەردەمەدا بەرچاو دەکەویت سەرهەڵدان ودروست بوونی قەڵایە لەسەردەمی ئاشوورییەکانداو دابرانی وەکو ناوچەیەکی نیشتەجی کەنموونەی ئەمە قەڵایە (ئال - ئیلانی) قەڵای کەرکوکە).

٨. بەکارهێنانی نەخش ونیگاری ئەندازەیی(هەندسی)و گیانداری(حیوانی)و ڕەمزی و خەیالی جۆربەجۆر...

٩. سەرهەڵدانی هونەری دروست کردنی پەرستگایە بە شێوەیەکی زۆر ... زۆر فراوان و تایبەت مەند کە نموونەی ئەمە پەرستگاکانی(نوزی) و (کوروخانی) .

١٠. کارتێکردنی هونەری بیناکاری ئاشوورییەکان کارتێکردنێکی زۆر لاوازی هەبوو، بەسەر ناوچە داگیرکراوەکانەوە، ئەمەش زیاتر لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە هێرشەکانیان لایەنێکی کاولکاری هەبووە، زیاتر لەوەی کارتێکردنێکی ئاوەدانی بووبێت، وە ئەمەیش بەڕوونی بەدەردەکەویت لەسەردەمی ئاشووری نوێ و ئاشووری کۆندا، کە هیچ هونەرێکی بیناکاری بەرچاو ناکەویت کە جێگەی باس بێت...

## هونەری بیناکاری و نەخش و نیگاری کۆشکی نوزی

((لەسەرووی عیراقدا دەتوانین بگەڕێین بەدوای نیشتەجی بوونی میتانییەکان، کەماوەیەك لەگەڵ کاشییەکان هاوچەرخ، وەپاشای میتانییەکان فەرمانڕەواییيان

کـــــردووە لەپایتەختەکــــەیان کـــــە (واششـوکانی)یــە، کــە دەکەوێتــە نزیــك ســـەرچاوەی رووبــاری خــاپوور لــەنزیکی ساڵی(١٥٠٠)ی پێش زایین، هەتا ناوەڕاستی سەدەی چوارهەمی پێش زایینی، ئاشوکاتەی کەدەسەڵاتەکەیان کۆتایی هـاتووە، وە یـەکێك لەو قەڵایانەیان لەسووچی خواروو، بەناوبانگ بــوو، بەشــاری(نــوزی)کــە کەوتۆتــە دووری (١٢١,٢)میل لەخوارووی ڕۆژئاوای کەرکوکی ئێستا (ئەراپخا).

لـــەکۆتایی بیســـتەکاندا، لەســـەرەتای ســـیەکاندا، نێردەیـــەکی ئـــەمریکی لــەزانکۆی(بنســلفانیا)، لــەژێر چــاودێری (ریچارد ف-س-ستار)وئەوانەی تردا، کەوتنە پشــکنین بــۆ دۆزینـــەوەی شارســـتانی میتانییــەکان کــە دوا ئــەنجامی کارەکــە دڵخۆشــکەرو لەهــەمان کــاتدا بــێ ئومێــد بوولەهــەندێك لایەنــەوە... کــەتوانرا کۆشــك وپەرستگاو ژمارەیــەك خــانووی نیشــتەجێی تایبــەتو گرنــگ بدۆزرێتــەوە ... هــەروەها بــەهۆی ئــەو دۆزینەوانــەوە دەگەینـــە ئەوڕاستییە کــە ئــەم میللەتــە ژیــانێکی زۆر پێشــکەوتوو پۆشــتە ژیــاونو پــەیوەندی بازرگانیــان هــەبووە و بــەم ڕێگایــەدا پــەیوندییان بــەزۆر وڵاتــەوە هــەبووە لەڕۆژهەڵات و هەتا وڵاتی (میسر) ...وە گردە سەرەکییەکەی بەناوبانگە بە (وێران شار- یۆرغـان تەپـە)، کــە لەژێرییــەوە شــارێکی شـــــوورە دراوە بـــــەخۆیو کۆشـــــكو پەرستگاکەیەوە، بەڵام گردەکانیتر پاشماوەی نیشتەجێکانیتر دەگەیەنێت. [١٩]

کۆشــکی (نــوزی) بریتییــە لەکۆشــکێکی نــاخۆیی لــە نێــوان گەڕەکــەکان، کــە جیــای دەکاتـــەوە لـــەخانووەکانی دەوروبـــەری پەرسـتگاکە لەسـەرووی‌دا، وە ئـەم کۆشـکە جیاوازیــیەکی وای‌نییــە لەگــەڵ کۆشــکی (بەکرئاوا) یان لەگەڵ کۆشـکی (ئەکـەدی) لـە (ئاشــوور) یــان لەکۆشــکی (مــاری)[٢٠] ئــەم کۆشکە پێك هاتووە لە دەروازەیەك کە دەڕوات بــە چــەند ژوورێکــی ئێشــکگرتن دا بــۆ گۆڕەپـانێکی ناوەڕاسـتی چوارگۆشـەیی کـە تێیــدا حــەوزی چوارگۆشــەیی ئاوی‌تێدایــە، ئینجــا هۆڵێکی‌درێژدەبینـــین لـــەلێواری لایگۆڕەپانەکە(١٥×٥)م، وەلـەدوایدا هۆڵێکی دووری گـــەورەتر دەبینـــین لـــە ڕووی پانتایی(١٩,٥×٨)م، کە ئەم دوو هۆڵـە چـەند ژوورێك پێکیانەوە دەبەستێتەوە، کەبریتییـە لـەژووری تایبــەتی و گــەرماوی ئامــادەکراو وپێشاویی (ئاودەست) تەواوبوو[٢١]...

وەلەیەکێك لە ژوورەکاندا چـەند پارچەیـەك هەیە لەسـەر دیوارەکە کەتێکـەڵاوە، بـەڕەنگی سەوز لەشێوەی مێخسەکە لەناوەڕاستەوە، کە بە(ئاشـووری)،(سـقاطو)ی پێدەڵێـن لەسـەر دیوارەکە بەقوڕی گیراوە چەسپ کراوە، وەکو شێوەی نەخشی ڕێكوپێك وە لەژوورێکی تردا پاشمـاوەی هـەندێك وێنـەی سـەر دیـواری ڕەنگـاوڕەنگ دۆزراوەتـەوە کـە ڕووی گیـاندار ونیـوە مرۆڤـە کەلـە شێوەی (گـا) و ئـافرەتی

گوێچکە درێژ بێ دەم و لووت کەلەشێوەی خانەی رێکوپێک دابەشکراوە کەلەنێوانیاندا خوداوەندی (داری ژیانی) ئاشووری یەکان) جیای کردۆتەوە...))[٢٢]

وە دەبینین کە شەقامەکانی بەناو، دیاریکراوە، وە وێنەیەکی تۆپۆگرافی بۆ دانراوە، وەکو دابەشکردنی ئاو کە چۆن لە (قنطرە)یەکی بچکۆلەوە چەند تۆڕێک تیردەکات، هەروەها ئاوگرەکان (خزان) پردەکات کە هەریەکە ناوی خۆی بۆ دیاریکراوە...[٢٣]

دەربارەی هونەری وێنەی سەردیوار لە(نوزی)دا ئەوەیە کە دانیشتوان رەنگی سپی وەکو گەچیان بەکارهێناوە کە زۆرتردیارە لەسەر رەنگەکانی ترەوە...

دانیشتووانی (نوزی) سێلای دیواریان رەنگ کردووە بە رەنگی ئەرخەوانی بەڵام دیواری چوارەم بەرامبەر دەرگاکە بە سێ پارچە رەنگ کراوە و لەنێوان هەریەکێکیاندا شریتێکی تەسك جیایانی کردۆتەوە، کە هێلیکی حەلەزۆنی چوونە ناویەکی تێدایە، کە رەنگەکان بریتین لە ئەرخەوانی و سوور وئینجا ئەرخەوانی. وە لەکۆشکی (نووزی)دا و لەو ژوورەی کە دەروانێتە سەرگەرماوەکەی دوای هۆڵی پاشایەتی (عرش) و هۆڵی تایبەتی پاشا، پانتاییەك (رووبەرێك)، رەنگی کەوتوو لەسەر زەوی دۆزراوەتەوە، وە لەکاتی پشکنینی ئەم پارچانەدا دەردەکەوێت کە دیوارەکە دابەشکراوەتە سەر چەند ئاستێکی ئاسۆیی کەبەشی سەرووی بەشێوەیەکی شاقولی دابەش کراوەتە چەند رووبەرێکی رەنگی لاچوار گۆشەیی، وە تێدا رەنگی ئەرخەوانی وسوور و گولی (پەمەیی) بەکارهاتووە، وەکو ئەوەی کە وێنەکێش یستوویەتی وێنەی رووی پەرستگا لەگەڵ دەرگاکە دروست بکات لەگەڵ شێوە پەنجەرەیەکی سێگۆشەیی لەسەرییەوە، ئەم پانتایانە (مؤطر) کراوبەشریتی کە نێوانیان بەنەخشی ئەندازەیی رازاوەتەوە، بەرەنگی سپی و رەش یان ئەرخەوانی وسوور، و لەژێرئەم رووبەرانەدا وێنەی شریتی ئاسۆیی (١٧سم) کێشراوە، بەرەنگی سوور و گولی،وە لەژێر ئەم پانتایانەدا جارێکی تر پانتاییە شاقولی یەکان دەردەکەوێتەوە، وە دابەش دەبێت بەسەر چوارگۆشەو لاکێشەدا،وە لەنێوانیاندا وێنەی سەری (گا) بەرەنگی ئەرخەوانی وشاخی بەرەنگی رەش لەسەر تەختی سوور یان ئەرخەوانییان ئەرخەوانی سپی رەنگ کراوە.. ئینجا وێنەی درەختی (ژیان)دێت لەسەر تەختی ئەرخەوانی یان رەش، ئینجا وێنەیەکی ئافرەتی بێدەم ولووت کە دووچاوودووگوێی درێژی وەکو گایی هەیە[٢٤]...وە هەندێك خانووبەرە هەیە لەلێواری سەروو وە کە تایبەتە بە جێنشینی (فەرمانڕەوای ئەراپخا) کە جێگەی لێکۆڵینەوەی تایبەتییە، لەگەڵ خانووی

هـەردووبرا (تیخـب) و (شـوورکی‌تیللا)، وە هەروەها خانووی کەسیك بەناوی(زیکی)، کە ڕیژەیەکی چاك لە کەرەستەی مسی(نحـاس) بەخۆیـەوە گرتـووە لەسـەری تیروچـەقۆ وزریپۆشی ئاخنراو بەپارچەی قـوورس، وە کەرەسـتەو چـەند چـەکیکی وەکـو داس و(مخـارم) و کونکـەرو(تەشـوی) کەهـەمووی بـەجێهێڵدراوە لـەکاتی ڕووخـاندن‌و سووتاندنی‌دا[٢٥] ((ئـەو کۆشـکەی کەلـەنوزی دۆزراوەتـەوە، دروسـت کـراوی سـەردەمی یەکێکـە لـە فـەرمانڕەواکانی سـەردەمی پاشا(شوشتار) ، لەسنوری (١٤٠٠)ساڵ پێش زایـین، وە ئـەم کۆشـکە یارمـەتیمان دەدات بۆکـاری بـەراورد کـاری، لـەنێوان بیناکـاری میتـانی‌و ئاشـووری‌دا، هەرچـەندە کـە لێی نەپارێزراوە. کە تەنها بەشێوەیەکی بەشی‌یە، (جزئـی)، وە لەسـەر ئـەوە، لەوانەیـە نەخشەکێشـانە بنەڕەتی‌یەکـەی تەنـها بـە بۆچوون بێت (حدس)... چونکە وایێ دەچێت کەبەشـێوەیەکی یـەك لەدوای‌یـەکی گـەورە کرابێتەوە و فراوان کرابێت...[٢٦]

کۆشکەکە هـەمووی دەورە دراوە بەشـوورەی دەرەکی گەورە، کە دەروازەی هاتنە ژوورەوە و چوونـە دەرەوەی تێدایـە، کـە هەریەکـەی لـە شوێنی دیاری‌کراوە لەهەردوو ڕووی ناوەوە و دەرەوە، هەروەها دوو گۆڕەپان دروست کراوە هەریەکە لەنزیك یەکتری، بەڵام نەك لەسەر یەك چـەق، کـە لەوانەیـە دەروازەی سـەرەکی ئـەم کۆشکە لەلای سووچی سەرەوە بووبێت، کە بە بۆنـەی ئـەم دەروازەیـەوە مـرۆڤ یەکـەم جـار دەگاتە ئەو گۆڕەپانەی کە کەوتۆتە سـەرووە وە زیاتر لەوەی تر، کەلەوانەیە بەکارهێنرابێت وەکو گۆڕەپانێکی پێشوازی کردن:- چونکە ئـەو سـەکۆیانەی لەدیوارەکەدایـە لەوانەیـە بـەکارهاتبێت بەشێوەی کورسـی بـۆ میوانـی چـاوەڕێکراو لەسـەر دووریـانی سـووچی خواروی ڕۆژئاوای ئەم گۆڕەپانـە ژوورێکـی لاکێشـەیی هەیـە کەئاگردانی لێیە، ئـەم ژوورە بەکارهاتووە وەکو گۆڕەپانێکی‌ناوەکی، وە ئەم گۆڕەپانـەی ناوەوەیـە کـە گـەورەیـە، هەیـەتی ژوورێکـی لاکێشـەی تـر لـەلای خـوارووی ڕۆژئاوایـەوە، دەروانێـت بەسەریدا تارمەیـەکی دینگـەدار، وە ئەمـەیش تەنـها ژوورێکـی چاوەڕوانی‌یە بۆ ژوورێکی لاکێشـەیی فراوانتر کەسـەکۆئاگردانی تێدایـە، کەلەیـەکێك لەلاکانی‌یـەوە کوورتـە، کـە مـرۆڤ دەتوانێـت لـەکاتی وەسـتاندا لـەلای دەروازەکەیـەوە ڕوانگەکە ببینێت ...، وە ئەم شوێنە لەوانەیە دروست کرابێت بۆخاوەن ماڵ.

وە دەبێت ئەوەمان لەبیرنـەچێت کە بەهـەمان جۆر ژووری لاکێشەیی هەیە کە دروست کراوە لە دووریـانی ڕێڕەوەکاندا کەشوێنی ڕوانگـەو قوربـانی تێدایـە، وە نمونـەی ئەمـە هەیـە لەکۆشـکەکانی ئاشـووری‌یەکان لەهـەزاری یەکـەمی پێـش زاینـی، (کۆشـکی سـەرووی ڕۆژئـاوای کـالخ‌و دۆرشـروکین یـان گـردی پارسیب).[٢٧]

مرۆڤ ناتوانێت بەرپەرچی ئەو ئەگەرە بکات کە کۆشکی پاشایەتی میتانی، کارتێکردنی خۆی بەجێ هێشتووە لەسەر هونەری بیناکاری ئاشووری، بەهەر جۆرێك بێت دەتوانین بڵێین کە کۆشکی (ئەدەد نیراری یەکەم) لەئاشوور لێکچووە لەگەڵ کۆشکی فەرمانڕەوای (نوزی) لەشێوەی نەخشە دانانی گشتی یەوە، هەروەها لەشێوەی ژوورە تاکەکانی یەوە، وە دەتوانین بڵێین کە زیاتر لێکچووە لەگەڵ کۆشکی پاشایەتی کاشی، (کوریگالزوی یەکەم)، کە هاوسەردەمیتی ئارادەیەك، کە دروست کراوە لە (دۆرکوریگالزو). ئەوەی گەگرنگە بۆکاری بەراوردکاری نێوان هونەری (هوری - میتانی) و (هونەری ئاشووری)، بریتی یە لەو دۆزراوانەی کە پەیوەستە بە هونەری هوری- میتانی ناوچەکانی (ویران شار- یۆغان تەپە)ی ناوچەی نوزی، کە ڕیژەیەکی چاك لەهونەری بیناکاری و نەخش و نیگاری میتانی تێدا دۆزراوەتەوە بێجگە لەڕیژەیەکی زۆری قابلیتی جۆربەجۆر، هەروەها دۆزراوەکانی (مەلوان)لەناوجەرگەی ناوچەی هۆری یەکان ئەویش لە ناوچەی (خاپوور) و(بلیخە)، هەروەها پیشکنینەکانی (وولی)یە، لەو شارەی کە کەوتۆتە ئاقاری رۆژئاوای دەولەتی میتانی لە(ئالالاخ)، (گردی عطشانة)، وەکارە چاکەکانی (کلۆرشیفر) لە( ئۆغاریت)، وە لەدوایشدا دۆزراوەکانی پەیمانگەی رۆژهەلات لە (شیکاغۆ) و دۆزراوکانی دەزگای (م- فرایهرفون) ئوبنهایهم لەنزیك (راس العین) وەبێجگە لەمانە گشتی، بەلام تائیستا کارێکی گەورەی هونەری و بیناکاری شارێکی سەرەکی گەورەی دەولەتی میتانی نەدۆزراوەتەوە، وە ئەوەی کە بەدەستمان گەیشتووە و دۆزراوەتەوە، تەنها لەچوارچێوەی پەرستگاو کۆشکدایە کە هەمووی لەچوارچێوەی ناوچەی ئاقارەکانی میتانی دایە. وە هونەر لەماوەی بابەت و ڕیژەیدا، تەنها ئەو دۆزراوانەیە کە ناسراوە بەنەخشی سەرمۆری (کەرکوك)، وە تائیستا بەشێکی کەم لەبەردەستماندایە بریتی یە لەهونەری (هوری - میتانی) ناوچەی کەرکوك لە وێنەی سەردیواروکۆتەلی قەبارەی (النحت المجسم) وکۆتەلی (ناتیء)، وەناتوانین شێوەی پیکهاتەکانی بگەرێنینەوە، تەنها لەرێگەی بەکارهێنانی بۆ چوونەکانمان نەبێت لەم سالانەی دوایدا گەلیك لیکۆلینەوە کراوە لەسەر نەخشی مۆری (هۆری-میتانی) پەیوەندی بەنەخشی مۆری ئاشووری ناوەراست، وزۆربەی ئەوەی کە لیکۆلراوەتەوە، بریتی یە لەچاپی ئەو مۆرانەی کە دۆزراوەتەوە، لەتۆمارە بازرگانی یەکانی(نوزی) و(ئاشور)، وە ئەم مۆرانە تەنها بابەتەکانی ئەوە نی یە کە لەلایەن هۆری - میتانی یەکانەوە بەکارهاتووە، بەلکو تایبەت مەندی یەکی تری هەیە ئەویش ئەوەیە کە دەتوانین مێژویی یەکەی دیاری بکەین، چونکە لەسەر تۆمارەکان مێژووی بۆدانراوە، لەماوەی سەدەی پانزەهەمی پیش زایینی دا، بابەت و شێوازەکانی لەنێوان هۆری و ئاشووری دایە،

نەخشکاری مۆری ئاشووری شریتی پەنجەرەیی بەکاردەهێنێت بۆ بەدەست هێنانی

چەند رووبەکی وێنەیی کە لەشێوەی چەند تابلۆیەکی بەش بەش، کە لەدوایدا مەریەکیکی بەدەمامکیك (اقنعه) پردەکاتەوە، کە ئەم کارەی دەکەویتە ژێر سحری هەمان بابەتی کە وێنەکیشی سەر دیواری کۆشکی فەرمانرەوای نوزی بەکاری دەهێنێت بۆ رازاندنەوەی سەردەرگاکەی کۆشکەکە.

لەبەر ئەوە دەبینین کە وێنەکیش لە(نوزی) هەڵدەستێت بە وێنەکردنی تابلۆی بەش ..بەش لەداری ژیان و سەری گاو دەمامکی هاوچوو بەکۆتەلی (صاطور)، کە دەتوانین رەچەلەکی (سووری)و(میسری) تیدا بدۆزینەوە، کەئەم جۆرە نموونانە زۆر ئاسایی‌یە بۆ دەولەتیکی میتانی‌کە دەسەلاتی بەسەر ناوچەیەکی زۆردا گرتبیت هەر لەچیای (تۆرس) هەتا چیای (زاگرۆس)، کە سەری (بکرانی) هیمایەکی کۆنە کە بەکارهاتووە لەسەرەتایی چاخی بەردین لەسەر گل کاری‌گردی (حەلەف) بەلام لە دوایدا (تحویر)کراوە لە (نوزی) بەریگایەکی زۆر تایبەت مەند، کەلەتوییدا بنەرەتی تایبەتی شیوە ئەندازەیی بەهیزی تیدایە. بۆنمونە لە (سەری‌گا)دا هەست دەکەی کە پیکهاتەکەی بریتی‌یە لەکۆمەلیك نیشانەی ئەندازەیی، وە دەتوانین ئەو گوزارە (تجرید) ئەندازەیە ببینین لەوینەی سەرئەو دیوارە لەدەمامکی‌گیانداریکی تردا. لەشیوازیکی لیکراوەیی (تجسیم)، کە دۆزراوەتەوە لە (ئالالاخ) لەکۆشکی (نقمیبا)، وە ئەم دەمامکە (قناع) داتاشراوە زۆر بەووریایی لەبەردی کلسی سپی، کە داریژراوە شیوازە سروشتی‌یەکەی بەدابرانیکی تەواو کەزۆر بەزەحمەت دەتوانریت شیوەی ئەم دەمامکە بناسریتەوە تەنها شاخە شۆرەوە بووەکانی نەبیت، کە ئەمەتاکە بەلگەیە(شاخ) بۆ ئەوەی کەبەرانە، وەمرۆڤ (دەتوانیت بلیت کە ئەمە بریتی‌یە لە نەخش‌ونیگاریکی سەر دیوار وەکو ئەو دەمامکەی کەکیشراوە لە(نوزی))، وەلەسەر ئەمەشەوە لە (نوزی))، سەری بەرانیکی تر دۆزراوەتەوە، کە دروست کراوە لەبەردی گەچی (حجر الجبس))، کەنزیکە لەوشیوازەی دۆزراوەتەوە لە (ئالالاخ)... وە بە بۆنەی لیك نزیکی ئەم دوو کۆتەلەوە دەمانگەیەنیتە ئەوەی کەیەکیکی لەرۆژهەلات و یەکیکی تر لەرۆژئاوا، بەلگەیە بۆ ئەوەی کە بوونی هونەریکی میتانی یەکگرتوو هەبووە، بەسیفەتیکی بنەرەتی..

وە ئەوەی کە بەرچاومان دەکەویت لەتابلیتە ئاشووری‌یەکان لەسەدەی چواردەهەم و سیانزەهەمی پیش زایینی، کە چاپ کراوە بەمۆری هۆری لەشیوازییان وەکو ئەوەی کە دۆزراوەتەوە لەمۆرەکانی (نوزی)و( ئالالاخ) ... بەلام ئەوەی زیاتر جیگەی بایەخە لە مۆری(نوزی)ئەوەیە، بابەتەکانی تایبەت نی‌یە بەبابەتی‌بچووکەوە لەنەخش‌و نیگاردا، بەلکو بەشیوەیەکی زۆر روون‌ودیاری‌کراوی هەیە[٢٨]..



نەخشەی کۆشکی فەرمانرەوا لە نوزی

## هونەری گڵ کاری نووزی

لەناوەراستی هەزاری دووەمی پێش زایینی و هەندێك پێشتر لەوە، لەسەرووی عێراقدا، وە بەتایبەتی لەناوچەی کەرکوك جۆرێك گڵ کاری بلاوبۆتەوە، کە بەناوبانگە بە گلکاری هوری، تایبەت بەدانیشتوانی هۆریەکانی ئەم ناوچەیە، وەجۆرێك لەگڵ کاری‌دۆزراوەتەوە بەناوبانگە بە گڵ کاری (نوزی) ... وە کۆنترین گڵ کاری وەك دۆزرابیتەوە لەچینەکانی ژێرەوەی ناوچەی نوزی‌یە...[٢٩]

ناوچەی (نوزی) شێوەیەکی تایبەتی هونەری گڵ کاری هەیە، رازاوەتەوە بەشێوەیەکی زۆر جوان و ریك‌وپێك... کە نەخش کراوە بەوێنەی (حەلەزۆنی راکردوو) چەپکی قژو گوڵ وهەروەها تەیرو توال و درەختی باوی ئەوکاتە[٣٠]..لەنەخشێکدا شێوەیەکی حەلەزۆنی‌یە کەلەناو خانەی سێ‌گۆشەیی شێوە پێچاوپێچ رازاوەتەوە، وە لەنێوان خانەکانی یەکەم و دووەمدا هێلی چەماوە رازاوەتەوە، لەگەل هێلی راست وەهێلە چەماوە کە کەوتۆتە نێوان هێلە راستەکانەوە.

وەجۆرێکی تر(کوپ)بریتیە لە گوڵ وە دەوروبەرەکەی لەشێوەی چەپك رازاوەتەوە، وە بەنمونەی هونەری سێ‌گۆشەیی‌نەخش کراوە، وە لەهەندێکی تریان شێوە چوارگۆشەیی دوو رەنگ رازاوەتەوە ...ئەم جۆرە گڵ کارانە بەرەنگی سپی کراوە، وە لەسەر تەختی رەنگاورەنگ، کەئەم ج -ۆرە شێوەیە لەسەر دیوارەکانیش دەبینرێت.




نەخشەی کۆشکی فەرمانڕەوا لە نووزی

لەبەر ئەمە دەتوانین نموونەی ئەم گڵ کاری‌یە بەنموونەی هونەری (نوزی) دابنێین، کە ئەوەی زۆرتر باوە کوپی درێژە، بریتی‌یە لەبنکەی لێک چووی شێوە گۆپکەیی هاوچووە وەکو (زر) و (نمازج)[٣١] وەگڵ کاری نوزی بۆیەکراوە بەڕەنگی ڕەش یان زەیتونی وەهەندێک جار پرتەقاڵی تۆخ، وە وێنە کراوە بەسپی لەسەریدا، لەشێوەی ئەندازەیی و حەلەزۆنی.

وە دەفرەکانی (الاوانی)، ئەملاو ئەولاکەی زۆر ناسک دروست کراوە، وە دروست کردنەکەی لەقوڕێکی پاک‌ونەرمە وەهەندێک جار لەشێوەکانیدا کوپی بنکەیی خڕی پتەو هەیە بەلام دەفری‌یە بێڕەنگەکانی نوزی جۆرەها شێوەی هەیە کەقورەکەی شێوەیەکی مام ناوەندی سوور کراوەتەوە، کەڕەنگەکەی سەوز ئەشکێتەوە بەلای زەردەوە، وە ئەم دەفرانە لەسەر دۆلابێک دروست کراوەکە زۆر بەخێرایی سووڕاوەتەوە. وەکوپەی گەورە بەکارهێنراوە بۆ پاراستنی خواردن یان ناشتنی مردووی منداڵ، وە زۆری نەخش کراوە بەپشتێنێکی هاو تەریب لەنەخش‌ونیگار بەدیار لەسەرلاشەکەی لەبەشی سەرەوە، وە هەندێک کوپەی شێوەی هێلکەیی گەورەیی هەیە لەلای دەمەکەیەوە، کە هەندێکی ملی نی‌یە...[٣٢]

**( پارچە دۆزراوەکانی ناوچەی نوزی )**

١. مۆری لولەیی، کە دەگەڕێتەوە سەردەمی هوری، بابەتەکەی تابلۆی دارخورمایەکە، لە تەنیشتیەوە دوو مرۆڤ وەستاوە، وە لە ژێرەوەی ڕیزێک ئاسکە هەیە، قەبارەکەی(٢,٤×١,١)سانتیمەترە، وە دروست کراوە لەهەویری شووشەیی، شوێنەکەی نوزیە، هەزاری دووەمی پێش زاینی.

٢. مۆرێکی لوولەیی، لەسەردەمی هۆری، بابەتەکەی پیاوێکە وەستاوە لەبەرامبەر دارخورمایەک وە لەتەنیشتیەوە ڕەوە ئاسکەهەیە وە لەژێریانەوە نەخش و نیگاری ئەندازەیی هەیە، دروست کراوە لەهەویری شووشەیی قەبارەکەی (٢,٥×١,١)سانتیمەترە، شوێنەکەی ناوچەی نوزیە لەهەزاری دووەمی پێش زاینی...(٣٣)

٣. دۆزینەوەی پارچەیەکی هونەری نوزی کەلەشێوەی تەندوردایە، کەسەرەوەی بچووک ترە لەژێرەکەی وەهەموو لاشەکەی هەڵکۆڵراوە بەنەخشی شێوە سێگۆشەیی دووچین لەسەر و خواری یەکتری، وە لەژێرەوەیش کونێکی تێدایە، وەلەسەرەوەیش وا بەدیار دەکەوێت کە ملەیەکی بۆ کرابێت، بەڵام تائێستا نەزانراوە کە بۆچی بەکارهاتووە.

٤. دۆزینەوەی مۆرێکی لوولەکی، مرۆڤێکی تێدا دیارەکە عودێکی بەدەستەوەیە لێی دەدات کە دەگەڕێتەوە بۆ ناوچەی نوزی.

٥. دۆزینەوەی پارچەیەک کە تائێستا نەزانراوە بە شێوەیەکی تەواو بۆچی بەکارهاتووە، بریتییە لەدووبەشی چوارگۆشە کە تارادەیەک بەشی سەرەوەی تاهاتووە بچووک بۆتەوە، وە لەخوارەوە، لەهەرلاوە کونێکی لاکێشەیی هەیە، کە دەکاتە چوار کونی لاکێشەیی



چەند نموونەیەکی گلکاری نوزی



هونەرێکی مینانی‌یەکان – ناوچەی ( نووزی )



پارچەیەکی دۆزراوەی نووزی

هەرچوارگۆشەیەك.

## هونەری بیناکاری‌ونەخش و نیگاری کوورپوخانی ناوچەی کەرکوك

((کورپوخانی دەکەوێتە خوارووی ڕۆژئاوای شاری کەرکوك بەنزیکی(٤٥) کیلۆمەتر لەسەر ڕێگای کۆمپانیای نەوتی عێراق (I.P.C)، کەکەرکوك دەبەستێتەوە بەشارەکانی ڕۆژئاوای سەر ڕووباری (دیجلە)، وە ئەم گردە (٣٥)کیلۆمەتر دوورە لەخوارووی ڕۆژئاوای نوزی.[٣٤]

ئەم گردە قەبارەیەکی ناوەندی هەیە کەپێوانەی لای درێژەکەی(٢٠٠)مەتر دەبێت، وەلایە پانەکەی (١٣٥×١٤٠) مەتردەبێت، وە ئەم گردە بەرز دەبێتەوە لەسەرخۆ لەلای خوارووی، بەرەو لای سەروو، کەبەرزترین بەرزی دەگاتە (٤,٤٢)مەتر، کەلەوانەیە گردەکانی ئەم ناوچەیە هەمووی لەخوارەوە بەرەو سەروو هەڵکشابێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هۆی هەڵکردنی(با) لە ناوچەکەدا[٣٥]...لێرە بەدواوە هەوڵدەدەم باسی بیناکاری چینی یەکەم و چینی دووەمی کورپوخانی بکەم، کەچینی دووەمی بریتی‌یە لەهونەری بیناکاری کۆشکی سەوز کە کۆشکێکە دەگەڕێتەوە سەر هونەری بیناکاری (هۆری-میتانی)، سەردەمی ئاشووری ناوەڕاست.ئینجا لەدوایدا دێمە سەر باسی هونەری بیناکاری پەرستگاله هەریەکە لە (نوزی) و(کورپوخانی) داو هەوڵی لایەنی بەراورد دەدەم لەهەردوو ناوچەکەدا، ئینجا دێمە سەر بەراوردی هونەری بیناکاری و

نەخش و نیگاری (نوزی) و(کورپوخانی)..

ئەوە بەدەردەخات کۆشکی(کورپوخانی) کە خانوویەکی سادەنەبووە بەڵکو کۆشکی یەکێکی ناودارbووە کە فەرمان ڕەوایی ناوچەی (کوورپوخانی) بووە، وە دەستی ڕۆیشتووە بەسەر ناوچەکەدا ... ئەمەش بەدەردەکەوێت:-

لەچاکی هونەری بیناکاری، وەکو قەبارەی فراوانیو پانی دیوارەکانیو ڕێکخستنی شێوەی پاشەڕۆی ئاودابەشکردن لە ژوورەکاندا، هەروەها بەکارهێنانی ڕەنگ لەبۆیەکردنیهۆڵەکاندا، ...وە بەکارهێنانی خشتی سوورە وەکراو لەدیوارەکانی دەرەوە و لەناو ژوورەکانو زەوییەکانیدا، وەدۆزینەوەی ژمارەیەکی زۆری (ڕەقیمی) قوڕی کەنزیکەی (٨٠٠) ڕەقیم دەبێت، بێجگە لە دۆزینەوەی مۆری لوولەیی و بزماری(گڵی) وسوراحی گەورەو کوپە وشووشەی ڕەنگاوڕەنگ...[٣٦]

## کۆشکی سەوز

## چینی دووەمی کووروخانی

((کۆشکی سەوز خانوویەکی زۆر فراوانە، لاکێشەییە ڕووبەرەکەی دەکاتە(٣٠×٦٠)مەتر، وە لاکانی بەلای

هونەری نەخش ونیگاری سەر دیواری نوزی



چوارلادا دەچێت،وەتوانراوە کەنزیکەی (٢٦) هۆڵ‌وهـەیوانی لێبدۆزرێتـەوە، بـەڵام ئەمـە هەموو بەشەکانی نەبووە لەوانەیە لەبنەڕەتدا دووچینی بووبێت وە بەڵگە بەدەستەوە هەیە کە ئەو ڕاستیە بسەلمێنێت، ئەویش قەوێتی دیـواری بیناکارییەکەیەهـەروەها زۆری ئـەو خۆڵەی کەکەوتۆتە سەرکۆشکەکەوەنەخشەی ژێرەوەی کۆشکەکە دەکرێتە دووبەشەوە:-

بەشێکی پـێی دەوترێـت بەشـی گشـتی کۆشـکەکە (الجنـاح العـام) کەدەکەوێتـە لای خـواروری ڕۆژهـەڵاتی بیناکارییەکەیـەوە، بـەڵام بەشـی تایبـەتی کۆشـکەکە (الجنـاح الخـاص) لـەلای سـەرووی ڕۆژئـاوای کۆشکەکەوەیە.

ئەم کۆشکە تەنها دەروازەیەکی (مدخل)هەیە کەپانییەکەی (١,٥)مەترە و دەکەوێتە ڕووی کۆشـکەکەوە لـەخوارووی ڕۆژهەڵاتـەوە، وەپـانی ئـەم ڕووە(١٥,٦٠)مـەترە کە(٧,٢٠)مەتری بەدەرکەوتووە لەبەشەکانی تری بیناکارییەکە، وە ئەم ڕووە دیـارە سـێ سوودگەی گشتی(المرافق)ی هەیە لەگەڵ دوو بورجی گەورە.. وە ئەم جۆرە نەخشەکێشانە شێوەیەکی باوی هونەری بیناکـاری عـێراقی کـۆن نییـە لەهـەزارەی دووەمـی پێـش زایینیـەوە، وە وا بەدەردەکـەوێت کـە نەخشەکێشـانەکەی بۆکـارێکی بـەرگری کرابێـت... وە ڕووی کۆشـکەکە بۆیـە کـراوە بـەڕەنگی شـینیمەیلەو سـەوزو زۆری ژوورەکـانی کۆشـکەکەی پێسـواغ دراوە، وە ڕووی کۆشـکەکەی چـوار دەرچـووی هەیە(طلعات)کەڕووی دەرەوەی دیوارەکەی ڕازاندۆتـەوە، دوو دەرچـوو لـەلای بەردەمیـەوە بەپێوانـەی (١.٢٥×٠,٤٥)مەترە، وەلەگەڵ دەرچوونێك لەتەنیشتیەوە بەپێوانـەی (١,٢٥×٠,٤٥)م، (١×٠,٤٥)م .. وە ڕووی پێشـەوەی کۆشکەکە دووسەکۆی دروست کراوی هەیە لەخشت دروست کراوە(دکە) کە هەریەکە لەملاو ئەولای دەرگای سەرەکییە کە درێژی (٢,٩٠) مـەترو پـانی(٤٥)سم، وەبەبـەرزی (٣٠)سم .. ئەمەش لەوانەیە بۆدانیشتن یان ئێشـك گرتـن و چـاوەڕوانیکردن بەکارهاتبێت...

دەروازەی دەرەوەی کۆشـکەکە بـەهۆی ڕاڕەوێـك دەڕواتـە نێـو حەوشـەیەکەوە بەپێوانـەی(٤×٥,٧٠)مـەتر و زەوی ئـەو ڕاڕەوە دیـارە کەبـەجوانی داپۆشـراوە بەخشـتی (فەرشـی)، وە ئەوحەوشـەیەیی بەردەم سێ سەکۆیی هەیەکە بەدیوارەکەوە نووسـاوە، کـە پێوانـەکانیان بـەڕێژەی (٢,٦٠-٣,١٠) مـەتر و(٨٥)سـانتیمەتر پـان و بەبـەرزی لـەنێوان (٣٥-٤٥)سانتیمەترە، کەلەوانەیە هۆی دروست کردنـی ئـەم سـەکۆیانە بـۆ چـاوەڕوانی بووبێـت وە لـەم حەوشـەیەوە دووچوونـە ژوورەوەیهەیـە یـەکێکیان لەسـووچی ڕۆژهەڵاتـە، وە ئـەوەی تریـان لەسـووچی ڕۆژئاوایە کە دەڕواننە سەر هەردوو ژووری

(١٥,١٤) کەژووری (١٤) پێوانەکەی(٥×٢,٥) مەترەوەژووری (١٥)پێوانەکەی(٥,٣٥×٢,٥٠)مەترەکە هەردوو ژووری (١٥,١٤) بۆهەڵگرتنی خواردن و شەراب بەکارهاتبێت، ئەویش بە دۆزینەوەی کوپەیەکی گەورەی زۆر لەهەریەکە لەو دوو ژوورەدا حەوشەی پێشەوە چوونە ژورێکی تری هەیە لەلای سەرووی ڕۆژئاوای کە دەڕوانێتە سەر ژووری (١٠) کەفراوانترین هۆڵی کۆشکەکەیە بەپێوانەی (١٤,٨٥-٤,٨٠)مەتر، وە ئەوەی ژووری (١٠) بەژووری (١١) دەبەستێتەوە لەلای سەرووی ڕۆژهەڵاتی بەهۆی چوونە ژورێکەوە(مدخل) کە دەرچوویەکی (طلعات)دیواری هەیە لەهەردوو لاوە

ڕێگای ڕێکخستنی ژووری (١٠،١١)، وە ئەو پاشماوە بیناکارییانەو ئەوکەرەستە ئاسەوارییانەی کەتیایەتیبەڵگەیە بۆگرنگیئەوەی کە لێکچوونەوەی وەکو ئەو هۆڵی پێشوازییانەی کەباوبووە لەخانووبەرەی عێراقیدا. ئێمە وا دادە نێین،کە هۆڵی ژمارە (١٠)هۆڵیپێشوازی گشتیکۆشکەکە بووە، وە ژووری(١١) شوێنی پاراستنی ئەو دەستنووس و (مستند)اتانە بووەکەخاوەن کۆشکەکە بەکاری هێناوە لە پێویستییەکانیدا. کە ئەو هۆڵە وەکو هۆڵی پێشوازی پاشایەتی ئاشوورییەکان وایە، وە بۆچوونە ژوورەوەی دەبێت بسوورێتەوە تا بێتە بەردەم فەرمانڕەوای کۆشك، وە لەوانەیە کەخاوەن کۆشك لەلای سووچی خواروی ڕۆژئاوای دانیشتبێت، نزیك لەلای ئاگردانەکە، کە دانراوە لەسەرچوار خشتی(فەرشی)، لەکاتێکدا چوونە ژوورەوە لەسووچی ڕۆژهەڵاتی ئەو لایەی ترە.

وە هۆڵیپێشوازی، چوونە ژوورەوەیەکی هەیە بۆ ژووری ژمارە(٩)، لەلای سەروویەوە، بەپێوانەی (٧,١٦×٥,٤٠)مەتر، کە ئەمە دوابەشی ژوورەکانی باڵی تایبەتی کۆشکەکەیە، وەتایبەت مەندی ئەم ژوورە دیارنییە، بەڵام بەبەهاترین پارچەی ئاسەواری لەم ژوورە دۆزرایەوە..

وە لەژووری(٩)وە دەروازەیەك هەیە لەسووچی خوارووی ڕۆژئاوایەوە بۆ ژووری ژمارە(٧) کە دەکاتە باڵی تایبەتی کۆشکەکە، وە لەحەوشەی ژمارە(٧) هەریەکە دەروازەیەك هەیە بۆ سەر ژوورەکانی (١،٣،٨،٩).

ژووری ژمارە (١) گەورەترین ژووری باڵی تایبەتی کۆشکەکەیە کە(١٠,٧٥×٥,٥٥)مەترە، کە لەوانەیە شوێنی نیشتەجێی خێزانی نێو کۆشکەکە بووبێت، وە ژووری ژمارە(٥) گەرماوی کۆشکەکە بووە، کە چینی ژێرەوەی ژوورەکە بەخشتی سوورەوەکراو و قیر داپۆشراوە، تا بۆئەوەی بەرگری بگرێت لەدزینی ئاووشێ... بەڵام ژووری




چینی دووەمی کوروخانی – کۆشکی سەوزو سەکۆی پەرستگا

(٤)لەوانەیە شوێنێکی تری پاراستنی ڕەقیمی قوڕبووبێت وەلەم ژوورەدا گەورەترین نووسراوی کۆنمان دۆزیوەتەوە، وە لەم ژوورە سەکۆیەك هەیە لەلای سەرووی ڕۆژئاوایەوە، کەلەوانەیە بۆ ئەو کوپەیەکرابێت بۆ هەڵگرتنی تابلێتە قووڕیەکان. شێوەی دروست کردنی ژووری(٦) لەشێوەی پیتی(L)دایە، بۆئەوەی بگونجێت بۆکاری ئامادەکردن و دەرکردنی ئاوەڕۆی کۆشکەکە.. وە پێوانەی بەشی درێژی ژووری (٦)، بریتیە لە (٢,٤٠،٧,٤٥)مەتر، وە بەشی پانی ژوورەکە بریتی‌یەلە(٣,٦٠×٣,٦٠)مەتر، وەبەشی بچووکی ژوورەکە بیرێکی ئاوی تێدایە، کە بەچاکی بەخشت داڕێژراوە وەلەلای ژوورە درێژەکە ئاوەڕۆیەك دۆزراوەتەوە کەدەست پێ‌دەکات لە بیرەکەوە، وە دەڕوات بەرەو ژووری (٣) کەدەبەسترێتەوە بەهۆی ئاوەڕۆی ژوورێکی‌تر ئاوەڕۆیەکی سەرەکی ترەوە... هەروەها باسێکی وانی‌یە

دەربارەی ژوورەکانی ژمارە(١٢،٨،٣)، تەنها ئەوپاشماوە ئاسەواری‌یانە نەبێت کە بەڵگەی ئەوەیە کەبەکارهاتووە بۆکاری ناومالْ وە ئەو تایبەت مەندی‌یە بیناکاری‌یەی کە کۆشکی سەوز پـێی بەناوبانگە، بوونی ژمارەیەك ژووری بچووك هەیە هەر لەژووری (١٦-٢٢)، کە بەیەکەوە بەستراوەتەوە، وە درێژ بۆتەوە لەدرێژی لای خـوارووی ڕۆژئـاوا و لای سەرووی ڕۆژئاوای کۆشکەکە، وەپێوانەی ئەم ژوورانە بەم جۆرەیە:- ژووری(١٦)، (٢،٩٥×٢)مەتر وەژووری ١٧، (٣،٦٥×١،٧٥)مەتر، وەژووری ١٨، (٢،٨٥×٢)مەتر، وە ژووری ١٩، (٢،٥×١،٦٠)مەترە، وەژووری٢٠،(٢،١٥×١،٩٠)مەترە، وە ژووری٢١(٢،٢٥×١،٩٠)مەترە، وەژووری ٢٢،(٢،٢٥×١،٩٠)مەترە، وە هەریەکە لەم ژوورانە دوو (کـوە)ی تێدایـە، کەتەنها ژووری(١٦)نەبێت کەیەك (کوە)ی تێدایە، وە پێوانەی ئەم (کوە)انە لە نێوان (٣٥-٧٥)سم پـانی و(١،١٥-٢،٦)م درێـژی دایـە، وە لەبنەڕەتـەوە بنچینەکـەی (نیوەبازنەیـە)- معقود)ە، وەزۆر دڵنیانین دەربارەی کاری ئەم ژوورانەو ئەو کوونانە لێ‌ی، بـەلام تـەنیا ئـەم کوونە قوولانە بۆیە نەکراوە لەکۆشکەکەدا. وە لـەم ژوورانـەدا تەنـها .. چـەند تـابلێتێك و هەیکـەلی مرۆیـی لێدۆزراوەتـەوە.. وە هـەموو کونەکان کراوەیە، هیچ شتێکی لێ نەدۆزراوە تەنـها خۆڵێکی‌نـەرمی سـوورنەبێت لـە هەندێکیاندا، وە بەهۆی قووڵی و تەسکی و نزمی بنمیچەکەی بەکەڵکی ئەوە نایەت بۆ هـەڵگرتن بـەکاربێت، بـەلام لەوانەیـە ئەمـە لەبنـەڕەتدا گـۆڕی دانیشـتوانی کۆشـکەکە بووبێـت،... وەلەوانەیـە ئـەم گۆڕانـە لەکاتی‌هێرشی‌دەرەکیدابوو بێتە هۆی تالان کردنـی لـەکاتی ئـەوەدا هاتوونەتـە سەرکۆشـکەکەو دانیشـتووانەکەیان کشتووە.

وە دەبێت دان بەوەدا بنێین کـەگۆڕەکانی (کۆشـکی سـەوز) شـێوەیەکی دەگمـەن و نەخشەسـازێکی تایبەتی‌هەیـە، کـە هیـچ گۆڕێکـی بـەوجۆرە نی‌یـە لەنموونـە لـە هونـەری بیناکـاری عـێراقی کۆنـدا، بـەلام لەشێوەی ئەم (کوە)انەدا هەندێك لێکچوون هەیـە، وەکـو ئـەوەی کـە دۆزراوەتـەوە لەهونـەری بیناکـاری (کۆشـکی سـپی)، (کوریکـالزۆ) لەناوچـەی (عـەگرگۆف)وە (خانووی سپی) کەدەگەڕێتەوە چینی‌یەکەم پێـك هـاتووە لەسـێ ژووری درێـژی هاوتـەریبی یـەکتری، وە لەهـەر ژوورێکـدا (کـوە)یـەك هەیـە بـەدرێژی هەردوولایـە درێژەکـان، وە ئەمـەی (عەگـەرگوف) دادەنرێت وەکو ژوورێکی هەڵگرتن خزن) و کونـەکانی گۆڕبێـت. (قبـورات) .. بـەلام لەوانەیـە ئەگـەر لـەڕووی ئاسـەواری و زمانەوانی‌یـەوە سـەیری بکـەین، دەگەینـە ئـەوەی کـە شـوێنێکی تایبـەت بووبێـت بەکاری ڕێوڕەسمی مردوو ناشتن (طقوس



چینی یەکەمی کووروخانی




نەخشەی گشتی هەڵکۆڵین لە نێوان هەردوو چینی یەکەم و دووەمی کوروخانی

الجنائزية)، وە ئەو (کوە)انە گۆڕ بوبێت، کە تایبـــــەت بــــــەخێزانی پاشـــــایەتی کاشـــیەکانەوەیە.بـەڵام ژووری ژمـارە(٢٦) ژوورێکی فراوانە بەقەبارەی (١٧,٥٠×٣,٦٠) مـەتر، کـە دەکەوێتـە سـووچی خـواروی کۆشـــــکەکە لـــــە دوای ژووری (٨،١٠)ی کۆشکەکە، وە دیوارەکانی ژوورەوە بۆیەکراوە بەڕەنگی شینی مەیلەو سەوز، وەدیوارەکانی دەرەوەی ڕازاوەتەوە بە(دەرچوون)(طلعات) و بەناواچوون(الدخلات)، هەروەکو ئەوەی دیارە لـە پاشمـــاوەی دیوارەکـــانی ئـەو لایـــەی کۆشـکەکە، وەوا بەدەردەکـەوێت کـە هیـچ دەروازەیـەکی نیـیە بۆنـاو کۆشـکەکە، بـەڵام دەرگایـەکی هەیە بۆدەرەوە دەچێت، وەکاری ئــــەم ژوورە زۆر فراوانــــە، کەبەتــــەواوەتی دیارنییە، بەهۆی داخوراندنی دیـوارو زەوی ژوورەکـە، بـەڵام بەنەخشـەی ژوورەکـەو ئـەو بۆیەی بەپێی نەخش کراوەو پەیوەندی بـە بەشــــەکانی تـــری کۆشــــکەکەو، ئــــەوە بـەدەردەخات کـە لەوانەیـە ژووری پێشـوازی میــوان بوبێــت، چونکــە بوونــی دەروازەی دەرەکیئـەوە بـەدەردەخات، بـۆ ئەوەیـە کـە میوانـــی بێگانــە بــە دوور بگـــیرێت لـــە دانیشتوانی کۆشکەکە.

ئەگـەر بـەراوردی کۆشـکی سـەوز بکرێـت لەگەڵ کۆشکەکانی هـەزارەی دووەمـی پێـش زایـین دەبینـین کـە تایبـــەت مەندیـیـــەکی بیناکاری هەیـە ئـەویش شـێوەی بەرگرییـە، کەبـــــەناو داپۆشـــــراوە، وە دەورە دراوە بـەدیوارێکی دەرەوەی کۆشـکەکە بـەرێژەی قەوپایەتی(٣,٧٠)مەتر، کە حەوت بورجـی گـەورەی هەیـە کەچەسـپ کـراوە لەسـێلای بیناکـە، کـە دوو بوورجـی بەدەردەکـەوێت لەلای خوارووی ڕۆژهەڵاتی لەدوای هەردوو ژووری(١٤،١٥)، وە دوو بوورجــــی تـــر لەناوەڕاستی لای خوارووی ڕۆژئاوا، و سێ بوورج بەدرێژایی لای سـەرووی ڕۆژئـاوای کۆشــــکەکەوە لەگــــەڵ پەرســـــتگاکە ... کەتارادەیـەك هاوشـێوەیە لەگـەڵ بوورجـی لای سەرووی ڕۆژهەڵاتی پەرستگاکە، بـەڵام ئەمـە بەتـەواوەتی بەدیارنییـە.وە هـەموو بورجـەکان لەخشـت دروسـت کـراوە بـە پێوانـەی (٥×٥)مـەتر تەنـها ئـەو بوورجـە نـەبێت لـەلای سـەرووی پەرسـتگاکەوە بەپێوانەی (٧,٥٠×٥,٥٠)مـەتر، کـە دەکاتـە سـێ بورجـی کۆشـکەکە(دووبـورج لـەلای خـــــوارووی ڕۆژئـــــاوای وە بورجێـــــك لەناوەڕاستی لای سەرووی ڕۆژئاوایی))، وە ژووردروســـــت کـــــراوە لەتەنیشــــتەوە (ژوورەکـان ژمـارە ٢٣،٢٤،٢٥)، کەپێوانـەی ئەم ژوورانـە بـەم جۆرەیـە:- ژووری ژمـارە ٢٣(٢×٢,٩٠)مـــــــــــــــــەترو ژووری (٢٤)(٢,٦٠×٣,٣٠) مەترە و ژووری ژمارە، ٢٥(١,٧٠×٣,٣٠)مـــــــەترە، و هیـــــچ دەرگایەکمان نەدۆزیوەتەوە بۆ ئەم ژوورانە، هەرچەندە کە بەرزی دیوارەکانیان ٤٠سم، کەبــــــەرزی دیــــــواری هــــــەردوو ژوور(٢٣،٢٤)،(١,٦٠)مـەتر، وەلەوانەیەئەم

ژوورانـە بـەكارهاتبيت وەكومـەخزەن، يـان لەوانەيە بۆپارستنی يـەك بووبيـت، يـان لـەو جۆرانەدا، لەوانەيە كە چوونە ژوورەوە بۆئـەم ژوورانـــە بـــەهۆی پـــەيژەی دار بووبيـــت بۆهەلگرتنی شت.

يەكيك لەتايبەت مەندی‌يەكانی ئـەم كۆشكە ئەوەيـە كـە شـيوەی ئاوەرۆيـەكی چـاكی هەيە(شبكة تصريف المياه)، كەچەند جۆرە ئاوەرۆيـەكی هەيـە كەهـەمووی بـەرەو ژووری ژمـارە (٣) دەروات .. كـە چوونـە بـــەرەو ئـاوەرۆی سـەرەكی كۆشـكەكە، وە ئـاوەرۆی سـەرەكی ديـواری كۆشـكەكە دەبريـت لـەلای ديواری خـوارووی رۆژئـاوا، وە ئاوەكـە فـری دەداتـــــە دەرەوە بۆماوەيـــــەكی دوور لەكۆشـكەكەوە، .. وە دەتوانـين ئـاوەرۆيی سـەرەكی بكەينـە سی‌بەشـەوە لـە كۆشـكەكە، بـەپی‌ی ريگـای دروسـت كـردن و جـۆری بەكارهينانی كەرەستەی بيناكاری‌يەكە:-

١. بەشی يەكەم دريژی‌يەكەی (٦,٨٠)مەتر و پـانی ١,٦مـەتر وەبـەرزی (١,٤)مـەتر، كەلەخشـت دروسـت كـراوە وە لـەناوەوەی ئاخنراوە بەقير، وە ئەم بەشە بنميچەكەی تيك هەلكيشـە، وەخـۆی گرتـووە بـەديواريكی بی‌هيز كەلەناو ئاوەرۆكە بۆی دروست كراوە.

٢. بەشی دووەم دريژی‌يەكەی (٣,٢٠)مەتر وپـانی(٧٠)سـم بـەرزی(٥٥)سـم ە ئەمـەيش لەخشت دروست كراوە، وە، ئاخنراوە بەقير، وە ئەم بەشە بنميچەكەی تـەخت وداريـژراوە بەخشـــتی فەرشـــی گـــەورە بەپيوانـــەی(٨×٥٢×٥٢)ســـم، كـــەوا بەدەردەكـەويت تايبـەت بيـت بـەبنميچی ئاوەرۆكـەوە، بۆ هـەردوولا بەشـەكە چينيـك قير هەيە بۆ بنـەرەتی ئاوەرۆكە.

٣. بەشی سی‌يەم دريژی (٥,١٠) مـەتر، بەشـيوەيەك دروسـت كـراوە جيـاواز لەهـەردوو بەشـەكەی تـر، وە ئـەم بەشـە بريتی‌يـە لەنۆكـەنديك (قنـاة)،پانی‌يەكـەی ٤٨سم و قوولـی (٦٨)سـم وە لەزەوی‌يەكـە هەلكـەنراوەو ئـەم لاوئـەولای بەخشـت هەلچنراوە، و بنميچی ئەم بەشە داپۆشراوە بـە دوو گـری خشـتی شـيوە بـەرميلی، و ەكـاری ئـەم دووگـری _(عقـد) خشـتە بـۆ ئەوەيە وەكو ئەوەی تونيليك (نفق) دروست بكەن لەسەر ئاوەرۆكە، وەپانی هەرگرييەك( (١,٤٠)مـەترە وە دريـژی هەريـەكيكيان (٣,٥٠) مەترە، وە ئەوی تر(١,٦٠)مەتر، وە كۆتـايی ئـەم گری‌يانـە لەشـيوەی كەوانـەی رايگرتـووە كـە لـەناو ديوارەكـەدا دروسـت كـراوە، وە ئەمـەش بـەديار دەكـەويت بۆئەوەيە تا قوورسايی نەكەويتە سەر ئەو ديـــوارەی گـــری كـــانی راگرتـــووە، وەوابەدەردەكـەويت كـە پالنـەری سـەرەكی دروست كردنی ئەم جۆرە تونيلانە بۆ ئەوە بيـت هەلسـيت بـەكاری پـاك كردنـی ئاوەرۆكانی لەپيسی‌وپۆخلی كەلەكە بووی نيويدا.[٣٧]

## هونەری بیناکاری چینی یەکەمی کووروخانی

((لەچینی یەکەمی کووروخانی حەوت ژوور دۆزراوەتەوە کە دەست پێدەکات لە(G-A)، کەلەوەرزی یەکەمی پشکنیندا تەنها سێ ژوور دۆزرایەوە کە بریتی بوو لە(A.b.c)، کە دروست کراوە لەسەر سنووری کۆشکیسەوز و پەرستگاکەی کە دەگەڕێتەوە بۆ چینی دووەمی کوروخانی.. وە ڕێگای دروست کردنی ئەم چینە بەوە دەچێت کەپاشماوەی چینی دووەم هەرمابێت لەبەرزییەکی دیاریکراو بەهۆی زۆری پاشماوەی چینی دووەمی کوروخانی نەتوانراوە کە لابرێت و هەستاون بەدروست کردنی لەسەر چینی دووەمەوە، چونکە وا بەدەردەکەوێت کە هەندێك خشت بەکارهاتووە کەهەمان پێوانەی خشتی چینی دووەم بووبێت، بۆیە دانیشتووانی چینی یەکەم هەوڵی بەکارهێنانی خشتی چینی دووەمیان داوە وهەوڵی رووخاندنیان داوە وە وا بەدیار دەکەوێت کەخانووەکانی چینی یەکەم جێگیرکراوە بەتەواوەتی لەسەر دیواری خانووەکانی چینی دووەم، وەبەتایبەتی لەسەر پەرستگا، یان دابڕاو لەخانووی لەو کۆنتر یان دابڕانی لەچینی دووەم چینێکی پتەوی خشتی کەوتوویان بەهۆی چینێکی نیشتوو لەلم و لیتەیی چونکە ئەو چینە لم ولیتەیە کە هەیە پاکە، چونکە بەهۆی ئەوەی کە ماوەیەکی چاك دانیشتوانیچینی دووەم ناوچەکەیان بەجێ هێشتووە، وەبەهۆی هەڵسانی لافاو باران لەوناوچەیە وایکردووە کە چینێکی چاکی لەگەڵ خۆیدا هێناوە لە لمولیتە بۆ ئەم ناوچەیەو ئەوشوێنەی پڕکردۆتەوە بەو لمو لیتەیە، چونکە ناوچەیەکی نزمە لەچاو(شیوی نەوت) لەوناوچەیەدا.

هەموو بیناکانی چینی یەکەم تەواونییە تەنها ژووری(E) نەبێت، وە شێوەی نەخشەکێشانەکەی وەکو خانووەکانی تایبەتییە کەبەناوبانگە لەعێراقیکۆندا، پێك هاتووە لەحەوشەی ناوەندیو داپۆشراو بەخشتو دەورەدراو بەچەند خانووبەرەیەکەوە کەبەکاربهێنرێت بۆکاری ناو ماڵی جۆربەجۆر، وە دەتوانین خانووی (E) بکەین بەنموونەی هەموو خانووەکانیتری گردی کورووخانی. وە چینی یەکەمی (کورووخانی) دادەنرێت بەناوچەیەکی نیشتەجێی دانیشتووان، چونکە چەند جارێك زەوییەکەی چاك کراوەو شوێن دەرگاو پەنجەرەکانی گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

(خانووی-A-)

پاشماوەی ئەم خانووە لەسەر لای خوارووی پۆژهەڵاتی کۆشکی سەوز دۆزراوەتەوە، کە هەندێك بەشی جێگیربووە بەتەواوەتی لەسەر دیوارەکانی کۆشكو بەشەکانی تری دابڕاوە بەهۆی زنجیرەیەك

لـــــــــەچینی لم و لیتـــــــــــە، و ڕووبەرەکـەی(٢٣×١٦)مـەترە و پێـك هـاتووە لەشـــەش ژوور (١-٤،٦-٧)، وە دەورە دراوە بەحەوشـەیەکی گـەورە وفـراوان ودارێــژراو بەخشتی فەرشـی، وە دەرگـای دەرەوەی ئـەم خـــانووە نەدۆزراوەتـــەوە، لەوانەیـــە لەلای‌خوارووی ڕۆژهەڵات بووبێت.

## خانووی B–

کەوتۆتـە نیـوان هـەردوو خـانووی (F-C)، و بنەرەتەکـەی یـان جیگیرە لەسـەر پەرستگاکە راسـتەوخۆ یــان لەسـەر چینیکـی پتـەوی ژێرەوەیـە، ڕووبەرەکـەی (٢٧×١٦)مـەترە، و پیك هـاتووە لەحـەوت ژوور، وە دەورە دراوە بەحەوشـــەیەکی تارادەیـــەك فــراوان، وە ڕێژەکــراوە بـــە خشـــتی فەرشـــی وەوا بەدەردەکـەویت کـە ژووری (٣) چیشـتخانە بووبیـــت چونکـــە بـــۆری و کـــەنالی لی دۆزراوەتەوە بۆ ئاوەڕۆکردنی ئاوی پیس وە لـەم مالـەدا هـەندیك دروسـت کـراوی ترمـان دۆزیـەوە بۆئـاوەڕۆی ئـاوی بـاران و ئـاوی بەکارهینراوی ناومال وە ئەم دروست کراوانە بریتی‌یـە لـە حـەوزی ئـاوی زۆر بچـووك، وە دروست کردنی بەخشـت لـەزەوی حەوشـەی (٤) وەئەگاتە پـی‌ی بەکەنالیکی (گـل کـاری- فخاری) لەسەر شیوەی(U)

## خانووی C

کەوتۆتـە نیـوان هـەردوو خـانووی (B.A)، وەپاشمـاوەی بەشـی ئـەم خـانووە بریتی‌یـە لەپینج ژوور کە دەورە دراوە بەحەوشـە ورووبەرەکـــەی کەدۆزراوەتـــەوە بریتی‌یـــە لــە(٨٠×١٨×٩)مـــەتر، وە دەرگاکـــانی کـــە دۆزراوەتـەوە کـە کەوتۆتـە نیـوان هـەردوو ژووری (١،٢)و ژوورەکـانی (٣،٤،٦) و دوو ژووری (٤،٥)و، ژووری (٢) کونیکـی تیـدا هەیـە لـەدیواری خـواروی ڕۆژهەلاتی‌کـە لەوانەیـە بـەزۆری ئەگـەری ئەوەیـە کـە هەواکیش بیت کـە بگاتـە بـەرزی بنمیچی مالەکە.

## خانووی E

کەوتۆتە لای سەرووی ڕۆژئاوای گردەکە، لەنیوان هەردوو خانووی(F-D)، وە بنەرەتی ئەم خانووە جیگیر بووە لە سەر دیوارەکانی چینی دووەم، یان لەسەر چینی لم و لیتـە وەکـو ئـەوەی بنـەرەتی خـانووی(D) وە نەخشــــەی دروســـت کردنەکـــەی چوارگۆشـــەیی‌یە تـــا رادەیـــەك، و پیوانـەی(٠،١٤،٩٠×١٢)مـەترە، و بریتی‌یـە لەهەشـت ژوور (١-٨)و حەوشـەی(٩)، وە دەروازەی ئـەم خـانووە دەکەویتـە نزیـك سووچی ڕۆژئاوای خانووەکە، وە دەروانیتە سەر ژووری(٨)، وە بەهەمان جۆر ئەروانیتە سـەر حەوشـەی(٩)، وە هـەندیك دروسـت کـــراوی لیدۆزراوەتـــەوە بـــۆ ئـــاوەڕۆی باران وبەکارهینانی ناومال.

## خانووی (F)

ئـەم خـانووە کەوتۆتـە لای سـەرووی گردەکـە لـەنیوان هـەردوو خـانووی(F.B)، وەخانووی (F)دیواریکی دەرەکی تایبـەتی هەیـە دابـراوە لـەدیواری خـانووی(B) وە لـەکاتیکدا دیـواری خـوارووی ڕۆژئـاوای هاوتەریبـە لەگـەل خـانووی(E) زۆربـەی بەشـەکانی تووشـی داخورانـدن بـووە، وە تەنـها ڕووبـەریکی کـەمی لی دۆزراوەتـەوە

کەدرێژی(١١)مەتر و پانی یەکەی (٩,٢٠)مەترە،وە دوو دەرگای هەیە لەلای سەرووی ڕۆژهەلأت دەڕوانن بەسەر حەوشەی (٣)، وە هیچ دەرگایەکی نەدۆزراوەتەوە لەنێوان دوو ژووری (١،٢) وە لەنێوان ژووری(٢) وحەوشەی(٣)

خانووی G

بەشێکی کەمی ئەم خانووە دۆزراوەتەوە (١١×١,٧٠) مەترە کەکەوتۆتە لای خوارووی ڕۆژئاوای گردەکە، وە هەرسێ ژووری (١،٢،٣)تایبەت مەندن بەوەی کە دیوارەکانی زۆر لاوازە کە قەبارەکەی لەنێوان (٢٦–٤٠) سم ە و بەرزی (٤٠)سم.[٣٨]

**سەرچاوە و پەراوێزەکانی بەشی دووەم**


١. حضارة العراق، نوسینی کۆمەڵێك مێژوونوس،لاپەڕە ٩٧.
٢. هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٩٨.
٣. مێژووی نەتەوەیی کورد، صالح قەفتان، لاپەڕە (٦٨).
٤. هەمان سەرچاوەی‌پێشوو، لاپەڕە(٦٧)
٥. الفن في العراق القديم، انطوان مورتگات، وەرگێڕانی د.عیسی سلمان، سلیم طه التكریتي، مطبعة الأدیب البغدادي،بغداد، ١٩٧٥، لاپەڕە (١٩٠–١٩١).
٦. میدیا، ئی م دیاکۆف، وەرگێڕانی بورهان قانع ساڵی ١٩٧٨، چاپی یەکەم، لاپەڕە ١٦٥.
٧. گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ،لاپەڕە(٤١).
٨. میدیا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە(١٦٥).
٩. ڕۆشنبیری نوێ،
١٠. آثار بلاد الرافیدین، سینتون لوید، وەرگێڕانی د.سامي سعید الاحمدی،وزارة الثقافة والاعلام، دار الرشید للنشر، ١٩٨٠، لاپەڕە (١٧٣).
١١. الفن في لعراق القديم، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٣١٧.
١٢. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٣١٧.
هەروەها بڕوانە :–
١٣. الفن في العراق القديم، سومر وبابل وأشور، د. ثروت عكاشه، المؤسسةالعامة للدراسات و النشر، بیروت، مطبعة فینیقا، لاپەڕە ٤٠٩.
١٤. هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٤١٠).
١٥. هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٤١٧).
١٦. هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە.
١٧. هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٦٠٥–٦٠٦).
١٨. هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٤١٠–٤١١).
١٩. الفن في لعراق القديم،مورطات، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٣١٨.
٢٠. آثار بلاد الرافدین، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٢٠٦.
٢١. حضارة العراق، بەرگی سێیەم، لاپەڕە (١٥٦).
٢٢. حضارة العراق، بەرگی سێیەم، لاپەڕە (١٥٧).
٢٣. حضارة العراق، بەرگی سێیەم، لاپەڕە (١٥٧).
٢٤. آثار بلاد الرافدین، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٢٠٨–٢٠٩).
٢٥. حضارة العراق،بەرگی سێیەم، لاپەڕە (٢٧٧–٢٧٨).
٢٦. آثار بلاد الرافدین، لاپەڕە(٢٠٧).
٢٧. الفن في العراق القديم، مورطات، هەمان سەرچاوەی پێشوو،لاپەڕە(٣٢٠).
٢٨. بەداخەوە نەمتوانی ناوی کتێب‌ونووسەرەکەی بدۆزمەوە لەبەر ئەوەی بەشێکی زۆری لێ دراوە.
٢٩. الفن في العراق القديم، مورگات،لاپەڕە (٣٣٥).
٣٠. مجلة سومر، (الجزء الاول، المجلد الرابع، كانون الثاني ١٩٤٨، بحث عن الفخار، د.فرج بصمضي، لاپەڕە(٢٩).
٣١. اثار بلاد الرافدین، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٢٠٨).
٣٢. مجلة سومر، هەمان سەرچاوەی پێشوو،
هەروەها بڕوانە:–
٣٢. آثار بلاد الرافدین، هەمان سەچاوەی پێشوو. مجلة سومر، هەمان سەرچاوەی‌پێشوو، لاپەڕە(٢٩–٣٤).
٣٣. متحف راوتنشتراوخ یوست لمدینة كولونیا كنوز فن العراق من العصور القديمة حتى الاسلام معرض في متحف، ٢٧ حوزیران هەتا ٢٠ ئەیلول ١٩٦٤، لاپەڕەکانی (٣٤–٧٣).
٣٤. مجلة سومر، الجزء الاول والثاني، ساڵی ١٩٧٠ مجلة السادس والعشرون، لاپەڕە (٥٢).
٣٥. هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٥٣–٥٤)،
٣٦. مجلة سومر،الجزء الاول والثاني، مجلد السادس و العشرون ساڵی ١٩٧٠، لاثەرة(٥٢).
٣٧. مجلة سومر،الجزء الاول المجلد الثالث والثلاثون ساڵی ١٩٧٧،
٣٨. هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەکانی (٣٨–٤٢).

# کاسیەکان و حکومەتی کاسای لە هەزارەی دووەمی پێش زایینددا

## بەشی یەکەم

نووسینی: ئەحمەد میرزا ڕۆستەمی

### نەژادو ڕەگەزی کاسیەکان:

گەلی کاسی، ئەکەدیەکان پێیان دەگوتن (کاششو Kassu). وە لە زمانی ئینجیلی مەسیحیەت‌و بابلستان پیێی دەگوترا (کوشا)و لە زۆربەی کتێبە مێژووییەکانیشدا بە (کاشی) ناویان براوە.

بەشی هەرە زۆری ڕۆژهەلاّتناسان‌و مێژوونووس‌و زانا ئەرکۆلۆژیەکان لەو باوەڕەدان کە نەژادو ڕەگەزی گەلی کاسی لە نەژادو ڕەگەزی گەلی ئاریەکان بن.. هەندێکی تر لەو ڕۆژهەلاّتناس‌و زانایانە، بۆ نموونە سپایزەر دەڵێن: لەوانەیە زمانی کاسی‌یەکان لەگەڵ نەژادو ڕەگەزی گەل‌و کۆمەلاّنی قۆقازی‌دا پەیوەندارو چوون یەك بن.

کاسیەکان، وەك لۆلۆیی‌و گۆتیەکان لە گەلانی خۆجێیی‌و بەشێکن لە کۆمەڵە گەلانی زاگرۆزو لە شوێنی ترەوە بۆی نەهاتوون‌و سەرەتای پەیدابون‌و سەرهەڵدانیان هەر لە ناوچەکانی خۆیاندا بووە. بەمە دەتوانین بلێێن هەموویان گەلێك بوون‌و لە چەند خێڵ‌و هۆزێکدا لە نزیك یەکەوە ژیاون‌و سنوورو خووڕەوشت‌و تایبەتمەندێتی هۆزایەتی‌و سەربەخۆیی خۆشیان هەبووە، سەرەڕای خزمایەتی‌و بنەڕەتی ڕەگەزایەتی‌و هەرکامێك لەوان ڕەگێك بووە لە درەختی نەتەوایەتی خۆیان، کە ئەمڕۆ بە ڕای زۆر لە زاناکان ڕەگانی درەختی بنەچەو ڕەگەزی کوردن. ئەم کاسیانە بۆ یەکەم جار لە ناوچەی کرماشاندا بینراون، مێژووی کۆچکردن‌و پەلهاویشتنیان بۆ ناوچەکانی ڕۆژهەلاّت‌و دامەزراندنی حکومەتی خۆیان بە تەواوی نەزانراوە.

کاسیەکان لەدوای ماوەیەك لەناوچەی کرماشانەوە هاتوونەتە ناو چیاکانی زاگرۆس‌و لەوێش بەرەو ڕۆژهەلاّتی بابلستان واتە بەلای چەپی ڕووباری دیجلەدا کشاون، لەوێ خەریکی کشتوکاڵکردن بوون. هەروەك یەکێك بوون لەگەلانی ولاّتی سۆبارتۆ (کوهستان- کوێستان- زۆزان).

ناوی ئەم گەلە لەوانەیە لە وشەی بابلی (کشو) وە داڕێژرابێت کە مانای ئازاو بەجەرگ‌و کۆڵنەدەرو پاڵەوان دەبەخشێت. ئەم مانایەش هەمان مانای وشەی (کورد)ی ئەمڕۆ دەگرێتەوە. بۆیە دەتوانین بڵێین کاسیەکان یان کاشیەکان ڕەگێک بوون لە درەختی بنەچەو بنەڕەتی گەلی کوردی ئەمڕۆ..

لەوانەشە ناوی کاشیەکان لەناوی خوای (بت)ی کاشیەکان وەرگیرابێت، کە ناوی (کاشو) بووە. شوێنی دانیشتنیان لە ناوەڕاستی چیاکانی زاگرۆسدا بووە، کە عێراق و ئێران لێکدی دادەبڕێت و ئێستا بە لوڕستان بەناوبانگە. لەسەرچاوە مێژوویی یە کۆنەکانیشدا ناویان هاتووە بەناوی (کوسای– Kossaioa).

وا هاتووە کە کۆمەڵێك جەنگاوەری ئۆرستکراتی ئاری، واتە هیندو ئەورووپی فەرمانڕەوایی کاسیەکانیان کردووەو لە ژێر سیستمێکی سەربازیانەدا ڕێکیان خستوون و ئەوجار بۆ جەنگ و داگیرکردنی دراوسێکانیان بردوویانن.. دوای ئەمە بۆخۆیان هێزێکی سەربازی بەهێزیان پەیداکردو لەسەردەمی سەلالەتی بابلی یەکەمدا پەلیان هاویشت بۆ فراوانکردنی وڵاتەکەیان و بەرەو دۆڵی ڕافیدەین کشان. لەسەردەمی پاشاکانی بابلی دوای حامورابی بەتایبەتی (سەمسو– ئیلۆنا)و (ئەی– ئیشۆخ) توانیان بەری ئەم هێرشانەی کاشیەکان بگرن. ئەمجا ڕوویانکردە رووباری دیالەو دیجلە بەرەو ناوچەی باکووری ڕۆژئاوا کشان، لەبری ئەوەی بەرەو وڵاتی ئاشوور بکشێن. ئەمەش هۆی ئەوە بوو چەند گەلێکی تری خاوەن هێز لەو ناوچەیەدا هەبوون. بۆیە لەناوچەی عانە (خانەی کۆن)دا واتە لەناوچەی فوراتی ناوەڕاستدا کۆبوونەوە کە ناوچەیەکی ستراتیژی گرنگ بوو سەبارەت بە وڵاتی بابل، ئیدی لەو ناوچەیەدا بۆ ماوەیەکی نادیار مانەوە لە هەل دەگەڕان کە بەرەو وڵاتی بابل بکشێن و هێرش بەرنە سەر حکومەتی بابل و داگیری بکەن.. تا ئەنجام ئەم هەلەیان بۆ هەڵکەوت بەهۆی هێرشهێنانی (مۆرشیلی) پاشای حیثیان بۆ سەر بابل و وڵاتەکەیان داگیر کرد.. لەوانەشە هێزەکانی کاشیان بەهاوکاری لەگەڵ حیثیەکان هەڵیان کوتابێتە سەر بابل، چونکە دوای سەرکەوتن حیثیەکان کشانەوە دواوەو بۆ کاشیەکانیان بەجێهێشت.

## جوگرافیاو شوێنی نیشتەجێی کاسیەکان- کاشیەکان

شوێنی جوگرافیای بنەڕەتی کاسیەکان بریتی بوو لەناوچەکانی ناوەڕاستی چیاکانی زاگرۆس کە سنووری باکوریشیان لۆلۆیی و گۆتی یەکان بوون. شوێنی نیشتەجێی کاسیەکان لە ڕۆژگارەکانی کۆنەوە تا دەگاتە سەردەمی ئەسکەندەری مەکدۆنی کە ئێرانی گرت لە ناوچە کوێستانیەکاندا ژیاون. کە ئێستا پێی دەڵێن ناوچەی لوڕستان، خواری ڕۆژئاوای ئێران و بەشی ناوەڕاستی ڕۆژهەلاتی عێراق لەناوچەکانی خانەقین و بەدرەو جەسان و عەلی شەرقی و عەلی غەربی و ناوچەکانی تری بەشی ڕۆژهەلاتی پارێزگای عەمارە (مەیسان).. ئەمە وا دەگەیەنێ کە کاسیەکان حوکمیان دەکەوێتە کاتی عیلامیەکان، چونکە ڕۆژگارێك بووە کاسیەکان وڵاتی ئیلامیان داگیرکردووە وە خستوویانەتە

ژێـر ڕکێفـی خۆیانـەوە. دواییـش لێیـان سـەندراوەتەوە، ئـەنجامیش بەدەسـتی ئیلامیەکان ڕوخێنراون..

کەواتە کاسیەکان هۆزێکی کوێستانین و بە ئاژەڵداریـەوە خـەریك بـوون، لـە کـات و سەردەمێکدا لەو ناوچەیەدا ژیاون کە مرۆڤ بەبیریدا نایـەت. وە لـەو کـات و سـەردەمەدا دراوسـێی ئیلامیـەکان بـوون، بەهـەر حـاڵ کاسیەکان لەسەرەتای هەزارەی دووەمی پێش زایینیدا لە شوێنی ناوبراو دەژیان و لە دواییدا بـە ئاژەڵداریـەوە خـەریك بـوون و نیمچـە نیشـتەجێ بـوون و لـە ناوچـەکانی زنجیـرە چیاکـانی زاگرۆسـدا ژیـاون. لەوانەشـە ئـەو هـۆزەی کـە هـەر لـەو ناوچـەی کوێسـتانیەدا خـەریکی بـەخێوکردنی مـەڕومالات و ژیـانی ئاژەڵدارین کە لوڕەکانی ئێستان لە پاشماوەی ئەو کاسیانە بن هەرچەندە لەبارەی گۆکردنی وشەدا (کاسی – کاشی – کاشو) لەگەڵ وشەی (لوڕ) کەمتر تێـك دەکەنـەوە، بـەڵکو هـەروەکو سپایزەر دەڵێ: ((لەگەڵ وشەی (لـو–لـو–ب) زیاتر دەگەنەوە بەیەك)).. لەوانەیە ئەم لوڕانە لقێك یان تیرەیەك بووبن لە کاسیەکان؟

چونکە ئەوناوچانەی کە ناونراوە لوڕستان لە چواریەکی دووەمی هەزارەی دووەمی پێش زایینـیدا کەوتنـە خـۆو وردە وردە کەوتنـە جموجـۆڵ و کۆچکـردن بـۆ سـەرچاوەکانی ڕووبـاری دیالـەو بـەملاو ئـەولادا پـەلیان هاویشت و لەناوچەی عانەدا کـە لـە کۆنـدا پێیان دەگوون (خانە) کە ئەم ناوی دواییش تـام و چێـژو مانـای تـەواوی خۆماڵیانـەی پێوەیە و لە زمانی کوردیشەوە نزیکە..

هـۆی ئـەم کۆچکردنـە زۆربـەی زۆری زانـا ئەرکیۆلۆژیـەکان (زانـا شوێنەوارناسـەکان) و مێژوو ناسان بـە بوونـی ئەسـپی دەزانـن لـە دەستی کاسیەکاندا کە ئەوان لەپێش هـەموو گەلێك لەو گەلانەی ناوچەکەدا ژیاون، ئاشنای ئەسپ بوون و ڕایان هێناوە بۆ کاری ڕۆژانەی خۆیان.

دوای ئـەوەی کەلەناوچـەی دەراوی ڕووباری‌دیالـەو فوراتـی ناوەڕاسـت واتـە ناوچەی عانەدا نیشتەجێ بوون و بـەگوێرەی قسـەی طەباقـیر (٧)پادشـایان حوکمیـان کردووەو ئەمجار هێرشیان کردۆتە سەر وڵاتی بابلستان و داگیریـان کـردووەو دوایـیش تـا کەنارەکانی دەریا وڵاتـی سۆمەریشیان داگیر کردووەو لە وڵاتێکی‌یەکگرتوودا لەژێر نـاوی {کاردۆنیـاش} دا حوکمـی کاسـی یـان لێ دامـەزراندووە. ئـەم زاراوەی ( کاردۆنیـاش) بەڕای سێر سیدنی سمیث، ماناکەی بەم جۆرە بووە ( دۆنیاش) ناوی خوایەکی کاسی‌یەکان بـووە.. ٠ کـان یـش مانـای زەوی– خـاك یاشانشینی بەخشیوە. بەمـە مانـای هـەردوو برگەکـە بەیەکـەوە واتـە شانشـینی خـوای دۆنیاش، یا خاکی خوای دۆنیاش دەبەخشێ.

بەگوێرەی ڕای ڕۆژهەڵات ناس سێر کینگ، کەلە کتێبەکەی خۆیدا {مێژووی بابلستان و لە لاپەرە ٢٤٤ }ئەم زاراوەی بەووڵاتی سـۆمەر و ئاکـاد زانیـوە.. کەلـەژێر هـەمان یـەکگرتندا

سنووری ستراتیژی جوگرافیای هەردوو وڵات پارێزراوە. ئەمەوا دەگەیەنێ کەلە سیستمێکی فیدراڵیدا ژیابن. بەڵام لەکتێبی {میزۆ پۆتامیا }لاپەڕە ٩٨ زاراوەی کاردۆنیاش ناوێکی کاسی یەو بۆ شاری بابل دانراوە، لەسەردەمی فەرمانڕەوایی کاسیەکاندا، دوای ئەم گەلی { هیتیت-حیثیث }کەدەکەونە ناوچەی هیت و ئەمجار باکوری سوریاشیان داگیر کردو لە ڕۆژهەڵاتیشەوە وڵاتی عیلام و شاری (سوس-شوش) یان داگیر کرد. کەواتە وڵاتی کاسای یەکەم جار کەلە ناوچەکانی کێوانی زاکرۆزو ناوچەی لورستانی ئێستادا بووەو دواییش ناوچەکانی دەراوی دیالەو فوراتی ناوەڕاست تاهیت و باکوری سوریاو لەکۆتاییدا ناوچەی عیلامیش ی گرتۆتەوەو.. ئەمە ناوچەی جوگرافیاو شوێنی نیشتیجێی گەلی کاسی و حکومەتی کاسای بووە کەنزیکەی ٥٧٦ ساڵ و ٩ مانگ جڵەوی فەرمانڕەوایی یان بەدەستەوە بووە.

## زمانی کاسێکان- کاشی یان

دەربارەی زمانی کاسی یەکان گەلێك بیرو ڕای جۆر بەجۆر هەیە. میستەر هۆڵ بڕوای وایە کەزمانی کاسی یەکان بریتی بووە لە شاری ئەمەژی بەبەڵگەی ئەوە کە زۆر ناوو وشەی کاسی بە تەواوی وشەیەکی شاری یە.

پرۆفیسۆر سپایزەرو هەندێکی تر لە ڕۆژهەڵاتناسان و زانا ئەرکۆلۆژی و زمانەوانان ڕایان وایە کەپەیوەندیەکی تەواو لە نێوان زمانی کاسی و ڕەگەزی قوقازی یەکاندا هەیە.

لەکتێبی {میزۆپۆتامیا} دا هاتووە کەدەڵێ دانانی زمانی کاسی لەگەڵ کۆمەڵەی گەلانی زاگرۆز شتێکی بەڵگە نەویست و بێ گومانە.. چونکە کاسی یەکان لقێکن لە گەلانی زاگرۆز. هەروەها ڕۆژهەڵاتناس ( هوزینگ Husing ) دەڵێ: شێوە زمانی کاسی لە زمانی باکوری عیلامی- ئیلامی دەکا. لەلایەکی تریشەوە زۆر لە وشەو ناوی کاسی لە زمانی (هوری) ئەکەن. جۆرج ڕۆ لە کتێبەکەی خۆیدا {عێراقی کۆن }دەڵێ: حیثی و میتانی و کاشی یەکان لە نەژادو گروپە زمانی هیندۆ ئەوروپی یەوە هاتوون و زمانەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵە زمانی هیندۆ ئەوروپی کە کۆمەڵە گەلانێك قسەی پێ دەکەن.. ئەو کۆمەڵە واتە کۆمەڵەی هیندۆ ئەوروپی بەچەند شەپۆلێکی کۆچ کردن لە ناوچەی ئاسیای ناوەڕاست و قەفقاسیاوە پەلیان بەم لاو ئەولادا هاویشتووە.. قۆڵێکیان بەرەو ئەوروپاو ڕۆژئاواو قۆڵێکیان بەرەو خواروی ڕۆژهەڵات کشاون و لەچیاکانی ئەرمینیاو تۆرۆس و بوونەتە دوو پەل و پەلێکی تریان لە بانەکانی ئێران و چیاکانی زاگرۆز نیشتەجێ بوون. کەلەوانە میدی یەکان یەکێکن لەو قۆڵ و پەلەی کۆچ کردوانی خواروی ڕۆژ هەڵات. جا دیارە جۆرج کاشی یەکانیش لەو پۆل و قۆڵە دادەنێت. کەچی لەسەرچاوە مێژوویی یەکانی تردا هاتووەو دەڵێن،کاشی یەکان واتەکاسی یەکان لەو گەلە خۆجێیی یانەن کەلە هیچ شوێنێکی ترەوە بۆی نەهاتوون.

لەکۆنیکۆن و لەسەرهەڵدانی مرۆڤەوە هەر لەنیشتمانی خۆیاندا ژیاون و یەکێك بوون لە هۆزە کوێستانیەکان و بە ئاژەڵداریەوە خەریك بوون .. دیارە ئەم ڕایانەش لەگەڵ ڕاکەی جۆرج ڕۆدا لێك جیاوازن..

بەڵام بەشی زۆری ڕۆژهەڵاتناسان ڕایان وایە کە زمانی کاسی یەکان لە بنەچەوزمانی ئاری بن. هەروەکو لەسەرەتادا ئاماژەمان بۆ کرد. وەهەندێکیش دەڵێن لەگەڵ زمانی قۆقازیشدا پەیوەندی توندو تۆڵیان هەیە.

بەڵگەشمان بۆ ڕەگ بوونی زمانە کۆنینە خۆجێیی یەکانی کوردستانی کۆنی (پ. ز)ی ئەو گەلانەی کەخەڵکی بنەڕەتی ئەم نیشتمانەی ئێمە وێك چوون و پەیوندی قووڵی زۆر لە وشەو زاراوەی کەسی و جوگرافی و ئاینی و شارستانێتی و ئابووری لەنێوان ئەم زمانانەی کەخەڵکی وڵاتی سۆبارتۆ(کوێستان) و وڵاتی کوردەواری پێی‌دواون. هەروەها بەڵگەشمان بۆ چوونەوە سەری زمانی کوردی ئەمڕۆمان بۆسەر ئەو شێوە زمانەی (پ. ز) کەلە دێر زەمانەوە لەم نیشتمان و لەسەر ئەم خاکەدا ژیاون لەدوای کۆمەڵێ گۆڕانکاری کەبەسەر ئەم زمانانەدا هاتوون و دوای تێکەڵاو بوونی زمانە کۆچەرییە هیندۆ ئەورووپی یەکان و موتوربە بوونی شێوە زمانە کۆنەکان لەگەڵ زمانە هیندۆ ئاریەکان و دەرئەنجام بوونی زمانی کوردی ئێستا دیسانەوە مانەوەی پاراستنی ڕوخسارو مانای گەلێك لەو وشەو زاراوانەی کە ئەو گەلانەی پێ دواون هەروەك خۆی لەزمانی کوردی ئەمڕۆدا ماونەوە.. ئێستا چەند نموونەیەك لەو وشەو زاراوانە دەخەینە بەردەمی خوێنەرانی ئازیز بۆ ئەوەی زیاتر لەلای ڕوون و ئاشکرا بێت.

١- پاشگری (ش واش) دەکەوێتە دوای نێوە جوگرافی و کەسی یەکانی‌زمانی لۆلۆیی و عیلامی و کاسی-کاشی.. وکەلەم ناوانەدا دەردەکەوێت: (سیماش، کیماش، تورکیش، ...هتد. ) ئەم پاشگرەش پەیوەندیەکی تەواوی هەیە لەگەڵ پاشگری (سی SI ) لۆلۆیی کەلەدوای زۆر لە ناوو زاراوەی لۆلۆییاندا دەردەکەوێت وەك شارەکانی ( ئەداسی، پاراهسی، ...تد). لەگەڵ ئەمەشدا ئەم پاشگرە وەك ڕێبازێکی گشتی بۆ داڕشتنی نێوەکاسی یەکان بەکار دەهات. ئەمەتە وەك یەکەی نەتەوەیی و گەلی بۆ گەلی کاشی بەکار هاتووە کەپەیوەستە بەناوی خوای کاشی‌یان (کاش Kas ) کەبۆ یەکەم جار لە (مسلة)ی (بۆزور شۆشیناك لەساڵی ٢٠١٥پ.ز. ) سەری هەڵدا.

هەروەها شێوە عیلامی‌یەکەشی بەم شێوە دەرکەوتبوو( کوشتوخای)و شێوە ئەکەدیەکەشی (کاشتو Kassu) بوو.. ئەم پاشگرە لەناوی پاشایانی کاشی‌دا بەکار دەهێنرا وەك لەم ناوانەی شایانیاندا دەردەکەوێت( گانداش Ganda-as )، کاشتیلیاش، ئابیراتاش، بۆرنابۆریاش، ئۆلامبۆریاش، کاراخرداش و نازیبۆگاش.....تد.) هەروەك لەنێوی وڵاتی یەکگرتوی بابل و سومەر دوای داگیر کردنیان.

دامەزراندنی حکومەتی کاسای لەو وڵاتەدا زاراوەی (کاردۆنیاش) یان بۆ دارشت ئەم پاشگرە لە ناوی عیلامی شاری ئەشنۆناك دا وەدەر دەکەوێت دوای ئەوەی ناوەکەیان گۆڕی و کردیان بە(تۆپلیاش) هەر لەو کاتەدا.

هەروەها وشەی میر، لەمیریاشی کاسی کە مانای زەوی یا خاك دەگەیەنێ لە زمانی عیلامیش بەرامبەر بەم وشەیە (میریزیر یامۆرو) بۆ زەوی یان خاك بەکار دەهێنرا ئەم جۆرە ناوانە لە هەمان بەروارو مێژوودا لەنێوان زمانی هیندی و کاسیدا بەکاردەهاتن بۆ دارشتنی وشەو زاراوەکان. هەروەها نێوی‌خوای کاسیان (سوریاش) هەمان نێوی خوای (سانسکریتیان) بوو. کەناوی هەندێ لە پادشایانی کاسییانی لێ دارێژراوە وەك، (شاگاراکتی سوریاش) لەسەدەی سیانزەهەمی پێش زایین دا.

هەر ئەم ناوە لەسەردەمی میدییەکاندا بە شێوەی(سوریاه) بەکار هاتووە. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشداو لەزمانی کوردی ئەمڕۆماندا بووە بە(سوریا)و بۆ ناوی کچ بەکاردەهێنرێت.

بوونی چەندان زاراوەو وشەی لەم چەشنانەی لە زمانی کاسی و گرووپی هیندۆئەورووپییەکاندا دوای لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان وای لەهەندێ لە ڕۆژهەڵاتناس و زانا شوێنەوارییەکان و مێژوو ناسان کرد کەوا گومان بکەن کەکاسییەکان لە کۆمەڵە زمان و نژادی هیندۆئەورووپی بن.. وەلێ زۆربەشیان دەڵێن گەلێکی خاوەن زمانی خۆجێیی ناوچە کوێستانیەکانی چیاکانی زاگرۆز بوون.

٢- وشەی (مسکێن) کە ئێستا لە زمانی کوردیدا بەکار دەهێنرێت بۆ مرۆڤێکی هەژار یابۆ چینێکی کەم دەست و بێ دەسەڵات و کەم دەرامەت، لەهەمان وشەی کاسی-کاشییەوە هاتووە کەبە شێوەی ئەکەدی پێی دەگوترا (مشکینو) لەو کاتەدا بۆ گەلی کاسی بەکاردەهێنرا کەلەژێر دەستی چینێکی بەدەسەڵاتی ئورستوکراتی فەرمانڕەوای هیندۆئەورووپییەکاندا بوون و ئەوان وەك چینێکی فەرمان بەسەردا کراووبێ دەسەڵات بوون.

٣- ناوی بتی(خوای) کاسییان (بۆریاش) کەخوای باران و هەورە تریشقەیان بووە. چووەتە سەر هەندێ ناوی‌کاسی و یارمەتی دارشتنی داوە وەك: (ئولام بور-یاش، کاداشمان بۆریاش، نازی بۆریاش). کەلەدوایشدا لەزمانی یونانیدا بۆ بای باکور ئەم زاراوەیە لە شێوەی (بۆریاس) بەکار هات. وەئیستاش لەزمانە سلاڤیەکاندا بۆ گەردەلول (العاصفە) بەکاردێت... وەلەزمانی کوردی ئێستاشمانداو لەشێوە زمانی(دیالێکتی) گۆرانیدا بەهەمان مانا و لەشێوەی (بۆران یان بۆریان) بەکاردێت. وەبەشێوەیەکی‌گشتیش لەزمانی کوردیدا زۆرجار لەشێوەی (باوبۆران) بۆ ڕۆژێکی توش وبا و باران و بەفرێکی بێ ئامان و زریان بەکاری دەهێنین.

ئەمەو گەلێ وشەو ناوی خوای تری کاسی وەك (بۆگاش) کەبریتی‌یە لە (باگا) کە مانای خوا دەبەخشێ‌و ئەم ناوە بەماناوە تاکو ئێستاش لە سلاڤی‌دا هەرماوەو بەکار دەهێنرێت. لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کەپاشگری (یاش)ی کاسی دەچێتە سەر ناوی خواکان (بتەکانیان)و هەندێ ناوی کەسی‌و جوگرافییانو دەبێتە هۆی دارشتنی‌چەندان وشەو زاراوە لەم زمانەدا.. هەمان پاشگر لە زمانی گۆتی‌یەکانیشدا لە شێوەی (وش، یش) بەکاردەهێنرێت. یارمەتی دارشتنی چەندان وشەو زاراوە لەم زمانەدا. بەلام لەزمانی عیلامی‌دا دەچێتە سەر (کار-فرمان)و دەچێتە پال کرداره رابوردووەکان وەك: (هوتتاش-کردی، تیریش-گوتی، تالاشە-نوسی) .. هەروەکو دەچێتە پال کۆتایی ناوی بتانی (خواکانی) عیلامیان وەك: لیلا ئیرتاش، هونیان نۆکاش، تیمتی راپتاش، کوك کیرواس).

ئێستاش ئەم پاشگرە لەشێوەی پیتی (ش) لەشێوەی زمانی گۆرانی کوردی‌دا بەکاردەهێنرێت لەشێوەی بەرکار(مفعول به)دا وەك: (بەردش-بردی، واردش-خواردی، کەردش-کردی). کەلە شێوەکانی تری کوردیدا لەبری پیتی(ش) پیتی(ی) بەکاردەهێنرێت وەك:( کردی، خواردی، بردی، بری، تاشی، ..تد)... هەروەکو ئەم پاشگرە لە زمانە هیندۆئەورووپی‌یەکانو حیثی‌و ئاڤێستایی‌دا بەکاردەهاتو لەزمانی(حوری-خوری-هوری)یشدا لە شێوەی (س، ئیس، ش، SYSE) بەکاردەهاتو بەتایبەتی لەگەل ناوی بکەردا بەکاردەهات وەك(هورلیش، هورلاش).

٤- شتێکی تر کە زیاتر خزمایەتی‌و پەیوەندی لەنێو کاسی‌یەکانو هوریانو گۆتی‌و لۆلۆیەکان دەخاتە بەرچاو پاشگری(هی he و تی ti )ی هوری‌یەکە بەزۆری‌و لەزۆربەی زمانی هۆزو گەلانی ولاتی سۆبارتۆ(زۆزان)دا بەکارهاتووە، کەئەمەش خۆی لەخۆیدا یەك گەل‌و نەتەوەو یەك بنەرەتی وشەو هۆزو گەلانە لەدێر زەمانەوە وەك ئەم پاشگرە بۆ دارشتنی زاراوەو ناوی شتی بێ گیان بەکار دەهێنرێت. هەر بەپێی ئەم یاسایە کاری (ئادان) ناوی (ئارتی) لێ دارێژراوە کەواتای دانو بەخشینو دەست گیرۆیی دەبەخشێت.. ئەم رێسای زمانەوانیەش لە فەرهەنگی زمانی کاسی‌و لۆلۆیی‌و میتانی‌و هوری‌و گروپە هیندوئەورووپیەکاندا رەچاو دەکرا هەروەك لەزمانی عیلامیشدا بەکاردەهێنرا.

هەروەك ئەم پاشگری (Ti)یە لەدارشتنی ناوی شارو هۆبەو هەرێمو هەوارگاشدا بەکارهاتووە وەك: (لو لو لووباتی: واتە ولاتی لۆلۆیان، کیلامباتی، سنگیبوتوتی...تد)... ئەم رێساو دیاردە زمانەوانی‌یە بەهەمان شێوە لە زمانی کوردی ئێستادا هەرماوە وەك لەدارشتنی زاراوەی ناوی هۆبەو هەرێمی شینکایەتی، جافەتی خێلێکی کوردی ئەمرۆدا

خۆی دەنوێنێ وەك: خۆشناوەتی، دزەیایەتی، هەروەها شاری ( خورماتو، تازە خورماتو کە خورماتی، تازە خورماتی‌یە) کە بریتین لەشاری طوز خورماتو وتازە خورماتوی خوارووی شاری کەرکوك، شێوە هوری‌یە کۆنینەکەی خۆی هەر پاراستووە وتاکو ئێستاش لەزمانی کوردیدا هەرماوە.

٥- دیاردەیەکی تریش ئەو پەیوەندی‌یە گەرمو گورە ئاینی‌یە بوو کەلە نێوان ئەو هەرێمانە، مەبەستمان هەرێمەکانی ولاتی کوێستانە (سۆبارتۆ) کە کوردستانی ئەمرۆ دەگرێتەوە. ئەم پەیوەندی‌یە ئاینی‌یە بووبەهۆی بەرپا بوونو سەرهەڵدانی هەندێك لە دارشتنی وشەو زاراوەی لێکدراو لە کارێکی (فرمان) زمانی هوری لەگەڵ نێوی خوداوەندێکی (بت) کاسی، یا خوداوەندێکی نەتەوەیی یا بێگانەیی ترو لە ئەنجامدا وشەو زاراوەیەکی تازەی تر لەدایك دەبوو. ئەمەش دیسان دەبووە هۆی بوونی خزمایەتی‌و پەیوەندیەکی قوڵ لە نێوان ئەو زمانانەداو خزمایەتی ئەوان دەخاتە روو بۆ نموونە وەکو: (ئاریخ- خارپا) Arih–HARPA کەلە فرمانێکی (کار) هوری‌و خوداوەندێکی کاسی دارێژراوە. هەروەها (تونی-ماشهو) لە کارێکی (فرمان) هوری وشەیەکی کاسی پێك هاتووە. کە بریتی‌یە لە واتای وشەی پاشا.

بەلام ئەو وشەو زاراوانەی هۆریان کە کۆتایی بە خوداوەندی (تیشوب) هاتووە میتانین، ئەمەشیان بەڵگەیەکی تری خزمایەتی‌و پەیوەندی ئەو زمانە دەگەیەنێتەوە جارێکی تر... ئەمە وابوو تاپەیدابوونی هیندۆئەوروپی‌یەکان لەسەر شانۆی مێژووی میزۆپۆتامیا. ئەو کات ئەمانیش زمانەکەیان تێکەڵ بەزمانە خۆجێ‌یەکانو تارادەیەك لەناو یەکدا موتوربە بوون. لەگەڵ ئەمەژیدا پەیوەندی‌و خزمایەتی زمانە کۆنینە خۆجێ‌یەکان هەر نەپچڕاو هەر بەردەوام بوو. سەرەرای ئەمەژی‌گەلێك پەرەسەندنو گۆرانکارییان بەسەردا هاتو شێوەیەکی نوێی تریان بەخۆوە دی.

ئەمەو سەدانو بگرە هەزاران وشەو زاراوەی دی کەزیاتر خزمایەتی‌و پەیوەندی یەك بنەرەتی نێوان زمانانی هۆزو گەلە ناوچەیی‌یەکانی ناوچەو هەرێمو هەوارگەی ولاتی سۆبارتۆ(کوێستانیەکان) کە کوردستانی گەورەی‌ئەمرۆ دەگرێتەوە دەخاتە رووهەروەها پەیوەندی توندو تۆڵو بنەرەتی زمانی کوردی ئەمرۆ دەباتەوە سەرئەوانو بەرەگو ریشاڵی درەختی زمانی کوردی ئەمرۆی دادەنێتو زیاتر بەیەکیانەوە دەبەستێتەوە.

ئەگەر دەست بەرینە ناو گوڵو گوڵزاری مێژووی ولاتی کوردەواری هەرلە هەزارەی یەکەمی پ.ز. ئەنجامی ئەو پەرەئەستاندنو گۆرانکاری‌یە زمانەوانیەمان دەکەوێتە بەردەست. کە وردە وردە لەچەند شێوە زمانێکی بنەرەتی بۆ زمانێکی یەکگرتووی خاوەن چەند سەرچاوەو نوسراوێکی رێكو

پێك هەنگاوی هاویشتووە، ئەمەش خۆی لەسەردەمی میدیەکاندا دەبینێتەوە.

شێوە زمانەکانی زمانی کوردی پێش ئەم گۆڕانانە بریتی بوون لە لۆلۆیی وگۆتی و عیلامی و کاسیەکان و هوری و هەرچەند ئەم شێوە زمانانە چەند دیاردەی زمانەوانی هاوبەشیان لە نێواندا هەبووە کە گەلێك وشەوزاراوەو ڕستەیان وەبەردەست کەوتووەوشی کراونەتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەك د. جەمال ڕشید دەڵێ: دوو دیاردە یان لە نێواندا بە تاریکی ماوەتەوەو شیو دیاری نەکراون وەك:

١) ئایا ئەو شێوە زمانانە هەریەکە زمانێکی سەربەخۆی سەرەکی بوون، یان هەموویان سەربە زمانێکی بنەڕەتی یەکگرتوو بوون. بەڵام گێرەو کێشەو تاڵو سوێرییەکانی ڕۆژگار لێکی دوور خستوونەتەوە؟

٢) ئایا ئەو شێوە زمانانە چ کەلەپورێکی زمانەوانیان لە زمانەکانی ئێستای سەرووی میزۆپۆتامیا بەتایبەتی زمانی کوردی بەجێ هێشتووە.

بۆ وەڵامی پرسیاری یەکەم، هەروەکو د. جەمال ڕشید ئاماژەی بۆ کردووە بوونی سەدان وشەو زاراوەو ڕستە کەبەنوسراوی بەجێ ماون پەیوەندیو خزمایەتی نێوان ئەو شێوە زمانانە بەدەر دەخات. ئەوە نەبێ هەندێ جیاوازی بیرو بۆچوونی ئایینیان لە نێودا هەبووە. بەڵام لە هەزارەی دووەمی پێش زایین هاتنەخوارەوەی هۆزە کۆچەرە (هیندۆ ئەورووپییەکان) بۆ ناوچەی ئاریان کۆمەڵێ وشەو ڕستەو زاراوەی زمانەوانیو ئایینی تازەیان هێناو تێکەڵ بە کەلتوورو کەلچەری زمانە ناوچەییەکان بووەو لە ئەنجامدا ڕستەو وشەو زاراوەی تازەو نوێ بە تایبەتی لە هەزارەی یەکەمی پێش زاییندا سەریان هەڵدا. دوای هاتنی کۆچەرانی هیندۆ ئەورووپی زمان لەپاڵ سەدەها وشەو زاراوەی هاوبەش، چەندان خوداوەندو بیری ئایینی یەکگرتوو لە نێوانیاندا پەیدا بوون. ئەم دیاردانەش لە نوسراوەکانی دەوڵەتی میتانیو دەوڵەتی کاردۆنیاشدا بەرچاو دەکەون.

لە دەلاقەی ئەو وشەو زاراوەو ناوە کەسیو جوگرافیانەوە دەتوانین بە ئاسانی پەیوەندی توندی ئەو زمانانەو زمانی کوردی ئەمڕۆ بەدی بکەین. کە هەر بەم جۆرەش بنجو بناغەو بنەڕەتی هەر زمانێك لە زمانەکانی جیهانی ئەمڕۆدا دەستنیشان دەکرێت.

بۆ خاڵی دووەمیش دەڵێین ئەگەر لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی زمانە قەوقازیەکانی ئەم سەردەمە وەك هی ئەرمەنی گورجیو چەرکەسیو زمانە داگستانیەکانی تر کرابێتو پەیوەندی نێوان ئەو زمانانەو زمانەکۆنەکانی سەرووی میزۆپۆتامیاو ڕۆژهەڵاتی ئاسیای بچووك وەك ئۆرارتۆ، هاڵدی، هوری.. هتد بەدیار خرابێت.. بەڵام بەداخەوە ئەم هەوڵو تەقەلایە لەگەڵ زمانی کوردیدا نەکراوە.. ئەوەی کە لە کەلتووری ئەو زمانانەی کۆن بۆ زمانی کوردی ماوەتەوە ئەو چەند وشەو زاراوەو ڕستانەن کە تاکو ئێستا

مانـەوەو لەبەردەسـتان. وەك زمـانی هـوری و گۆتـی و لۆلۆیـی و کاسـی..هتـد. کـە زمـانی هـەموو خـەڵکی کوردسـتانی ئـەوکات بـوون و ئێسـتاش بـە ڕەگ و ڕیشـەی درەختـی زمـانی کوردی دادەنرێن..

لـە هـەزارەی دووەمـی پێـش زایینـیدا کۆچەرانی هیندۆ ئەورووپی هاتنە ناوچەکانی زاگرۆزو لـەوێدا جێگیـر بـوون و ژمارەیـەکی زۆری وشەو زاراوە زمانیەکانی خۆیان لەگەڵ ڕەگـی ئـایینی و میللـی خۆیـان لەگـەڵ زمانـە ناوچەییـەکانی ئـەوێدا تێکـەڵ کـردو خۆیـان چەسپاندو لە زمانی میتانی و کاسـیەکان بـە ئاسانی بەرچاو دەکەون.. وەلێ وێڕای ئەمەش دانیشتووە کۆنەکانی پێشـوو تـا ناوەڕاسـتی هەزارەی یەکـەمی پێـش زایـین داب و نـەریتی خۆیان پاراست و پلە بە پلە لەژێر کاریگـەری شەپۆلی کۆچەرانی سەکەس و مادو کیمیەریدا لە سەرەتای هەزارەی یەکەمی پێش زایینـدا ئەم دیاردانـە بـەرەو کـزی و گـۆڕان ڕۆیشـتن و وردە وردە ئـەم زمانانـە تێکـەڵ بـە یـەکتری بـوون و تێکـدا موتوربـە بـوون و لـە ئـەنجامدا زمـانێکی هاوبـەش بـۆ گشـت دانیشـتوانی هەرێمـەکانی ناوچـە کوێسـتانیەکان کـە کوردستانە پەیدا بوو کـە دەتوانـین ئەمـە بـە پلـەی سـەرەتایی زمـانی کـوردی دابنێـین.. ئەمەش بەو بەڵگەیە کە ئەو هەموو ناوو وشەو زاراوانـەی کـە لـە بەڵگەنامـەکانی پادشـایانی سۆمەرو ئاشووردا دیاردەکەون و لەم ناوچەی کوردستانەدا بوون و ئەمڕۆش لە کورد بەولاوە هیـچ زمـانێکی دی خـاوەنی ئـەم کەلـەپوورە زمانـەوانی و مێژووییـە دەوڵەمـەندە نیـە لـەو هەرێمەدا.

لـە کۆتـاییدا حەزدەکـەم کـە قۆناغـەکانی گەشـەکردن و گۆڕانـەکانی کەبەسـەر زمانـە ناوچەییـــەکانی وڵاتـــی ســـۆبارتۆ (کوێستانیەکان- زۆزان) هاتووە بخەمە بەردەم خوێنەرانی ئازیزو خۆشەویست، کە بێگومان بنچینـەو بناغـەی زمـانی کـوردی ئـەمڕۆی پێکهێناوە کە بەم جۆرەی خوارەوەیە:

**١-قۆناغی یەکەم:**

ئەم قۆناغە بە قۆناغی سەرهەڵدانی زمانە سـەرەتاییەکان دەناسـرێت کـە لـە گونـدە کشتوکاڵیەکانی سەرەتاو لە چەرخی نیولیتی لـە هـەزارەی شەشـەم و پێنجـەم و سـەرەتای هـەزارەی چوارەمـی پێـش زایـین بـەرپابوو و قۆناغی زمانە تۆمارنەکراوەکان (چەرخی پێش پەیدا بوونی نووسین).

ئەم زمانانەش بێجگە لە زمانی سۆمەری دەکرێن بە سێ بەشی سەرەکیەوە:

١/ کۆمەڵـە زمـانی عیلامـی وەك لۆلۆیـی و کاسی کە بە زمانی عیلامی کارتێکراون.

٢/ کۆمەڵە زمانی قەفقاسی وەك: ئۆرارتـی و هوری.

٣/ کۆمەڵە زمانی ناوچەیی و خۆجێیـی وەك زمانی گۆتیەکان.

**٢- قۆناغی دووەم:**

قۆنـاغی پەرەسـەندن و گۆڕانکـاری زمانـە ناوچەییـــەکان و کارتێکردنیـــان بـــە

شارســـتانیەتی ســـۆمەری و ئەکـــەدیان و سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی شێوە نووسینی بسماری لە باکوری میزۆپۆتامیا و ڕۆژهەڵاتی وڵاتی ڕافدەین لە کۆتایی هەزارەی چوارەم و ناوەڕاستی هەزارەی دووەمی پێش زایینی.

٣- قۆناغی سێیەم:

قۆناغی سەرهەڵدان و پەیدابوونی زمانی میتانی (زمانی هیندۆئەورووپی) و دەست بەسەراگرتنی ناوچەکان بەهۆی ئەوەی زمانی چینی دەسەلاتدارە لە دەوڵەتی میتانیدا لە ناوەڕاستی هەزارەی دووەم و سەرەتای هەزارەی یەکەمی پێش زایین. لەم قۆناغەدا زمانی لۆلۆیی و گۆتی و کاسیەکان بە زمانی میتانی کارتێکران بەتایبەتی ئەم کاریگەریە لە زمانی هوری (خوریەکان)دا بە گشتی وەدیار کەوت.

٤- قۆناغی چوارەم:

سەرهەڵدانی زمانی ئاشووری لەسەر ئەو بنچینەو بناغەی کە زمانی چینی دەسەلاتدارو خاوەن ئایین و کەشەی چینی خاوەن دەسەلاتە لە دەوڵەتی ئاشووریداو کارکردنە سەر زمانە ناوچەییە ڕابردووەکان لە نیوەی دووەمی هەزارەی دووەم و ناوەڕاستی هەزارەی یەکەمی پێش زایین کە ئەمەش درێژەی دەسەلاتدارێتی شارستانێتی ئەکەدی بوو لە ناوچەکەدا.

٥- قۆناغی پێنجەم:

قۆناغی سەرهەڵدانی زمانە ئێرانیەکان (زمانی میدی وەك زمانێکی چینی دەسەلاتداری دەوڵەتی میدی و هۆزە کۆچەریەکانی ماد بەرەو ڕۆژئاوای خۆیان، زمانی ئاڤێستا وەك زمانی چینی ئایینی هەردو دەوڵەتی میدیاو ئەخەمەنی و هەموو ئەو دانیشتوانەی کەبڕوایان بە ئایینی زەردەشت هەبوو، زمانی پەهلەوی ساسانی وەك زمانێکی ڕەسمی دەوڵەتی ساسانی. ئەم قۆناغەش لە سەرەتای هەزارەی یەکەمی پێش زایینەوە دەکشێ هەتا سەدەی حەوتەمی پێش زایین.

وە لە قۆناغی سێیەم و چوارەم و پێنجەم لەلایەکی ترەوە ئەم زمانە بە حیثی کە زمانێکی هیندۆ ئەورووپیە لە ڕۆژئاوادا، هەروەها بە زمانی یۆنانی کۆن واتە لیدی و لاتینی لە چەرخی هیللینی و لەکاتی دەست بەسەراگرتنی ئەسکەندەری مەکدۆنی بەسەر وڵاتانی ڕۆژهەڵاتداو پەیدابوونی دەوڵەتی سەلوقی و ڕۆمان و بیزەنتیەکان کارتێکران و تا ڕادەیەك گۆڕانکاریان بەسەردا هات. تا دەگاتە شێوەی ئێستای لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا.

## ئایینی کاسیەکان (کاشیەکان)

هۆزانی کاسیەکان وەك هەموو خزمانی خۆیان لۆلۆیی و گۆتی و عیلامی و مادەکان و گەلانی تری دراوسێیان بەتایبەت سۆمەری و ئاشووری و بابلیەکان (ئەکەدیەکان) بت پەرست بوون و بەدەستی خۆیان پەیکەری خواکانی خۆیان لە بەردو دارو شتی تر دادەتاشی و دواییش دەیانپەرست و قوربانیان بۆ سەردەبڕی و لە بوارەکانی ژیانیاندا پەنایان بۆ دەبردن و لەبەریان دەپارانەوە.

بەناوبانگترین و گەورەترین خواوەندیان (بوت) یان (سریاش) واتە خواوەندی (ڕۆژ-خۆر) بووە. خواوەندەکانی تریشیان بریتی بوون لە : خارب، دۆنیاش، شاخ، شیپاک، شۆکامۆنا...تد.

پەیکەری بتی (کاشو) کە ئەکەدیەکان بەم ناوە ناویان بردووە.. بەڵام ناوە کاسیەکەی نەزانراوە. ئەم خواوەندەی کاسیان بە خواوەندی هێزو تیرەی کاسیەکان دانراوە.

یەکێکی تر لە بتەکانیان (خواوەندەکانیان) شیمالی خوای کوێستان نشینەکان بووەو ناوی خۆی (شیبارۆ)یە، وە (شۆکامون-شۆمۆ) خوای ئاگری زەوی و پشتیوانی زنجیرەی پادشایان.. وە (هاربە واتە خاربو شیخۆ) لە خوا زۆر گرنگ و خۆشەویستیان بوون. لەگەڵ خوایانی بابلدا واتە (ئینلیلە) سوڵتانی خوایان و خوای زەمینی و مەردۆك و خوای دەوڵەتی و بابلیەکان بوون.. دووریش نیە هەردوو ناوەکە هەریەك خوا بووبن.

ناوی ئەم خواوەندە لە دوو وشەی لێکدراو پێکهاتووە، یەکەم (ان) بە واتای گەورە یا زەعیم و سەرکردە دێ لە زمانی سۆمەری کە بۆ پیاوانی پاڵەوان لە پادشایان و سەرکردەکانی سوپا بەکاردەهێنرێت. هەروەك (ساموێل کریمەر) دەڵێ: ((بۆ ناونان و نازناوی هەندێ لە ژنانی بەناوبانگ بەکاردەهێنرا)). وشەی دووەمیش (لیل)ە کە بە واتای ئاوو هەواو کەشی زەوی دێت. کارو تایبەتمەندێتی ئەو بتە لە بیروبۆچوونی پەرستوانیدا بریتی بووە لە دەسەڵاتدارێتی کاریگەر لە کەش و ئاوو هەواو هەرچیەکی لە ئاوو هەواوە ئەنجام دەدرێت وەك کەش و ڕێکخستنی ئاوو هەواو چوار وەرزەکان و گەرمی و ساردی و باووباران و لافاوەکان و هەموو شتێکی ڕۆژانەی کارەکانی مرۆڤ.

پەرستگای سەرەکی ئەم بتە (خواوەندە) لە شاری (نیفەر) بووە، تۆزێك لە خوارووی شاری بابلەوە بووە. ناوی پەرستگایەکەشی (ئایکۆر)یان پێ دەگووت. واتە ماڵی شاخی (بیت الجبل) یا ماڵی شاخ. هەروەك ئەم بتە نازناوی شاخی مەزن بووە.. لەوانەیە بوونی ئەم نازناوە لەوەوە هاتبێ کە هەمیشە لەسەر گردێکی بەرز دادەنراو کە هەمیشە ئەو گردانە دەستکرد بووە.

لەسەرتای سەرهەڵدانی بیروبۆچوونی خواوەندێتی و ئایدۆلۆژیەتی ئایینی پێش هەزاران ساڵ لەمەوبەر هیچ جیاوازیەکی زمانەوانی لە نیوان خواوەند (بتی) ڕۆژ-خۆرو خۆری ئاسایی بابلی و (سوریاش)ی کاشی و (سوریا)ی هیندی و (هۆڤار-خۆر)ی کوردی کە لە گەشەسەندن و پەرەسەندنی وشەی (ئاهورا- ئاهور- هور-خۆر)ەوە هاتووە نەبووە.

ئەم بتی ئاهورایە کە خواوەندی ڕۆشنایی و پەندیاری بووەو لە (وارونا)ی کۆن و دواییش بۆ (ئاسورا، ئاسور)ی هیندی و (سور-سوریاش)ی کاسی پەرەی سەندووە کە لۆلۆیی و گۆتیەکانیش پەرستویانە. کە خوای ڕۆژ بووەو بە (ساخ یا سوریاش) ناودەبرا.

وە خواوەند (بت)ی بۆریاش کە بە چەندان ناو ناوبراوەو لەلای حوریەکان بە (شوب) ناودەبراو لەلای کەنعانیەکان بە (بعل) ناو دەبراو لەلایەن سۆمەری و ئەکەدیەکان بە (ئاشکور) ناودەبرا کە خوداوەندی تێکدان واتە هەورەتریشقەو باوبۆران بووە. وە (ئۆبریاش- بۆریاش) دوو خوای شەستە باران و رەهێڵە بوون. هەروەها (گیدارو ماراتاش- ماروتاش) دوو خوای شەڕو بەڵاو گێچەڵ بوون. وە (کامۆل) خوای میریزیرو دور خوای بەرەکەت بووە.. (کامولارابا) ئی ئای بابلی بووە کە خوای ئاوەکانی زەوی بووەو بە بتی دایکی نیتلیل ژنی ئانیلیل بووە. وەهەروەها بتی (ئیمیریا) پشتیوانی بنەماڵەی پادشایان بووە. ئەمەو بتەکانی کاسیان و عیلامی و گۆتی و لۆلۆیی و نەتەوە دراوسێکانی تر وەك یەك هاوبەش بوون. وە تا رادەیەکیش کەلتوورو فەرهەنگ و رۆشنبیری و باری کۆمەڵایەتی و شارستانیەتیشیان چوونیەك و هاوبەش بوون.

لەو سەردەمەدا پەیوەندی مرۆڤ بە بتەکان (خواوەندەکان) یان وەك پەیوەندی مرۆڤ بە مرۆڤێکی ترەوە بووە.. چونکە ئەوکات تەنها خوایەك و دوو خواو سێ خوایان نەپەرستووەو بەس بەڵکو لە هەر بوارێکی ژیانیاندا خوداوەندێکیان بۆ خۆیان دەستنیشان کردووەو پەیکەری بتەکانیان لە بەردی بەنرخ و دارو شتی تر داتاشیوە جوێ لەمەش هەندێ لەدیاردە سروشتیەکان و گیانلەبەرانیان پەرستووە وەك مانگ و رۆژو ئاگرومانگاو گەلێ شتی‌تر.. کە هەتاکو ئێستاش لە هیندوستان هەندێ هەن لە هیندۆسەکان مانگا دەپەرستن..ئیدی پەرستگای زۆر پێشکەوتوو زل و شارستانیەت و خانووو زەقورەیان بۆ دروست دەکرد بەملیۆنان پارەو پول و زێڕو زیویان تێدا خەرج دەکردو پڕیان دەکردن لەو بتە دەستکردانە واتە لەو خوا دەستکردانەو کرنۆشیان بۆ دەبردن و دەیان پەرستن و قوربانیان بۆ سەردەبڕین و لەنێش و کاری رۆژانەو لەکاتی شەڕو پێکدادانەکانیان لەگەڵ دوژمنەکانیاندا لەبەریان دەپاڕانەوەو داوای یارمەتی و پشتگیری و سەرکەوتنیان لێ دەکردن لە ژیانیانداو بەسەر دوژمنەکانیاندا.

بۆ نموونە سەرکردەکانیان پەیوەندیەکی توندو تۆڵیان لەگەڵ (مەردۆك)دا هەبووە کەخوداوەندی (بت) تایبەت بووە بەسەرکردەکان و چینی دەسەڵاتدارو لەهەمان کاتدا جوتیاران و زەحمەتکێشان پەیوەندییان زیاتر بەخوداوەندی گەنم و جۆو دانەوێڵەوە هەبووە کەتایبەت بووە بەو بوارەی ژیان و هەر خۆیان بۆ ئەم بوارەیان دەست نیشان کردووە کەناوی بتی(ئەشنان) بووە بەم پێیە لەهەر بوارێکی ژیانیاندا بتێك یاخوداوەندێکیان دەست نیشان کردووە. .. ئەمەو جوتیاران پەیوەندیان بەبتی (شۆمۆکان) خوداوەندی

مــەڕو مــاڵاتو وواڵســاتەوە هــەبووەو پەرستویانە.

## { شارستانیەتو باری ئابووری }

لەسەرەتای هەزارەی دووەمی پێش زایین دا بــارو گوزەرانــی ژیــانی کۆمەڵایــەتیو شارستانێتیو ئابووریو فەرهەنگی لە وڵاتی ناوچە کوێستانیەکاندا بەرەو پێشتر چــوو وگەلێك گۆڕانکاری ڕوویداو لەو سەردەمەدا بوو کەچەرخی گۆزەکاریو کارەگڵینەییەکان دەستی پێ کردو پەیدا بوو. هەموو شتێك وەجموجۆڵ کەوتو گۆڕانی بەخۆیەوە دێت جــۆری ڕازاندنـــەوەو شــێوەی پیشـــە دەســـــتییەکان لەڕووی چەندایــــــەتیو چۆنایەتیەوە گۆڕدرانو زیاد بوون..

لەبەرئەوەی کاسییەکان یەکێك بوون لــەو هـــۆزو گەلـــە ناوچەییـــە کوچەریـــە کوێستانیانە کەبە سۆبارتۆ ناسراون، کەواتە شارســــتانیەتی ئــەوانیش یــەکێك بــووە لەبنــــەماکانی شارســـــتانیەتی وڵاتــــە کوێستانیەکان.. بــێ گومــان شارســتانیەتی هــەموو گــەلێك کــار لــەوی تــر دەکــات، وزەی دەداتــە بــەرو تــەکانی بــەرەو پێش کــەوتنی دەبـات.. ئەمـەش لەئـەنجامی دراوسـێیەتیو شــەڕو جــەنگو پێــك دادانو بازرگانیـــەتو پەیوەندیـــە کۆمەڵایـــەتیو سیاســـیو ئابوریـــەکان. کەواتـــە وڵاتـــی ســـۆبارتۆ (کوێستانیەکان) ببوە ناوەندێکی کۆبوونەوەو گـــرد کردنـــەوەی جۆرەهـــا دیـــاردە شارستانیەکان کەلەو وڵاتــەدا بــەرپا بــووو کەواتە گەشە کردنو هەنگاونان بەرەو پێش لەئەنجامی بەیەك گەیشتنو لێك خشاندنی شارســـتانیەتی دۆڵـــی ڕافیدەیـــن واتـــە دوو ڕووبـاران (میزۆپۆتامیا )و ئەنــەدۆڵو قەفقاسیاو خـواروی ڕوبـاری قـەزوین، ئەمـە وێڕای شارستانیە تایبەتیە خۆماڵیەکان کەلە وڵاتدا هەبوون.. ئەم دیاردە شارستانیەتە لە وشـەو زاراوەکـانی زمـانو ڕێزمـانی هـۆزو گەلانی ئەو ناوچەیە کەلە نێو دۆڵو قەدپاڵی چیاکـانو پێدەشـتەکاندا سـەری هـەڵداوە، تیشك دەداتەوە کەبە بنەڕەتی زمانی کوردیو ئەرمـەنی دادەنرێـن.. ئــەو زمانــە دەبێتــە یەکەمین خشتی بناغەی ئەم شارستانیەتانە. بۆیــــە بەڕاشـــکاوی دەتوانـــین بڵێـــین شارستانیەتی کاسییەکانیش جوێ نییە لە شارســـــتانیەتی هۆزەکـــانی ناوچـــەییو خزمەکانیان وەك گۆتیو لۆلۆییو عیلامـیو ئـــەمجار مادەکـــان واتـــە میدیـــەکانو مانتایییەکان.. ئەمە پێش ئەوەی هەلیان بۆ هەڵ کەوت کەهێرش بکەنە سەر وڵاتی بابلو سۆمەر لەئەنجامی هێرشـەکەی مۆریشـیلی حیثیو داگیرکردنی شاری بابلو کشانەوەی لەو وڵاتەداو بەجێ هێشـتنی ئـەو وڵاتـە بـۆ کاســـییەکانو ئـــەمجار دامـــەزراندنی دەوڵەتێکی یـەکگرتووی خـاوەن سـنوورێکی پـــارێزراو لـــەژێر ئـــاڵای حکومـــەتی (کاردۆنیاش)ی کاسایدا.

کاسییەکان کەچینی دەسەڵاتدار بوون لە وڵاتی بابلو سۆمەردا سەبارەت بەکۆمـەڵانی خەڵکی بنەڕتی دەوڵەتی کاردۆنیاش کەمینە

بوون... بە شارستانیەتی دۆڵی رافیدەین(میزۆپۆتامیا) کارتێ کران و شارستانیەتی بابلی یەکانیان لەهەموو ڕوویەکەوە وەرگرت.. وێڕای ئەمەش دەستیان بەسەروگوێی ئەو شارستانیەتەدا هێناو گەشەیان پێ کردو تەکانیان پێدا بەرەو پێشترو زمانی بابلیان وەرگرتوو لەگەڵ ڕۆشنبیری و فەرهەنگی گشتی بابلی دا.. ئەمەش لەبەر ئەوە بوو چونکە شێوەی نوسین و ئەلفبایەکی تایبەتی زمانی خۆیان نەبوو تافەرهەنگ و شارستانیەتی خۆیانی پێ بنووسنەوە ناچار ئەلفباو زمان و ڕۆشنبیری بابلیان وەرگرت. هەرچەندەبەزمانی خۆیان هیچیان بەتۆمارکراوی بۆ ئێمە بەجێ نەهێشتووە جوێ لەچەندان ناوو زاراوەی کەسی و تۆپۆنۆمی (جوگرافی) نەبێت. بەتایبەتی ناوی بتەکانیان (خوداوەندەکانیان) کەبەزمان و ئەلفبای بابلی بەشێوە مێخی نوسراوەتەوەو شوێنەوارناسان دۆزیویاننەوەو چەندان توێژینەوەو لێکۆڵینەوەیان لەسەر کردوون.

بەهێزترین بەڵگەشمان بۆ تێك داتوانەوەی هەردوو شارستانیەتی کاشی و بابلی یافراوانتر بڵێین شارستانیەتی دۆڵی رافیدەین.. ئەوەیە کەیەکەمین پاشای کاشی یان کەفەرمانڕەوایی وڵاتی بابلی کردووە (ئاگۆم) کەبە ئاگوم کاکریم ناودار بووە(١٦٠٢-١٥٨٥ پ.ز.) هێرشێکی زلی کردە سەرناوچەی عانە (خانەی کۆن) بۆ هێنانەوەوستاندنەوەی بتی (خوداوەندی) مەردۆك و پەیکەری خێزانەکەی کەناوی (سەرپنیتم)بوو، کەکاتی خۆی لەبابلەوە دوای هێرش هێنانی نەتەوەکانی ناوچەی سامەڕا بەتاڵان بردبوویان. ئیدی بەم بۆنەیەوە ئاهەنگێکی گەورەی گێڕا.. هەروەها فەرمانی دا بەنوێ کردنەوەی پەرستگای ئەو بتە (خوداوەندەیە) لە بابل، لەم بارەیەوە دەقێکی دوورو درێژو بەپێزی بۆ بەجێ هێشتووین.. مەبەستی‌شا (ئاگۆم) لەم کارەیدا ئەمەبوو دەیویست ڕای بابلیەکان بۆ لای خۆی ڕاکێشێت و بەفەرمانڕەوایێتی کاشی یەکان ڕازی بن و مل شۆڕبکەن.

هەروەها مەبەستی مسۆگەر کردنی بەردەوامێتی دەسەلاتی خوداوەندی مەردۆك و ڕێگە پێدان و مۆڵەت وەرگرتن لەو خوداوەندە کەشا(ئاگۆم) لەبری ئەو فەرمانڕەوایێتی دەوڵەتی بابل و سۆمەر واتە دەوڵەتی کاردۆنیاش بکات. یەکێکی تر لەهەرە تایبەتمەندی یەکانی شارستانێتی کاسی یەکان هێمنی و ئارامی و ئاسایش بووە، واتە بەشەڕو جەنگەوە خەریك نەبوون نەلەگەڵ دەوڵەتی میسر کەلەو کاتەدا بەدەوڵەتی نوێ یاخود بەئیمپراتۆریەتی میسر بەناوبانگ بوو، وەنەلەگەڵ دەوڵەتی ئاشوری نە لەگەڵ دەوڵەتانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی هاوچەرخ وەك دەوڵەتی میتانی لە سەرووی دۆڵی رافدەین واتە وڵاتی سۆبارتۆ ( زۆزان_کۆهستان) ... لەئەنجامی بوونی ئاسایش و وەلانانی جەنگ و ئاژاوەو خوێن ڕێژی لایان بەلای ئاوەدان کردنەوەو خانووبەرە دروست کردن و ئاوەدان کردنەوەی شارو لادێکیانیان کردبۆوە.. ئەمە شاکانی کاشی یەکانی سەرقاڵ کردبوو. سەدان پرۆژەو کاری ئاوەدان کردنەوەی

چـەندان شـارو شـارۆچکەی بابلی‌یـەکان بەدەستەوە بوو. لەبەرایی هەموو پرۆژەیەکدا نـوێ کردنـەوەی پەرسـتگاکانی بتـەکانیان (خوداوەنـد)ە کانیـان بـوو. کەلەشـارەکانی (نیفەر، ئور، لارسەو وەرکا) بوون یـەکێ لـە پەرستگاکانی وەرکا(ئی_ ئەنا) بوو، کەیەکێك بوو لەکارەکانی شـای کیشیان (کرانـداش). کەپەرستگایەکی زۆر رێك و پێك و جوان بوو. لای پێشەوەی لە خشتی سێ گۆشەو لەسەر شێوەی قۆقز دروست کراوە. ئەم شـێوازەی جـوان کـردن و ڕازاندنـەوەی لادیـوارو سەردەرگاو خانوو کۆشکەکان لەگەڵ شێوازی ڕازاندنەوەی دەرگای عەشـتار لەشاری بـابل لەسـەردەمی نەبوخەزنەسـر لەسـەدەی شەشـەمی پ. ز چـوون یـەك و لێـك چـوون. کەواتە بنەرەتی شێوەی بیناسازی ئاشوری و بابلی‌یـەکانی هـەزارەی یەکـەمی پ. ز. دوای زاینیـش شـێوازی بیناسـازی (خانوسـازی) سـەردەمی کیشـی‌یەکان بـوو. کەفارسـە ئەخەمەنی‌یـەکانیش هـەمان شـێوازی خانوسازی یـان بەکارهێناوە بۆ ڕازاندنەوەی خانووبـەرەکانی پایتەختەکـەی خۆیـان پرسـیپۆلس( ئەسـتەخری نزیـك شـاری سوسە)..

لـەکاتی گـەڕان و هەڵکۆڵینـەکانی بەڕێوبەرایـەتی شوێنەوارناسـی ئـێراقی لەشـاری عەگـەر گـوف(عقرقـوف) چـەندان نموونـەیان لـەم شـێوازە خانوسـازی‌یە دۆزیوەتەوە.

ئەمـەی ئـەم ڕایـەی سـەرەوەشمان دەسەلمێنێ دۆزینـەوەی چەندان نموونە لـەو شارسـتانیەتەی کاشـی‌یەکان لەشـاری(دور_کاریکـالزۆ) کەپایتـەختی دووەمـی کاشـی‌یەکان بـووە لـەدوای شـاری بابل و لەلایەن شای کاسی‌یان ( کاریکـالزۆ)وە دروسـت کـراوە، کەئەمـەش خـۆی لـەخۆیدا بەشـێکی زۆرو گرنـگ لەشارسـتانیەتی کاشـی‌یەکان لەناوچـەی میزوپۆتامیـا (دۆڵی رافدەین) پوون دەکاتەوە. وەك: قوللەی شاری کاریکالزۆ کەئێستاش بەرزیەکەی نزیکـەی (٥٦) مـەتری لێ ماوەتـەوە. هـەروەها قوللـەی شاری عەگەرگوف نمونەیـەکی گرنگـی تـری شارستانیەتی دۆڵی رافیدەینـە بەتایبـەتیش بنکەی خوارەوەی و پـێ پیلکەکانی و شێوازە هونەریە خانووسازیەکەی کەلەسەری دروست کراوە. یەکێ لەسیفاتە گرنگـەکانی هونـەری خـانوو پەرسـتگاکانیان بـووە... لەئـەنجامی پشـکنین و هەڵکۆڵینـە شـوێنەواری‌یەکان دەرکـەوتووە کـەپانی و ئەسـتووری دیـواری کۆشکەکانی شاری عەگـەرگوف واتـە شـاری (دور–کاریکـالزۆ) ودیـواری پەرسـتگاکانیان ڕێـژەی ئەسـتوریان (٣)م بـووەو لەخشـتی قـەبارە گـەورە دروسـت کـراون. هـەروەك لەبەشەکانی کۆشکەکانی ئەم شارەدا چەندان نموونـەی گرنـگ لەهونـەری دیـواری رەنگـاو رەنگـی بۆیـە کـراو دۆزراوەتـەوە، هـەندێکیان لەسـەر شـێوەی مـرۆڤ کـە گرینگی‌یـەکی تایبـەتی هـەبووە لەلایـەن جـل و بـەرگ و پۆشاکەوە.

هەروەك دیواری پەرستگاکانیشیان هەمان شێوەپان و بەرین بوون. ئەوەتا پەرستگایەکی پـان و گـەورەو زلیـان بـۆ بوتـی(ئـانلیل)و ژنەکـەی (ئـەنلیل)و کورەکـەیان( نـەنۆرتا) دروسـت کـردووە. کەلەناوچـەی قوللـەی

شارەکەو گۆڕەپانێکی فراوانی ناوەندی کۆی دەکردنەوەو پەیکەری (Cella)ی هاوبەشی لەسەر تەختێکی بەهێز دروست کراوە کەدەروانێتە زەقورە(گومەت)ی شارەکە، ڕووبەڕووی پێ پیلکە سەرەکی‌یەکەی شار.

هەرکەسێك سەربدات لە دیواری ئەو پەرستگایە لە ڕێڕەوە سەرەکیە ناوەندیەکەی ئەو پەرستگایەدا خشتێکی گەورە دەبینێ کە بەناوی پادشا (کۆریکالزۆ)ی کاسیەکان مۆرکراوە* . وە هەروەها لەو ناوچەدا چەندان پەیکەری شکاوی گەورەی پادشا (کۆریکالزۆی) کاسیەکان دۆزراوەتەوە کە بە خەتی مێخی و بە زمانی سۆمەری نەقش کراون.

وە ئەو کەل‌و پەل‌و ئەنتیکە کۆنانەی لەناوچەی هەرسین لەبەرجادەی کرمانشان - خورەم ئاباد لە ناوچەی لورستانی ئێران دۆزراونەوە نموونەیەکی ترن لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەو بەراوردکردن‌و چەندو چوونێکی زۆر بۆ لێکۆڵەرەوەو توێژەرەوەکان ڕوون بۆوە کە ئەم کەل‌و پەل‌و ئەنتیکەو یادگارانە دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی نێوەراستی هەزارەی دووەم‌و سەرەتای هەزارەی یەکەمی پێش زایین زۆربەی زۆری ئەو شتانەش بریتی بوون لە زین‌و بەرگ‌و کەرەستەو کەل‌وپەلی ئەسپ‌و ولاغ بەرزە. هەروەها چەك‌و چۆڵەی ئەو سەردەمەو شتی جوان‌و خشڵ‌و کەرەستەی ئایینی‌و ئایین پەرستی وەکو عەسا و دارەدەستی سەحارو شتی تر.

دۆزینەوەی لغاو‌و ئاوزەنگی‌و کەل‌وپەلی ئەسپ لەناوچەی لورستان کە ناوچەی کاسی‌یەکانی کۆن بووە. ئەوەمان بۆ دەردەخات کەلەو سەردەمەدا عەرەبانە هەبووە کەبەئەسپ ڕاکێشراوە دەش گەڕێتەوە بۆ سەردەمی هەزارەی دووی پێش زایین .. چونکە لەهەزارەی یەکەمی پێش زاییندا لەجەنگ‌و شەڕەکاندا کەمتر عەرەبانە بەکارهاتووە.

هەروەها ئەو کەل‌و پەلە جوان‌و نایاب‌و ڕێك‌و پێکانەی کەلەهەمان ناوچە دۆزراونەتەوەو سەرنج ڕاکێشەرن وەك هەندێ کەل‌وپەلی جوانی خشڵی پێچاوپێچ کەلە کاری سیحرو خوا ئەفسانەییەکانن وەك وێنەی مرۆڤ‌و ددان، ئاسك، بزنە کێوی، پڵنگ، شێر، گا، ئەسپ، گریفۆن، کەلاشەی وەکو شێرو باڵ‌و سەری وەکو هەڵۆو گوێی ئەسپ‌و پۆپنەیەکی وەکو باڵی ماسی بووە- وەئەبولهەول... تد. هەرکەسێك ئەم کەل‌و پەلانە ببینێ بۆی دەردەکەوێ کەئەو کەس‌و دەستەو گروپانەی کەئەم کەل‌و پەلانەی دروست کردووە گرنگیەکی زۆری داوە بەنەقش‌و نیگارو جوانکاری‌و خەت‌و خاڵ‌و زۆر وردکارو نیگار کێش‌و پەیکەر تاش بوون.

ئەگەر تەماشای داستانە کاسی‌یەکان بکرێت لەبارەی هونەری بەردتاشی‌یەوە، ئەوڕاستی یەمان بۆ دەردەکەوێت کەلەو ڕۆژگارەدا کاسی‌یەکان، نیشانەی داستان‌و ئەو وێنانەی کەخۆشیان ویستوە لەسەر

---

* هەر لە تەنیشت خشتە مۆرکراوەکەدا.. ماوەی مانەوەی ئەو پادشایە لە پەرستنی ئەو خواوەندەدا ماوەتەوە لەگەڵ نوسینی ناوی بتەکان‌و ناوی پەرستگاکان...

مۆری بابلی‌یەکان هەڵیان کەندوون‌و نەقشیان کردوون...وەك

نیشـانی خـاچ‌و نیشـانی رۆژ کـە لـە سـوالەت‌و هـەندێ جـار لـەو یادگارانـەدا بینراوون کەشوێنەوار ناسان دۆزیویاننەوە.

هـەروەها نیشـانەی بـادام دۆزراونەتـەوە کەئـەم شتانە بەتایبـەتی هـی ئـافرەت بـوون وەکو گیانلەبەری باڵدارو شتی تر....

ئەمەو وێڕای ئەوەی کەکاسی‌یەکان لەسەر هەمان بنەڕەت‌و بنەمای شارستانیەتی بابلی ڕۆیشـبوون، وەڵێ گـەلێك بنـەماو کـارو بـارو دیاردەی شارستانیەتی تازەی خۆیان خستە نێـــو شارســـتانیەتی بـــابل‌و مۆرکـــی کاسی‌یەکانیان پێوە دیارە کـە گرنگـەکانیان لەم خاڵانەی خوارەوەدا خۆیان دەبیننەوە:

١- گرنگـترین شـتێك‌و گرنگـترین زاراوە کەکاسی‌یەکان هێنایانـە نـاو شارسـتانیەت‌و فەرهـــــەنگی بابلی‌یـــــەکان زاراوەی (کاردۆنیـاش)بـوو، کـە دوای داگـیرکردنی تـەواوی وڵاتـی بـابل‌و سـۆمەر بـۆ هـەردوو وڵاتەکـــەیان دانـــا وەك زاراوەیـــەکی بەڕێوەبەرایەتی‌و رامیاری کەهـەردوو وڵاتەکە وێـڕای سـنووری پـارێزراوی خۆیـان لـەژێر ئاڵای دەوڵەتی کاردۆنیاش بەڕێوە دەچوون. کە بە نێوی وڵاتی خوداوەندی (دونیاش) کە بت‌و خوداوەندی کاسـی‌یەکان بـووە... ئەمـە وەك ناوێکی جوگرافی نوێ لەشارستانیەتی دۆڵـی رافیدەیـن دا هاتـە کایـەوە... هـەروەها هـەمان نازناوە کۆنەکانیان بەکار دەهێنـا بـۆ پادشـاکانیان وەك پاشـای ئەکـەدو سـۆمەرو پاشای بابل.

٢- کاسی‌یەکان لەتۆمار کردنی ڕووداوە مێژوویی‌یەکاندا ڕێگایـەکی تـری جیاوازیـان لەچەرخـەکانی تـری پێـش خۆیـان ڕەچـاو کـــرد... کەئـــەویش مێـــژووی ســـاڵەکانی حوکمڕانێتـی پادشـاکان بـووە. کەئـەوە بـوو کیشـــی‌یەکان واتەکاســـی‌یەکان لەیەکـــەمین ساڵی تاج لەسەرنانی ئەو پادشایەوە دەستی پـێ دەکرد هـەتا دوایـن سـاڵی تـەواو بوونـی حوکمدارێتیـان‌و لەســـەر نانـــەوەی تـــاجی پاشـایەتی بـۆ پاشـایەکی تـری دوای ئـەو. دیاردەیـــــەکی شارســـــتانیەتی نـــــوێ کەکیشـــی‌یەکان بـــەکاریان هێناوهێنایانـــە ناوشارســـــتانیەتی دۆڵـــــی ڕافیدەیـــــن بەکارهێنانی بەردی سنوور(احجار الحدود) واتـە بـەردی دەستنیشـان کردنـی سـنوورو تخوبـی زەوی‌و زارو موڵکـەکان. وەلـەزمانی ئەکـەدیدا پێـی دەگوتـرا (کـۆدرۆ-Kudurru). لەســـەردەمی ســـەرەتای وەچـــەکان (عصـــر السـلالات) بەکـــەمی بـــەکار دەهێـــنرا بـــەڵام لەســـەردەمەکانی داهـــاتودا واتـــە لـــەدوای وەچەکان بەکار نەدەهات.

ئەم وشەیە هەرچەندە بۆ سنوورو سنوور دانـان بـەکار دەهـات، بـەڵام لەڕاسـتی‌دا بەپلەی‌یەکەم بۆ سنور دانانی پارچە زەوی‌و زارە کشـتوکاڵی‌یەکان بـەکاردەهات کەهـەر چـوار سـنوورو سـیفەتەکانی ئـەو پارچـە زەویانـەی تێدا نوسرا بوون‌و لەپەرستگاکان دادەنران‌و دانەیەکیش کەلە شێوەی لـەوحی قوڕینـدا بـوون لـەلای خـاوەن زەوی‌یـەکان دەمایەوە.

بەشی دووەم لە ژمارەی داهاتوودا بڵاو دەکرێتەوە

# نەریت و هونەری میدییەکان

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە
محمد حمە صالح توفیق

کورتەیەکی مێژوویی :

میدییەکان و فارسەکان لە ئاخر و ئۆخری سەدەی نۆیەمی پێش زاییندا دەرکەوتوون و لەو دەمە بەدواوە ناویان لە تۆمارە ئیداری و سەربازییەکانی پاشاکانی ئاشوور دا هاتووە کە لە شکریان دەکردە سەر ڕۆژئاوای ئێران بۆ پاراستنی سنووری ئیمپراتۆریەتەکەیان و بۆ ئەوەی ڕێگەی بازرگانی و باج و خەراج کراوە بێت ، ئەسپ و دار و کانزا لە ئێرانەوە بگاتە وڵاتی ئاشوور دەسەڵات پەیدا کردنی میدییەکان لە ڕۆژئاوای ئێراندا پێدەچێت ماوەیەکی زۆر لەوە پێشتر بووبێت بەڵام بەڵگەی ئەرکیو لۆجی کەوا مێژووی ناوچەکەی لە سەربنیاد دەنرێ لە پێش سەرچاوە نووسراوەکان تا ئێستا ناتەواوە .

ڕەنگە میدییەکان لە ڕۆژهەڵاتەوە هاتبێتن و بە درێژایی ئەو ڕێگایەدا کۆچیان کردبێت کە لە تەپە دامغانەوە Tepe Damghan بە ساڤێ‌دا Saveh تێدەپەڕێ بەرەو هەمەدان و کرماشان . لەڕوانگەی شوێن و هەڵکەوتی جوگرافی پایتەختی میدییەکانەوە لە هەمەدان (ئەکباتان) لەوانەیە بگەینە ئەو ئەنجامەی کەوا فرە ئەبووە نیشتەجێی دەشتی پان و فراوانی هەمەدان بوون و پێ دەچێت لەوێوە بەرەو باکور و ڕۆژئاوا بڵاو بووبێتنەوە . لەسەردەمی سەرگۆنی دووەمدا (٧٢١-٧٠٥پ.ن) دەگونجێ بڵێین کە میدییەکان لە نێوان مانیەکان لە باکور و ئیلامیەکان لە باشووردا نیشتەجێ بوون .

### فارسەکان Persian

فارس، کە پەیوەندیدارن بە خاکی پارسواوە Parsua ، تا ڕادەیەک کێشەیەکی ئاڵۆزیان هەیە لە بەر ئەوەی لە سەر دەمی جیاجیا دا پارسوا شوێنی جیاجیا دەگرێتەوە ئەم شوێنە ویلایەتێکی سەر بە ئاشوور بووە و پێ دەچێت ئەو شوێنە بێت کە ئەمڕۆ ناوچەی سوڵدوزی حەسەنلوو بێت لە سەردەمی سەرگۆنی دووەمەوە .

لە سەردەمی سەنحاریبەوە Sennacherib (٧٠٤-٦٨١ پ.ن) بەدواوە پارسوایەک لە باشوری ڕۆژئاوای ئێران لە باکوری ئیلامدا ناوی دێت . پاشانیش لە سەردەمی ئەخمینیەکاندا Achaemenid ناوی پارسا Parsa

لەو ویلایەتە نراوە کە ئەمڕۆ پێی دەڵێن فارس ، شوێنە جیاجیاکانی پارسوا - پارساوا پێدەچێت جێگۆڕکێی ئێرانیەکان بێت لە باکوری ڕۆژئاوای ئێرانەوە بۆ باشور و زیاتریش بۆ ڕۆژهەلات ، بۆ چوونێکی دیکەش هەیە کە ئەو سێ ولاتەی ناونراون پارسوا ڕەنگە لەهەمان کات و سەردەمدا دروست بوبێتن لە لایەن سێ کۆمەڵی هەمان خەڵك یان میللەتەوە . هەندێ ڕووی کێشەکە ئەوەیە کە چۆن و کەی ئێران لە ولاتێکەوە کە خەڵك و دانیشتوانی پێیان وتراوە ئاسایی Asianic کەوا حوری Hurrians و مانی Mannieans وە ڕەنگە ئیلامی Elamiteبوبێتن گۆڕاوە بۆ ولاتێك کە لە لایەن هێندۆ ئەوروپیەکانەوە Indo-European فەرمان ڕەوایی کراوە ، لەوانە میدییەکان و فارسەکان بوون کە تا ئێستاش بەئاشکراو بەناسراوی ماونەتەوە. لەو ناوچانە کە بە چاکی لەلایەن ئورارتی و مانی و ئیلامیەیان ئاشوریەکانەوە بەرگری لێ دەکرا وا دیارە هێندۆ- ئەورووپیەکان بەهێزێکی باشەوە وە خۆیان کەوتبێتن و جێ‌پێی خۆیان قایم کردبێت چونکە لەوناچانەدا گروپە فەرمان ڕەوا کۆنەکان هێشتا هەر هێز و توانی خۆیان پاراستووە ، لەوە دەچێت ئەو خەڵکانەی تازە ڕوویان کردۆتە ئەوێ بە دوای کاردا گەڕاون لە بواری کشتوکاڵەوە بۆ کارو باری سەربازی . لە سەردەمی پاشای ئاشووری ئەسەر حەدۆندا Esharhaddon (٦٨٠-٦٦٩ پ.ن) ، ڕێکەوتن نامەکان بە ملکەچی ئێران کۆتاییان پێ‌دەهات بۆ چەسپاندنی ئاشوور پانی پاڵی Ashuar banipal میرات گری ئەسەرحەدۆن و لە بابەت خێڵە میدییەکان و سەرکردەکانیانەوە باس و خواس و زانیاری باشیان تێدایە .

## ڕووخاندنی ولاتی ئاشوور :

ڕێکەوتن نامەکان شازادە ئێرانیەکانی بە تەختی پاشای ئاشوورەوە بەستبوو بەهۆی ئەو سوێند و نەفرەتانەوە کە لەسەر پەپکە قورینەکان نوسرا بون و لە کۆشکی کەلاَ Calah ی دێرین لە نەمرود Nimrud پارێزرا بوون و کاتێ کە میدییەکان لە ساڵی ٦١٢ پ.ز دا گرتیان ئەم پەپکە قورینانەیان بردە کۆشکی فەرمان ڕەوایی هەموویان بەسەر یەکدا شکاند و لە ناویان برد . ئەم کارە مانای خۆی هەبوو لەناوەڕۆکدا بریتی بوو لە شکاندنی ئەو کۆت و بەندانەی میدییەکانی بەستبوو بە ولاتی ئاشوورەوە .شای سەرکوتووی میدیا کەیئەخسار بوو Cyaxares، کە پێکەوە لە گەڵ نەبوخزنەسەری Nebuchadnezzarبابل و بە یارمەتی خێڵەکانی سکیشیا Scythian نەینەوای داگیر کرد . بیست و هەشت ساڵی حوکمی ترس و تۆقاندنی سکیشیەکان کەوا هیرۆدۆتس باسیان دەکات، لەو سەرو بەندەدا کە ئیمپراتۆریەتی ئۆرارتیەکان Urartian کۆتایی پێ هاتبوو هاتە کایەوە و ڕاستەوخۆ لەدوای ڕوخاندنی نەینەواو ڕەنگە بە درێژایی ئەو سەردەمەی خایاندبێ کە هیرۆدۆتس باسی لێوە دەکات . بەلاَم کاتێ کە میدییەکان

پەرگاریان بوو لە دەست تێومر دانی سکیشیەکان ئەوەدەمە بوو بەمیرات گری ئاشوری و ئۆرارتیەکان .

## ئیمپراتۆریەتی میدیا :

ئیمپراتۆریەتی میدییەکان لە دەمی ئەو پەری فراوان بوونیدا دەسەلاتی بە سەر رۆژئاوای ئێراندا دەشکاو قەڵەم رەوی ناوچەکانی ئۆرارتی جارانی مانی لە باکوری رۆژئاوای تا باکوری میزۆپۆتامیا و Mesopotamia ئاسیای بچوک کەوا رووباری هالیس Halys سنوری نێوان میدییەکان و لیدیەکانی دیاری کردبوو. بە هەر حاڵ ئەم ئیمپراتۆریەتە گەورەیە ماوەیەکی کەمی خایاند و ئەستیاگی کوری کەینەخسار لە ساڵی ٥٥٠ پ.ز دا شکستی هێنا لە سەر دەستی کۆرش Cyrusی کچە زای دا کە شای ولاتی فارس بوو لە شەرێکدا و ئەنجام میدیا کەوتە بن دەستیفارسەکان ، کە پێشتر هەردووکیان یەکگرتوو بوون .

## فەرهەنگ و هونەری میدییەکان

### وەك ناوبەرینێك

تا ئێستا نەتوانراوە وێنەیەکی تەواوی فەرهەنگ و هونەری میدیا بخەینە روو ، بێگومان شوێنەواری میدییەکان کنە و پشکنینی تێدا کراوە و کاری هونەری نەخش و هەڵکۆڵین نەدۆزراوەتەوە ، ئەگەر چی بۆچوونی پێچەوانەش هەیە لە بارەی کاری هونەری سەدەی حەوتەمەوە ، وەك ئەوانەی زێوێ Ziwiyeجێی سەرنجە بەلام ئەوەماوەتەکەبسەلمێنرێ ، لەگەڵ ئەوەشدا کاری هونەری میدییەکان جێی مشتومری باس و خواسێکی زۆرە ، چونکە رۆڵێکی بایەخدار و بەرچاوی بینیوە وەك ناوبەینێك ( وسیط (intermediay لەنێوان شێوازە جۆراوجۆرە کانی هونەری سەدەکانی حەوتەم و هەشتەم پێش زایندا و شێوازی فارسیەکان Persian کە باو و دەستبالاً بوو لە سەردەمی بنەماڵەی ئەخمینیەکاندا Achaemenials لە دوادوایی سەدەکانی شەشەم و پێنجەمی پ.ز.

## گۆڕی لەبەرد تاشراو :

چەند گۆڕێکی لە بەرد تاشراو دەکەونە باکووری رۆژئاوای ئێرانەوە ، کە لە رۆژگاری ئەمڕۆدا کوردستان و ئازەربیجانن و هێرزفێڵد بە هی میدییەکانی دەزانێ، بەلام هیچ کام لەم گۆڕانە مێژوویان لە سەر نیە و لە راستیدا رەنگە هی سەردەمی ئەخمینییەکان یان دواترین . سەرنج راکێش ترینی ئەم گۆڕانە ، گۆڕەکەی قزقاپانە Qyzqapan کە دەکەوێتە ئەو دیوی سنووری ئێرانەوە لە کوردستانی عێراقدا کە ریلێفێك ( relief) (نقش بارز) بە شێوەیەکی کەوانەیی بەسەر دەرگا کەوەیەتی و دوو پیاوی تێدا لەم بەرو ئەو بەری ئاتەشگایەکەوە وەستاون کەگرەکەی بە شێوەیەکی نیمچە بازنە نەخشێنراوە.

دووپیاوەکە لەو جۆرە پۆشاکەیان لەبەردایە کە بە نەریت پۆشاکی میدییەکانە ، وەك لە ریلیفەکانی کۆشکەکانی ئەخمینیدا

((هەخامە نشیی) لە پێرستیپۆلس Persipolisدا دیارە کە بریتیە لە چاکەت و پانتۆڵی بەدەن چەسپ و پێدەچێت چەرم بووبێت لەگەڵ کلاوێکدا کە لە شاڵی گرێ چن دەچێت ، بێجگە لەوەش وێنە ( فیگەر ) ەکەی لای چەپ پاڵتۆیەکی لە بەردایە لەوە دەچێت لەکەوڵ (فەروە) دروست کرا بێت و بەسەر جلی تردا لەبەرکراوە و قۆڵەکانی تەسکن ، و بەهەردوو لا دا شۆڕ بوونەوتەوە ، هەر یەك لەهەردوو پیاوەکە کەوانە کەی بەدەستی چەپەوە بەرەو خوار شۆڕ کردووەتەوە بۆسەر نووکی پێی یەکێکیان بەتەواوی لەو فیگەرانەدەچێت کە لەسەر دەفرێکی ئاڵتونی لە حەسەنلوو حاڵەتەکە نەریتێك دەنوێنێ کە ڕەنگە ئاهەنگێکی سەربازی بێت لە دوادوایی هەزارەی دووەمی حەسەنلوو دا تاوەکو گۆڕینی میدییەکان لەناوەڕاستی هەزارەی یەکەمی پێش زایندا.

تاڕادەیەك مێژووی گۆڕەکە لە نەخش و نیگار و شێوازی خانە سازیدا دەناسرێتەوە، ڕارەوی چوونە ژوورەوە بە قوڵی لە بەرد هەڵکەندراوە و ستوونەکانی ( کۆڵەکەکانی) هی شێوەی ئەیونین Ionic و چوار دەوریان پێچاوپێچە شێوەی پیتەکان و نەخش و نیگاری دارو درەختەکەیان دەشوبهێنە ئەوانەی ڕۆژگاری کۆتایی سەدەی شەشەمی پێش زاین ئەگەر لە هی پێشتریش نەچێت ، لە کاتێکدا کە ئەگەری ئەوە هەیە گۆڕەکە بۆ کەسێکی میدی دروست کرابێت بەلام لەوەدەچێت مێژووی بگەڕێتەوەبۆ سەردەمی بنەماڵەی ئەخمینیەکان ، بە هەمان شێوەش گۆڕە لە بەرد تاشراوەکەی داودوختەر Da-u-Dukhter سەرەکەی پێچاوپێچە و بەپیتی گریکی سەدەی پێنجەم نەخشێنراوە بەلام زیاتر لەهی ئەخمینیەکان دەچێت وەك لەهی مێژوویەکی پێشتر بچێت ، وا دیارە نەریتی گۆڕی لەبەرد تاشراو زۆر فراوان و بەربڵاو بووە بە ئاسیای بچووکدا و تاناوەڕاستی هەزارەی یەکەمی پێش زاینی خایاندووە و لە ئێرانیشدا لەلایەن شا داریوشی یەکەمەوە King Daius I (٥٢٢-٤٨٦ پ.ن) بەکارهاتبێت ، کە پێمان وایە تازەگەرێکی وریا و بەئاگا بووە لە کارو باری وابەستە بەڕێ و ڕەسمی پەیکەر سازییەوە. بەکارهێنانی ستوون و کۆڵەکە لەسەدەی نۆیەمی پێش زاینەوە لە ئێران تۆمار کراوە و لە دۆزینەوەی تەختە بەردی ستوونەکانی حەسەنلوو دا بە دیار دەکەوێت ، دەسکی دارین و پیتەکانی ئەم ستوونانە ئێستا نەماون ، لەسوریا و ئاشوور و بابل باس و خواسەکانی سەدەکانی هەشتەم و نۆیەمی پێش زاین لەو کۆڵەکانە دەدوێن کە پیتی پێچاوپێچیان لە سەرە ، بە شێوەیەك کەوا کەسێك دەتوانێ ئەو ستوونە ئێرانییە کۆنانە سەر لەنوێ دروست بکاتەوە ، بەکارهێنانی ئەو پیتە پێچاوپێچانە لە ئێراندا ڕێگەی خۆش کرد بۆ قوبوڵ کردنی دواتری پیتی ئەیۆنی ئەوانی دواتر وا دێنە بەرچاو کە شێوازێکی گەلاڵە کراوو پەرەسەندووی

شێوازە سادەكانی پێشتر بووبێت ، بەلاَم كەی و لە كویَ پیتی ئەخمینیەكانی پاسارگادو پەرسیپۆلی Pasaargadae & persipolis پەرەی سەندووە ئەوەیان نازانریَ ، رەنگە لەسەر نموونەی بنەرەتی میدی بن بەلاَم هێشتا بەتەواوەتی روون نەبووەتەوە ، دیاردەیەكی سەرنجراكێش لە نەخش و نیگاری ستون و كوَلەكەكانی پەرسیپۆلسدا بەرەو شوێنێكی ترمان دەبات لەگەڕان و پشكنینماندا بە دوای بەلَگەی گونجاودا بۆ شێوازە میدییەكانی پێش سەردەمی ئەخمینی ، نموونەیەكی ستوون كە ناوەكەی تەختە بێت و بەگەچ داپۆشرا بێت و نووسین و شێوە موعینییەكان بە رەنگی سوور و شین و سپی بۆیەكراون ، وا دیارە شێوازەكە بە ئاراستەیەكدا بووە كە هێڵی لاری تێدا كێشراوەو جیاوازە لەو شێوازە باوانەی لە رۆژهەلاَتی نزیكدا بلاَوبوون تەوەرەكانی لەگەلَ یەكتر رێك دەكەون و جوان دەنوێنن ، تەنانەت نموونەیەكی بەسەر یەكدا لوولدراو یان وەك پەلك هۆنراوە كە لە پارچە دەفرێكی حەسەنلوو دا دۆزراوەتەوە نووسینەكان بە بازنە گەوە چەسپ كراون ، بە جۆرێك كەوا روخساری جوانكارییەكەجارێكی تر گوێزراوە بۆ نموونەكە ، بێجگە لەوەش ریتمی شێوازە دێرینەكانی رۆژهەلاَتی نزیك بەعادەت نەخشەیەكی گونجاوی سادەی رێك و پێكی ئەو شێوازانەن چەشنی قووچەكە بەیەكەوە بەستراوەكانی سەر سینگ و بەرۆك لە زێوی

كە ئاڕادەیەك ریتمێكی ئالَۆز نیە وەك ئەوانەی سەردەسكی كوَلەكەكان ریزكراون پاشان بەخەت جیاكراونەتەوە بە درێژییەك كەوا دەنوێنیَ بۆ هونەرمەندێكی ئاسایی رۆژهەلاَتی نزیك مەحالَ بێت ئەم مامەلَە ((سەربەستە)) لەگەلَ شێوازەكاندا لە دەرەوەی سنوری عورف و عادەتی ئاسیای رۆژئاوادا و رەنگە بۆ زەخرەفەیەكی پتر رەها و دینامیكی ئاسیای ناوەڕاست ، پەیوەندیی نێوان نەخشو نیگاری نوكی كوَلەكەكانی (پەرسیپۆلە ... نووكی ئەو نێزانەی لە پازیریك PAZYRYK باشوری سیبریا دۆزراونەتەوە كە سەرنجی تەواو بەلای خۆیدا رادەكێشیَ و كەوتۆتە ژێر كارگەریی سكیشیەكانەوە بە هەرحالَ رێی تیَ دەچێت كەمیدیەكان هەندیَ پەیوەندییان بە شێوە هونەرییەكانی ئاسیای ناوەڕاستەوە بووبێت و چەژیان لە شێوازە كاریگەرەكانو كەمێكیش لەسەر پاراستنی شێوازە نەریتەكانی ئاسیای رۆژئاوا.

.چەكە فرە نەخشو نیگارەكان كەوا بە گەورە پیاوانی میدیایە لە رێلیفەكانی پەرسیپۆلسدا ئاماژە بە هەمان ئاراستەدەكات ، نموونەی ( ٣ (٧٦))) وێنەی كیفەتیغێكی میدیی داریوشی یەكەمە ( ٥٢٢- ٤٨٦پ.ز) لە رێلیفەكانی گەنج دارادا ، ئەم كیفە ( كێلانە) دەشوبهێتە دانەیەكی تر لە گەنجینە ئۆكسوس OXUS TREASUY چونكە تیغ و چەكە بەرەسەن میدییەكان تەواو لە یەك دەچن لە كێلاَنەكەی داریوشدا دێوو درنج ، ئاژەلَ و گیانلەبەر ، دار و درەخت بە شێوەیەكی دژوار

کۆکراونەتەوەیان ڕیز ڕیز خراونەتە پاڵ یەك بۆ پێکهێنانی نەخش و زەخرەفەیەکی جۆراو جۆر ، دوو شێر و هەڵۆ ( کەوا گیانلەبەرێکی ئەفسانەییە نیوەی شێرە و نیوەی هەڵۆیە ) پشتیان بە پشتی یەکەوەیە لە دۆخی ئامادە باشیدا و مشتووی ئەو شمشێرە کورتەی گرتووەتەوە کە لە ناو کێلانەکەدایە ، لە گۆشەی لای ڕاستی شێرە هەڵۆکانەوە ڕیزێك بزنی لە ڕ لەسەر پاشوو وەستاون لە دۆخی گوێ قولاخیدا و بە درێژایی کێلانەکە تا خوارەوە هەر ئەوەیە لە ڕاستیدا هاوتەریب نیە لەگەڵ دیزاینی ئاسیای ڕۆژئاوا دا ، زەخرەفەو نەخشاندنی کێلانەکە لە کۆتاییەوە شێوەیەکی هێلکاریی ئاژەڵێکە لە سەگ دەچێت لە دۆخی خۆنووشتاندنەوەدا، کێلانی نەخشداری لەو بابەتە ، بەلام لە ئێستا دروستکراو، لە سووریا دۆزراوەتەوە ، ئاژەڵی لەو جۆرە کەلە دۆخی کورووشکەکردندا بن خاسێتیکاری هونەری ئاڵتوونی سکیشیەکانە لە باشووری ڕوسیادا ، توخمێکی تری سیکیثی لە کی'لانەکەدا ئەوەیە کە لێوارەکەی لەولەب ئاسایە و لەوانەیە سوودیان لە سەری ئەو باڵندە نێچیرانە وەرگرتبێت کە دەنووکیان لار و قولاپییە و پێیان دەوترێ کۆمەڵەی سەر - دەنووك HEADS-BEAK ی سکیثی کەواتە ئەگەرێکی بەهێزی ئەوە هەیە کە میدییەکان توخمە هونەرییەکانی سکیثیان دەستاو دەست گواستۆتەوە بۆ فارسەکان و ئەمەشیان سەربەخۆ بەدەستهێناوە لە ڕێگای پەیوەندی و ئالو گۆری ڕۆژهەلاتیانەوە ، بە مجۆرە بوون بە فاکتەری بەردەوامی لە هونەری ئەخمینیدا بۆ نەریتێکی تری نموونەیی کە باوو بالا دەست بووە لە ئێراندا لە سەردەمی میدییەکاندا ، دەفرێکی ئاڵتوونی ناسك و جوان لە مۆزەخانەی هونەری سینسیناتی CINCINNATI ART MUSEUM بۆ نمونە ، کە هیلین کەنتۆر بە قەناعەتەوە وەك دەسکردێکی میدی باسی لێوە دەکات وە هەردوو وێنەکە لە گەنجینە زێوێ دۆزراوەتەوە و لە دەفرە ئاڵتوونی و زێوییەکانی دوا سەردەمی ئەخمینیە بەم جۆرە گەڵای درەختەکانی دەفرە ئاڵتونیەکەی سینسیناتی هاوشێوەیە لەگەڵ ئەوەی زێوێدا ، بەلام لەکاتێکدا کەوا کەڵە کێوییە دووسەرەکانی ( یان بزنەکانی - و ) دەفرەکەی سینسیناتی لە دۆخی وەستانیاندا لەو کەڵەکێوییانە دەچن کە لەسەر گوڵدانێکی زیوی سەردەمی ئەخمینییەکانە لە شێوەی ئاژەڵەکانی دەفرەکەی سینسیناتی کەتووکی مل و پشتیان بەمدیووو ئەو دیودا کەوتووە هاوچەشنیان نیە لەو شوێنەوارە ناسراوانەدا کەوا کنە و پشکنینیان تێدا کراوە ، لەبەر ئەوە ڕەسەنێتی ئەوانە گومانیان لێ ئالاوە، وا دیارە زۆر ڕەی تێ دەچێت کەوا ئەم جۆرە دیزاینانەی کە بەو شێوەیە وردەکاریی تێدا دەکرێت دەربڕینی شێوازێکی میدی بێت و لە بنەڕەتداله دیزانی ئۆرارتییەوە هاتبێت ئەمە ببێت و نەبێت یەکێکە لە ستایلە میدییەکان ، چونکە پێدەچێت ئەگەری لانی کەم چەندین شێواز هەبێت کە پیتی میدی دەنوێنن لە ئەکباتان - هەمەدان و لە زێوی. ئەم شێوازانە گونجاون لەگەڵ نەریتی جۆراوجۆر و پیشەی جۆراوجۆری زەڕنگەری و کاری هونەری تر.



کۆڵەکەی دارینی بەگەچ سواغدراو
لە گەنجینەی پەرسیپۆلس
PERSIPOLIS



وێنەی (٣) (٧٦) کیلانی ئاڵتوونی شمشێری سوپای شاهەنشاهی داریوش لە ڕیلفیکی گەنج دارادا لە پەرسیپۆلس.



ڕیلیفی سەر دەرگای گۆڕێکی لە بەرد تاشراو لە قزقاپان ، سەدەی چوارەمی پێش زایین ، یان پێشتر .

سەرچاوە:

کتێبی ((کەلەپووری وڵاتی فارس ))

THE HERITAGE OF PERSIA
BY: RICHAD N. FRYE
"" PROFESSOR OF IRANIAN ,
HARVARD UNIVERSTY" 1965

# زەردەشت و پەیامەکەی

نووسینی: Edith Porada

وەرگێڕانی: سەرهەنگ سالار

جێگەی داخە کەپاش چەندین ساڵ لە لێکۆڵینەوە، هێشتا بەتەواوی نازانین زەردەشت کەی و لەکوێ ژیاوە، لەوانەیە پێکەوەنانی هەندێك بەڵگە ببێتە هۆی درووست بوونی بۆچوونێك کەزەردەشت لەماوەیەکی دیاریدا نەژیاوە.لێرەدا هەوڵ دەدەین زانیاری پەیوەندار بەوەوە کۆ بکەینەوە، زانیاریە نەسەلمێنراوەکان لە پێشدا کۆبکەینەوەو لەکۆتاییدا بگەینە هەندێك ئەنجامی کاتی.

ئەگەرێکی زۆر بەهێزە کەزەردەشت دەزوویەکی خەیاڵ نییە، بەڵکو بوونی هەبووە. ئەو بۆچوونانەی دەڵێن زەردەشت درووست کراوە بۆ ئەوەی ببێتە هاوتایەك بۆ پێغەمبەری ئایینەکانی تر یاخود ئاڤێستا دانراوی ئەم سەردەمە دواییانەیە، لە ڕاستیدا قبووڵ نەکراون وئێمە تەنها پێویستیمان بەدوادا چوونی مێژوو هەیە بۆ سەلماندنی نادروستی ئەو بۆ چوونانە. ناوەکەشی دەکرێت قبووڵ بکرێت لە نێوان ئەو ناوانەی کە کۆمەڵگایەکی کۆن کەلە شوێنێکی ئێراندا هەبووبێت. دەکرێت مانای زەردەشت وەك" ئەوکەسەی دەتوانێت وشتر ڕام ( یاخود بەخێوبکات)، هەرچەندە لێکدانەوەی تریش هەیە. لە ئاڤێستاوە زانیاریمان لەبارەی هۆزەکەی (سپیتاما Spitama)، خێزانی زۆر نزیکی (هێکاتاسپا یاخود هاماتاسپ Heachataspa)ی، کچی و هاوڕێکانی دەست دەکەوێت و لەو لێکۆڵینەوانەی پاشتر لەسەر چاخەکانی ناوەندی ئێران ئەنجام دراون، ناوی باوك و دایکیشی دەزانین. بەڵام هیچ لەمانە یارمەتیمان نادەن لە مێژووی زەردەشتیدا، بە تایبەتی کات و شوێنەکەی بۆ دیاری کردنی پێگەیی مێژوویی و جوگرافی زەردەشت، بە شێوەیەکی سەرەکی دەبێت بگەڕێینەوە سەر گاتاکانی (کە بە وتەکانی ئەو پێغەمبەرە دادەنرێت) و سەرچاوەکانی پاشترو هەندێ لێکدانەوەی گشتی. هیچ زانیاریەکی مێژووییمان نییە یارمەتیمان بدات بۆ دەست نیشان کردنی مێژووی زەردەشت، تەنها

ئەوەندە دەتوانین بڵێین کەزۆرترین ئەگەر ئەوەیە پێش ئیمپراتۆریەتی هەخامەنشییەکان ژیاوە. بۆ زیاتر دەست نیشان کردنی کاتەکە دەبێت تەماشای بەڵگەکانی ناو گاتاکان، سەرچاوە یۆنانیەکان و نەریتیلە پاش بەجێ ماوی زەردەشت بکەین. نەریتەکانیش دابەش بوون بۆ نەریتی کتێبەکانی پەهلەوی (پەهلەڤی Pahlavi) وئەوانەی لەسەرچاوە ئیسلامیەکاندا بەدەست دەکەون، ئەمانەش دەبێت پێکەوە بیانگونجێنین، یاخود لەهەموویانەوە مێژووی زەردەشت مەزەندە بکەین. گاتاکان ( دێرە شیعر یاخود هۆنراوە) چەند سەدەیەك لەیاددا پارێزراون بەرلەوەی بنوسرێنەوە . ئەو ١٧ هۆنراوە یاخود ٥ گروپە شیعریانە کە پێکەوە بەناوی گاتا ناسراون یەکانگیریان هەیە لە ڕووی لێکچوونی وەزن و کۆنی زمانەوە. چەندین لایەنی زمانەوانی گاتا و ئاڤێستا کۆنترن لەلایەنی لێکچوونیان لە زمانی ڤیدی سەنسکریتی( Vedic Sanskrit) دا، بەلام ئەمەئەوە ناگەیەنێت گاتا کۆنتر بێت لە ڕگ ڤیدا(Rig Veda)، چونکە چەندین لایەن لە زمانە ئەلتاییکەکان (Altaic Language) کۆنترن لە هاوتاکانیان لە کۆنترین تورکیدا وە عەرەبیش هەمان پەیوەندی هەیە بە عیبریەوە .

سەرچاوە یۆنانیەکانیش دڵخۆشکەر نین.

(Xanthos of Lydia) کۆنترین سەرچاوە (٥ سەدە پێش زایین) زەردەشت ٦٠٠ (یاخود ٦٠٠٠) ساڵ پێش (زورکسێسی Xerxes)



دادەنێن، هەندێك نوسەری یۆنانی تر زیادەڕەوی تر دەکەن. لە سەرچاوە کلاسیکیەکانەوە هیچ ووردی (دقە) یەکیان دەست ناکەوێت، تەنها ئەوەندە نەبێت زەردەشت لە ماوەیەکی زۆر کۆندا ژیاوە، ئاشکرایە هیچ زانیاریەکی تەواویان نەبووە لەسەر مێژووەکەی، بەلام دەبێ ئێمە ئەو نەبوونییە ڕوون بکەینەوە، هەندێك لە سەرچاوەکان کە بۆ چەندین هەزار ساڵ دەگەڕێنەوە، ڕەنگدانەوەی ڕۆژمێری ئەفسانەیی تەمەنی زەوین لەلای ئێرانیەکان.

ئایا یۆنانییەکان زیادە ڕەویان کردووە لە درووستکردنەوەی مێژووی زەردەشتدا بەهۆی ئەوەی فارسەکان ساختەیان لەگەڵ کردین بەمەبەست، یاخود خۆشیان بەو شێوەیە باوەڕیان پێ بووە، یاخود زەردەشت ئەوەندە دوورخراوەتەوە لەڕۆژئاوا لەکاتو شوێندا بە شێوەیەك کە تەنها ئەفسانە لەبارەیەوە زانرابێت؟ ئەگەر فارسەکان هەوڵیان دابێت ساختە لەگەڵ یۆنانییەکان بکەن، چۆن دەبێت هیچ شتێك دەربارەی ڕاستییەکان دزەی نەکردبێت بۆلای یۆنانییەکان، پاشانیش بۆچی فارسەکان هەوڵی ساختەکردن بدەن لەگەڵ یۆنانییەکاندا؟

لە وەڵامدانەوەی پرسیاری یەکەمدا، ڕێی تێ ناچێت فارسەکان توانیبێتیان زانیاری ڕاست لە یۆنانییەکان شاردبێتەوە، گەر هەوڵیشیان دابێت، ناکرێت بەوە لەقەڵەم بدرێت بە مەبەستی پاراستن یاخود ئارەزوویەك بۆ پیرۆزکردنی زەردەشت بووبێت. کەواتە چ ئەنجامێك لە سەرچاوە یۆنانییەکانەوە وەربگیرێت؟

دەشێت بووترێت سەرچاوە یۆنانییەکان، ١٠٠٠ ساڵ پێش زایین دروست ترە بۆ مێژووی زەردەشت وەك لە ٦٠٠ ساڵ، بەڵام ئەمە مەزەندە کردنە، ئەرکی پەیداکردنی بەڵگەی زیاتر دەکەوێتە ئەستۆی سەرچاوە ئێرانییەکان یاخود میراتی زەردەشت.

مێژووی ڕۆژهەڵاتی نزیك، پێش هەخامەنشییەکان زۆر پشت دەبەستێت بە مێژووری پاشاکانی میسر، هەرشتێك لە دەرەوەی سنووری ئەو هەرێمانە بن کە بە هیرۆگلیفی نووسیویانە، زۆر گرانە مێژووی نوسراوی زەردەشتیان هەبێت مەگەر لیستی نەوەکان (سلالات)یان پاراستبێت وەك عیبرییەکان، کەوا دەرناکەوێت ئەمەیان کردبێت. کارێکی هەڵە نابێت گەر وای بۆ بچین ئێرانییەکان، ماوەیەکی کەمیش پاش مردنی زەردەشت، نەیانتوانیبێت مێژووەکەی دیاری بکەن، لایەنی کەم بە بەراوردکردن لەگەڵ هەر ڕووداوێکی مەزن لە میزۆپۆتامیا یان لە ڕۆژئاوای ئێران، بەڵام میراتی دواتری زەردەشت، کە نووسەرە ئیسلامیەکان (وەك البیرونی) بەدوایدا چوون، مێژوویەکی وردتر دەدات بە زەردەشتو دەیگەڕێنێتەوە بۆ (٢٥٨ ساڵ) پێش ئەسکەندەری گەورە. زۆر لە پسپۆڕان ئەم مێژووەیان ڕەتکردۆتەوە، لە کاتێکدا هەندێکی تر بە دروستی ئەو مێژووە قایل بوون.

لەم دواییەدا، هەوڵێکی سەرنج ڕاکێش درا بۆ سەلماندنی ئەو مێژووە بە پشتبەستن بەو گریمانە شیاوەی هەوادارانی (اتباع) زەردەشت مێژووەکەیان لە ساتێکی گرنگی ژیانی ئەو پێغەمبەرەوە حساب کردووە، کاتێك ٢٥٨ ساڵ بەسەر سەردەمی زەردەشتدا تێپەڕی، کارەساتێکی مەزن ڕوویدا ئەویش مردنی داریوش (Darius)ی دوا پاشای هەخامەنشییەکان بووو ئەسکەندەری مەزنیش دەسەڵاتی گرتۆتە دەست، ئەمەش

ماناى وايە ٢٨٨ دەربکرێت لە ٣٢٠ ياخود ٥٨٨ى پێش زايين بۆ بەدەست کەوتنى يەکەم ساڵ کە هەوادارانى زەردەشت لێوەى حسابيان کردووە. مايەى سەرنج ڕاکێشانە گەر بڕوانينە مێژووى بوذا کە وەك دەردەکەوێت بە شێوەيەکى لەو جۆرە پارێزراوە بە ئامارەکردن بۆ ڕووداوێکى پاشتر کە يارمەتى بدات لە دەستنيشانکردنى مێژووى بوذا بە چەند ساڵ پێش حوکمڕانى ئاسۆکا (ئاشۆکا Aśoka). پێويستە بە وەبيرهێنانەوە ئاکات ساڵى ٥٨٨، کە دەکرێت ئەو ساڵە بێت زەردەشت پاشا ڤيشتاسپا (King Vishtaspa)ى هێنابێتە سەر ڕێبازەکەى، پشت بە ژمارەيەك گريمان دەبەستێت کە دەکرێت جێگەى ڕەخنە بن. هەندێك لە بۆچوونەکان دەڵێن زەردەشت لەو کاتەدا ٤٢ ساڵ بووە، هەندێکى تر دەڵێن لە تەمەنى ٧٧ ساڵيدا مردووە. بەڵام ئەگەر کەسێك پشت بە گريمانى شياو ئەريتى پاش زەردەشت ببەستێت و مەبەستى مێژوويى جێگير (ثابت)ى زەردەشت بێت ئەوا (٦٢٨-٥٥١)ى پێش زايين باشترين لێکدانەوەيە لەبەردەستماندا. بە پێچەوانەوە کەسانێکى تر دەکرێت پێيان وابێت مێژووەکە دەوروبەرى ٨ ياخود ٧ سەدە پێش زايين بێت، بەڵام يەکالا نەکراوەتەوە. ميراتى زەردەشت دەڵێت زەردەشتيەکان مێژووى زەردەشتيان بە ڕوونى حساب کردووە، بەڵام کاتێك ئەسکەندەر هێرشى کردووەتە سەر ئاچار بوون مێژووى پێغەمبەرەکە بگەڕێننەوە بۆ ماوەى چەندين ساڵ پێش ئەسکەندەر، ئەگەر بتوانين بەڵگە لە دەرەوەى ئەو ميراتيە بدۆزينەوە بۆ سەلماندنى ئەو قسەيە ئەوا قبوڵکردنى مێژوويەکى وردتر بۆ زەردەشت ئاسانتر دەبێت. حسابکردن لە چەند ساڵێك پێش ئەسکەندەرەوە ماناى وايە ڕووداوێك لە ژيانى زەردەشتدا هەبووە کە هەوادارانى حسابيان لێوە کردووە. ئەوەندەى ئێمە دەيزانين، سەردەمى سلوقيەکان سەردەمى يەکەم مێژوودانان بووە لە ڕێگەى ساڵێکى دياريکراوەوە، ئەمەش تا ڕادەيەکى زۆر قبووڵکراوە دەکرێت زەردەشتيەکان لە باوەڕهێنانى ڤيشتاسپاوە سەردەمى زەردەشتيان حساب کردبێت، کە هەندێك لايەنى دەکرێت لە کتێبى (Bundahishn) ى پەهلەويدا مابێت کە تێيدا (قبوڵکردنى ئايينەکەPadiriftan-Iden) ئا ڕاستەوخۆ ئامارەى بۆ کراوە.

بێگومان Bundahishn پتر لە ١٢٠٠ ساڵ پاش ئەسکەندەر نووسراوە، بەڵام ماوەى گومانلێکراوى حوکمڕانى ڤيشتاسپا، کە دەوترێت ٩٠ ساڵى خاياندووە پاش قبوڵکردنى ئايين، پێکەوە لەگەڵ ژمارە ٢٥٨ خزمەتى ڕاستى سەردەمى زەردەشت دەکەن، هەرچەندە پێويست ئاکات بووترێت کە هێشتا زۆر لە تاريکى داين.

نيشتمانى زەردەشت جێگاى ئاکۆکى زۆر بووە، بەڵام هەموويان چارەسەرکراون.

زۆرینەی پسپۆران لەوەدا یەك دەگرن كە زەردەشت لە خۆرهەلاتی ئێران ژیاوەو پەیامەكەی بلاكردۆتەوە. دوا بۆچوونەكان لەسەر زەردەشت، ئەو پێغەمبەرەیان لە ئازەربایجان داناوە بەلام ئاسۆی جوگرافی ئاڤێستا پابەندە بە خۆرهەلاتی ئێرانەوە، وە گواستنەوەی چالاكیەكانی بەرەو خۆرئاوای ئێران لە كاتێكی دواتردا دەكرێت بەهۆی بارودۆخی سیاسیەوە بووبێت. راستە، دەكرێت ئەفسانەی جوگرافی ئاڤێستا (Argana Vaejah) ئازەربایجان یاخود هەر شوێنێكی تری ئێران بێت. بەلام وێنەی جوگرافی نێو ئاڤێستا زۆر یارمەتیدەر نیە- ئەفسانەو چیرۆكەكان دەربارەی چالاكیەكانی زەردەشت (نەك لەدایك بوونی) وا دەردەكەون مۆركی خۆرهەلاتی ئێرانی زیاتر پێوە بێت نەك خۆرئاوای. بۆ نموونە چیرۆكی رواندنی درەختی سەرو لە كیشمەر (Kishmar)لە خوراسان بۆ یادكردنەوەی باوەرهێنانی ڤیشتاسپا كۆن و زۆر بلاوە. بۆچوونێكی تر دەلێت لە راگا لە نزیك تاران لەدایك بووە پاشان كۆچی كردووە بەرەو خۆرهەلات گەر لە راستیدا لە خۆرئاوا ژیابێت، لە كاتێكدا پێچەوانەكەی زیاتر رێی تێدەچێت، چونكە خۆرهەلاتی ئێران هەندێك جار لە ناوەندی ئاسیاوە هێرشی كراوەتە سەر. بۆچوونێكی تر لەسەر زەردەشت دەلێت: ((ئەو پێغەمبەرە لە باكتریا (Bactrya) كوژراوە، بەلام هەندێكی تر دەلێن چالاكیەكانی زەردەشت لە شوێنێكی تر لە خۆرهەلات بووە، بۆچوونێكی تر دەلێت لە ناوچەی هیرات چالاك بووە لە خوارووی سیستان (Seistan) خۆرهەلاتی باكتریا (بەلغ Balkh) و باكوری مێرڤ (Merv). بەلگە زمانەوانیەكانیش پشتگیری بوونی زەردەشت لە خۆرهەلاتی ئێران دەكەن. وەك مێژوو، هەندێك بۆ ئەوە دەچن ئاڤێستا بە ئەفسانەو سیفەتە داستانیەكانەوە زیاتر لەگەل خۆرهەلاتی ئێراندا بگونجێت و بە زمانێك نووسراوە نزیك بەو زمانەی لە ناوچەی ئاریەكاندا قسەی پێكراوە. دەكرێت ئەو ناوچەیە لە ترانسۆفیا (Transoxiana) یاخود خوارتر لە باشووری هیرات بووبێت. وەك چۆن هندیەكان بۆ هەر شوێنێكی نیمچە كیشوەرەكە بچوونایە سرودە ڤیدیەكانیان بە زمانی كۆن دەپاراست، گرنگ نەبوو چ گۆرانێك رووی دەدا لە دیالێكتە جۆراوجۆرەكاندا، ئێرانیەكانیش بە هەمان شێوە بۆ هەر شوێنێك چووبن بە دەشتەكانی ئێراندا، رەچەلەكی میثرا (Mithra) و خواوەندەكانی تری ئاریان پاراستووە. من بۆ ئەوە دەچم هۆزە ئێرانیەكان (فارسی و میدی و ئەوانی تر) لە كاتی كۆچكردنیاندا تا ئەو كاتەی لە دوا شوێندا نیشتەجێ بوون سروودی هاوشێوە لە ناوەرۆك و زمانیان وتووە بۆ خواوەندەكانیان، زمانەكەش زمانی دێرینی (Airyana Vaêjah) بووە،ئەو هۆزانەی بەرەو خۆرئاوای ئێران رۆیشتوون زمانەكەیان داوە بە عیلامی و خۆری و هۆزی تر، و لە

ئەنجامدا دیالێکتەکانیان جیاوازی ڕێزمانەکانیان لەدەست داوەو شیبوونەوەی گشتی زمانەکانیان دەستی پێ کردووە. پێش ئەوەی ئەمە ڕووبدات، پێغەمبەرێك لە خۆرهەڵات دەرکەوتووەو پەیامی بە ئیدیۆمی دێرین و موحافیزکار (زمانی گاتا) بڵاوکردۆتەوە، پێدەچێت ئەو زمانانەش زمانی ناوچەی هێرات بووبێت و ڕەقترو توندو تیژتر بووبێت لە زمانی ئاڤێستا کە پیاوە ئایینیەکان لەکاتی نوێژکردن بۆ میثراو ئاردڤیسوارو خواوەندەکانی تر بەکاریان دەهێنا لە هەموو شوێنێکدا. پاشتر کاتێك پەیامەکانی زەردەشت لە سەرتاپای ئێراندا بڵاوبوویەوە، پیاوە ئایینییەکان سروودەکانی دیالێکتی گاتایان خستۆتە سەر سروودەکانی ئاڤێستا، ئەمەش پێدەچێت لەسەردەمی هەخامەنشییەکاندا ڕوویدابێت.بگەڕێینەوە سەر دوو زمانەکە (یاخود بە دیالێکت باشتر دەناسرێن، زمانی پێشووی گاتاو زمانی دوایی ئاڤێستا زیاتر لەگەڵ بیابانی ناوەندو شاخەکانی ئەفغانستاندا ئەگونجێت).

لەبەر ئەوەی ناوەڕۆکەکانی ئاڤێستا پەیوەندی بە داستانە نەریتەکانی خۆرهەڵاتی ئێرانەوە هەیە، دەتوانین بڵێین ناوەڕۆك و زمانی هەردوو بەشەکەی ئاڤێستا ئاماژە بۆ خۆرهەڵاتی ئێران دەکەن.

بەهەرحاڵ ئەمە ئەوە ناگەیەنێت سروودەکانی ئاڤێستا تەنها لە خۆرهەڵاتی ئێران وتراون. دەکرێت چەندین بەشی ئاڤێستا، بەتایبەتی ڤێندیداد VENDIDAD یاخود ڤێندیڤدات VINDEVDAT (یاسای دژی شەیتان) لە خۆرهەڵاتی ئێران لەلایەن موغە (MAGI) کانەوە داڕێژراون.

پێدەچێت موغەکان پیاوی ئایینی میدیەکان و پاشانیش هەموو ئێرانیەکانی خۆرئاوا بووبن. گەر ئەمە ڕاست بێت، مانای وا دەبێت موغەکان زمانی ئاڤێستایان پێش زەردەشت زانیوە. لەوانەیە موغەکان لە نەریتە ئایینیەکانیاندا کەلتوورە دێرینەکانی میزۆپۆتامیا کاریگەری هەبووبێت لەسەریان بەڵام هاوتاکانیان لە خۆرهەڵات (زەوتەرەکانZAOTARS) زیاتر پابەند بوون بە چالاکیە ئایینیەکانی ئارییەوە. بەڵام ئەمە دوورکەوتنەوەیە لە خودی زەردەشت.

وتمان زەردەشت لە بۆشاییەوە دەرناکەوێت چونکە لە ئاڤێستاو میراتی دوایی زەردەشت زانیاریمان دەربارەی خێزان و هاوڕێ و دوژمنەکانیەوە بەدەست دەکەوێت. نابێت پەیوەندیە خێزانیەکانی زەردەشت بەرچاومان بگرێت لەبەدی کردنی ئەوەی ناوەکانیان ناوی کۆنی خۆرهەڵاتی ئێرانن، هەتا ئەگەر پەیوەندیەکی شاهانە (ارتباط ملكي) لە نێوان وەچەکانی ئەو پێغەمبەرەدا جێگای گومان بێت.

دەکرێت زەردەشت پیاوێکی ئایینی کۆنی ئاری بووبێت چونکە لە یەسنای (٣٣,٦)ی گاتادا بەخۆی دەڵێت Zaotar( Hotar لە هندیدا). لەبەر ئەوەی وشە کۆنەکەی

بەکارهێناوەتـەوە وە مانایـەکی خراپـی نەداوەتێ، دەتوانرێت گریمانی ئەوە بکرێت هـەمان دەسـتووری پیـاوی ئـایینی ئـاری پاراستبێت لـە ئایینـە نوییەکـەیدا. هـەروەها شـێوازی شـیعری کۆنیشـی بـەکارهێناوە، چونکە ئەو وەزنەی لە گاتادا بەکاری هێناوە لە وەزنـی ڤیـدا (Vedas) دەچێت. زەردەشـت چـەمکی راسـتی (Asha) (Rta) لـە هنـدیدا) مەزنتر کردووەو وشەی بەهـەمان مانـای نـاو ڤیداکان بەکارهێناوەتـەوە. بـەڵام زەردەشـت لەوە زیـاترە، ئـەو پێغەمبەرێکـە ئـایینێکی نوێی بڵاوکردۆتەوە کە لەلایەن نەتەوەکەیـەوە رەت کراوەتـەوە لـە یەسـنای (١٢،٥١)دا کورتـەمان بەدەسـت دەکـەوێت لـەبارەی بەرهەڵستی کردنـی پاشـانیش کۆچکردنـی پێغەمبەرەکـەو سارد بـەخێرهاتن کردنـی لـە شـوێنێکی تـر، ئینجـا قبوڵکردنـی لەلایـەن ڤیشتاسـپاو لـە کۆتـاییدا سـەرکەوتنی لـە بڵاوکردنەوەی پەیامەکەی.

لە چیدا پەیامی زەردەشت جـودا بـوو لـە باوەڕو نەریتەکۆنەکان؟ جیاوازیـەك لـە نێـوان گاتـا و رەگڤیـدا (Rig Veda) دا، جیـاوازی پـەیوەندی بـەندە (لـە گاتـادا زەردەشـت خۆیـەتی)و خواوەندە. ئاوازی ناو گاتـا دەمو دەسـت سـەرنج رادەکێشـێت بەتایبـەتی لـە یەسنای (٤٤)دا لـەو شـوێنەی شـیعرەکان بـە ((من پرسـیارت لێ دەکەم، ئاهـ ئاهورامـەزدا بـە راسـتی پێـم بڵـێ) دەسـت پێدەکـات. خواوەندەکە وەك هاوتایـەك وایـە لـە گفتوگۆ لەگـەڵ پێغەمبەرەکـەدا، ئەمـەش تازەیـە لـە ئـایینی زەردەشـتدا. هەوادارەکانیشـی پشـتگوێ نـەخراون، ئەمـەش دەکرێـت بنەمایـەکی کۆمەڵایـەتی بێـت بـۆ پـەیام بڵاوکردنەوەکـەی زەردەشت. ئـەوەی کـە لـە پەیامی پێغەمبەرەکەدا دەردەکەوێت، دوالیزم (Dualism) ی خـێرو شـەڕ (چاکـەو خراپـە) و گرنگیو مـەزنی مرۆڤـە وەك ناوبژیکـەرێك لـە نێوانیاندا. ئایا ئـەم دوانـەی وەك نارەزاییـەك خستۆتە ڕوو دژی یەکتاپەرستی یـاخود نـا، شتێکی نەسەلمێنراوە، بەڵام زۆربەی خەڵکی کۆکن لەسەر ئەوەی پێغەمبەرێك بووە ئایدیالی ئـەخلاقی (مثاليات اخلاقية) بـەرزو فیکـری باوەڕپێکـەری هـەبووە. ئایـا بـەکام بـیروڕا زەردەشـت توانیوێتـی کـار بکاتـە سـەر هاوچەرخـەکانی؟ لـە دیراسـەتکردنی گاتاکاندا، دواترین وەرگێڕ گەیشتووەتە سەر ئەم سەرنجانە (زەردەشت باوەڕ بە Ahurasی لە باو باپیرانیـەوە وەرگرتـووە). ڕێـی پێدەچێـت ئەو باوەڕی گۆڕیبێت، یاخود دەکرێت نـاوی ئاهورامەزدای درووست کردبێت. بەڵام مەحاڵە بەو لێدوانە لەسەر ئایین، تەواوی نەتەوەیەك بخەیتـە جووڵەیـەکی ئایینییـەوە. پلـەی ڕێزگـیراوی ئاشـی Asha ، کـە لەلایـەن نـەیارەکانی زەردەشتیشـەوە ڕێزگـیراو بـوو، شتێکیتازە نەبوو، نە ڕێزگرتن لە مانگا تازە بـوو کـە زەردەشـت دابوویـە پـاڵ فریانـا (Fryana)ی وەچـەی ئەفسـانەیی کـاڤی

ڤیشتاسپا. کەواتە چ چەمکێکی هێنابوو کە جیاواز بێت و سەر بیری موغ و براهمنە (Brahmins) کان بێت و ببێتە یەکێك لە ئایین دامەزرێنەرەکانی جیهان؟ لە ڕاستیدا زانیاری دەربارەی نزیکی ڕاستەوخۆ دەستپێکردنی دوای سەردەمی زەوی، کە تێیدا خێرو شەڕ لەیەك جیادەکرێنەوە ئەو زانیاریەیە کە لە دەست هەموو تاکێکدایە بۆ بەشداری کردن لە کۆتایی پێهێنانی درۆو دامەزراندنی مەملەکەتی خوا، کە لەبەردەمیدا هەموو ئەوانەی خۆیان تەرخان کردبوو بۆ ئایین یەکسانن و دووبارە بەهەشتی سەرزەوی دروست بکرێتەوە.

ئەبێت پەیامەکانی زەردەشت کاریگەریەکی مەزنیان هەبووبێت لەسەر لایەنگرانی تاوەکو هەموو قسەکانی بەو شێوەیە لەبەر بکەن و بیگوێزنەوە بۆ منداڵەکانیان. لەوانەیە پەخشانە ڕوونکردنەوە هەبووبێت لەسەر شیعرە چڕەکانی زەردەشت وەك ئەو سەرنجانەی لەسەر وتەکانی بوذا هەیە. بەڵام بەداخەوە ئەو ڕوونکردنەوە گاتاییانە فەوتاون کە ئەمەش دەبێتە هۆی قورسی تێگەیشتنی گاتا لەمڕۆکەدا. لەگەڵ ئەوەشدا بەهێزیو چڕی هەستی دێڕە شیعرەکان هەتا لە وەرگێڕانەکەشدا هەستی پێ دەکرێت بۆ نموونە: (یەسنای ٤-٣،٤٤):

﴿ ئەمەت لێ دەپرسم، ئاه خوایە، بەڕاستی پێم بڵێ؟! کێ خالقە، یەکەم باوکی سەر ڕاستی‌یە؟ کێ خولگەی خۆرو ئەستێرەکانی داناوە؟ لە ڕێگەی کێوە مانگ ئێستا زیاد دەکات ئێستا بچووك دەبێتەوە؟ هەموو ئەمانەو زیاتر دەخوازم بزانم، ئاه حەکیم. ئەمەت لێدەپرسم، ئاه خوایە، بەڕاستی پێم بڵێ، کێ ئاوا زەوی لە خوارەوەو ئاسمانیش ڕادەگرێ لە کەوتنە خوارەوە؟ کێ ئاوەکان و ڕووەکەکانی دروست کردووە؟ کێ دوو ئەسپەکەی ڕەشەباو هەورەکان زین دەکات؟ کێ، ئاه حەکیم، کێ خالقی بیری چاکەیە؟﴾.

لە کتێبی Ancient Iran

The Art of Pre- Islamic Times

وەرگیراوە.

# بەهەشتی عەدەن لە سەرچاوە مێخییەکاندا

دکتۆر بهنام أبو الصوف
وەرگێڕانی: هاشم حمه عبدالله

خاڵی تۆژینەوە:

١-هێماو شوێن و ئەفسانە.

٢-بەڵگە جوگرافی و جیۆلۆجیەکان و دیاریکردنی شوێنی بەهەشت.

٣-(دەلمۆن) نەك (عەدەن) بەهەشتی سۆمەریەکانە.

## ١- هێماو شوێن و ئەفسانە:

کۆنەوە مێژوو نووس و پیاوانی ئایینی و زاناکان لە بەشە جیاجیاکانی زانستدا لە هەوڵ و تێکۆشانێکی بێوچانیان داوە بۆ دەست نیشانکردنی شوێنی بەهەشت کە لە تەوراتدا باس کراوە. چەندین ڕاوبۆچوونی جیا جیا لەو بارەیەوە هەیە، گرنگترینیان:- شوێنی بەهەشت خاکی مەنگۆلیا یان هندستان یان حەبەشەیە. بەڵگەشیان بۆ ئەم بۆچوونە زۆری ئاسەوارە لە ناوچەکەدا. و هەردوو ڕووباری (سەیحۆن) و (جەیحۆن)ی جیهانی کۆن بە ڕووباری (نیل) و (گەنج) دادەنێن. هەندێ جاریش ناوچەی ئەنادۆڵ بە شوێنی بەهەشت دەستنیشان کراوە، لەبەر ئەوەی هەردوو ڕووباری دیجلەو فورات لە چیاکانیەوە هەڵدەقوڵێن و چیای (ئارارات)یش ئەو شوێنەیە کە کەشتیەکەی نوحی لێ نیشتووەتەوە.

ئەم بیرو ڕایانەو چەندین بیروڕای تریش بۆ ماوەی چەند سەدەیەك مانەوە، تاکو کاری کنەو پشکنین لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستدا لە عێراقدا دەستی پێکرد. چەندین دۆزینەوەی نوێ لە بواری هونەرو زمانی کۆن و ئایین و ئەفسانەو داستاندا دۆزرانەوە. زاناو لێکۆڵەرەوەکانیش گرنگیەکی تایبەتیان بەو بوارانە دا. خوێندنەوەو وەرگێڕانی هەزارەها لە تابلێتە قوڕینەکان کە بە خەتی مێخی و بە زمانی سۆمەری و ئەکەدی و بابلی و ئاشووری نوسرابوون. لە شارە بەناوبانگەکانی سەردەمی کۆندا دۆزرانەوەو تیشکی زۆریان

خستە سەر بیروڕاو فەلسەفەو ئایینی گەلانی ناوچەکە، ئەو گەلانەی کە زاناکان لەوەو پێش هیچیان لەبارەیەوە نەئەزانی. هەروەها ئەم دۆزینەوانە ڕەسەنایەتی کەلتووری و ڕۆحی یەکەم شارستانی وڵاتی میسۆپۆتامیا دەردەخەن و تیشکی زیاتر دەخەنە سەر ئەو زانیاری و بۆچوونانەی کە لە تەوراتدا نووسراون و پیشانی دەدەن عیبری یەکان زۆربەی بیرو باوەڕو زانیاری یەکان لە وڵاتی میسیۆپۆتامیا لە ڕێی کەنعانیەکانی دانیشتوانی فەلەستینەوە وەرگرتووە. وشەی (عەدەن Eden) بۆ یەکەم جار لە وڵاتی سۆمەردا لە سەرەتای هەزارەی سێهەمی پێش زایین بە شێوەی (  ) لە زمانی سۆمەریدا هاتوە کە بە مانای (دەشتی بە پیت و بەرەکەت) دێت، هەردو وشەی (Eden)و (Adam) لە بنەڕەتدا بۆ زمانێکی پێش سۆمەریەکان دەگەڕێتەوەو لێکۆڵەرەوەکان بەو زمانە دەڵێن زمانی فوراتە سەرەتاییەکان یان زمانی دانیشتوانی چاخی عوبێد کە یەکەم نیشتەجێی دەشتی باشوری وڵاتی نێوان دو ڕوبارن. لە سەرەتای هەزارەی پێنجەمی پێش زایینی، ناوی هەندێ لە شارەکانی وەك (ئور)و (وەرکاء)و (ئەریدۆ)و هەندێ وشەی وەك (گلێنە)و (دارتاش)و (ئاسنگەر)و ناوی هەندێ لە ڕوبارەکان لە ڕێی ئەوانەوە هاتونەتە ناو زمانی سۆمەریەوە.

سەبارەت بە ناوی (حەوا– Eve) لە هیچ دەقێکی مێخی سۆمەریدا ئاماژەی پێنەکراوە، بەڵام وشەی (حەوا) کە بە مانای دایکی مرۆڤ دێت و لە پەراسوی (ئادەم)ـەوە دروست کراوە، یەکێك لە داستانە سۆمەریەکان باس لەوە دەکات کە خوا (ئینکی)ی دانیشتووی شاری ئەریدۆ هەشت گیای سیحری خوا (ننخورساگ)ی (خانمی زەوی) خواردوەو کە بۆ خۆی ڕواندبوون. ئەم کارە خوا ننخورساگ)ی توڕە کردوو نەفرەتی مەرگی بەسەر خوا (ئینکی)دا سەپاندوە. خوا (ئینکی) توشی نەخۆشیەکی کوشندە دەبێت و لە کۆمەڵگای خواوەندەکاندا ئامادە نابێت، هەشت بەش لە لەشی بە ژمارەی هەشت گیاکە لە کاردەکەوێت و وای لێ دێت لە مردن نزیك دەبێتەوە. خواوەندەکانی تر لە خوا (ننخورساگ) ئەکەن تالێی ببورێ و چاکی بکاتەوە. بۆ ئەم مەبە ستەش خوا (نتخورساك) هەشت لە خواوەندەکانی دەنێرێ بۆلای خوا (ئینکی) بۆ چاك کردنەوەی هەشت بەش لەلەشی. یەکێ لەو خواوەندانە ناوی (نن–تی Nin- Ti) ( خانمی پەراسو) بو. بڕگەی (Ti) لە سۆمەریدا بەمانای پەراسو دێت، خوا (Ti) تایبەتمەندە بە چاك کردنەوەی پەراسوو هەندێ جار پێی دەوترێت ( خانمی ژیان بەخش)، یان دایکی مرۆڤ. لەمەوە بیرۆکەی (حەوا) دایکی مرۆڤ گواسترایەوە بۆ (تەورات).

سەبارەت بەبیرۆکەی ون بونی فیردەوس و دەرچون لەبەهەشت بەهۆی توڕە بونی خواکانەوە، داستانی (ئەنمر–کار) لە وڵاتی (ئەرراتکا)ی سۆمەریدا باس لەوە دەکات کە \سەردەمێك هەبوە مرۆڤ بەهێمنی و ئارامی و خۆشی ژیاوە، پاشان لەبەر توڕە بونی خواکان

لەو خێرو خۆشیە دور خراوەتەوە. (لەو سەردەمەدا (مار)و ئاژەڵی دڕندەی وەکو(سەگ)و (گورگ) نەبوە ترس و دڵە ڕاوکێ و ململانێ لەنێوان مرۆڤدا نەبوە. هێمنی و ئارامی باڵی بەسەر وڵاتی سۆمەردا کێشابو، هەمویان بەیەك زمان نوێژیان بۆ خوا (ئەنلیل) ئەکرد. تاکو سەردەمێك هات خواکان لە مرۆڤ توڕە بون و لەبەهەشت دەریان کردن و خستیاننە سەر زەوی. لەم بڕگەیەوە بۆمان دەردەکەوێت، سۆمەریەکان یەکەم کەس بون باسی ئەو بەهەشتەیان کردوە کە مرۆڤ تیایدا ژیاوە بەهۆی توڕە بونی خواکانەوە لەبەهەشت دەرکراوەو خراوەتە سەر زەوی.

### ٢. بەڵگە جوگرافی و جیولۆجیەکان:-

پشت بەستن بەو بەڵگە زانستیانەی کەلەم چەند ساڵەی پێشودا لەبەر لێکۆڵینەوەی شوێنەواری و جیولۆجی دۆزراونەتەوە. بەدڵنیاییەوە ئەتوانین شوێن و بیرۆکەی فیردەوس یان بەهەشتی سۆمەریەکان دەست نیشان بکەین. هەمو ئەم لێکۆڵینەوانە ئاماژە بەبەشی باکوری (کەنداوی عەرەبی) دەکەن وەك شیاوترین شوێن بۆ ئەو بەهەشتەی کەسۆمەریەکان باسیان لێوە کردوە. هەروەك چیرۆك و داستانەمیللیەکانی دانیشتوانی ناوچەکە پێش داهێنانی نوسین لەکۆتایی هەزارەی چوارەمی پێش زایین دا هەمان بۆچون ئەسەلمێنن.

بەپێی( سفر التکوین)ی تەورات بەهەشتی عەدەن ئەکەوێتە خۆر هەڵاتەوە واتا خۆرهەڵاتی فەلەستین. دەست نیشان کردنی دو روبار لەو چوار ڕوبارەی لە (سفر التکوین) دا ئاماژەی پێ کراوە هەردو روباری دیجلەو فوراتن. بەڵام سەبارەت بە دو ڕوبارەکەی تر کە ڕوباری (سیحون و جەیحۆن)ن، هەندێ کێشەو ناکۆکی هەیە. روباری (سەیحون) کەلە (سفر التکوین)دا بە (فیشۆن) ناوی هاتوە بەخاکی (حەویلە) چواردەور دراوە، بەگەرانەوە بۆ تەورات (سفر التکوینی: بەشی دەیەم ٧و سفر التکوینی بەشی ٢٥: ١٨) بەئاسانی ئەتوانرێت خاکی (حەویلە) دەست نیشان بکرێت کەدەکەوێتە باکوری خۆرهەڵاتی نیمچە دورگەی عەرەبیەوە. وێنە ئاسمانیەکان دەریدەخەن کە شوێنی روبارێکی کۆن لەبەشی باکوری خۆرهەڵاتی نیمچە دورگەی عەرەبیەوە دەردەکەوێت بەخاکی (سعودیە)و (کوەیت)دا تێدەپەڕێ. ئێستا ئەو روبارە وشکی کردوە، دۆڵی(رماح)و دۆڵی (بەتن)ی پێ دەوترێ و کاتی خۆی ئەڕژایە (کەنداوی عەرەبی)یەوە بەزەویەکی دەوڵەمەندا تێدەپەڕێ و (کەتیرەی گیایی) (مقل)ی زۆر لێ بو، تاکو ئێستاش لەچەند بەشێکی نیمچە دورگەی عەرەبیدا هەیەو تاکو پەنجاکانی سەدەی رابدوش ئاڵتونی لێ دەردەهێنرا.

سەبارەت بە ڕوباری چوارەم (جەیحۆن)یش چەند کێشەیەك هەیە. بەپێی نووسینەکانی تەورات کەوتۆتە وڵاتی حەبەشەوە. نوسخە کۆنەکانی تەورات کەبە زمانی عیبری نوسراون

ئامـاژە بـەخاکی (کـوش) کاشـیەکان ئەکـەن ئـەوەك حەبەشـە. ئـەم هەڵەیـە وەرگێڕەکـانی سـەدەی حـەڤدەم کردویانـە لەسـەردەمی (شاجیمسـی) شـای ئینگلتـەرەدا. بـەلام بەدوبارەپیا چونەوەی ئەو دەقە وەرگێردراوانە لەسـەرەتای سـەدەی بیسـتدا، لەلایـەن پرۆفیسـۆرو لێکۆڵـەرەوە تایبەتمەندەکانـەوە هـەندێ لـەو وشـەو دەقانـە ڕاسـت کەرانـەوە، ئەوەش پشت بەستن بەودۆزینـەوە نوێیانـەی کەلە کاری کنەو پشکنین و خوێندنەوەی دەقە مێخیەکانـەوە وەرگـیراون. زانـای شـوێنەوار نـاس (شـپایزەر) لێکۆڵینـەوەی زۆری لەسـەر وشـەی (کـوش) کـردوەو سـەرچاوەکەی بـۆ وشـەی (کـاش) یـان (کاشـی) گەڕاندۆتـەوە. کاشیەکانیش ئەو گەلەن کەلە خۆرهەلاتەوە بـەرەو ناوەڕاسـتی میسـۆپۆتامیا کۆچیـان کردوەو تیایدا جێگیر بون. (شپایزەر) وای بۆ دەچێـت کـە ڕوبـاری (جـەیحون) ڕوبـاری (کارون)ی ئێستایە ودەڕژێتە شەتولعەرەبەوە. بـەپێی دەقـی تـەورات (ئـەو ڕوبـارەی لـە عەدەنەوە دەردەچێت و ئەڕژێتـە بەهەشـتەوە، پاشان ئەبێت بە چوار بەشەوە). (شپایزەر) بۆ دوپات کردنەوەی بۆ چونەکەی خۆی دەڵێت: ئەو وەسفەی کەلە تەوراتدا هاتوە سـەبارەت بەو ڕوبارەی کەلە چەند بەشێك پێکهاتووە، لە بنـەڕەتدا بریتی یـە لەچـەند بیرۆکەیـەکی فۆلکلۆری دەمـاو دەمو دوای هـەزاران سـال لەلایـەن کەسـانێکەوە نوسـراونەتەوە کەشارەزای ناوچەکە نەبون و بێجگـە لـەوەش لەشوێنێکی دور لەو ناوچەیە نیشتەجێ بون.

## بەڵگەی جوگرافی:

خاکی کـەنداوی فـارس لەسـەردەمانێکدا وەکو ئێستا ئاوی تێدا نەبوە دو بەسەوزایی داپۆشـرابوو و خـاکێکی بـەپیت و بەرەکـەتی هەبوو مرۆڤ بەهێمنی و ئارامی تیایدا ژیاوە. بەلام پاش ماوەیەکی زۆر بەئاو داپۆشـراوەو دانیشـتوانەکەی بـەرەو میسـۆپۆتامیا و کـەنارەکانی دورگـەی عـەرەبی (دەلمـۆن) کۆچیـان کـردوەو زێـدی خۆیـاندا بـەجێ هێشتوە، یادگاری ڕۆژە خۆشـەکانیان لەگـەڵ خۆیـادا بـۆ نـەوەکانی دوای خۆیـان گواستۆتەوە.

بـۆ ڕون کردنـەوەو شـیکردنەوەی ئـەم بۆچونە، پێویستە بگەڕێینـەوە بـۆ بارو دۆخ و کـەش و هـەوای چـاخی بـەردینی کـۆن. گۆڕانکاری لەکەش و هەوای چاخی بـەردینی کۆندا بۆ نزیکەی (٣٠) هەزار ساڵ لەمەو پێش دەگەڕێتەوە، بۆ کۆتایی دوا چاخی بەستەڵەك کـەنیوەی ڕووری گـۆی زەوی داپۆشـیبو. ئاستی ئاوی دەریا و ئۆقیانوسـەکان تائاستی (١٢٠م) دابەزیبو، واتە دۆڵی کەنداوی فارس هەتا دەربەندی (هورمز) وشکەلانی بو، بێجگە لـەو چـوار ڕوبـارەی کەلـە بـاکورەوە ئەڕژانـە ناوی. مرۆڤی نیمچە ئـاقڵ لـەکۆتایی چـاخی بەردینی کۆنـدا لە خێرو بێری ئـەو ناوچەیـە دەژیا، بەلام پێش نزیکـەی ١٤ هـەزار سـاڵ و لـەکۆتایی چـاخی بەسـتەڵەکی چوارەمـدا

چاخێکی نیمچە گەرم باڵی بەسەر زەویدا کێشا. چیا بەفرینەکان دەستیان بەتواندنەوە کرد، باران کەمی کرد، وشکە ساڵی درێژەی کێشا،بەم شێوەیە زەوزایی لەناو دۆڵی کەنداوی فارسدا بەرەو کەم بون ڕۆی، گوزەرانی دانیشتوانەکەی تیایدا مەیسەر نەدەبو، ناچار کۆچیان کرد بەرەو شوێنی ئاوەدانیو سەوزایی لەناوچەکانی میسۆپۆتامیاو ولاتی شامو کەنارەکانی دەریای ناوەڕاست، هەروەها چەند کۆمەڵێکی تریان بەرەو دۆڵی (سند) کۆچیان کردو ژمارەیەکی زۆریشیان لەسەر کەنارەکانی دورگەی عەرەبی جێگیر بون.

بەجێ هێشتنی کەنداو کارێکی زۆری کردە سەر ڕەوتی ژیانی دانیشتوانی ناوچەکەو ئەمەش خۆی لەدو حاڵەتدا بەرجەستە کرد.

حاڵەتی یەکەم:-

سەرەتا ئاستی ئاو لەقوڵایی کەنداوی عەرەبیدا بەرز بوە وەتاقوڵایی (٣٠) مەتر ئەمەش لەئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوەیەدا دەرکەوت کەچەند لێکۆڵەرەوەیەکی ئەڵمانی لەناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی ڕابردودا لەسەر کەشتی (میترۆ)ی لەکەنداوی عەرەبدا ئەنجامیان دا. پاشان ئاستی ئاو بەرز بۆوە بۆ قوڵایی (٥٠) مەتر، دواتر بۆ(٦٢) مەتر بەرز بۆوە پاشان بۆ (٧٠) مەتر.

لە (٤٩٠٠ ) پێش زایینـدا ئاستی ئاو بەشێوەیەك بەرز بۆوە تاکو گەیشتە چوار مەتری پێش ئاستی ئێستای لە ٤٠٠٠پ. ز ئاستی ئاسایی ئێستای خۆی وەرگرت. بەم شێوەیە مرۆڤ لەو شوێنانەی کە تێیاندا نیشتەجێ بو پاشەکشەیکردو بەرەو کەنارەکانی خۆرهەڵاتی دورگەی عەرەبیو دورگەکانی بەحرەینو شوێنەکانی تر بەڕێ کەوت.

حاڵەتی دوەم:-

گۆڕانیکەشو هەوای جیهانو کێشانەوەی پشتێنەی بەفر بەرەو ئۆقیانوسی باکور، بوە هۆی کەمی باران بارین، وشکایی ڕوی لەناوچەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست کرد. کەشو هەوای بیابانەکانی دورگەی عەرەبیو بیابانی گەورەی عەرەبی لەئەفریقیاو چەند شوێنێکی تری جیهان لە هاویندا گەرمو وشك بو. بارانی تێدا نەدەباری، ئەم حاڵەتە لە کۆتاییەکانی چاخی بەردینی ناوەراستو سەرەتای چاخی بەردینی نوێوە دەستی پێ کرد، لەم بارو دۆخەدا مرۆڤ ناچار بو بەدوای ئاو ئاوەدانیدا بگەرێتو خاکێکی چنگ بکەوێتو تێیدا بژی.

هەربەم کارەوە نەوەستا بەڵکو توانی خواردن بەرهەم بهێنێتو ئاژەڵی کێوی ماڵی بکات، بەمەش شۆڕشێکی کشتوکاڵی یەکجار گرنگ لە مێژوی مرۆڤایەتیدا بەرپاکراو مرۆڤایەتی لەحاڵەتی کۆکردنەوەی خواردنەوە بەرەو حاڵەتی بەرهەم هێنانی خواردن گواستەوەو یەکەم بنەمای گوند دروست بور مرۆڤی بەرەو یەکەم هەنگاوی شارستانیەت برد. لەکۆتایی هەزارەی پێنجەمی پێش

زایینـدا دانیشـتوانی کـەنداوی عـەرەبی هێشـتا هەر لەژیانیکۆچ ڕەویداو لەسەر ڕاو خواردنی خۆرسك ئەژیان، بەڵام کـاتێ بـەرەو باشـوری میسۆپۆتامیا کۆچیان کرد، توشی کۆمـەڵێکی تـر بـون کـەزەویان دەکێـلاو ئاژەڵیـان بـەخێو دەکرد. ململانێو بەربەرەکانی لەپێناوی دەست بەسـەرا گرتنـی زەوی زیـاتردا، لەنێوان هـەردو کۆمـەڵدا بەرپا بو، بـەڵام وردە وردە تێکـەڵیان بـونو بـەژیانی نوێیـان ڕاهـاتنو وەکـو دانیشتوانی ناوچەکە مامەڵەیان دەکرد.

ململانێی نێوان کۆچەریـەکانو نیشـتەجێ بومەکـان لـە بیرۆکـەو یـادەوەری نـەوەکانیاندا مایـەوە تـاکو نوسـین لـە کۆتـایی هـەزارەی چوارەم و سەرەتای هـەزارەی سێیەمی پێش زاییندا سـەری هـەڵداو لـە شـێوەی ئەفسـانەو داستاندا نوسیانەوە.

ئەو بەهەشتە فیردەوسیـیەی سۆمەریەکان لـە دواییـدا نوسـیانەوە بـاس لـە یـادەوەریو هەسـتو ئەندێشـەی ژیـانی سـادەو سـاکاری خۆیان دەکاتو چۆن ئەو ژیانەیان لەدەسـت داوەو بە گوناهێك لـە قەڵـەمی ئـەدەن کە وەکو گوناهی (ئادەمو حەوا) وایە.

بـۆ گـەڕان بـەدوای بیرۆکـەی ئـەو تۆمارکراوانەدا دو بۆچون هەیە:-

١- دانیشـتوانی یەکـەمی باشـوری میسـۆپۆتامیا کـە پێش سـۆمەریەکان لـە هـەزارەی پێنجـی پێش زاییندا ژیـابون، و شوێنەوارناسەکان بـە دانیشـتوانی (چـاخی عوبێد) ناویـان دەبـەن، بـە کەشـتی بـەرەو کـەنارەکانی دورگـەی عـەرەبی ڕۆیشـتونو تێکـەڵ بـە دانیشـتوانی ڕەسـەنی ناوچەکـە بوبێتنو لە زاری ئەوانەوە باسی ئەو خاکە بە پیـتو بەرەکەتـەیان بیسـتبێ کـە ئـاو دایپۆشیوە. پاشان ئـەوە بـۆ ئـەوە لەسـەر زاری خـەڵکی ماوەتـەوە تـاکو بـوە بـەهی خۆیان. کاتێ کە گەڕانەوە بۆ زێدی خۆیان چیرۆکەکانیشیان لەگـەڵ خۆیـاندا بـردو لـە نوسینەکانیاندا تۆماریان کرد.

٢- عوبەیدیـیەکانی دانیشتوی باشوری میسۆپۆتامیا بەهۆی بارودۆخی ژیانی نوێوە ناچار کران جێگیر بنو زەوی بکێڵنو ئیشی دەسـت بکـەن بـۆ دابینکردنـی خواردنـی ڕۆژانەیان. بە یادێکی خۆشیـیەوە باسی ئەو ڕۆژە خۆشە ئاڵتونیانـەیان دەکـرد کـە بـاو باپیرانیـان تیـایدا ژیـابونو بـەردەوام بـۆ نەوەکانی دوای خۆیـان دەگێڕایـەوە تـاوەکو لە نوسینەکانیاندا تۆماریان کرد.

## دەڵـێن ئـەوەك عـەدەن بەهەشـتی سۆمەریەکانە:-

لـە دەوروبـەری ٤٠٠٠ سـاڵ پێـش زایـین پلەی گەرمی گۆی زەوی بـەرزبوەوەو ئاسـتی ئاوی دەریاکان بۆ نزیکەی (٥ تا٧) مـەتر بـەرز بـوەوەو ڕوبـەرێکی فراوانـی لـە زەوی کـەنداو داپۆشی، وردە وردە ئاستی ئاو بەرزتر بـوەوە تـاکو هـەردو شـاری (ئـور)و (ئـەریدۆ) بونـە کـەناری دەریـا. پـێ دەچێـت بەرزبونـەوەی ئاستی ئاوی کەنداو بوبێتە هۆی دروستبونی تۆفانی گـەورەو بنەمایـەك بێـت بـۆ داسـتانی

(ئوتو نابشتم)ی سۆمەرییەکان و بیرۆکەی ئەم داستانە لە تەوراتیشدا باسی لێوە کراوە. بەرزبونەوەی ئاستی ئاوی دەریت بوە هۆی چۆڵکردنی ناوچەکەو ڕۆیشتن بەرەو کەنارەکان وەکو (قەتەرو بەحرەین و فەیلکە). ئەم ڕوداو گۆڕانکاریانە هاوچەرخی سەردەمی سۆمەرییەکان بون، وردە وردە چوەتە ناو نوسین و داستانەکانیانەوەو لە بۆنەو ئاهەنگەکانیاندا باسی ئەو بەهەشتەیان ئەکرد کە باو باپیرانیان لێوەی هاتون، گێڕانەوەو یادکردنەوەی بەهەشت لە داستانەوە بو بە بەهەشتێکی واقیعی خاکی (دەلمۆن)یان هەڵبژارد کە ئێستا وڵاتی (بەحرەین)ە. خواکان بەپێی چیرۆک خواستەکان ئەم بەهەشتەیان هەڵبژاردوەو خوا (ئینکی) ئاوی سازگاری پێ بەخشیوە. بەپێی سەرچاوە مێخیەکان (دەلمۆن) ماوەی دو ڕۆژ بە کەشتی لە میسۆپۆتامیاوە دورە.

لە چیرۆکی داستانی تۆفانی سۆمەرییەکاندا (ئوتونابشتم) لەپای ئەو نەهامەتی و کارەساتە گەورەیەی کە بەسەریدا هاتوە، ژیانێکی نەمری و هەتا هەتایی لەلایەن خواکانەوە پێ بەخشراوەو لە خاکی (دەلمۆن) نیشتەجێ بوە، گلگامیش لە گەشتەکەیدا هەوڵی زۆری داوە نەمری بۆ خۆی مسۆگەر بکات بەڵام چنگی نەکەوتوە.

(دەلمۆن) لای سۆمەرییەکان خاکی نەمرییە، نەخۆشی و مردنی تیادا نییە، ئاشتی و سۆزو خۆشەویستی باڵی بەسەردا کێشاوە. سۆمەرییەکان وەك ڕێزلێنانێك مردوەکانیان لە (دەلمۆن) ئەناشت تاکو لەو دونیا بە هێمنی و ئارامی بژین. بەڵگەشمان هەزارەها گۆڕە کە لە گردو تەپۆڵکەکانی دورگەی (بەحرەین)دا هەن.

(دەلمۆن) شانشینێك بو لە (عومان)ـەوە تاکو دورگەی (فەیلەکە) درێژ دەبۆوەو پایتەختەکەی دورگەی (بەحرەین)بو، پاشماوەی قەڵایەکی کۆن لە بەشی باکوری دورگەکەدایەو مێژوی چینەکانی خوارەوەی بۆ سەرەتای هەزارەی سێیەمی پێش زایین دەگەڕێتەوە.

مێژوی شانشینی (دەلمۆن) هاوچەرخی سەرهەڵدانی شانشینەکانی میسۆپۆتامیایەو پەیوەندییەکی بازرگانی پتەو لە نێوان شاری (لەگەش)و (ئور)و شانشینی (دەلمۆن)دا هەبوەو سەرگونی ئەکەدی لە ناوەڕاستی هەزارەی سێیەمی پێش زاییندا (دەلمۆن)ی خستوتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. پاشماوەی سوتاوی چینەکانی خوارەوەی قەڵای بەحرەین بەڵگەی ئەو شەڕو کوشتارەن کە سوپای ئەکەدی کردویەتی.

لێرەدا پرسیارێك دێتە ئاراوە ئەویش ئەوەیە بۆچی هەواڵی بەهەشت لە (سفر التکوین)ی عیبرانیەکاندا بەناوی (Edin) یان (عەدەن) تۆمارکراوە نەوەك بەناوی (دەلمۆن)؟

وەڵامی ئەم پرسیارە هەروەکو لە زاناکانی نوسینی مێخی و شوێنەوارناسی تەورات (Biblical Archealogy) باسی لێوە ئەکەن ئەوەیە

کە لە کۆتایی سەدەی پێنجی پێش زاییندا (دوای ڕوخانی بابل)دا نوسینی مێخی گۆڕاو نوسینی ئارامی جێگای گرتەوەو بەمەش زۆر لە کەلتوری (زمانەوانی سۆمەری، ئەکەدی، بابلی، ئاشوری) بەرەو نەمان ڕۆیشت و زۆربەی ئەدەب و وێژەی میسۆپۆتامیا کاتێ وەرگێڕدرانە سەر زمانەکانی تر، گۆڕانکاری بنەڕەتیان بەسەردا هات. عیبریەکانیش سودیان بە وەرگێڕانی کەلتوری میسۆپۆتامیا وەرگرت و لە تەوراتدا تۆماریان کرد. بەمەش زۆر لە زاراوەو ناو لەکاتی وەرگێڕاندا لەسەر شێوەی خۆی نەما. (دەلمۆن) گۆڕدراو بە مانای (دەشت) تۆماریان کرد لەبەر ئەوەی وەرگێڕەکان مەبەستی تایبەتی خۆیان لە گۆڕینی ڕوداوە مێژوییەکاندا هەبوە.

ئەم بیرو بۆچونانە ماوەی چەند سەدەیەک تاکو کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم درێژەی کێشا. تاکو نوسینی مێخی شی کرایەوەو خوێندرایەوە، لەو ڕووەوە چەندین بەڵگەو بنەمای ڕاستی بەدەرکەوتن و لە ڕێی لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی نوێوە تیشکی زیاتر خرایە سەر ئەدەب و مێژوی میسۆپۆتامیاو گەلانی ناوچەکەو ڕاستیەکان زیاتر بەدەرکەوتن و هەڵە مێژوییەکانیان ڕاست کردەوە.

# دیسان ((سەعید))ی تەتەر*

سدیق سالح

(مەلا محەمەدی ڕەش))ی ناسراو بە (مەلای ڕەش) کوڕی سالح جانیو خەڵکی دێی ((داراغا))ی سەر بە ناحیەی ((سەرچنار))ە (٢، ٣، ٤/ ). بە منالی خراوەتە بەر خوێندنو، دواجار بووە بە فەقێی مەلا عەبدولڕەحمانی پێنجوێنیو ئیجازەی مەلایەتی لێ وەرگرتووە (١/ )[٢]. ناسناوی ((ڕەش))ی لەوەوە هاتووە کە ڕەشتاڵە بووە. مەلا محەمەد هەر دوو برای هەبوون: عەبدولڕەحیمو قادر (٤،٣،٢/ )[٣].

((سۆفی سەعیدی[٤] وەتراقچی[٥]))ی خەڵکی دێی مایاوە کە مەنسووبی شێخ حەسەنی پیری قەرچێوار بووە، بەهۆی پێوەندی دینداریو خواپەرستییەوە، دۆستایەتییەکی گەرمی لەگەڵ مەلا محەمەددا هەبوەو، بە ڕادەیەك دڵبەستەی بووە ((حەلیمەی)) کچی لێ مارە کردووە[٦]. مەلا محەمەد لەو ژنە هەر (مەسعود)ی بووە (١،٢/ ). عەبدولڕەحیمی برای کاتێك مردووە، (مریەم)ی کچی شیرەخۆرە بووە. بۆیە هێناویەتیە لای خۆیو لەگەڵ مەسعوودی کوڕیدا کە چەند مانگێکی کەم لە مریەم بچووکتر بووە، گەورەو پەروەردەی کردووەو پێی خوێندووە. و، ((گوڵە))ی دایکیشی داوەتەوە بە شوو، چونکە گەنج بووە (٢/ ).

ئەگەر مێژووی لەدایکبوونی مریەم (١٩٠٩) وەك لە ناسنامەکەیدا تۆمار کراوە ڕاست بێ، کە زۆر ڕێی تێئەچێ لەبەر ئەوە لەلای مەلا ی ڕەش ژیاوەو گەورە بووە، مێژووەکە بەڕاستی نووسرابێ، ئەوا ئەبێ مەسعودیش کەم زۆر هەمان ساڵ (١٩٠٩) یان لەو دەوروبەرەدا لەدایك بووبێت.

مەلای ڕەش، مەلایەکی زاناو تێگەیشتوو بووەو لە گوندەکانی (داراغا)و (جێشانە)و (قەرەتۆغان) مەلایەتی کردووەو، بە ڕەنجی شانی خۆی ژیاوەو خەریکی کشتوکاڵ بووە؛ وەك کوێخا ئەحمەدی جێشانە لێی گێڕاوەتەوە: نەیهێشتووە کەس لە درەوو جووتو کاری تری جووتیاریدا یاریدەی بدات (١/ ). کاتێکیش ((حەلیمە))ی هاوسەری کۆچی دوایی کردووە، ((فاتمە خان)) ناویکی هێناوە کە هیچ منالێکی لێ نەبوە.

مەلای ڕەش لە دوا دواییەکانی ژیانیدا نەخۆش کەوتووەو، هاتووەتە مالی مەلا حەسەنی عەللافی کوڕی سۆفی سەعیدی ژنبرایو، بە نەخۆشی زەحیری سەری



مەلا عوبێد
(عەبدوڵڵای مەلا حەسەنی عەبدوڵڵا)

ناوەتــەوەو تەرمەکــەی براوەتــەوە بــۆ دێــی ((قــەرەتۆغان))و لــەوێ نێــژراوە ^٨^. کتێــبو دەستنووســـە دینیـــەکانی مـــەلا محەمـــەد کەوتوونە لای بنەماڵەی مەلا حەسەن^٩^. هـەتا لەپێش مەرگیدا، مەلا حەسـەنی ڕاسپاردووە ببێتـە سەرهەڵوێستی مەسعوودی کـوڕیو دەرسی دینی پێ بخوێنێ (٢،١/ ).

مەسـعوود^(١٠)^، وەك كـاك مـەلا عوبێـد^(١١)^ ئەیگێڕێتــەوە کــە پێکــەوە لــەلای بــاوکی خوێندوویانە، هـەر لـە سـەرەتاوە حـەزی لـە خوێنـــدن نـــەکردووەو بایـــەخێکی زۆری پێنـەداوە. مــەلا حەســەنی عــەبدوللاڤیش لــە گەیاندنی دینو زانستدا، وەك نەریتێکی کەمو زۆر گشــتی ئــەو ڕۆژگــارە، تونــدو تیــژی نوانـدووەو ڕەق بـووە. ڕەنگـە ئـەوە هۆیـەکی ملنەدانی مەسعوود بووبـێ. جگـە لـەوە، وەك دەرئەکـــەوێ هـــەر لـــە مناڵیـــەوە گیـــانێکی بەرهەڵستیو سەختگیریی هەبووە.

بۆیە کە گەورە بـووەو چاوی کراوەتـەوە، دەستی لە خوێنـدن هـەڵگرتووەو هەڵاتۆتـە ناوچـەی پێنجوێـنو لـەلای کوێخـا ڕەسـوڵ نـاوێك بـووە بـە ڕەنجبـەر. مـەلا حەسـەن بـە سـۆراخ دۆزیویەتیـەوەو هێنایەتیـەوە لای خـۆی. بـەڵام مەسـعود دابـین نـەبووەو، پـاش ماوەیـەکی تـر دیسـان خـۆی دزیوەتـەوەو، ئەمجار بە یەکجاری سەری خۆی هەڵگرتووەو لـە کەسـوکارو خزمـەکانی دوورکەوتووەتـەوە (١/ ).

زانیاری سەبارەت بە ژیانی لـەوە بـەدوای مەسعود کە ئەوی زانراوە ئیتر ناسناوەکانی (ســەعید) و (وەســتا عــەزیزی کارگــەچی)و (کاکـــەی درێـــژ)و (ســـەعید مـــەهابادی) ی هـەبوون، کەمو پچـڕ پچـڕە. ئەمـەی خـوارەوە چـەند مشـتێکە لـە خـەرمانی پـڕ بەرەکـەتی ڕەنجو تێکۆشانی ئەو ئەمرە:

کـاك ئەحمـەد قـادری ئـامۆزای، بیریـەتی منـاڵێکی شـەش تـا حـەوت سـاڵان بـووە کـە سەعید هاتووەتە دێی (جێشانە)و، پرسیویە (قـادری مـامی) کەسـی لـەوێ مـاوە؟ بـەو تاقیبکردنـە دۆزیونیـەوەو دڵخۆشـی فاتمـەی ئـامۆژنی داوەتـــەوەو پـــارەی داوەتـــیو ڕۆیشتووە (٤/ ).

مامۆسـتا کـەریم زەنـد، سـاڵانی ١٩٣٩ تـا ١٩٤٠ کە سەعید لە هەرەتی لاویدا بووە، ئەم لە خانەقای مەحوی دیویە کە بنکەی کۆمەڵی (برایەتی) بووە. بۆیە دوور نیە پێوەندی پێوە هەبووبێ. هەر بە قسەی ئەو ئەندامی حیزبی (هیوا) بووە. سەردەمی کۆماری کوردستانیش



ئەحمەد قادر صالح جاڵی



کەریم زەند


قادر ئەحمەد قادر


مریەم عەبدولڕەحیم ساڵح جانی

لە مەهاباد، لە دێی (دزە)ی ناوچەی مەرگەوەڕی سەید عەبدوڵڵای گەیلانیدا دیویە، پاشتر کە ئەم لە حکومەت قاچاغ بووەو لە دێی چویسە دەرسی بە منداڵەکانی شێخ قادر وتوەتەوە، سەعیدی لەو ناوە دیوە خەریکی کارگەچێتی [12] بووەو دەستێك ڕانكوچۆغەی پێشکەش کردووە. هەتا ئاگاداریشە کە سەعید کێش‌و هەوریی و سرکەیی‌و مشکی لە ئێرانەوە هێناوەو بەهۆی کەریمی حاجی مەلا مارفی برای دکتۆر ئەورەحمانەوە لە سلێمانی ساخی کردۆتەوە )(٦/ ).

سەعید دوای ڕوخانی کۆماری کوردستان‌و کۆبوونەوەی بارزانییەکان‌و ئاوارەی تری ئەمدیو لە (شنۆ)و سەرسنوور، وەك پێشتر چەندین جار بۆ کاری پێویست‌و ناچاری هاتوچۆی هەردوو دیوی کردووە، خۆی بۆ کاك قادری ئەحمەد خیلانی[13] باس کردووە: (جارێکیان کۆمەڵێك خەڵکم لەوێوە هێنایەوە دیوی عێراق‌و، لە ڕێگا لە دیانە گیرام. ئەو دەفتەرەیان پێگرتم کە بە ڕەمز ناوی بەشداران‌و گەورەو دۆستانم تێدا تۆمار کردبوو. دوو شەوو دوو ڕۆژ بەستمیانەوەو هیچیان نەدامێ. بردیانمە کەرکوك‌و ئەمجا بەغدا. چوار تا پێنج مانگێك ئازاردرام. قاچم لە گەرماندا وەخت بوو کرم تێی بدات. نائیب عەریفێکی کورد لەو بەندیخانەیەدا جاروبار یاریدەی ئەدام‌و شتێکی بۆ ئەهێنام. بەڕاسپاردەی پزیشك ماوەیاندام لە ژووری زیندان بێمەدەرو ڕۆژانە دوو سەعاتێك بگەڕێم. ئەڕوانم ئەوە هەرچوار ئەفسەرەکەی مەهابادن، عیززەت‌و خەیروڵڵاو قودسی‌و خۆشناو لەوێن. نۆ مانگ لەوێ مامەوەو هێنامیانەوە بەندیخانەی کەرکوك. ئەوکاتە ماڵە بارزانییەکان لە قوتابخانەیەکی چۆڵکراوی لای مەیدانی (ئێشەك) بوون. لەوێشەوە برامە هەولێر. دوایی لە ڕێگای ڕەوانەکردنەوەدا هەڵهاتم). (٢/ ).

کاك مەلا عوبێد بیریەتی کە سەعید دوای ڕوخانی کۆمار هاتووەتەوەو سەرباری ئەو تێشکانە سیاسیە گەورەیە کە ئەوسا جۆرە نائومێدیەکی لە دڵی خەڵکدا چاندبوو، ئەو کۆڵی نەداوەو تێکۆشیوە تا تێکەڵی کاری حیزبایەتی بکات. بەڵام ئەم لەبەر باوکی ڕازی نەبووە. بۆیە ئەویش وازی لێهێناوەو ڕۆیشتووە. تەنانەت چەندین جاریش لەگەڵ خوالێخۆشبوو هەمزە عەبدوڵڵادا دیویە. (١/ ).

هەر ئەو سەرو بەندە، عەلی بەگی مەحموود بەگی بابانی قۆمیسەر سەعیدی گرتووەو

بەندکراوەو لە بەندیخانە زۆری لێدراوە. مەلا عەلی سووسی"[١٤] کە ئەو دەمە لەگەڵ سەعیددا پێکەوە گیرابوون، بۆ قادری ئەحمەد خیلانی گێراوەتەوە: ((هەزارو پێنسەد دینارمان لە حیزبەوە لە نێو ناندا بۆ هات تا بیبەشینەوە بەسەر گیراوەکاندا. دایانە دەست سەعید، هەمووی دابەشکردو هیچی بۆخۆی گل نەدایەوە))(٢/ ).

هەر کاک قادر لە زمانی کۆمەڵێکی وەك کەریمی ڕەشە ناسکەو عارفی مەلا عەزیزو کەریم قەشانیو ئەحمەد خەیاتو چەند کەسێکی تری شیوعی خەڵکی سلێمانیەوە کە ساڵی ١٩٤٩ گیرابوونو لەگەڵ سەعیددا لە بەندیخانەی سلێمانی بوون، گێڕایەوە: ((سەعید کە گیرابوو، ناسنامەیەکی ساختەی پێ بووە تا نەناسرێتەوە. ئەوکاتە ژمارەیەکی زۆری ئەندامانی حیزبی شیوعی عێراق دەستگیرکرابوونو خرابوونە بەندیخانە[١٥].

سەعید بە ڕەخنەی توندو کاریگەر سەغلەتی کردوونو، پێی وتوون: ئێوە منالانی کورد فێری ئەم سیاسەتە مەکەن. ئەگەرنا ماڵو منالی خۆتان بەخێو بکەن باشترە. کورد نابێ ببێتە شیوعی، ولاتەکەمان شپرزەیە. ئیتر ئەوانیش تا ماوەیەك قسەیان لەگەڵدا نەکردووە چونکە دڵگرانی کردبوون)) (٢/ ).

مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف شەوی ٢٠٠٠/٤/١٩ گێڕایەوە: نەعیمە خان وتی کە کاکم (ئیبراهیم ئەحمەد) ژنی هێنا سەعید فەرشێکی گەورەی لە ئێرانەوە بۆ هێنا. چەند قاچاخچییەك لەسەر سنوور هەوڵیانداوە لێی بسێنن، بەڵام پێیان نەکراوەو لە نێو خۆیاندا


محەمەد سەعید [illegible] بەگی جاف

لێیان بووە بە شەڕ. ئەویش فرسەتی هێناوەو خۆی دزیوەتەوەو فەرشەکەی گەیاندووەتە سلێمانی کە تا مامۆستا ئیبراهیم چووەتە دیوی ئێران مابوو.

سەعید ساڵانێکی ژیانیی بە کارگەچێتیو بەناوی وەستا عەزیزەوە لە کانی پانکە بەسەر بردووەو. ساڵی ١٩٥٣ کە خاڵە محەمەد سەعید بەگی سەلیم بەگی جاف بە ماڵەوە هاتووەتە سەید صادق، لەوناوە دیویە. وا باسی دەکات: سەعید سەڵت بوو وە دوکانی هەبوو، خۆی دەرنەئەخست کە حزبیەو هیچی ئاشکرا نەدەکرد. بە ئەقڵ ئەمزانی ئەم کابرایە شتێکی ژێربەژێری هەیە. لێمان ئەمین نەبوو. وەستا عەزیز کەڵەگەتو بەخۆوە بوو، ئەو وەختە ڕەنگە ٣٥-٤٠ ساڵ بووبێ. خەڵك ئەیان وت بەشەو دەفتەری بەدەستەوەیە، لەبەر چرادا تەماشای دەکاتو دەخوێنێتەوە (٧/ ).

کاك مەلا عوبێد وتی: پێم وایە ساڵی ١٩٥٤ بوو، ئەمینداری بانقی کشتوکاڵ بووم،


مەحموود ئەحمەد قادر

چوومە هەڵەبجە. لە گەڕانەوەدا هەردوو ڕەحمەتی ئیبراهیم ئەحمەدو عومەر دەبابەم بینی، لەگەڵیاندا هاتمەوە بۆ سلێمانی. کە گەیشتینە سەید صادق، مامۆستا برایم وتی: بۆچی سەر لە خزمەکەت نادەین؟ زۆری بەدوادا گەڕاین نەماندۆزیەوە. وتی دیارە خۆی لە ناحەزان شاردووەتەوە (١/ ).

کاتێك برایم ئەحمەدو حیلمی عەلی شەریف و سەعید لە خانووی داراغاییەکاندا خانووی حاجی ئەحمەدی گەرمیانییان بەکرێ گرتبوو، کاك مەحموود ئەحمەد خیلان منداڵ بووەو جاروبار خواردنی بۆ بردوون. هەتا مامۆستا برایم کلاوێکی سپی خۆی لەسەر کردووە تا لەنێو منداڵەکاندا بناسرێتەوە. وتی: شەوێك هەواڵ بۆ باوکم هات کە حکومەت بە شوێنەکەیانی زانیوەو دەبێت فریایان بکەوێ. باوکم ولاخی بردو هەموو ئامێرو کەلوپەلەکانی بۆ بارکردو بردیە چەمی تانجەرۆ تا بیشارێتەوە (٦/ ).

کاك ئەحمەد قادر بۆ هەمان ڕووداو گێڕایەوە: سەعیدم لەگەڵ برایم ئەحمەددا لەو خانوەدا دیوە. یەك دوو ئافرەت هاتوچۆی ئەکردن، نەمئەناسین. جارێکیان هەندێ شتی لەگەڵ ئەحمەد خیلاندا هێنایە جێشانە، پێم وایە تابیعەو شتی تریش بوو لە سنوقدا. پێکەوە خستمانە بێشەو تورکی لای پردی بابە عەلی سەر چەمی شێخ ئەحمەدو شاردمانەوە. یەك دوو ڕۆژێکی پێچوو، سەعید جێبێکی هێناو باری کردن و ڕۆیی. خەڵکی دێ کە سەرەتا حاجی ئەحمەدیان لەوێ بینی وتی برێك حەیوانمان کڕیوە، چاوەڕێی ئەکەم. بەڵام کە سەعید هات و ئەو شتانەی بردو ڕۆیشت، ترسان و دەستیان ئەدا بە ئەژنۆی خۆیانداو ئەیانووت: ئای چییان لەژێرسەردا بووە!! (٤/ ).

سەعید دوای کانی پانکە، بەهەمان کاری کارگەچێتیەوە چووەتە (سورداش)و، هەر لەوە بەتر نازانرێ چەندی لێ ماوەتەوە. ئەحمەد قادری ئامۆزای تەمەنی بیست ساڵێك بووە کە سێ مانگێك ئیشی کارگەچێتی لەگەڵدا کردووە لە بناری شارەزوور. دەڵێ: ئەوکاتە سەعید ڕیشی خەریکبوو مووی سپی تێدەکەوت، هەستم ئەکرد بە بیانووی ئەم ئیشەوە شتی تر ئەکات. هاوین بوو مێشوولە ئۆقرەی لێ بڕیبووین، لەسەربان ئەنووستین. ئەمبینی بەبێ خشپە پێڵاوەکانی ئەکردنە پێ و ئەڕۆی و، دوای چەند سەعاتێك ئەهاتەوە. خەڵکی ئەو دێیانەزۆریان خۆش ئەویست، چونکە بێ تەماع و سەرڕاست بوو. ئەچووینە هەر دێیەك بە گەرمی بەپیرمانەوە ئەهاتن و کاریان بۆ ئاسان ئەکردین. ئەوسا ئەیوت: ئەچمە ئێران، لەگەڵمدا مەیە، با وەك من گرفتار نەبی.

هەر ئەو لێی زیاد کرد: جارێك لە هەڵەبجەوە ئەچوومە سلێمانی، دوو فەردە گوێزم پێبوو، مەسعود لە سەید سادق دیمی، فەردەکانی پێ داگرتمو فرۆشتنی. کەرەستەکانی کارگەچێتی بە وڵاخی جوتیاری دێیەکی ئەوێدا پێ ڕەوانە کردم. وتی ئەگەر پرسییان بڵێ: وەستا عەزیز ئەچێتە قەرەگۆل. ئێوارە ئەگاتە ئێرە. کە ئەو دێیە زانییان کەلوپەلی ئەوە زۆریان بەخێرهێنامو ڕێزیان گرتم (٤/).

کاك قادری ئەحمەد خیلان دەورووبەری ساڵی ١٩٥٦ سەعیدی لە کەرکوك دیوە خەریکی -گوایە- کاسبی وەك میوە فرۆشتن بووەو تێکەڵیی لەگەڵ کەسانێکی وەك شێخ حسێنی سەید ئەحمەدی خانەقای ئەندامێکی دیاری (پارتی)دا هەبووە.

سەعید بە قسەی مەلا عەلی سووسیێ، کە لە بەندیخانە بووە، دۆستایەتی لەگەڵ گەورەپیاوی وەك محەمەد حەدیدی سەرکردەیەکی حیزبی (الوطني الديمقراطي) دا پەیدا کردووە کە دواتر لەسەروبەندی حوکمی عەبدولکەریم قاسمدا بوو بە وەزیری دارایی، ئەو دۆستایەتیەیان هەر بەردەوام بووە (٢/ ).

وەختێك خوالێخۆش بوو مەلا مستەفا بارزانی لە ١٩٥٩دا گەڕاوەتەوە بۆ عێراق، قادری ئەحمەد خیلان نامەیەکی سەعیدی بۆ بردۆتە ئوتێلی (سەمیرامیس) لە بەغدا. کە زانیویە ئەو ناردوویە، زۆر ڕێزی لێ گرتووەو سێ ڕۆژ لای خۆی هێشتویەتیەوە. نەعیمە خان شایەتی دۆستایەتییەکی توندو تۆڵی نێوان خوالێخۆشبوو هەمزە عەبدوڵای هاوسەریو سەعید بووە. زۆر جارگوێی لێ بووە بیرەوەریی ڕابردوویان گێڕاوەتەوە. جارێکیان سەعید باسی شەوێکی کردووە کە بە جووتە بە شاخەوە بوونو بە قۆرییەکی ڕەش چایان لێناوەو خواردوویانەتەوەو، بەشەوقو تاسەوە یادی ئەو ڕۆژە زەحمەتانەیان کردۆتەوە. (٨/ ).

سەعید تا سەردەمی کۆماریش لە عێراقدا هەر مابوو. سەرەتای شۆڕشی ئەیلوول لێی بیستراوەو بینراوە کە سەرقاڵی دەورکردنەوەی کتێبی گرنگ بووە، تا (بە قسەی خۆی) گەنجینە بدۆزێتەوەو بەرهەمێك بۆ کورد پەیدا بکات. نەعیمە خان ئەو دوا دواییە لە سەعیدی بیستووە بە نوێڵ ئەشکەوتەکان ئەپشکنێ بۆ دۆزینەوەی شتی کۆنو گرانبەها. هەتا نوێڵێکی بەدەستەوە دیوە کە درێژو ئەستوورو دەم دوو فاق بووەو، جارێکیان باسی پشکنینی ئەشکەوتێکیشی بۆ کردووە. (٨/ ).

برایان قادرو مەحمودی ئەحمەد خیلانو ئامۆزاو نەوەکانیان ئەڵێن: سەعید بۆ ئەو مەبەستە خەریکی تەقاندنەوەی ئەشکەوتێکی ((قەڵای جۆڵندی)) ناوچەی ((چەمی ڕێزان)) بووە. بەسەریدا تەقیوەتەوەو ڕوخاوەو ژێر بەردو خۆڵ کەوتووەو گیانی دەرچووە. ماوەیەك لەوەبەدوا شوان هەستی بە بۆساردی ئەو ناوە کردووە. ئیتر کە خەڵکی دێیەکی نزیك چوون گەڕاون تەرمەکەیان دۆزیوەتەوەو ناشتوویانە، ئەگەرچی نەیان ناسیوە. هەتا ئەو سەردەمەی شۆڕش بەڕێز مام جەلال لەو ناوچەیە بووەو دەفتەرەکەی باخەڵی

سەعیدیشی کەوتووەتە لا[١٦]. قادرو حاجی مەحموودی ئامۆزای و لەلایەکی تریشەوە -بە قسەی مەلا عوبێد- مەلا حەسەنی باوکی و حاجی عەلی مامی، چوون بە پێوشوێنی ڕووداوەکەوە.

شایانی باسە، ١٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٤ کە مامۆستا عەبدولرەقیب یوسف گەشتێکی کرد بۆ لێکۆڵینەوەی شوێنەوارەکانی دۆڵی زەرزی و بەتایبەت قەڵای جۆڵندی و، بەندەیش لەگەڵیدا بووم و، دوو ڕۆژ و شەوێك ماینەوە، کاك حسێن حاجی مەحموودی خەڵکی دێی زەرزی وتی: ئەم تونێلە کە بە پێپلیکە لەسەر قەڵای جوڵندییەوە دەچێتە خوار تا تەختی چەمەکە، ساڵانیکی زۆر لەمەوبەر یەکێك تەقەمەنی تێدا تەقاندۆتەوەو بەسەریدا ڕماوەو مردووەو بەشێکی پێپلیکەکانیشی پێوە تێکچووە[١٧] وەك مامۆستا عەبدولرەقیب بیری هێنامەوە ئەوە هەر (سەعید)ەکەی لەمەڕ خۆمان بووە.

سەعید مرۆڤێکی کەڵەگەتی گەنم ڕەنگی چاوو برۆ ڕەشی چوست و چالاك و سەربزێو کردە بووەو، خزمە نزیکەکانی ئەڵێن: خوالێخۆشبوو مەلا موستەفا هەر لەبەر خۆشەویستی و دڵسۆزی و بە شیرینی ئەو کاك مەسعودی کوڕی وا ناوناوە. کوڕە گەنجەکانی کەسوکاری سەعید هەم ئاگاداری ئەم وردە هەواڵانەن و، هەم بە شانازییەکی زۆرەوە ناوی دێنن و یادی ئەکەنەوە.

سەعید تا گۆڕ غەریب بوو، بە سەڵتی ژیا. یادی بەخێر.

---


سەرچاوەکان

بریتین لە بیرەوەری ئەم بەڕێزانەی لای خوارەوە سەبارەت بە ((سەعید)):-

١- مەلا عوبێد ((عەبدوڵڵا مەلا حەسەنی عەللاف)): ڕۆژانی ٢٩/٤و ١٨/٥/٢٠٠٠و ، نووسراوی چوار لاپەڕەیی ١٣/٣/٢٠٠٠ی کاك ڕزگاری کوڕی.

٢- قادر ئەحمەد خیلان: ڕۆژی ١٨/٥/٢٠٠٠.

٣- مەحمود ئەحمەد خیلان ڕۆژانی ١٤/٥و ٣/٦/٢٠٠٠.

٤- ئەحمەد قادر سالح جانی: ڕۆژی ١٨/٥/٢٠٠٠.

٥- عەبدولغەفوری مەلا حەسەنی عەللاف: ١٨/٥/٢٠٠٠.

٦- کەریم زەند: ڕۆژانی ١٦/٧/١٩٩٧، ٦/٣/٢٠٠٠و، نووسراوەکەی کاك ڕزگار عەبدوڵڵا.

٧- محەمەد سەعید بەگی سەلیم بەگی جاف: ڕۆژی ١٩/٥/٢٠٠٠.

٨- نەعیمە ئەحمەد: ڕۆژی ٢٠/٢/٢٠٠٠.


---

پەراوێزەکان

*دوا بەدوای بڵاوبوونەوەی وتاری ((سەعید تەتەری نەناسراوی کوردایەتی)) لە ژمارە ١٠ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٩ی گۆڤاری ((هەزارمێرد)) دا ، ڕۆژێکی مارتی ڕابردوو کاك عومەر عەبدوڵڵاعەزیز سەری لێدام و وتی: مامۆستا براهیم ئەحمەد ئەو نوسینەی تۆی خوێندووەتەوەو، بە تەلەفون بە نەعیمەخانی خوشکی ڕاسپاردووە زانیاری زیاتری لەبارەی ((سەعید))ەوە بۆ پەیدا بکەن. ئەویش منی بۆ ئەم

کارە دەستنیشانکردووە. منیش ئاگادارم کردووە کەوا خەریکە زانیاری نوێم لەبارەیەوە دەست ئەکەوێ‌و، هەر کاتێك گەڵاڵە بوو بڵاوی ئەکەمەوە. کاك سۆران مەحویش لەلایەکی ترەوە ڕۆژی ٢٠٠٠/٥/٢٣ وتی: مامۆستا برایم بۆ هەمان مەبەست تەلەفۆنی بۆ کاك عوسمان ئەسعەد مەحوی ئامۆژام کردووە. بەداخەوە مامۆستا ٨ ی نیسانی ڕابردوو کۆچی دوایی کردو ئەم نووسینەی ئەدی کە زانیاری نوێ‌و زیادەی کەسوکاری سەعید خۆین.

١- مەلا عەبدولڕەحمانی پێنجوێنی کوڕی مەلا محەمەدی مەلا ئیبراهیمی نەوەیەکی سەید نوورەددینی بریفکانییەو. دەوری ساڵی ١٢٥٠ی‌ك ١٨٣٤ی‌ز لە پێنجوێن لەدایك بووە. بە فەقێیەتی سلیمانی سنەو ڕەواندزو تورجان گەڕاوەو ئیجازەی مەلایەتی لە مەلا عەلی قزڵجی وەرگرتووە. پاشماوەی ژیانی لە پێنجوێن بە دەرس وتنەوەو نوسینەوە گوزەراندووەو گەلێك مەلای زانا ئیجازەیان لێ وەرگرتووە. تەعلیقی بەسەر زۆر کتێبی دینییەوە هەن. ساڵی ١٣١٩ ی ك (١٩٠١ز) کۆچی دوایی کردو هەر لە پێنجوێن نێژرا. (بڕوانە: عەبدولکەریم محەمەد ئەلمدەرس، علماؤنا في خدمە العلم و الدین ط١، بغداد، ١٩٨٣، ص ٢٧٨-٢٨١).

٢- کاك قادری ئەحمەد خیلان پشت بەستوو بە- گوایە- دەفتەرێکی ٦٠-٧٠ لاپەڕەیی دەستخەتی مەلای ڕەش خۆی کە کاتی خۆی دیویەو ئێستا دیار نیە، وتی: مەلا محەمەد فەقێی کاك ئەحمەدی شێخ بووەو بە فەقێیەتی زۆر شوێن گەڕاوەو دواجار لای شێخ عەلائەدینی بیارە گیرساوەتەوەو ئیجازەی لێ وەرگرتووە)). بەڵام مەلا محەمەد زیاتر تێکەڵی بنەماڵەی مەلا حەبیبەی عەلاف بووەو هەر لەلای ئەوانیش مردووە، بۆیە نەوەکانی ئەو بنەماڵەیە پتر ئاگاداری ژیانی بوون‌و باشتر ناسیویانە. پاشان کتێب‌و دەستنووسەکانی مەلا محەمەد کەوتوونەتەلای ئەو بنەماڵەیەو دەفتەرێکی لەو شێوەیەیان نەدیوە، لەبەر ئەوە زانیاری بەڕێز مەلا عوبێد سەبارەت بە ژیانی مەلای ڕەش بە دروستتر دەزانم، پاشانیش نەبیستراوە شێخ عەلائەدین ئیجازەی مەلایەتی دابێ.

٣- عەبدولڕەحیم لە ((گوڵە قادر))ی ژنی، هەر کچێکی ((مریەم)[1] ناوی بووە. مریەم ((١٩٠٩- ١٩٩٢/٣/١٩) لە ئەحمەدی قادر وەیسی _خیلان) چوار کوڕو چوار کچی بووە، لەوانە (قادر-١٩٣١) وە (مەحموود-١٩٤٥) ماون. قادر دوای عەبدولڕەحیم‌و مەلا محەمەدی مردووەو لە ((فاتمە ئەمین))ی جێنشانەیی دوو کوڕو کچی بووە: مەحموود ((بە ناسنامە مستەفا)) (١٩٢٤- ١٩٩٥/٨/٣٠) و ئەحمەد (١٩٣٢)و مەنیج (١٩٣٣).جێی وتنە کاك مەلا عوبەید لەبەرەی باوکی (سەعید) ئاگاداری کردمەوە، سوپاسی دەکەم.

٤- سۆفی سەعید هەر یەك برای (ساڵح کوردی) ناوی هەبووە کە ئەوەندە دیندار بووە تەرکی دنیای کردووەو، چووەتە حەج‌و لە شاری (مەدینە) کۆچی دوایی کردووە. سۆفی سەعیدیش لە عەشقی پیری قەرەچێوار بڕیاریداوە تا مردن هەر شاڵ لەبەربکات‌و، بردوویەتیە سەر.

٥- وەتراقچی: کەسانێکی کۆنەفرۆش بوون‌و ئەمانەیان فرۆشتووە: گوریس‌و سەرکەلەو لغاوو زەنگۆڵەو پاشکۆی وڵاخ‌و لبادو ... (ئەکرەمی مەحموودی ساڵحی ڕەشە، شاری سلێمانی ، ب١ بەغدا، ١٩٨، ل٢٥٣).

٦- وەك کاك قادر و کاك مەحموودی برای لە زمانی (مریەم)ی دایکیانەوە ئەگێڕنەوە: سۆفی سەعید وا مەلا محەمەدی بەدڵدا چووە، خۆی لە سلێمانیەوە

حەلیمەی کچی کە لە خالێی حەمە شاخیی مایاوایی بوو، بۆ بردووەتە دێی قەرەتۆغان و پێشکەشی کردووە.

٧- مەلا حەسەن لە نایابی کچی محمد (حەمەبۆر)ی وەسمانی قەرەداخی سێ کوڕو دوو کچی بووە: محەمەد سەعیدو مەلا عوبێد (عەبدوڵڵا) (١٩٢٤)و (عەبدولغەفورو (١٩٣٢) و ئامین و مەعسووم.

٨- مەلا عوبەید لە دایکی بیستووە: مەلای ڕەش دوا ڕۆژەکانی ژیانی وتوویە نەخۆشییەکەم (مرض الموت)ە، بەڵام ئەو لێی تێنەگەیشتووە.

٩- بەقسەی مەلا عوبێد ئەو کتێبانە لای حاجی غەفووری برای و مەعسوومی خوشکی بوون لە خانووە کۆنە کەلەپوریەکەیان لە گەڕەکی دەرگەزێن و، ئێستا نەماون.

١٠- جێی باسە، من خۆم بۆ یەکەمین جار ڕۆژی ١٩٩٧/٧/١٦ هەندێ زانیاری سەرەتاییم لەدەمی مامۆستا کەریم زەندەوە سەبارەت بە مەسعوود )سەعید) تۆمار کردو، مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسفیش ڕۆژی ١٩٩٨/٧/١٩ چەند زانیارییەکی لەو بارەیەوە لە حاجی غەفووری مەلا حەسەنی عەللاف وەرگرت.

١١- مەلا عوبێد ساڵی ١٩٢٤ لە گەڕەکی مەڵکەندی سلێمانی لەدایک بووە. دەرسی دینی لەلای مەلا سەید غەفووری حاجی مامەند (١٨٨٩-١٩٦٤/٢/٢٥) لە مزگەوتی حاجی سەید حەسەن و لای مەلا مستەفای سەفوەت و مەلا موحسین خوێندووە. ٣-٤ ساڵێك لە قوتابخانەی زانستی بووەو پۆلی شەشی لە ١٩٤٠ دا تەواو کردووە. ١٩٤٤/٣/٢٨ بە کاتبی موستەورەدە دانراوە. پاش هەڵوەشاندنەوەی تەموین، جارێکی تر لە ١٩٤٦/٣/١٦دا دامەزراوەتەوە بە کاتبی بانقی کشتوکاڵ تا خانەنشین بووە لە ١٩٧٢دا. لقی بانقەکانی کشتوکاڵی زاخۆو هەڵەبجەو حەویجەی بنیات ناون.

١٢- کارگەچێتی: بریتیە لە پیشەی دروستکردنی فەرەنجی و سەرکڵاو (بۆ باران)و لبادو شەپقە بۆ بەر هەتاو سدارەو پووزەوانەو کیلی تفەنگ و پەستەڵ و سەرزین و نەرمەزین و ئارەقگیر (بۆ ئەسپ)و کەپەنەك (بۆ شوان)و... (بڕوانە : شاری سلێمانی، ب١، ل٢٣٧).

١٣- ساڵی ١٩٣١ لە گەڕەکی چوارباخی سلێمانی لەدایك بووە لە باوکەوە گڵەزەردەییە. خەیات بووەو شاعیرێکی میللیشە.

١٤- مەلا عەلی سووسێ، بە قسەی مەلا عوبێد کارمەندی دائیرەی ئەشغال بووە. سەرەتای ساڵانی حەفتا بووە بەژێر تراکتۆرەوەو گیانی دەرچووە.

١٥- زۆر پێلەچێ ئەمانە لەو کەلەکۆمەیەی ئاخرو ئۆخری ساڵی ١٩٤٨و سەرەتای ساڵی ١٩٤٩ی حکومەتدا دەستگیرکرابن کە دوا بەدوای گرتنی چەندین سەرکردەو بنکەی سەرەکی حیزبی شیوعی عێراق لە زۆربەی شارەکاندا دەستیپێکرد (عبدالرزاق الحسيني، تاريخ الوزارات العراقية، م٤ ج٨، ط٥، بيروت، ١٩٧٨، ص٨٧-٨٨).

١٦- وەك مامۆستا عەبدولڕەقیب یووسف وتی ڕێی تێئەچێ ئەو دەفتەرە هەر لێکۆڵینەوەکەی خوالێخۆشبوو تۆفیق وەهبی بووبێ کە بۆ ناسینەوەی بەشەکانی ئەو قەڵایە بەکاری هێناوەو بەم ناونیشانەیە: قلعة كيانية في شمال العراق، بحث مستل من مجلة الكاتب، العدد الثاني، ١٩٥٨).

چەند ساڵێکە لێکۆڵینەوەیەکی مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسفم لەسەر شوێنەوارەکانی دۆڵی زەرزێ لەلایە. وا تازە خەریکی داڕشتنەوەو ئامادەکردنیم.

# بەڵگەنامەکانی ئینگلیز

# لەسەر کێشەی کوردی تورکیا

# (١٩٣٨-١٩٢٤)

لەئینگلیزیەوە وەرگێڕانی: سەلمان علی

سەرنج: ئەم بەڵگەنامانە کە لەم ژمارەی ((هەزارمێرد)) بەدواوە بڵاودەبنەوە، بریتین لە برووسکەو راپۆرتەکانی باڵوێزی بەریتانیا لە تورکیا، سەبارەت بە باری ناوخۆی ئەو وڵاتەو کێشەی ساڵانی ١٩٢٤-١٩٣٨ی کوردی باکوورو تایبەتن بە شۆڕشەکانی شێخ سەعیدی پیران و ئاگری و درەسیم. بەڵگەنامەکان بەکتێبێکی سەربەخۆن و، ساڵی ١٩٩١ لە ئەنقەرە بۆ دووەم جار بەم ناونیشانە چاپکراوەتەوە:

**Ingiliz Belgeleriylre TURKIYEDE KURT SORUNU 1924-1938. Hazir Liyan; Bilal N.simsir**

بەڵگە نامەکان ١١٩ دانەن و لە ٣١١ لاپەرەدان و، بە٤٩ لاپەرە بە تورکی هەریەکەیان ناسێنراوە. پێویستە بڵێم وێنەی بەڵگەنامە ئەسڵیەکان لە کتێبەکەدا نین و، لێرەو لەوەوپێش هەڵەی چاپ لە دەقەکاندا هەیە. جا نازانم ئاخۆ تا چ رادەیەک بەئەمانەتەوە چاپکراونەتەوە.

شایانی باسە کاک سدیق ساڵح پێشنیاری کرد ئەم بەڵگەنامانە لە ئینگلیزییەوە بکەمە کوردی و، ئەرکی پێداچوونەوەیشی لەڕووی زمان و رێنووس و راستیی ناوەکانەوە خستە ئەستۆی خۆی، سوپاسی دەکەم.

* * *

بەڵگەنامەکان:

ژ:١

## مستەر هندرسن بۆ مستەر مکدۆناڵد (٢٨ی تەمووز وەرگیراوە)

ژمارە(٥٧٢)

قوستەنتەنییە، ٢٣ی تەمووزی ١٩٢٤

گەورەم

بارودۆخی سیاسیی نێوخۆی تورکیا لە دوومانگی رابردووەوە بەرواڵەت وەستاوە. ئەو گەردەلوولە کە ماوەیەکی درێژ دەوری(فەریدبەگ)ی وەزیری ناوخۆیدا، پاش سەرکەوتنی بەسەر رەجەب بەگدا، کە دامەزراندنەکەی لەبرووسکەی ژمارە ٤٢٧ی ٢٨ی ئایاری (مستەر لیندسەی) داهاتووە، بەخێرایی دامرکایەوە. پاشان فەریدبەگ پشت گوێخرایەوەو، بایەخی جەماوەریی لەبەر رەشەکوژیی ئەرمەن و پەنابەرە مەسیحیەکانی تر کە داوایان کردبوو بگەڕێنەوە بۆ تورکیا، کەم بووەوە. لەدواییداو جارێکی تر بەهۆی بڵاوکردنەوەی ئەنجامە جۆراوجۆرەکانی کۆمیتەی لێکۆڵینەوە وە بایەخی پێدرایەوە. ئەوەی پێویستە ئێستا بوترێت ئەوەیە کە ئەگەر حکوومەت بڕیاربدات رێوشوێن لەدژی ئەوکەسانە بگرێتەبەر کەبەپێی راپۆرتی کۆمسیۆنەکە تاوانبارکراون، ئەوا پێدەچێ قەتڵوعامەکە جارێکی تر ببێتەوە بە هۆکارێکی گرنگ لە بارودۆخەکەدا؛ ئەگەر ئەوەیشی نەکرد، ئەوا هەر کە ئەنجومەنی نیشتیمانی مەزن تشرینی یەکەم کۆبووەوە، دەبێتە ئەو کوتەکەی کە بۆ لێدانی ئەوان بەکار بهێنرێت.

٢-نیاز خراپیی نێوان ئەنگۆرە* و قوستەنتەنییە هەر لە ئارادایە، بەڵام وەکو پێشووتر مێندە توندوتیژ خۆی دەرناخات. سیاسەتمەدارانی ئەنگۆرە زۆر ناکۆکن و دەشێ گوشارێکی رەزا گرانیش کەوتبێتە سەر قوستەنتەنییە، کە بێگومان بەهۆی گەرمای هاوینەوە توندتر بووە. ئەمە سەرەڕای کۆششی بڵاوکراوەکان بۆ بەیەکەوە بەستنی بەرژەوەندیی بوارە ئابوورییەکان کە هۆکاری هەرەگەورەی ململانێی نێوان سەرمایەدارە دێرین و نوێیەکانە. حەیدەربەگی والی و بریکاری فەرمانڕەوا کە زۆر باسی دەکرێت، پاش شکستی فەریدبەگ، لێرە لەپۆستەکەی لادراو کرایە فەرمانڕەوای ئەنگۆرە، ئەو شوێنەی کە بۆچوونێکی گومانلێنەکراوی

تێدابوو و، باشتر بەتەنگ دارشتنی پرۆژەکانی نەخشە دانانی شارەوە بوو لەچاو قوستەنتەنییەدا کە لەبری بەخشینی نانی پێویست بە دانیشتوانی خەریکی دروست کردنی شەقامی پان و جۆگەی جوانکاریبووە، زەمینە بە جیاکردنەوەی ئۆفیسەکانی والی و فەرمانڕەوا جارێکی تر ڕەخسێنرایەوە. ڕێکخستنی هاوبەشیشیان یەکێکە لەو مەتەڵە هەمیشەییانەی کە سیاسەتمەدارانی تورکیای سەرسام کردووە. ڕەشید بەگی والی تازە ناوبانگی کەمەو زۆر بەدەگمەن شتێك لەسەر ئەوکارانە دەبیسترێت کە ئەوکردبنی. ئەمین بەگی فەرمانڕەوای نوێ زیاتر دیارە، چونکە دەمەقاڵەی توندو تیژی لەگەڵ ئەنجومەنی شارەوانیدا هەبوە، ئەمەی دوایی کەسێکی هەڵبژێردراوەوخاوەنی گیانێکی ڕەخنە گرانەیە، لەگەڵ ئەوەشدا تەنها کارمەندێکی حکوومی نییە، بەڵکو ئەنگۆڕە لەدەرەوە هێناویەتی.

٣- ئەم دوو کارمەندە گەورەیە لەو بایەخپێدانە سەرنج ڕاکێشەی دەسەڵاتدارێتی حکومەتدا، کە لەدوای دەرکردنی خەلیفەوە قوستەنتەنییە بەخۆیەوە بینیوە، هاوکاری یەکتر بوون. ئەمە چەند هەفتەیەك لەمەوبەر سڕینەوەی ئیمتیازی سەندیکای حەماڵەکان بوو.حەماڵەکان و خاوەن بەلەمەکان دوو کۆمەڵی بەهێزی سەندیکا کۆنەکانن و، لەمێژەوە دوو سەرچاوەی ڕەخنەو نارەزاییبوون و، یەك لەدوای یەك لە کوردەکان و لازەکان پێکدەهاتن.ئەمانە کە لەلایەن چەند سەرکردەیەکی دیاریکراوەوە پشتگیرییان دەکرا، بووبوونە یاسا بۆ خۆیان و، ئەمەش لەهەمان کاتدا مەبەستی ڕێکخراوە سیاسیەکان بوو بۆ لێپێچانەوەیان. حەماڵەکان سیستەمێکی چڕوپڕیان هەبوو کە بەهۆیەوە نەك تەنها سەندیکایەکەیان بەگشتی وەکو پاوانکردنێکی حەماڵ هەبوو، بەڵکو ناوەندی تایبەت بۆ بەشە تایبەتییەکان تەرخانکرابوو. ئەمانە کێشمەکێشی ناوخۆییان هەبوو کە سۆز بەسەریدا زاڵ بوو، بەلاَم بەرانبەر بە تازەهاتووەکان، بەیەك دەنگ پشتیوانییان لە ئیمتیازەکانیان دەکرد. والی و فەرمانڕەوا، بە فەرماندان بەوکەسانەی کە مۆڵەتیان وەرگرتبوو بۆ حەماڵی کردن جێیەك بێت، مانگی ڕابردوو گورزێکی کاریگەریان لەقۆرخ کردنی گشتی و پاوانکارییە ناوخۆییەکان دا. چاوەڕوانی و پێشبینی کێشە ئەکراو، پێبەپێ قایم کاریشی بۆ کرا. سەندیکا چ لەبەر ئەوەی کەئەندامەکانی تەواوترسێنراوبوون، یان وەکو دەهرییەکان دەیانوت: چەند گۆڕانکارییەك ڕوویاندابوو، بڕیارێکی چاوەڕواننەکراوی بێهێزیدا. سەرکردەکان چوونە ئەنگۆرەو،

بێهیواکران. بەڵام هێشتا زۆر زووە گەر بڵێین هێزو دەستەڵاتی سەندیکا تێکشکاون. چەند ڕۆژێک لەمەوبەر ئاژاوەیەک لە قوستەنتەنییە قەوماو، بێگومان ڕووداوی لەم جۆرە لەڕابردووشدا بەرپابووەو، ئەمەیشیان کە هاتە ئاراوە پرۆتستۆیان ڕیسواکردنێکی نەخشە بۆکێشراو نەبوو دژی بڕیارەکەی حکومەت، هەرچەندە زادەی ئەو نائارامییەی ئەنجامیبڕیارەکە بوو. خەڵک هاوکات کەوتۆتە ژێر فشاری بایەخی دەسەڵاتەکەو چاکسازییەوە.

٤- داواکاری خەڵک بەگشتیسەرەڕای نارەزایی بەربڵاویان دژی حکومەت، لە قوستەنتەنییە بەرز بۆتەوە. یەک دوو حاڵەتی جیاواز، بەتەنها ئەو ماددە کڵپەسێنەیان نیشاندا کە لەنێو ئەو خەڵکە تۆقێنراوەدا هەیەو، ڕێزلێگرتنی دێرینی دەسەڵاتی هاوبەرگ(یونیمۆم) بەوشێوە باشیەی جارانی نەماوە، بەجۆرێکی وا کە لەدەوربەری ناوەڕاستی ئایاردا ڕووداوێکی بێنرخی دەرەوەی دەروازەی (ئەدریانۆپڵ) کە بریتی بوو لە دەمەقاڵەی جەندرمە لەگەڵ پیاوێکی سەرخۆشدا، بووەمایەی کۆبوونەوەی قەرەباڵغییەکی گەورە کە سۆزیان بەلای سەرخۆشەکەدا جووڵێنراو، سەرەنجام جەندرمەکان و چەند پاسەوانێکی دارستان کە بۆ هاوکارییان هاتبوون مامەڵەی ڕەقیان لەگەڵدا کرا. لەم ڕووداوەدا پەنا بۆ چەک براو، قوربانیەکانیش کەم نەبوون.

٥- چەند هەواڵێکی بچووکی وەک : ئەنجومەنی گەورەی نیشتمانی لە خول کۆبونەوەیدا نییە، لە ئەنگۆرەوە بەدەست دەگات. چەندین ڕاپۆرتمان سەبارەت بە کاری بەهێزی فەرمانگەکانی حکومەت پێ دەگات . ئەگەر چەند هێمایەک بۆ نیشاندانی ئەوە هەبێت ، ئەوا هیچ ئاماژەیەکی گەندەڵی لەناو وڵاتدا نییە . پێدەچێ چەند هەوڵێکی ڕاستەقینە بۆ هاوکاریی بەرژەوەندیی کشتوکاڵی درابن. بێ ئەژمار پرۆژە بۆ شتەکانی تر باس دەکرێن و ، چەند بڕیارێکی کەمی دیاری کراو دەشێ وەربگیرێت . کێشەیئەو هاوڵاتیە تازانەی کە لە یۆنانەوە هاتوون ، وەک دەڵێن، کەمو زۆر مایەی نیگەرانییە. بەکورتی ، وەزیرەکان لەبەرامبەر ئەو ماوەیەدا کە تاکرانەوەی ئەنجومەنی گەورەی نیشتمانی جارێکی تر هێرشیان دەکاتەوە سەر ، نە زۆر باش و نە زۆر خراپ بەڕێوە دەچن . مستەفا کەمال هەمیشە لە(چانکایا) پێگەکەی بە قایمی دەگرێت، ئەگەر بەڕاستی جگە لە کفتی و شەکەتیی ئەو پاڵەوانە ماندووە زیاتر باس بکەین ، ئەوا هەروەکو ناحەزەکانی دەڵێن: ئێجگار مودمنە لەسەر خواردنەوەی ماددە بێهۆشکەرەکان .

٦- مەحاڵە بوترێت ئەم شتانە چەندو

چییان لەژێردایە . پروپاگەندەی ئەوە لەئارادایە کە حکوومەت و تەنانەت کۆماریش کەوا سەرۆکەکەیان رەئووف بەگ و دەستەیەك ناسیۆنالیستی هاوپەیمانە، واتە خواجەکانی پاشماوە ناکۆك و خاوەن نفووزەکەی کۆمیتەی ئیتحادو تەرەقی و کوردانی بەپێشینە رۆژهەلاتین و ، لە بنەرەتەوە بەدەوری هۆکارە زانراوو هەمە جۆر کەم یا زۆرەکاندا دەسووڕێنەوە. رەئووف بەگ پاش چاك بوونەوەی، ماوەیەکی‌کەم پێش ئێستا لە ئەوروپا گەڕایەوەو بەدرێژایی سەفەرەکەی ( ویمبلی) ی لەگەڵدا بوو. لەم کاتەدا سەرنج ڕاکێشترین شت لەبارەیەوە ئەوەیە کە هەرچەندە بەخت یاری نییە ، بەلام دەشێ کۆمەکێکی باشی بۆ دابین کرابێت . تائێستا لەرووی سیاسییەوە هیچ خۆپیشاندانێکی نەهێناوەتە گۆڕێ. دەمێکە ئەو ئەسپە ڕەشە بووە کە هاتنە دەرێ لە تەویلەکەی مایەی سەرسامییە *٢

.خواجەکان بەشێکی گرنگی نارەزایی لە دژی کاری دنیایی و بێ دینی فەرمانڕەواکانی ئەمڕۆ پێك دێنن، بەلام ناکۆکن و زیاتر بە هێزێکی ڕێتێچووین دەنرێن وەك لەوەی ڕاستەقینە بن. هەموو کەسێك هەواڵی خۆپیشاندانە ناوبەناوە کانی نارەزایی جەماوەر دەبیستێت کە پشتگیری بۆ واعیزی (سەلەوکە Seleuke) کەوا چوار مانگە وتارێکی کۆنەپەرستانەی داوەو لەسەری گیراوەو بەشێوەیەکی ئاسایی لە ئەنگۆرە دراوەتە دادگاو حوکمی مردنی دراوە ، وەکو هەوڵێکی بەقسەیش بۆ کردنەوەی قوتابخانە ئاینیەکان لە شوێنێکدا کەدەکەوێتە کەناری دەریای ڕەشەوەو ، هەروەها بۆ پشتیوانیی خواجە کۆنەکانی ئەنگۆرە کە لە ئامۆژگاریەکانیاندا بە ئامادە بوونی خودی مستەفا کەمال ١٣ی تەموزی یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربان ، لەکاردانەوەی بێکەڵکیی کاربەدەستەکاندا دەروونی خۆیان ئاسوودە کردبوو . بەڕێزێکی ئارادەیەك بێ ئاگا لە هەمان چین ، ئەم دواییە ، ویستی پەیوەندی بەم شاندەوە بکات. پێویستە ئەوە بڵێم کە هیچ پشتگیرییەکی لێ نەکرا؛ بەلام گرنگە سەرنجێك لە قسەکەی بدەین کەوتی:

خواجەکان ئۆپۆزسیۆنێکیان لەسەر بنەمای گێڕانەوەی خەلیفە پێکدەهێناو ، پەیوەندی ناپاکانەیان لەگەڵ کۆمیتەی ئیتحادو تەرەقیدا، کاتێك لەلایەن خائین قەرە کەمال بەگەوە نوێنەرایەتی دەکرا، دامەزراندو هەروەها ئارەزوویان دەکرد لەگەڵ رەئووفدا کاربکەن، بەلام وایان هەست دەکرد کە پێویستە لەوەی مستەفا کەمال کردوویەتی زیاتر بکات. بەهیچ جۆرێك هەواڵی ڕاستەوخۆی چالاکییەکانی کۆمیتەی ئیتحاد و تەرەقی نییە، بەلام کەسانی وەکو جاوید بەگ و ڕەحمی بەگ و

لـە ئاسـتێکی نزمـتردا قـەرە کـەمال کـە لەمەوبـەر باسمـان کـرد، هەرچـەندە لـە ڕوخساردا هێمن بن ، هـەرگیز نـاتوانن واز لـە حسـابەکانیان بێنـن . جـاوید بـەگی سەرنووسـەرو ڕێبـەریان جـارێکی تـر لـە ئەورووپاو لـە پشـوودان گەڕایـەوە تـا بـە قەڵەمـە جـەرگبڕە کـەی ئـازاری حکوومـەت بدات. ئەمجا کوردەکـان ، ئەم گەلـە ئـاژاوە گێڕە هەمیشـە لـە هەرێمـەکانی ڕۆژهـەڵاتدا نائـارامن. ماوەیـەکی کـەمی پێـش ئێسـتا نامەیەك بۆ ئەو مەسەلەیە نێردرا کە هەموو کۆمیتە ناوخۆییەکان ئامادەی بزاوتننو ، نێردراوێکیشیان بە هـەموو دەسـەڵاتێکەوە بۆ وتووێژ لەگەڵ ناودارانی کوردی ئێرەدا نـاردووە. (مســتەر رایـان) داوای لێ کـرا پێشوازی ئـەو کەسـە بکـات . بـەڵام ڕەتـی کردەوە بە پێی ڕاپۆرتێکی تر ، هەرچەندە پشت ڕاست نەکراوەتەوە ، تەنانەت زۆڵفی بەگی قۆمیسەری دیار بەکر ، کە لە لۆزان وەکو کوردێکی جیایینەخواز نیشان درا ، یاخی بووە. هەموو ئەم ئاماژانە، هـەروەکو چۆن ئاڵۆزن ، نەبوونی جیبگیری و هێمنی لــە وڵاتـــدا دەخەنـــە ڕوو و، دیمـــەنی گەردەلولێکی نوێی سیاسی دەنەخشێنن ، ئەمـە لـەکاتێکدا ئەنجومـەن ئەگـەر هیـچ ڕوونـەداو کۆبوونـەوەکانی خـۆی پێـش نـەخات مـانگی ئۆکتۆبـەر کۆدەبێتـەوە . بـەڵام لەهـەمان کـاتدا عیسـمەت پاشـا بـەردەوام ڕێگـای خـۆی دەگرێـت . لـەو کاتەوەی کە لە فەرید بەگ دوور کەتۆتـەوە هیچ نیشانەیەکی جەماوەریی وا نییە کە لە پۆستەکەیدا بێهێز بووبێ . تەنها پێویست بوو گۆڕانێکی تری گرنگ لـە کابینەکـەیدا بکات و، ڕەفعەت بەگ لە جێی جەلال بەگ کـە کابینەکـەی بـۆ هاوکـاری کـردن لـە دروسـت کردنـی بـانکێکی نوێـی ئـاڵۆزی نیشـتمانیدا بـەجێ هێشـتووە، بـەوەزیری بینـا کردنـەوە دەسـت نیشـان بکـات، هەرچـــەندە ئەمـــەیان بایـــەخدار نییـــە. تەندروستی پاشا باش بووەو، سوودی لە جـەژنی قوربـان بـۆ سـەردانی سمیرنـا ناوچـــەکانی دەورو بـــەری وەرگرتـــووە. مەبەستی ئاشکرای ئەم گەشتەی سەردانی خێزانەکەی و گێڕانەوەیان بوو بۆ ئەنگۆرە. بەڵام ئەمە خاسیەتێکی سیاسیشی هەیەو، پێنـاچێ بـۆ قسـەکردن جیابـەجیا لەگـەڵ ڕەئووف بەگ و ڕەحمی بەگدا کە ئەو کاتە لە سەمیرنا بوون، هەلی لەدەست دابێت.

٧-نـاتوانم بـەبێ کورتـەی وتـە گرنگەکـەی ١٦ی تـەمووزی مەگنیسـیای عیسـمەت پاشـائەم ڕاپۆرتـە بـەپێزتر تەواوبکـەم. شـەرەفی ئـەوەم هـەبوو کەبەشـێکی ئـەو وتەیەتان لەبرووسکەی ژمارە ١٢٧ی ١٨ی تەممووزدا بۆبنێرم.

٨-پاشـا سـەرەتا بەپیاهـەڵدانی خـەڵکی مەگنیسـیا دەسـتی پێکـرد. پاشـان وتـی: هیـــــــــواداره لەڕێگـــــــــەی چالاکییەکانی حکوومەتـــەوە قـــەرەبووی

ئەوان‌و جەماوەر بکاتەوە. هەروەها لەوتەکەیدا هاتبوو کە خەڵکی هەمەجۆری لەماوەی گەشتەکەیدا بینیوەو، زانیاریی لەسەر ئەو کێشانەی کە خەڵك پێوەیان دەناڵێنن وەرگرتووە* پاشتر هاتە سەر باسی ئاوارەکان، بەتایبەتی کێشەی نیشتەجێبوونیان. هەروەکو ئاماژەی پێکردبوو، ئاوارەکان لە زۆر ناوچەدا ژیانیان ناخۆش بوو، پێدەچوو ئاڕێکوپێکی هەبووبێ، بۆیە چاودێری ورد پێویست بوو. جێبەجێکردنی ئەمەش بووەمایەی کونترۆڵکردنی باروەدۆخەکەو، شتی زیادە دابین نەکرا. ولات پێشوازیی ئاوارەکانی کردبوو و،سەرەڕای ئاناڕامی خۆی،ئەرکی خۆی بوو هەرچی پێدەکرێ، بۆئەو کۆمەڵە هاونیشتمانیانەی دەرەوەی سنوورەکەی کەپێوست بوو بهێنرێنەوە بۆ تورکیا، بیکات

٩-پاشا ئاوارەکانی زیاتر ئاگادار کردەوە تا زیادەڕەوی لە داواکانیاندا نەکەن.ئەو وتی هەموو کەلوپەلی بەجێماوی یۆنانیەکان کە بەشێوەیەکی یاساییولاتیان بەجێ هێشتبوو بۆ ئەوان دەبن.هیوای خواست کە سەرپێچی ئەم بنەمایە نەکرێت‌و هەموو هەوڵی خۆی بخاتەگەر بۆ زاڵ بوون بەسەر ئەو کێشانەدا کە هەن، ئەویش بە تاقیکردنەوەی جیددی جێگەی هاوبەشی تازەهاتووەکان‌و دانیشتوانە کۆنەکان.ئەمجا کەوتە باسکردنی پڕۆگرامی حکوومەت بۆ بیناکردنەوەی ولات.وەکو پاشا وتبوی :کێشەی گەورە بینای نوێ بوو.کارێکی ڕاست نەبوو کە پایتەخت لە زیادکردنی ئەمانەدا نوقم بکرایە.چارەسەری ڕاستەقینە لەبوژاندنەوەی ئابووریدا بوو.کردنەوەی بیناکان تەنها بە ڕێژەی پێویست لەلایەن دەوڵەتەوە دیاری کرابوون. بیناکردنەوەیراستەقینە لەگەڵ سەرکەوتنی ڕێوشوێنە ئابووریەکاندا هاوئاهەنگ بوو، چونکە پشتیوان (اعتماد)ە گرنگەکانی بودجە بۆ مەبەستی ئابووری وەلانرا بوون.پاشا زیاتر لەسەر ئەنجامە بەدی هاتووە سەرکەوتووەکانی بانکی کشتوکاڵی‌و دابەشکردنی تۆووجۆرەکانی تری هاوکاریی دەوڵەت بۆ کشتیاری ڕۆیشت. ئەو لای وابوو زۆربەی بەرهەمەکانی ئەمساڵ باش بوون، بەلام ئائێستە لەبیری ئەوەدایە کەچۆن لەساڵانی ئایندەدا ئەوبەرهەمانە دووهێندەتریکات. دەزگا دارایی‌و ئابووریەکان دەبوو گەشەیان پێبدرێت‌و بەهێزبکرێن. بانکی کشتوکاڵی هەرگیز لەمەوبەر مەبەستێکی هێندە گەورەی پەرۆشی حکومەت نەبوە. قەرزی هەموو شتێکی تا ساڵی(١٩٠٨) دراوەتەوە.

١٠- عیسمەت پاشا ئاماژەی بە قەوارەی سەرمایەداری خۆماڵیکرد کە لە بانکەکانی ئەورووپاوە گەشەیانکردووە. بە بۆچوونی

ئەو، بانکی کشتوکاڵی و پشتیوانی نیشتیمانی شایستەی هەموو متمانە پێکردنێک بوون. حکومەت لەهەوڵی ئەوەدابوو کەپێگەی ئەمەی دواییان بەهێزبکات و، دامەزراوە دارایی و ئابوورییەکان- کەهەن یان لەپرۆسەی دروست بووندان- بەهەموو شێوەیەك هانبدات پاشان ئاماژەی بەبانکی کاروبارە جۆراوجۆرەکان و پرۆژە هاوشێوە هەمە چەشنەکان کردو، هیوای خواست بەرهەمەکانیان ببینێت. دواتر لەسەری رۆیشت و باسی هێڵی ئاسن و هۆیەکانی تری گواستنەوەی بەگشتی کرد، هەروەکو پاشا وتی: (١٣٠) ملیۆن لیرەی تورکی بۆ ئەوەی پێشوو خراوەتە لاوە، تا کۆتایی ساڵ (٢٠٠کم) هێڵی ئاسن جێگیردەکرێت. دەشێ ساڵی داهاتوویش زیاتری لێ ئەنجامبدرێت. گواستنەوە بە هەردوو رێگای زەمینی و دەریاییدا گرنگ بوو و، کەموکوڕی لەرێك و پێککردنی بەندەرەکاندا هێشتا زۆربوون

١١- پاشا سەبارەت بەکاروباری دەرەوە قسەی کرد کە لە برووسکەی ژمارە ١٢٧ی ١٨ی تەمووزم دا ئاماژەم پێکردبوو. دواتر درێژەی پێداو لەچەند رستەیەکدا کەشایانی ئەوەن بە دەق و فەرنسییەکی نیمچە رەسمی بخرێنە روو باسی مەسەلەی قەرزی گشتی کرد:

((پەیمانی لۆزان)) کێشە گرنگەکەی تری بۆ چارەسەر نەکردووین کەقەرزی دەوڵەتە. قەرزەکان بەقیست دەبن و، دەبێ ئەوبەشەی دابین کەین کە پێویستە بیدەینەوە. بودجەی پشت پێبەستراوی ئەوساڵە لەلایەن ئەنجومەنی مەزنی نیشتیمانیەوە چەند دەستکارییەکی سەبارەت بە ژمارەو مامەڵەی پشتیوانانی قەرزی دەوڵەت تێدا دەکرێ. رێگای بەدەستهێنانی باجمان لەهەموو نووسینگەکانی باج سەندنی دەوڵەتەوە دیارکردووە. پێشتر بەپێی مەرسوومی مانکی موحەرەم رامانگەیاندووە کە سیستەمی ئیش و کارمان پێوانەیی نەبووە. ئێوە دەزانن ئێمە لە لۆزان چەند شتێکمان خرایە بەردەم تاڕازی بین ئەم مەرسوومە بپشکنرێ. ئەم پێشنیارەمان بەداکۆکیی شێلگیرانەو رەوا رەتکردەوە. ئەو گۆڕانکارییانە کە دامانن ئیدارەی ناوەندیی قەرزی دەوڵەتیەوە پاساودرانەوە کە پێویستمان بەئابووری هەیە. ئەم گۆڕانکارییانە دەرەنجامی پێویستیەکانی بوودجەن. ئەمە یاسای ئەنجومەنی نیشتمانی مەزنە، رازی نابین زیان بە بەرژەوەندیی موڵکداران بگەیەنرێ، ئێمەیش لەماف و بەهرەی قەرزداران واوەتربچین. قەرزەکانمان دوای لێکحاڵیبوون لەگەڵ پارەداراندا، دوای ئەوەی پێکەوە رێوشوێنێکی دانەوەیان لەگەڵدا دادەنێین، دەدرێنەوە. ئەمە ئەو

کێشـــەیەیە کـــە هەمیشـــە داکۆکیمـــان لێکردووە. ئەوەیشـــی دەخەمـە پـاڵ، ئێمـە هەستمان نەکردووە زۆر داگەییوبین. بۆیـە بۆپاراســتنی بـارودۆخی ئیستاســۆراخی هەمان ئیمکانیاتمان کردووە. ئێمە پێمان خۆشە لەنزیکترین کاتدا لەگەڵ نوێنەرانی موڵکدارانـدا بـۆ چارەسـەری ئـەم کێشـەیە بکەوینە گفتوگۆ. ئەگەر نەمانتوانی دەست بەدانوستان بکەین، ئەوسا کێشەکە لەوەدا دەمێنێتـەوە کـە هێشـتا پەیمانەکـە کـاری پێنەکراوە[٣]

١٢- بەقسـەی عیسـمەت پاشـا گرنگـترین مەسـەلەی دەرەکـی کەمابێتـەوە بڕیاردانـە لەســــــەر ڕێکەوتننامــــــەی لــــــۆزان، دواخستنیشـی کـەم و زۆر بـەهۆی هـەندێ هۆکـاری یاسـایی و ڕەواوە بـووو.ئـەم هۆکارانـە کزدەبـوون‌و، پێدەچـوو بەشـی زۆری ئیجرائاتی پێویسـت کرابێـت. بـەڵام ویستی پێ لەسەر ئەو ڕاستییە داگرێت کە تورکیـا بـەو ڕێکەوتنـەی وا لـە لۆزانـدا ئیمزای کـردووە دڵخـۆش بـووەو،لەهـەمان کاتیشـدا چـاوەڕێی جێبـەجێ کردنـی نـەکردووە. تورکیاپـەیوەندیی ئاسـایی لەگـەڵ ئەڵمانیاوئەمساو...هتـد بەسـتووە، پەیوەندییـــــــەکانی دەرەوەیشـــــــی لەسـەربنەماکانی ڕێـزی هاوبەشـی نێـوان دەوڵەتـە هاوتاکـاندا بـەردەوام لـە بـەرەو پێشـچووندابوون. گەشـەکردن‌و ئـارامیی ناوخۆیی بـەجۆرێك بـوون کـە بووبوونـە مایەی ئەوەی کە وادۆسـت‌و بیگانـە بـڕوا بـەتوندو تۆڵیـی ڕژێمەکـــەی بـــهێنن‌و، پێویست نەکات لەنێوخۆیاندا لەئاسایشی ناوخۆیی بدوێـن. ئـەم هێمنی‌وئارامییـەی ڕژێمـە نوێیـە کۆمارییەکـە هـەرگیز لـەوەو پێش بەرقەرار نەبوو بوون.

١٣-پاشـا دوای هـەندێ تێبینییگشـتی سـەبارەت بـەکاروبارەکانی خـەڵك، کەوتـە سـووکایەتیکردن بەهەوڵـەکانی هـەندێ گیـانیوورە ڕۆخێـن کـە بێئومێـدی لـەنێو خـەڵکدا بڵاودەکەنـەوە و ئەوانـەیش کـە بەرەخنـەی تێکـدەر عـەقڵی گشـتی دەشێوێنن. دەرەیشی خست کە هەوڵیداوە بەرنامەکەیان لەسەر پێداویستیەکانی خەڵك کەڵاڵە بکـات‌و، هیـوا داربـوو خـەڵك وەکـو یەکـەم هـەنگاو پـێی ڕازی بـن. ئەمـە کێشـەیەکی بـێ ئـەژماری خسـتبووە ڕوو،ئیتر هیچ شتێك نـەیدەتوانی ڕێ لـە بـەردەوام بوونـی بگـرێ‌و، هێزو پێزیشـی نەك هەر لە نیازەکانی داهـاتوو، بگـرە لـە کاریگـەریی پێشـتری بەرنامەکەیشـەوە وەرگرتبوو.

١٤- ئەوبڕگەیـەی جگـە لـە دوا دەربڕینـی سوپاسگوزاری بۆ مەگنیسییەکان و چەند ڕسـتەیەکی بـاوی‌تر، کۆتـایی بـە قسەکانیپاشـا هێنـا، تایبـەت بـوو بـە مەسـەلەی پـڕۆژە دەرەکییـەکان لـە تورکیـادا.((ئەمـەش وەرگـێڕاوی دەقـی فەرەنسی قسەکەیەتی- وەرگێڕ)).

((ئێمە هەمووکارێك بۆ ئەوسەرمایەدارە بیانییە ئاسان دەکەین کە بیەوێت لەلای ئێمە کاربکات. ئەو سروودانە کە ناحەزانمان بۆ ئەم مەسەلەیەیان داناوە دەبنە وێردی سەرزمانی ئەوکەسانەی وا نایانەوێ سەرمایە لەدەرەوە بێتە ناوەوە. ئێمە حەزدەکەین سەرمایەدارە. چالاکەکان لای ئێمە پارەیان بخەنەکار و، ئامادەین هاوکارییان بکەین. بەلآم نامانەوێ ئەوئمتیازانە بدەینە هیچ کەسێك کەرێیدەدەن زێرپی دەولەت بماشێتەوە. ئەوان کە بەسەرمایەو زیرەکی و بەهرەی خۆیانەوە دێن شەرەفمەندانەو یاساییکاربکەن، هەموو دەرگایەکیان بۆدەخرێتە سەرپشت. دیارە ئێمە ناتوانین هیچ بدەینە ئەو کەسەی کەبۆ نموونە دێت ئیمتیازی کانەکانی مەگنیسیابۆ ماوەی پەنجا ساڵ وەربگرێ، تاپاشتر دەستیان بەسەردا بگرێ. هەرکەسێك بێتەلامان یەکەمین پرسیارمان لێی ئەمەیە: چەندی پێدەچێ تا دەست بەکاردەبێت؟ شتێکتان پێدەلێم سەرسامتان دەکات، بەگشتی هەن پێیان وایە ولآتەکەمان کانگایەکی کەرەستەی خاوی نەبڕاوەی هەیەو، بۆ نەگبەتییش ئەم چینانە هێشتا بەرهەم نەهێنراون چونکە تائیستا لەم ڕووەوە کارمان بۆ ئاسان نەکردوون. ڕاستیەکەیشی شتێکیترە. هەرچینێك لە هەر گۆشەیەکی نادیاری ولآتدا بێ خاوەنی پێشتری خۆی هەیە. هیچ شتێك نادرێت. ئیمتیازەکان دیاری کراون، بەلآم هێشتا دەست بەسەرمایە خستنەوە نەکراوە. لەدەستێکەوە دەچێتە دەستێکی تر.ئەم حالەتە دەبێتە هۆی پەکخستنی ژیانی ئابووریی دەولەت و،زیان لەبەرژەوەندییەکانی دەدات. ئێمە پیاوی بەقسەو بەلێنو دلسۆزمان دەوێ، چونکە نامانەوێ پشت بەکاری پارەگۆڕینەوە ببەستین.

ئێمە وەهەموو خەلکانی دەستکورت واڕاهاتووین ئەوپەڕی سوود لە هەلەکانی ڕابردوو وەربگرین. ئێمە کارئاسانیی باشتر بۆ ئەوکەسە چالاکانە دەکەین کە سەرمایەکانیان وکارو بەهرەی خۆیان دەهێننەنێو ولآتەکەمان. بەلآم هەرگیز ڕێنادەین پارەگۆڕکێ لە ولآتەکەماندا بکرێ.

سوپاسی دانیشتوانی مەگنیسیا دەکەم کە بە باشی گوێیان لێ گرتم هیوامە لەو بەیاننامەیەدا، کە زۆر حەزدەکەم بۆیانی ساخ کەمەوە، ببینن ئێمەش کە بڕیارمانداوە بەڕێگای ڕاستوپێشکەوتندا مل بنێین، هەردەم ئامادەین حیسابنامەی کارەکانمان بخەینە بەرچاوی نەتەوەکەمان. ئێمە هەموو ئەو بەربەستانە تێدەپەڕێنین کە دێنە بەردەممانو،بە ئامانجمان دەگەین

سەرکەوتووین

نیڤلْ هندرسن

نۆڤیسی دەرەوە ٤٢٤/ ٢٦١، ٢٦١، ل:١٦-٢٠، ژ:٢٠

ژ٢:

مستەر هندرسن بۆمستەر مکدۆناڵ- (٢٣ی ئەیلول وەرگیراوە)

(ژمارە: ٦٨٥)

قوستەنتەنییە، ١٦ی ئەیلولی ١٩٢٤

گەورەم،

زووتر لە بروسکەیەکی جیاوازدا وتەکەی مستەفاکەمالم بۆ ناردن کە لە ڕێوڕەسمێکی (دوملوپۆنـــار– Doumlou- punar)داو بـــۆ ڕێزنان لەسەربازی ونی تورکـی، هـەروەها لەسەر گێژاوی تورکیا–یۆنان سەبارەت بە لێکدانەوەی وشەی((established))ی ماددەی دووی ڕێککەوتنامەکـە لەمـەڕ ئـاڵوگۆڕی دانیشـتوانی تـورک‌و یونـانی پێشکەشـی کردبوو. ئەمانـە دووخاسیەتی سـەرەکیی شـــەش هەفتـــەی ڕابـــردوون– ئـــەوەتی بروسـکەی ژمـارە(٦٠١)ی (٨ی‌ئـاب)م کـــە بریتی‌بـــوو لـــە کورتەیـــەکی گشـــتیی ڕووداوەکـانی ئـەم وڵاتـە بـۆ نـاردوون. ئەنجومەنی مەزنی نیشتیمانی پێناچێت تا تشرینی دووەم کۆبێتەوەو، چـەند مـانگی کەمی پێشوو لە بارودۆخێکی ئارامی پێش ئەوگەڕدەلوولانـەدا بـوو، کەدەشـیا لـەو کاتـەوە هەڵبکـەن کـەوا ئەنجومـەن لەوپـەڕی چـالاکییدا دەبـــوو و، داوای ڕاپۆرتـــی وەرزانەی لە حکومەت دەکرد.

٢– لەگـــەڵ ئەمەشـــــدا، لەوکاتـــەوەی بروسکەی نـاوبراو نوسـراوە پێشـکەوتنی گرنگ هـەبووە. پـەیمانی لۆزان یەکـەم جار لـــە بـــەریتانیاو ئیتالیـــاو یابـــان لـــە (٦ی‌ئـاب)ەوەو، مـانگێکیش دواتـــر لـــە فەرنسا، کاری پێکراوە. بڕیارەکان دەمێك بـوو، بـــە جۆرێکـــی وا کـــە چەسـپینی ڕێککەوتننامەکـــــە چەندتێبینیـــــەکی لێکەوتنـــەوە، دواخرابـــوون. بێگومـــان سەقامگیربوونی ئەوئاشتییە کە دواجار بە شـــێوەیەکی ئاســـایی لەگـــەڵ هـــێزە ڕۆژئاواییـــەکاندا هاتـــە ئـــاراوە ئاســـوودەییەك‌و، دواخســـتنێك کـــە دەرهاویشـــتەی هیـــچ ئـــاڵۆزی و دڵـــە ڕاوکێیەکی هێزەکان نەبوو بۆ گێڕانـەوەی پـەیوندیی ئاشـتییانەو ئاسـایی لەگـەڵ تورکیـادا تورەیـی‌و بێزارییـان تێـدا بەدی دەکرا. واهەست دەکەم هەر بۆیە تورکیا لە پەســـەندکردنی مامەڵـــەکردن لەگـــەڵ پەیمانەکـەدا، وەکـو ئـەوەی بەشـێوەیەکی یاسایی کاری پێکرابێ، تا ڕاگـەیاندنێکی ڕەسمیـی حکومـەتی فەرەنسـای بـۆ ئـەو مەبەسـتە پێگەیشـت، ڕوویـەکی تـاڵی نیشـاندا. هیـچ شـتێك لـە مـاددەی ١٤٣ی پەیماننامەکەدا نییە ئامـاژە بەوەبکات کـە دەبـێ پرۆســـەی دەســـتە بـــەرکردنی بڕیارلێدانەکە لە ڕۆژێکی دیاریکراو دابـێ

کـــەوا دەبێتـــــە ڕۆژی کـــــارپێکردنی. ڕاستییەکیش هەیە کە لەبەرچەند هۆیەك، تـا ٢٩ی ئـاب، پـەیوەندیی ڕەسمـی بـە نوێنەری پاریسی تورکیاوە نەکرا.زنجیرە هـەوڵێکی حکومـەتی تورکیـایش بـۆ پشـــتگیریی پێشـــنیارەکەی لــــەو بارەیەوە،پێدەچێ لە مەسەلە جیاجیاکانی وەکـو ڕۆژی جێبـەجێکردنی (تـاریف-tariff)ەکـــاندا بـــەپێی مەرجـــەکانی ڕێککەوتنامـــەی بازرگـــانی ئـــاڵۆزی چاوەڕوانکراو دروست بکەن.

٣-حکوومەتی تورکی لە ئەنگۆرەوە کۆپیی ئەسڵێی پرۆژە ڕاستەقینە هەمە جۆرەکانی پێگەیشـت و،بـەم جـۆرە ئیـتر هیـچ پاساوێکی بۆ دواخستنی جێبەجێکردن و کاری جۆراوجۆر بـۆ بەگەڕخسـتن، یـاخود شـکاندنی مەرجـەکانی پەیمانەکـە نییـە. ببورن پێویستە ئەوە بدرکێنم کە تائێستا هیـچ چالاکییـەکم هەسـت پێنـەکردووە ئاشکرا دەری بخات ئەم دەوڵەتە پێبەندی ناوەڕۆك یان ڕواڵەتی ماددەی کەمینەکانی ڕێککەوتننامەکەیـــە، چونکـــە لـــە بەرژەوەندییدا نییە.ئێستا کەپەیمانەکە لە کاردایـە، مـن و هەڤاڵـە هاوپەیمانـەکانم لەسـەر ئـەوە یـەکدەنگین کـە کـاتێکی گونجـاوە سـەرنجی ئـەم حکومەتـە بـۆ ئەومەبەسـتەو داگیرکارییـە هەمـە جـۆرە تێبینیکراوەکانیشی ڕابکێشـرێت،تا ئـەو هەڵەیـە نـەکات و لـەپێناوی ڕێککـەوتنێکی بێهودەدا بێدەنگ نەبێ. بەوپێیە،تێبینییەك لەسـەر مەسـەلەکە لەلایـەن کۆمیسـیۆنی یاسـایی هاوپەیمانانـەوە ڕەش نـووس دەکـرێ تـا لـە هـەنگاوی یەکـەمدا بۆدەوڵـــــــەتانی هاوپـــــــەیمان بەرزبکرێتـەوەو،دواتریش بکرێتـە بابـەتی بروسکەیەکی تر.

٤-ئەنجامێکی باشی بڕیاردانی بەریتانیای مـەزن لەسـەر پەیمانەکـە، ئـەوەندەی مـن بـزانم، ڕەزامـەندیی بێ‌چـەندوچوونی حکومـــــەتی تورکیبـــــووە لەســـــەر بەرزکردنەوەی کێشەی سنووری عێراق-تورکیا بۆ ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان. چاپەمەنییـەکان، دوای چـەند ڕۆژێـك، دەست نیشان کردنی فەتحی بەگیان وەکو وەفدی تورکیا بۆ جنێف و بۆ ئەومەبەستە ڕاگـەیاند. نوێنـەری تورکیـا لـێرە بـۆی دووپاتکردەوە کـە هەرچـەندە بـاوەڕی بەڕاستیی هەواڵەکە هەیە، بەڵام هیچ پشت ڕاستکردنەوەیەکی ڕەسمیی لـە لانییـە. وا مەزندە ئەکەم حکومەتی تورکی هەستی بە ناڕاسـتەی کۆمەڵەکـە کردبـێ، بـەڵام وادەردەکـەوێ بیـەوێت پـێ لەسـەر ئـەو ڕاسـتییە دابگـرێ کـە بەرزکردنەوەکـەی ئارەزوومەندانە بووە نـەك بـەهۆی فشاری ئـەونێردراوە یـاخود حکومـەتی خـاوەن شکۆکەیەوە بووبێ. لـە دواییـدا فـەتحی بـــەگ و شـــاندەکەی ماوەیـــەك لـــە قوســـتەنتەنییە مانـــەوەو، منیـــش بـــە

وریاییەوە هیچ پەیوەندییەکم پێوە نەکردن. دەشێ بە تێپەڕبوونیکات یەکەم جارتێبینی ئەوە بکرێت کە تێڕوانینی ئاییندەی تورکیا بۆ کۆمەڵەکە بەپێی بڕیاری کۆمەڵە دەبێ لەسەرکێشەی سنووری عێراقو، دووەمیش هەرچەندە ماوەی چەند مانگی پێشوو چەندین پەیوەندیی ڕەسمیم بۆ ئەو مەسەلەیە کردووە بە حکومەتی تورکیاوە، لە وەڵامدا جگە لە دەمەتەقێ هیچی ترم وەرنەگرتووە.ڕقی تورک لە بەڵێنو قسەی نوسراو شتێکی باوو ڕیشەییە، بەڵام بۆ ئەم مەسەلەیە بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر پێی لەسەر داگیرا،ئەنجامەکە هەرچەندە پەسەندە، بەڵام پێدەچێ فەتحیبەگ لە جنێڤ، وەکو گونجاوترین ڕێگە بۆ کۆتایی هێنان بە کێشەکە، پێشنیاری ڕاپرسی(استفتاء)ێک بکات.

٥- بایەخێکی زۆر تایبەت، لەم پەیوەندییەدا، بە کۆنگرەی تورکی -کوردی (١)ی ئابی دیاربەکر دراوە. چالاکییەکان بە نهێنی هێڵراونەتەوەو، هیچ ئاماژەیەکیان لە بڵاوکراوەکاندا پێنەدراوە. یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی سیاسەتی تورکیا پێداگرتنە لەسەر برایەتی ولێک جیانەبونەوەی تورکو کورد بەوانەیشەوە کە لە ئێراندان. هەروەها کاریگەریی کورد پەیوەندیی بە دوودڵیی‌تورکیاوە هەیە لە تەنازولکردن لە ویلایەتی موسڵ. نیاز وابوو کۆنگرەکە ئەم برایەتیە بە ڕاماڵینی هەرچی هۆکاری نائارامیو بێزاری کوردان هەیە دەستەبەربکات.

٦-هەرچەندە ناتوانم بەڕەهایی شایەتی لەسەر ڕاستودروستیی ئەو زانیارییانەی کە هەمن بدەم، وا دەردەکەوێ کاتێک داوا لە نوێنەرانی کوردکرا کێشەکانیان بخەنەڕوو وپێشنیاری چارەسەرەکانیان بکەن، لەنێو هەموو شتەکاندا داوای بەڕێوەبەرایەتییەکی تایبەتییان بۆ کوردستان کردبێت. ئۆتۆنۆمی وەکو قەرەبووییەک بۆ کەم کردنەوەی نەهامەتیەکان، لێبوردنی گشتی، نەبوونی باجو سەربازیی زۆرە ملێ بۆماوەی پێنج ساڵ لە کوردستاندا وگێڕانەوەی دادگا شەرعییەکانو چەکە دەست بەسەراگیراوەکان لە وڵاتداو، لابردنی ئەفسەرە عەسکەرییو کارمەندە تورکە بێزراوەکان لە داواکارییەکان بوون. کوردان بەرامبەر بەوە پشتیوانی لە گشت مەسەلەکاندا بە موسڵیشەوەو، لە دامرکاندنەوەی هەر سەرهەڵدانێکی نێو هاووڵاتیان بۆقازانجی سوڵتان وخەلیفە هاوکاریی تەواوی حکومەت دەکەن.

٧- لەوانەیە ئەم داواکارییانە بە باشی پشتیان پێ ببەسترێت. ئەوان ویستیان ببنە سەروکاری هەندێ لەوکوردانەی کە لەکاتێکدا کوردستانو تورکیایان بە یەک پارچە دەبینی، دەیانویست چوونیەکبن. لە

لایەکی تریشەوە ویستیان ببنە سەرۆکاری حکومەتی تورکیا و،سەیریش نییە کە توانییان بەبێ هیچ مەترسییەکی ئەنجومەنی وەزیران بەدەستی بهێنن. لەگەڵ ئەمانەیشدا دەشێ هیواکانی کورد وەك سەرەتایەك پەسەندکرابن، هەرچەندە پەسەندکردنی دادگا شەرعییەکان و نەبوونی باج و سەربازیی زۆرەملی،٬ بە ناچاری، ماونەتەوە بۆ بڕیاری داهاتووی ئەنجومەنی مەزنی نیشتمانی. لێبوردنی گشتی بەهۆی ئاهەنگەکانی (دوومل‌وپونار)ەوە بۆ هەموو ئەو کوردانە کە بەتۆمەتی سیاسی یان کوشتن تاوانبارکراون دەرچووە. هەمان کات، چەندین ڕاپۆرت هەن لەوبارەیەوە کە چەند کۆمەڵێکی گەورەی خەڵك بەو بڕیارانەی کۆنگرەکە ڕازی نین و، سەرهەڵدانێکی دژە کەمالیستیش لە ناوچەی قۆچگیری ویلایەتی سیواس ڕوویداوەو، حکومەتی تورکیای ناچار کردووە هێزە دیکتاتۆرییەکان بۆ سەرکوتکردنی جەواد پاشای ئەفسەری گشتی سوپای سێواس ببات. بەم جۆرە، مەسەلەی کورد وەکو هەربابەتێك لەوانە دەمێنێتەوە کە بەردەوام و لە ئایندەیشدا کێشەو دڵە ڕاوکێ بۆ کۆمارەنوێیەکە دروست دەکەن.

٨-حکومەتی تورکی تا ئێستا ئارەزوویەکی کەمی بۆ ئاسانکردنی پالاوتنی نوێنەرانی بۆ ئەو کۆمیسیۆنە جیاجیایانەی وا بەپێی پەیمانەکە دروست دەکرێن نیشانداوە، پێدەچێ چاوەڕێی گفتوگۆی پرۆسە ڕاستەقینەکەبن. من بەردەوام نوسرەت بەگ بۆ هاندانی حکومەت لەم بارەیەوە بانگێشت دەکەم، بەلاَم تا ئیستا جگە لە دەستی دەستی پێکردن لەسەر چەند بنەمایەك هیچی ترم دەست نەکەوتووە٭ بۆ نموونە سەبارەت بە کۆمیتەی سنووری (Thracian )پێی وتم ئەندامی تورکیا، تا لەگەڵ حکومەتی بولگارییدا لەسەر دەستکارییەکی کەموتایبەتی سنوور ڕێکنەکەون، ناتوانرێ دەستنیشانبکرێ. من سووربووم لەسەر نەشیاویی دواخستنی کەمترین دەستکاری سنوور، تا ئەو ئاستەی کە ناوچەی چەکداماڵراو دەگرێتەوە. ئەو ڕاستییەیش کەوا بولگاریا هەرچەندە تاڕادەیەك کاری تێکراوە، بەلاَم لەلای خۆیەوە دوودڵ نەبووە هەم نوێنەری خۆی ناوزەدو هەم کاری بەڕاستی بەردەوامی دیاریکردنی سنوور لەو ناوچەیەدا ئاسان بکات.نوسرەت بەگ هەستێکی نالەبار (نیگاتیڤانە)ی بەرگریی پێبەپێی دڵنیایی لەجێ بەجێکردنی هەرچی زووی دەستکارییەکەی لادروست بوو بوو. ئەگەر بەڕاستی ئارەزوویەك بۆ ئەم مەسەلەیە، کە من لێی ئاگادارنیم، هەبێ ئەوا تا نوێنەری بولگاریا مانگی ئاینده نەگەڕێتەوە بۆ ئەنگۆرەو دەست

نەکاتەوە بە وتووێژە پچراوەکەی بۆ گەیشتن بە ڕێکەوتنیگشتی لەگەڵ تورکیادا،هیچ ڕێکخستنێك بۆ ئەو مەبەستە ئەنجامنادرێت ((تکایە بنوارە بروسکەی ژمارە ٦٣٢ی ١٩ی مانگی ڕابردووم.))

٩- بەهەمان شێوە هێشتا نەمتوانیوە تورك ڕازیبکەم نوێنەریان دیاریبکەن بۆ لیژنەی (Graves)((ماددەی ١٣٠ی پەیماننامەکە))و بۆ کۆمیتەی ناوچەی چەکداماڵراوی تەنگەلأنەکان((ماددەیپێنجی ڕێککەوتنی گەرووەکان)) یان تەنانەت بۆ دەربڕینی ڕایەك سەبارەت بە بڕی مووچەی سەرۆکی بێلایەن یان سکرتێری گشتیی دادگای بوارە هەمەجۆرەکان کە بەپێی ماددەی ٩٢ی ڕێککەوتنەکە دادەمەزرێت. لە ڕاستیدا تا کە نوێنەر کە تائێستا وەکو سەرۆکی کۆمسیۆنی نێودەوڵەتی تەنگەلأنەکان دیاریکرابێت ئەدمیراڵ((واسف پاشا))یە.

١٠-لەلایەکی ترەوە، نوێنەرێکی تازەی تورکیپێشتر وەزیری کشتوکاڵو ئەمجا وەزیری مفەووەزی (رەکیبەگ) ناویان بۆ لەندەن دەستنیشان کردووە کە پێناچێ لە کاری مفەوەزییەکەیدا پاشەکەوتێکی هاوشێوەی هەبێت، تا ببێتە جێنشینی یوسف کەمال بەگ کە بەهۆی ئیلتزاماتی ئەم دواییەوە مفەووەزیی لە وەزیریو باڵوێزیێ دەرەوە پێ باشتربوو. ناتوانم بڵێم بە هەڵبژاردەیەکی گونجاوی دەبینم. بەڕاستی دڵنیانیم لەوەی کە بۆچی هەڵبژێردراوە، ئایا لەبەر ئەوە بووە کە حکومەت وای بە باشترزانیوە لە دەرەوە بێت، یان کاندیدی تری شیاو نەبووە،یاخود پێی وابووە بەهۆی پەیوەندییەوە بە نوێنەرانی لیژنەی بازرگانیی لۆزانەوە، بۆ مەبەستێکی تایبەتی وەکو گەشەپێدانی پەیوەندییە ئابوورییەکان لەگەڵ بەریتانیای گەورەدا گونجاوە. هۆکارەکە هەرچییەك بێت، بڕوا ناکەم ئەم ئیلتزامەی ئۆفیسی لەندەن درێژە بکێشێت. ئەو بە تەواوی وەزارەتی کشتوکاڵی بۆ پۆستەکەی بەجێ هێشتووەو، شوکری قایا بەگی مفەووەزی سمیرنا جێی گرتۆتەوە.

١١- شایانی باسە بڵاوکراوەکان سەبارەت بەمەی دوایی بڵاویان کردەوە کە حکومەت بەنیازە پۆستی کابینەکەی بداتە ڕەحمی بەگ، یان داویەتی. ئەم مفەووەزەی سمیرنایش وەکو یەکێك لە ئەندامانی دیاری کۆمیتەی دێرینی ئیتحادو تەرەقیو یەکێك لەو ڕێبەرانەی کە پێیان دەوترێ بەرهەڵستکار (ئۆپۆزسیۆن)و، چونکە هاوڕێی ڕەئووف بەگ بووە، دەناسرێت.لانی کەم وەرگرتنەوەی لە حکومەتدا گرنگەو دەبێ هیچ نەبێ گفتوگۆی لەسەر کرابێت. بۆ ئەمەش دووشیکردنەوە ڕێیان تێدەچێ: یەکەم، هەوڵێکیحکومەتە بۆئاشت بوونەوەی

لەگەڵ ئۆپۆزسیون و باشتر بێهێزکردنی. یان دووەم، خودی مستەفا کەمال ناوی رەحمی بەگی پێشخستووە. زۆر کەس هەن پێیان وایە سەرکۆمار، کەجێگەکەی لەو بڕوایەدام زەفەری پێنابرێت، هیچ کێشەیەکی لە مامەڵەکردنی ئۆپۆزسیۆندا نییە. پێویستە بەرهەڵستکاران لەماوەی کاری داهاتوودا بە تەواوی بەهێز بن و،بەسەر حکومەتی ئێستادا سەر بکەون. ڕەئووف بەگ کە ئێستە بەهێمنی و بەبێ خۆدەرخستن لە قوستەنتەنییە دەژی،دەشێ مستەفا کەمال لەم بارەیشدا داوای لێبکات حکومەت پێکبهێنێت.

١٢-سەبارەت بە کێشەی زیاتر، سێ هەفتە لەمەوبەر چەند ڕووداوێك بوونە مایەی زیادبوونی بایەخی بەرچاوی ناوخۆکە سەرنج ڕاکێشترینیان چارەنوسی ڕەشید بەگی والی قوستەنتەنییە بوو. دە ڕۆژ پێش ئێستا لەکاتێکدا شێوی دەکرد، بەخەیاڵیدا هات فەرمان بدات سەعات دووی پاش نیوەشەو بە شێوەیەکی سەیر سەرجەم هێزە چەکدارەکانی کۆمارەکە لەشاردا کۆبنەوە. هەمووجموجۆڵە بازرگانیەکان بەو هۆیەوە وەستێنران و، تێکڕای جەندرمەو پۆلیس و تیمی ئاگر کوژانەوەو بەلانی کەمەوە بەشێکیش لەپاسەوانی سەربازی بەچەکەوە هێنرانە سەرشەقامەکان و، چاوەڕێی ئەگەری سەرهەڵدانێکی کۆمۆنستییان دەکرد هەرچەندە کەس ئازار نەدرا، بەڵام بوونە جێگەی بێزاریی دانیشتوانی ئارامی مەدەنی. لە ئەنجامی گازندەی چاپەمەنیەکانەوە، لێکۆڵینەوەیەکی ڕەسمی کراو ئەوەی پشت ڕاست کردەوە، کە هەرچەندە ئەو جۆش وخرۆشەی ڕەشید بەگ بەڕاستی لەبناغەوە بێپاساو نەبووە، بە تایبەتی سەبارەت بە مەترسیی پێشتر باسکراوی کۆمۆنیستەکان کەهەندێ دەنگی لەبارەوە هەبوو، دواییش چەك دۆزرایەوەو،کۆمیتەی نهێنی کۆمۆنیستەکانیش گیرا، بەڵام تەنها بەهۆی کاری ماددەی بێهۆشکەرەوە بووە. سەرەنجام بە خێرایی لەلایەن وەزیری ناوخۆوە لەکار لابرا.

١٣-ئەفسەرە هاوڕێکەی کە وەکو هەر ریفۆرمخوازێك کەسێکی ویستراونییە، پلانی دارشتووە بەڵگەیەکی نوێ بۆ زەبرلێدانی بداتە بڵاوکراوەکان. سەبارەت بە پێویستیی بیناکردنەوەی ناوچە سوتاکەکانی شاریش بە ئاشکراو بە جیددی ئاماژەی بە ڕووخانی دیواری وەك ناوی‌نابوو(Justaninan)و بەکارهێنانی بەردەکانی بۆ ئەو ئامانجە سوودبەخشە کرد.دوژمنەکانی لە ئەنجومەنی شارەوانیدا سوودیان لەم پێشنیارە نەزانانەیە وەرگرت بۆ گاڵتە پێکردنی.

١٤-کاری گرنگتر پاکسازیی دەستەی

پارێزەرانی تورکیە لە قوستەنتەنییە، ئەو لیژنەیەی کە بۆ ئەم مەبەستە پێکهێنراوە ماوەیەکە لێرە جێگیربووەو لێکۆڵینەوە لەسەر رابردوو رەوشتی پارێزەرانی قوستەنتەنییە دەکات. زیاتر لە (٥٣٠) لەکۆی (٩٦٠) ئەندامی ئەودەستەیە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکاندا لە کارکردنی دادگای تورکیدا بێبەشکراون. ئەو (٤٣٠) کەسەیش کە رزگاریان بوو،(٣١٣) تورك و (٣٩) ئەرمەنیو(٣٤) یان جولەکەن. قوربانییەکان بە نەبوونی تۆڕی فراوانی بنەما رەوشتییەکان یان لەبەرئەوەی بەڵگەی پێویستی تەواویان نەبوو، یاخود خەریکی هەندێ کاری وەکو بازرگانیو تەنانەت سیاسەتیش بوون کە بە نەشیاوله قەلەم دراونو لەگەڵ پیشەی پارێزەریدا نەدەگونجان، تاوانبارکراون. ئەم ئیجراائاتە مفەووەزیشی گرتەوەو، رێی کارکردنی لەدادگای تورکیدا لێگیرا. ئەم پاکسازییە توندوتیژەی دەستەی پارێزەرانی Augean دەبێتە مایەی زیادبوونی نارەزاییەکان لەم شارەدا، بەتایبەتیش کە هەندێك لەو پارێزەرە وەدەرنراوانە ماوەی(٢٠ ساڵ)یان تەنانەت (٣٠ساڵ)ە، لێرەکاردەکەن. دەرکراوەکان بەپێی بریاری کۆمسیۆنەکە کە دوابریار نییە، مافی پەنابردنە بەر وەزیری دادی ئەنگۆرەیان هەیە. پێویستە ئەوەیش بووترێ: ئەندامانی دەستە، دوای پاکسازی کۆبوونەوەیەکی گشتییان کردوو، لوتفی شوکری بەگیان بەسەرۆکیان هەڵبژارد. ناوبراو لەبەرئەوەی هەوڵی ناپاکیی لە دژی حکومەت دابوو، کانوونی یەکەمی رابردوو دادگای سەربەخۆیی سزای پێنج ساڵ زیندانی بەسەردادا. هەرچەندە دواتر بەخشراو سزاکەی لەسەر سووك کرا، بەڵام هەڵبژاردنەوەی لێرە بۆ سەرۆکایەتیی پارێزەرانی تورك ئەوە دەگەیەنێت کە هەرچەندە پاکیش بۆتەوە، نایەوێ مل بۆ حکومەتی ئەنگۆرە کەچ بکات.

١٥- کورتەی رووداوەکان بەبێ ئاماژەکردن بۆ کارەکانی سەرکۆمار تەواو دەرناچن. مستەفا کەمال دوای وتەکەی دوملوپونارى چوو بۆ ((برووسە)). وا چاوەروانەدەکرا چەند هەفتەیەك بە هێمنی لەنێو ڤیللایەکی نزیکیدا بمێنێتەوە، تا بەتەواوی پشوو بداتو، بەر لە کرانەوەی ئەنجومەنی مەزنی نیشتمانی هەوایەك بگۆرێت. وەکو پێشبینی دەکرا، لە ئاهەنگەکانی برووسە خۆیدا، بەبۆنەی سەندنەوەی لە دەست یۆنانییەکان، بەشداریکرد. کاتێك بەردی بناغەی

پەیکەری سەربازی ونی تورکی دانا،وتەیەکی تاڕاددەیەك هاوشێوەی پێشکەشکرد، واتە: جارێکی تر پێی لەسەر دوو ئامانجی دەسەڵاتەکەی داگرت کە یەکەمیان:بایەخی بەهێزکردن و پشتیوانیی ڕژێمی کۆماری ئێستابوو، لەکاتێکدا سوڵتان و خەلیفەکان بەرپرسی سەرەکیی سەرجەم ئەو نەهامەتییانەبوون کە تورکیا لە ڕابردوودا تووشیان هاتبوو.

دوومیش: پێویستیی بنچینەیی سەرکەوتن بوو کەبریتیبوو لە پێشکەوتنیهاوشانی هێڵە شارستانییە ڕۆژئاواییەکان.

١٦- ئەو پڕوپاگەندەیەی کە گوایە دەشێ ناوبراو شەشی ئۆکتۆبەری یەکەم ساڵرۆژی چوونە نێو قوستەنتەنییە سوپای ناسیونالیست سەر لەم شارە بدات، لێرە بەهۆی نزیکیی برووسەوە بڵاوە. ڕەتکردنەوەی داوانامەیەکی هاوشێوەی ئامادەبوونیلە(٩)ی ئەیلولی دووەم ساڵیادی داگیرکردنەوەی سمیرنادا، پێدەچێ ئەوە بگەیەنێ کە خۆی ئامادە دەکات لەوەی قوستەنتەنییەیش دووربکەوێتەوە. لەگەڵ ئەمەشدا، لەبەر ئەوەی سەردانی ئێرە بەبێ کێشەی وەکو ڕێوشوێن و جێگەی تاڕادەیەك نەشیاوی نوێنەرانی دەرەکی کە زۆربەیان (اوراق اعتماد)یان پێشکەش نەکردووە نابێت. نەك وەکو هەندێ کەس دەڵێن بەهۆی مەترسیی تیرۆرکردنیەوە، وا هەست دەکەم تاماوەیەکی تر سەر لێرە نادات.

١٧- سەرەڕای ئەمانە، دوایی و لە ڕوویەکەوە خۆی نیشانی خەڵکی کەللەڕەقی قوستەنتەنییە دا. بەرەبەیانی هەینیی ڕابردوو (١٢ی ئەیلول) نامەیەکی تەلەفۆنیی مایەی بێزاریی نوسەرەت بەگ خۆیم پێگەیشت و، پێی ڕاگەیاندم مستەفا کەمال بەو نزیکانە بە پاپۆڕی جەنگیی ((حەمیدییە))و لەگەڕانەوەیدا بۆ دەریای ڕەش بە (بۆسفۆڕ)دا تێپەڕ دەبێ و، لێم پاڕایەوە بۆ ڕێزلێنانی ئەو فەرمان بدەم گەلەکەشتیی بەریتانی برازێنرێنەوە. لەڕاستیدا کاتێکی ڕەخساو بۆ ئەو جۆرە ئامادەکارییانە نەبوو، چونکە هەر سەعاتێك پاش نامەکەی نوسرەت بەگ حەمیدییە لەگەڵ بەلەمێکی جەنگیی بەرواڵەت زۆر کۆن و ژمارەیەکی زۆر بەلەمی تیژڕەو(Moror-Craft)دا بەلای باڵیۆزخانەی بەریتانیا لە (Yenikeuy)دا تێپەڕین. لەبەرئەوەی کەمال دەمێك بوو لە خۆشیی بینینی بێبەشبوو، من خۆم لێرە گەورەترین ئاڵای بەریتانیی لای خۆمان

لەسەر بیناکە هەڵکرد.

١٨-سەرۆک خێزانەکەی و چەند ئافرەتێکی تری لەگەڵدابوون و، بۆ تەرابزوون چوون و، دەڵێن دووهەفتەی لێ دەمێننەوە. من ئاگام لە ئامانجی ئەم سەردانە چاوەڕواننەکراوە نییە، بەلام شیاوترین مەبەست خۆ نیشاندانیەتی لە هەرێمەکانی خۆرهەلاتداو، بینینی بارودۆخی ئەو ناوچانەیە.

١٩-بەلام خۆشبەختییەکی کەم وێنەیە بۆ قوستەنتەنییە کە سەرۆک سەرپێی و بێ وەستان بەنێو گەورەترین شاری کۆمارەکەدا تێپەری. ئەگەر مانۆرەکەی دووبارە بکردایەتەوە، جگە لە سووکایەتییەکی نەخشە بۆکێشراو بەدەگمەن وەک شتێکی تر لێکدەدرایەوە. بۆیە تەنها ئەگەرێکە کەمال لە گەڕانەوەیدا گەشتەکەی لێرە ڕابگرێ، بە تایبەتیش کە هەندێک لەگرێ باسکراوەکانی سەرەوە دەپووکانەوە، ئەگەر ئەوماوەیەی کە لەسەر کەشتییە جەنگییەکە بوو بمایەتەوە.

سەرکەوتووبن

نیڤل هندرسن

---

ئەوەتی بروسکەی سەرەوە نووسراوە، لەگفتوگۆیەکدا کە جارێکی تر بەجیا دەینێرم، بە ڕەسمی ئاگادار کراومەتەوە کە دوو ئەفسەری تورکی بۆ کۆمیتەی چەکداماڵینی ناوچە تەنگەلانەکان بەپێی ماددەی (٥)ی ڕێکەوتنی تەنگەلانەکان دیاریکراون. وا ڕاگەیەندرا کە یەکێک لەو دووئەفسەرە نوێنەری دەردەنیل و ئەویتریان هی ناوچەی بۆسفۆرە. ئەمە لەخۆیدا هەنگاوێکە بە ئاراستەیەکی ڕاست، هەرچەندە پێویستە سەرنجی حکومەتی تورکیا بۆ ئەوە ڕابکێشرێت کە بەپێی ماددەی ناوبراو: دەبێ کۆمسیۆنەکە ((لەچوار نوێنەر، کەفەرەنساو بەریتانیای مەزن و ئیتالیاو تورکیا دیارییان دەکەن، پێکبێت)) سەرەنجام تەنها یەکێک لەو دوو ئەفسەرە دەبێتە نوێنەری تورکیاو، ئەوی تر دەبێتە یاریدەدەری. نوسرەت بەگ دوێنێ لە وتووێژێکدا تێیگەیاندم: ئەم حکومەتە پاشترو بەم زووانە نوێنەرێک بۆ کۆمیتەی سنووری Thracian دەست نیشاندەکات.

ئۆفیسی دەرەوە، ٢٦١/٤٢٤، ل ، ٤٤-٤٨، ڤ، ٦٣

ژ:٣

مستەر ليندسەی بۆ مستەر ئۆستن چامبرلەين- (٢٤ی شوبات وەرگيراوە)

(ژمارە:٣٧)

(بروسكە راپۆرت) قوستەنتەنييە، ٢٣ی شوباتی ١٩٢٥

بروسكەی ژمارە(١٣٤)م: ئاژاوەی كورد

ڕاپەڕين، بەپێی بروسكەكانی ئەنگۆرە، ترسناكترە لەوەی كە يەكەم جار سەريهەڵدا. دوای داگيركردنی گوندی دراهين (نەناسێنراوە)ی جێوشوێنی والیی گەنج (٢٠ميل ڕۆژئاوای مووش) ڕاگەيەندرا كە شێخ سەعيد دوو بەتاليۆنی يەكيان بەئاراستەی لجیّو ئەويتر بەرەو پيران ناردووە. دەڵێن ئەو دووبەتاليۆنە لەلايەن هێزەكانی توركياوەشكێنراون،و، هەڵاتوون بۆ دراهين، كەئێستا تێيدا گەمارۆدراون. هاوكاريیتورك بۆ بەهێزكردنەوەی هێزەكانی، دەشێ لەم چەند ڕۆژەدا بكاتەجێ.

بەپێی ڕاپۆرتێك، شێخ سەعيد بڵاوی‌كردۆتەوە:كارێكی گەورەی بۆ چەسپاندنی ياسای ئايينیوموسوڵمانان (شريعە) لە توركيادا بەدەستەوەيە. بەپێی ڕاپۆرتێكی‌تر، داردەستی بەريتانيايەو، باروودۆخی گەنج تەنهاپاشكۆی ڕووداوی پايزی ڕابردووی هەكارييە عيسمەت پاشا، بەشێوەيەكی چاوەڕواننەكراو، بيستی ئەم مانگە گەيشتە ئەنگۆرە باروودۆخەكەی لەگەڵ سەركۆمار،سەرۆوەزير، سەرۆكی ئەنجومەنی گەورەی نيشتمانیو وزيری ناوخۆدا تاوتوێكرد. هەروەها وەك دەرەنجامی حەتمی پڕوپاگەندەكان، بۆ قەيرانێكی كابينەكە دەنگی ڕاگەياندنی حوكمی عورفی هەيە.

(بۆبەغدا دووبارە كراوتەوە . ژ:١٢)

نووسينگەی دەرەوە، ٤٢٤، ٢٦٢، ٨٠،ژ:٨١

ژ:٤

مستەر- ليندسەی بۆ مستەر ئۆستن چامبرلەين-( ٢٥ی شوبات وەرگيراوە)

(ژمارە:٤٠)

(بروسكە راپۆرت) قوستەنتەنييە، ٢٤ی شوباتی ١٩٢٥

بروسكەی ژمارە (٣٧)م

حوكمی عورفی، بەپێی ماددەی ٨٦ی ياسای بنەڕەتی لە سەرجەم ويلايەتەكانی باشووری ڕۆژهەڵاتدا بە ماردينو هەكاریو بدليسو وانو دووقەزای ويلايەتی ئەرزەڕۆمەوە ڕاگەيەندراوە.

(ئاراستەی ئۆفيسی دەرەوەكراوە، ژ:٤ هەروەها بۆ بەغدا دووبارەكراوەتەوە، ژ:٨٢)

ئۆفيسی دەرەوە، ٤٢٤،٢٦٢/، ل:٨٠،ژ:٨٢

ژ:٥٥

مستەر لیندسەی بۆمستەر ئۆستن چامبرلەین- (٢ی ئادار وەرگیراوە)

ژمارە:١٥٤

گەورەم،

قوستەنتەنیە، ١٤ی شوباتی ١٩٢٥

پێنج شەممەی پێشوو هەواڵی بانگێشت کردنی عیسمەت پاشا لەمەلکییەوە بۆئەنگۆرەو دەست بەکاربوونی لە ڕۆژی دواییدا، کە لە بلأوکراوەکانەوە ڕاگەیاندرا، بۆقوستەنتەنییە سەیربوو. هەموان نوقمی چەندین بۆچوونی لەمەر هۆی گەشتەکە بوون، و ڕای گشتی وابوو: قەیرانی کابینەکە تەشەنەی کردووە،پاشا شەممەی، ٢٥ی مانگ گەیشتە پایتەخت، و لەوێستگەکەدا تووشی خۆپیشاندانێکی نائاسایی لەلایەن سەرکۆمارەوە بوو و، سەرۆک خێرا گەیاندییە چانکایا بۆ کۆنفرانسێك. ئەوەیش کە فەتحی بەگی سەرۆوەزیرو هەندێ لەئەندامانی کابینەکەی لەوێستگەکەدا ئامادەی چاوپێکەوتنی عیسمەت پاشا نەبوون، هەرشتێك دەگەیەنێت.

٢- مەبەستی ڕاستەقینە ئەوەیە سەرۆك ویستی سەبارەت بە یاخیبوونی گەنج راوێژ بە سەرۆوەزیری پێشوو بکات. حکومەت لەم بارەیەوە زۆر شتی شاردۆتەوەو، تەنها هێندەی هەواڵ بلأوکردۆتەوە تا بایەخێك دروست بکات و، ئەوگومانە بوروژێنێ کە باروذۆخەکە لەوە مەترسیدارترە کەوا هەستی پێکراوە، تا ئیستا هەواڵی ڕەسمیی سەرهەڵدانەکە بەگشتی لە سروشتی پشت ڕاستکردنەوەدایەو، ڕاگەیاندراوەکە ئامادەکاریی عەسکەری لەم چەند ڕۆژەدا بەدڵنیاییەوە یاخی بوونەکە دادمرکێنێتەوە. حوکمی عورفی مانگێکە لەویلایەتەکانی باشووری خۆرهەڵاتی تورکیادا (گەنج، مووش، ئەرغەنی، دەرسیم، دیاربەکر، ماردین، ئورفە، سیڤەرەك، سعرت- Seghert، وان، بدلیس، قەزاکانی خنس وکیغی ی ئەرزرۆم وهەکاری) ڕاگەیەندراوە. بریاری ئەنجومەنیش لەسەر ئەم کارە گومانی تیانییە.

٣- بزوتنەوەکە لە هەرێمێکی دوورو ناوەندی ئاسیای بچووکدا سەریهەڵداوە، ئەگەرچی زانیاریی ڕەسمیی بڕواپێکراونییە کە بزانرێ بەڕاستی چی ڕوویداوە. تێبینییەك لەسەر کورتەی ئەو ڕاپۆرتە هەمە جۆرانەی وا لە بلأوکراوەکانی تورکیادا چاپکراون دەنووسم. لەمانەوە دەردەکەوێ:ڕاپەڕینی

شـێخ سـەعید حسـابی پێشـهاتە چاوەڕوانکراوەکـانی کـردووە، دامرکاندنەوەیشـی لـە توانسـتی هـێزە ناوخۆییـەکاندا نییـە، ژمارەیـەك جەندرمەیش پەیوەندییان بەیاخییەکانەوە کردووە. ڕۆژنامەکان، لەمەڕ هۆکارەکان، بە ئاشـکرا ڕادەگەیـەنن فروفێڵـی دەرەکی((مەبەست بەریتانیایە)) لەئارادایە. بەڵام لە ڕاپۆرتەکانیانـەوە ڕوون دەبێتـەوە کە هۆکاری شەڕەکان ئاین و ناسیونالیزمی کوردن. بەسەرهاتی شێخ سەعید دەبیستم کە وتوویەتی ئیسلام تاکە هاوبەندی نێوان تورك و کورد بووە و تورك شکاندوویەتی، کوردیش ئیستا پێویستە ئایندەی خۆی مسۆگەر بکات.

٤-ئەمە یەکەم جووڵانـەوەی ئاشـکرای جەماوەرییە دژی ڕێبازی عیلمانیی ڕژێمی ئیسـتای تورکیـا و، بەگشـتی کـارێکی زۆریشی کردۆتە سەر بیروڕاکان، تائیستا هیچ نیشانەیەك نییە بـۆ ئـەوەی کـەیاخی بوونەکـە هیـچ ئاکـامێکی سیاسـیی دەستەبەر کردبێت. دەڵێن عیسمەت پاشا ویسـتوویەتی حوکمیعورفـی قوستەنتەنییەو تـەرابزوونیش بگرێتـەوە، فەتحیبەگ دژی ئەمەبووە، بەڵام ئەو هەواڵە جێی نکوڵی لێکردنە کـە گوایـە کابینەکـە خەریکە تووشی قـەیران ببێت. جیـاوازیی ئەم دووانە لـە مەسـەلەیەکی ئـاوادا، لەوەدا دەبێت کـە مەسـەلەکان تـاچ مەودایـەك لـە سەریەك ڕێگای سـەرکوتکردن پاڵیان پێوە دەنرێت. سیاسەتمەدارانی تورکیای نوێ، جگـە لـە چـەند کۆنەپەرسـتێکی نێـو ئەنجومەن زۆر بەدەگمەن هەستی تایبەتی ئاینی جووڵاندوونیو، سۆزیان بەلای یاخی بوونەکـەی شـێخ سـەعیددا نییـە. دەڵێـن سەرکردەکانی پارتی پێشکەوتنخواز لەگەڵ حکومەتدا لە دانوستاندا بوون و، پێدەچێ لـە هـەندێ ڕووەوە پشـتگیریان لـە ئیجرائاتەکانی حکومەتەوە بەدەستهێنابێ. هـەروەها تێبینـی دەکـرێ کـە ڕۆژنامـەی (تـەوحیدی ئـەفکار– Tevhid-I-Evkiar)ی محافیزکاری ئیسلامی، هەرچەندە هەمیشە هەسـتی بـەلای هۆکـاری ئـایندا دەبـزوێ، نیگەرانە وا لە ڕێگەی یاخیبوونەوە هەوڵی دامەزراندنـەوەی دەدرێـت. شـێخ سـەعید دەمێکە مایەی سەرئێشەی حکومەتە. بەڵام هەرچەندە سۆزێکی فراوانی بەلادا هەبێت، دەشێ بیرو بۆ چوونـەکانی تەنها لـە نێـو تاکەکان (افراد)دابن. ئاڕاستەی گشـتیی سیاسـەتی نـاوخۆی تورکیـا، تایاخیبوونەکـە فراوانخوازیـی زیـاتر نیشاننەداو، بێ ئەمەکی وناپاکی لە ڕیزی سوپادا دەرنەکەون، چـاوەڕێی گۆڕانـی لێ ناکرێ.

٥- ئەم بروسکەیە بۆ بەڕێز((نوێنەری باڵا- مەندوبی سامی)) لە بەغداد دەنێرم.

سەرکەوتوویـــــــن

ر.س. لیندسەی.

ئۆفیسی دەرەوە، ٢٦٢،٤٢٤، ل:٩١، ژ:٩٢

* * *

هاوپێچی(١)ی ژ:٥
## کورتـــــــەی چاپەمەنیـــــــەکان،

سەرجەم بڵاوکراوەکان((A.A))- بڕیاری کابینە بۆ ڕاگەیاندنی حوکمی عورفی لە هەرێمـــەکانی ڕۆژهـــەڵاتدا. (ڕۆژنامـــە فەرنسیەکان).

بروسکەکانی(تەنین-Tanin)و (تەوحید-Tevhid) دەڵێن توندڕەوەکـانی پـارتی گـەل پێشنیاری ڕاگەیاندنی حوکمی عورفی لـە ترابزوونو قوستەنتەنییە دەکـەن، چونکـە پڕۆپاگـــەندەی ئـــاینی سەرتاســـەری یـاخیبوونی گـەنجی گرتۆتـەوە. بـەپێی بروســـکەکانی(وەقـــت-Vakt)و (وەتـــەن-Vatan) ناوچـەی حوکمـی عورفـی فراوانـتر دەکرێـت. لـە کۆبوونـەوەی کابینەکـەدا بـە ئامـادەبوونی مســـتەفا کـەمالو سـەرۆکی دەستەی گشتی باسـی ڕووداوەکـانی گـەنج کـرا. پـارتی گـەل ئـەم بەیانییـە لـە ئیجرائاتـــــەکانی حکومــــــەت دەدوێو، ئەنجومـــەن پـــاش نیـــوەڕۆ نامەکـــەی ســـەرۆوەزیری ســـەبارەت بـــە ڕاگـــەیاندنی حوکمی عورفی تاوتوێ دەکات، هەرچەندە بڵاوکراوەکـان دەزانـن ئـەم حوکمـە لـە ویلایەتـــەکانی ڕۆژهـــەڵاتدا تـــەواو ڕاســتە.وەزیــری نــاخۆ بەڕۆژنامـــەکانی ڕاگـــەیاندنن :... پیـــلان گـــێڕان یـــاخی بوونێکی گشتییان سازداوە کە دەبوو لـە کۆتـایی ئـادارردا دەســـتی پێبکرایـــەو، بەرپابوونیشـی هـۆی جۆراوجـۆری وەکـو سـەڵتەنەتخوازی، خەلافـەت،شـەریعەتو پڕوپاگـــەندەی کۆنەپەرســـتانەی کـــوڕی عەبدولحـــەمیدی لەپشـــتەوەن. زۆربـــەی چاپەمەنییـــەکان دەڵێـــن شـــیخ ســـەعید(٧٠٠)پیـــاوی لەتەکدایـــە. بروسکەکانی تەنینو تەوحید دەڵێن شیخ سـەعید بـەهۆی فرۆکـەکانی بـەریتانیاوە بڵاوکراوەی بەخشیوەتەوەو تێیدا هاتووە: حکومـــەتی تورکیـــا ئـــافرەت بـــەرەو بەدڕەوشتی دەبات، بێباوەڕی هاندەدات، خەلیفەی دوورخستۆتەوە، شـێخ شـەڕی ئـاینو ڕەوشـت دەکـات، کوردسـتانی سەربەخۆ پێکدەهێنرێو، خەلیفەی پێشوو دەگەڕێنرێتـەوە. وتیـان هێزەکـانی شـیخ پالوویـان داگیرکردووە. بروسکەی وەقت دەڵـێ: یـاخی بوونەکـە لەگـەڵ تەشـەنە کردنیـدا، بەربەسـت کـراوە. یەکـە(وحـدە) گـەورەکان لـە ناوچـە ناارامەکـە نزیـك دەبنـــــــــەوەو، خێڵـــــــــەکانی سیلوانوحەزۆ(Hazro) دژی شیخ سـەعید دەجەنگن. دەڵێن یاخیبوونی گەنج زادەی پڕوپاگەندەی دەرەکییە. پیاوەکـانی شـیخ کە شـەڕی(پێشـڕەوانی سـوپا- Advance Guards)ی تورکی دەکـەن چەند گروپێکـی (٣٠٠-٣٥٠) کەسـین. وەقـت لەسـەری

دەڕواو دەڵێ ڕووداوی گەنج زۆر گرنگەو، لەچاوئەوەی دەرکی پێکراوە لە ئاستێکی بەرزتردایە. شێخ سەعید کوردی زازاو شێخێکی نەقشبەندییەو، گوندێکی زۆر پەیوندییان پێوەکردووە.

کازم قەرە بەکربەگو ڕەئوفو عەدنان بەگ بۆ مەسەلەی یاخیبوونی گەنج سەریان لە فەتحی بەگ دا. پارتی پێشکەوتنخواز، پاش شیکردنەوە، کۆبووەوەو، بارۆدۆخەکەی هەڵسەنگاند (وەتەن). ڕۆژنامەی ناوبراو دەڵێت بارودۆخەکە مەترسیدارنییەو، مەسەلەکە بەم زووانە کۆتایی دێت. چەند مانگێك لەمەوبەر شێخ سەعید لە قوستەنتەنییە بوو، خەڵکی پاڵووەو زۆر دەوڵەمەندو خاوەن جەماوەرە، بەڵام نەزانەو، دژی نەخشەی حکومەت بۆ دامەزراندنی بەڕێوەبەرێتییەکی جێگیرەو لەو ناوچانەدا یاخیبووە.

(جمهورییەت–Jumhuriet)دەڵێت بەڵگەنەویستەکە یاخیبوونەکە دەرهاویشتەی هاندانێکی دەرەکییە، لەبەر ئەوەی هێزەکانی حکومەت لەگەیشتندان، بەم نزیکانە تێکدەشکێنرێت.

بروسکەکانی ئەنگۆرە- یاخییەکان بەپێی دوا زانیاری گەمارۆ دراون. نێردراوی مفەوەزەکان بۆ ناوچە ناارامەکان بەڕێدەکەوێت. سەرەتا یاخی بوونەکە سروشتێکی کۆنەپەرستانەی هەبوو. ژمارەیەك جەندرمەی ناوخۆ پەیوەندییان بە یاخییەکانەوە کردووە، وتوویانە شەڕی هاوڕێکانیان ناکەن. حکومەت سەرەتا وای هەست دەکرد کە هێزە خۆجێییەکان یاخی بوونەکە دادەمرکێننەوە، بەڵام چەند ڕۆژی پێشوو، ژمارەی یاخییەکان بەهۆی پڕۆپاگەندەوە زیادی کرد. خەڵکی نەزان لەلایەن سەعیدو مامۆستا فەخری و نەورەسەوە لە خشتە براون.

وەتەن- بروسکەی ئەنگۆرە نفووزی شیخ لە کوردستاندا دەخاتە ڕوو. بەشێکی هۆکاری یاخی بوونەکە بەڕێوەبەرایەتی خراپی ناوچەکەیە. کاتێك سنجەقەکان بوونە ویلایەت، خەڵکی بێتوانا بوونە والی، نەیانتوانی کاروبارەکان بەڕێوەببەن. شیخ عەبدوڵڵا لە گەنج وخالید بەگی سەرتیرەی Chiran، پەیوەندییان بەسەعیدەوە کردووە.

سەرگوتاری تەوحید- فەتحیبەگ زۆر بێبەخت بووە. لە کاتێکدا هەموو جیاوازییەك لە نێوتورکاندا هەبوو، بۆ فەتحی بەرەنگاربوونەوەی چارەنووس بوو تا بەڵێنی هێمنیو ئاسایش بدات. سەرتاسەری وڵات لە هەلومەرجێکی ناارام و ناسکدا دەژی. ئارامی لە بەردەوام بوونی دوا ڕووداوە مەترسیدارەکاندا ناچەسپێ. قەیرانی ئابووری بەردەوام دەبێ. ئەگەر پشێوی بەردەوام زیادبکات، هەر کە

بچوکترین شت ڕوویدا، هەموو وڵات دەکەوێتە مەترسییەوە، بەڕێوەبەرێتی پێویستە هەموو هەوڵێکی بخاتە گەڕو، گرنگ نییەچۆن هێمنی وئاسایشی ناوخۆ سەقامگیر دەکات.

وەقت، سەرگوتار- دڵەڕاوکێ بەردەوام زیاد دەکات. ترسیش کاتێك دادگای سەربەخۆیی نێردرایە ئێرە، هەروابوو. وڵات تەنها پار لەئارامیدابوو، بەڵام ئێستا یاخیبوون لە گەنج هەیە. باروودۆخ سبەینێ ڕوونتر دەبێتەوە. ئامانجی حکومەت تێکشکاندنی یاخیبوونەکەو، بەرگرتنە لە هەڵگرساندنەوەیەکی تر.

وەتەن، سەرگوتار- فەتحیبەگ لە بەرەو ڕوبوونەوەی کێشەی دەرەکیو ناوخۆییدا زۆر بێبەخت بوو، ڕووداوی گەنج زادەی سیستەمی هەڵەی ئیدارەبوو لەویلایەتەکانی ڕۆژهەڵاتدا. دەبێ لێکۆڵەرەوانی گشتی، بەدەسەڵاتێکی فراوانەوە بنێردرێنە ئەوێ. پێویستە بتوانن هەمان فشاری والییە بەشکۆ دێرینەکانیان هەبێ، ئەگەر ناڕووداوی تری وەك ئەوەی گەنج بەرپادەبێ. ئەگەر ئیجرائاتی زیادە لە سەرتاسەری تورکیا دابکرێت، بۆ وڵات پاش نابێت. ڕووداوی گەنج جێی مەترسی نییە.

ئۆفیسی دەرەوە، ٤٢٤، ٢٦٢، ل:٩٢-٩٣،

ژ:١/٩٢

* * *

**هاوپێچی(٢)ی ژ:٥**

**کورتەی بڵاوکراوەکان- ٢٥ی شوباتی ١٩٢٥**

هەموو چاپەمەنییەکان- قسەکردنی زیاتر لەسەریاخیبوونی گەنج. ڕوونکردنەوەی دوێنێ[٥] حکومەت بۆ پارتی گەل. ئیجرائاتی حکومەت جێی ڕەزامەندییە (ڕۆژنامە فەرنسییەکان). حوکمی عورفی مەلاتییەی گرتەوە. دوێشەو کۆبونەوەی تایبەتی کابینە کراو، مستەفا کەمال و فەوزیو شەفیق و عیسمەت پاشا ئامادەبوون. پارتی پێشکەوتنخواز ڕایگەیاند پشتیوانی سیاسەتی حکومەت دەکات. بە پێی تەنین: یاخییەکان ناوچەکانی گەنج، پیران، لجێ، پالوو و خەرپوتیان بەدەستەوەیە. دەڵێن Halid Jinianli[٦] و حاجی موسا هاوکاریی سەعید دەکەن.

تەوحید-سەرگوتار دەڵێت کێشەکە لەوە خراپترە کە هەست دەکرا. یاخی بوون بە تەواوی بەهۆی بەڕێوبەرێتی خراپەوەیە. بۆچی کارمەندان پیلانەکەیان لە کاتی خۆیدا بۆ دەرنەکەوت؟!پێویستە چاوەڕوانی پیلانی دەرەکی بین. بەریتانیاوفەرەنسا دەوڵەتێکی ناوبژیوان بۆ نێوان خۆیانو تورکیا داوا دەکەن،

هاونیشتیمانییە کوردەکانمان کێشەمان بۆ دروست دەکەن، لەکاتێکدا یۆنانییەکان لەرۆژئاواوە وبەریتانیای بێبەزەییش لەباشووری رۆژهەڵاتەوە هەرەشەمان لێدەکەن'' حکومەت دەبێ رێوشوێنی توندی سەرکوتکاری بگرێتە بەر، بەڵام نابێ دادپەروەریو دووربینی لە یاد بکرێن. شەڕکردن دژی حکومەت، ئەگەر بە هۆی ئیدارەی خراپیشەوە بێت، ناپاکییە.نابێت یاخیبوون بەکاردانەوە ناوببرێت. تورکان پێویستە یەکبگرن.

دوێنێ کابینە دەسەڵاتی تەواوی بۆ دەرکردنی حوکمی عورفی، لەهەر شوێنێکدا بێت، وەرگرت.نێردراوی مفەووەزەکان ناچن بۆ ناوچە نائارامەکان، تا یاخیبوون دانەمرکێنرێتەوە.

وەقت- سەرگوتار دەڵێت یاخیبوون لە ویلایەتی بدلیس تەشەنەی کردووە. پڕوپاگەندەی ئاینی لەپشت یاخیبوونەکەوەیەو، لە نێوخەڵکی نەزاندا بڕەوی هەیە. ئێستاکاتی سەرزەنشتکردنی کارمەندانی تورك نییە. حکومەت پێویستە هێز بەکاربێنێت. کەمترین دوودڵی دەبێتە مایەی کارەساتێکی گەورە. بروسکەی ئەنگۆرە دەڵێت بارودۆخەکە ترسناکە. خەڕپووت سەعات سێی پاش نیوەرۆی دوێنێ لەلایەن یاخییەکانەوە داگیرکرا. یاخیبووان بە فرۆکە بۆمباران دەکرێن.

کوردستانی باکوور بە پڕوپاگەندەی دەرەکی بە هەڵەدا براوە، رێیتێدەچێ ناوداری وان سەرپەرشتی راپەڕینەکە بکات، بەڵام ناوەندەکەی بدلیسە.

دەڵێن خێڵە سەرەکییەکانی مووش، سعرت- Saird و سیوەرەك نەفرەت لە شێخ سەعید دەکەن.

عیسمەت پاشا لە کۆبوونەوەی پارتی گەلدا وتی هەلومەرجەکە سەرەتا هەرچۆنێك بووبێت، ئێستا کاریگەری دەرەکی لەپشت یاخی بوونەکەوەیە.

وەتەن- بەپێی سەرگوتار هیچ بەڵگەیەکی ئاشکرای هەبوونی دەستی بەریتانیا لە یاخیبوونەکەدا نییە، هەرچەندە یاخیبوون رێکەوتیکاتی دەستبەکاربوونی لیژنەی عێراقیکرد.

یاخیبوونی گەنج چەند مانگێکە لە کولاندایە. یاخییەکان باش شارەزای وڵاتنو، پێناچێت پێش مانگی نیسان تێکبشکێنرێن.

جمهوریەت- سەرگوتار ئەوە بیری تورکان دێنێتەوەکە دوژمنێکی زۆری دەرەکیو ناوەکییان هەیە. کەمتەرخەمیی رابردوو دەبێ وریا کردنەوەیەك بێ بۆ بەربەستکردنی رووداوێکی تری لەوەی گەنج.

بروسکەی ئەنگۆرە دەڵێت جەندرمەی ناوخۆو فەوجەکان بەرپرسی سەرەکی تەشەنەکردنی یاخیبوونن. فیرقە

نیزامییەکانی تورکیا هێشتا نەگەیشتوونەتە هەرێمە یاخییەکە. کاردانەوە لە شێوازی ناپاکیدا بەردەوام زیاددەکات. ڕاگەیاندراوە دیاربەکر وخەرپووت و دەرسیم لەلایەن یاخییەکانەوە دەستیان بەسەردا گیراوە.

پارتی گەل مەسەلەی ڕاگەیاندنی حوکمی عورفیی لەقوستەنتەنییەو برووسەو شوێنی تردا تاوتوێ کرد، بەڵام هیچ بڕیارێك نەدرا.

بروسکەی ئەنگۆرە دەڵێت بەرەنگاربوونەوە بە دەستپێکردنی لە ئەنگۆرەوە تێکدەشکێنرێت.

کابینە خۆی کردۆتە ئەنجومەنی جەنگ.

**نیشانەکانی بەرەنگاری لەئورفە.**

**نووسینگەی دەرەوە، ٢٦٢/٤٢٤، ل:٩٣،**

**ژ:٢/٩٢**

**ژ:٦**

**ستەر لیندسەی بۆمستەر ئۆستن چامبرلەین -( ٢٦ی شوبات وەرگیراوە)**

**(ژمارە:٤٢)**

**بروسکە ڕاپۆرت** **قوستەنتەنییە، ٢٥ی شوباتی ١٩٢٥**

**بروسکەی ژمارە(٤٠)م**

دەڵێن یاخییەکان خەریکی داگیرکردنی خەرپووت، دیاربەکرو دەرسیمن.

(بۆ بەغدا دووبارە کراوەتەوە، ژ:١٥)

**ئۆفیسی دەرەوە، ٢٦٢/٤٢٤، ل:٨٢،ژ:٨٥**

---

**ژ:٧**

**مستەر لیندسەی بۆ مستەر ئۆستن چامبرلەین-( ٢٦ی شوبات وەرگیراوە)**

**(ژمارە:٤٢)**

**بروسکە ڕاپۆرت** **قوستەنتەنییە، ٢٥ی شوباتی ١٩٢٥**

**بروسکەی ژمارە(٤٢)م**

ئیستا ڕاگەیەندرا کە گوایە خەرپووت گیراوەتەوە: زانیاری بە گشتی پێچەوانەی ئەمەیە.

(بۆ بەغدا دووبارە کراوەتەوە، ژ:١٦)

**ئۆفیسی دەرەوە، ٢٦٢/٤٢٤، ل:٨٢،ژ٨٦**

---

ژ:٨

## مستەر لیندسەی بۆ مستەر نۆستن چامرلەین-( ٢٧ی شوبات وەرگیراوە )

( ژمارە:٤٦ )

بروسکە راپۆرت                فوستەنتەنیە ، ٢٧ی شوباتی ١٩٢٥

دوێنێ بە نوسرەتم وت لە چاپەمەنی و راپۆرتە ڕەسمیەکاندا تێبینیم کردووە دەنووسن یاخیبوونی کورد پیلانی بەریتانیایە، نازانم خاوەنی ئەم راپۆرتانە خۆیان بڕوایان بەم قسەیە هەیە؟ بەلأم داوام لێکرد حکومەتی خاوەنشکۆی ئاگاداربکاتەوە کە هەموو پێشڕەوییەکی دەستەلأتی بەریتانیا، نابەدڵ، بە ڕەتکردنەوەی ڕەهاو پەسەند نەکردنی هەرجۆرە یارمەتییەك وەلأم دراوەتەوە بێگومان کاتێك دەسەلأتداران کەوتنە زاڵ بوون بەسەر یاخییەکاندا پشتیوانیی راپۆرتەکەمیان لە لێپێچانەوی زیندانیەکانەوە پێگەیشت.

نوسرەت بۆ راپۆرتەکە سوپاسی کردم و وتی: خۆی متمانەی بە نووسراوەکانی سەبارەت بە بەریتانیا نییەو، پێیشی وانییە حکومەتی تورکیا بڕوایان پێ بکات.

**نووسینگەی دەرەوە، ٢٦٢/٤٢٤، ل:٨٢-٨٣،ژ:٨٧**

**پەراوێزەکان:**

١- ئەنگۆرە: واتە ئەنقەرە.

٢- ئەسپی ڕەش لە ئینگلیزیدا بەکەسێك دەوترێ کەچارەنووسی نادیاربێ.

٣،٤- شەن محمد لەزانکۆی سلیمانی هەردوو پەرەگرافی(١١و١٤)ی لە فەرەنسییەوە بۆکردمەعەرەبی،سوپاسی دەکەم.

٥- ((ئەودووخالیدبەگ)) ناوەی کەلەشۆڕشی شێخ سەعیدی پیراندا ناویان هەیە یەکیان جبرانییە کەلە ٢٠ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٤ داگیراوە وزیندانیکراوەو،ئەوی تریان حەسنانییە. بۆیە دەبێ ئەمەی دواییان بێ. (بڕوانە: ڕۆبەرت ئۆلسن، راپەڕینی شیخ سەعیدی پیران، وەرگێڕی ئەبوبکر خۆشناو، سلێمانی، ١٩٩٩، ل:١٥٢-١٥٣)((سدیق)).

٦- ئەمەیش هەردەبێ حەسنانلی خالیدبێ چونکە ئەوکاتە خالید بەگی جبران لەزنیداندابووە(سدیق).

# نیاندەرتاڵەکەی شانیدەر (٣)

## ئێسکە پەیکەرە تێکشکاوەکەی ئەشکەوتی شانیدەر

## لە سەرووی عێراق (کوردستان)

### (بەشی یەکەم)

نوسینی : ئێریك ترینکەس Erik Trinkaus

ت. دێل سیتوارت T. Dale Stewart

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە : ڕزگار عومەر عەلی

سێهەم وەرزی پشکنین لە ئەشکەوتی شانیدەر کە لە ساڵی ١٩٥٦ - ١٩٥٧ دا بە سەرپەرشتی دکتۆر ر.س سۆلیکی بەڕێوەچوو ، بووە هۆی دۆزینەوەی پاشماوەی یەکەم نیاندەرتاڵ لە عێراق دا ، شانیدەر ١ و ٢و ٣.

ئەگەر چی شانیدەر ١ و ٢ سەرنجێکی زۆری ڕاکێشا بەلای خۆیدا ، بەڵام شانیدەر ٣ ئەو گرنگییەی پێنەدرا ، بە زۆریش لە بەرئەوەی زۆر تێك شکابوو ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو پارچانەی کە مابوونەوە بوونە هۆی تێگەیشتنێکی زیاتر دەربارەی مرۆڤی نیاندەرتاڵ و بەهۆی ئەمانەوە دەربارەی شێوەی نیاندەرتاڵەکان زانیاری زیاتر کەوتە بەردەست.

یەکەم پارچەکانی شانیدەر ٣ لە ١٦ی نیسانی ١٩٥٧ دا دۆزرانەوە ، ئەویش لە کاتی پاککردنەوەی دیواری ڕۆژهەڵاتی شوێن پشکنینی ئەشکەوتەکەدا. (وێنەی ١) (بۆ زانیاری زیاتریش بڕوانە سۆلیکی ١٩٦٠ و ١٩٦٣ و ١٩٧١) ئەمانە لە قوڵایی ٥,٤ م لە ژێر پلەی سفری ئەم (datum) ەوە دۆزرانەوە ، لە چوار گۆشەی ژمارەی (١٣٩) دا و لەو شوێنەدا کە دەکەوێتە نێوان (B8,A9,A8) ەوە ، ئەمەش بە پێی زانستی چینەکان (stratigraphy) بێت کەمێك دەکەوێتە ژێر شانیدەر (١ و ٥) ەوە و بە دوورییەکی باشیش سەروو شانیدەر (٢ و ٤و ٦و ٧و ٨و ٩)ەوە.

مێژووی دۆزینەوەی شانیدەر ٣ پێش مێژووی دۆزینەوەی شانیدەر (١ و ٢) وە بووە، بەڵام لەبەر حاڵەتەکەی و شوێنەکەی



، کە کەوتبوە نێوان شوێنێکی بەردەلانەوە لە دیواری هەڵکەندنەکەدا ، نەزانرا کە ئەمە هـــی مرۆڤـــە ، تـــادوای دەرهێنـــــان و چاککردنـــەوەیان، ئـــەوە بـــوو ســـــنگ و بربڕەکـانی خـوارەوەو سێبەندە و بێنـاوە ئێسکەکان و چەڵەمەی چەپ و ئێسکەکانی دەست و قاچ و چەند ددانێکی تاك تاکەی دۆزرانەوە.

لە ساڵی ١٩٦٠ یشدا پشکنین زیاتر لە تەنیشـت شـوێنی دۆزینـەوە کـەوە کـراو پارچە ئێسکی دیکەی بربڕە و پەراسوەکان و چەڵەمە و دەفە و قوڵ و باسك و پاژنە و

دەستەکان دۆزرانەوە.

لە کۆتایی وەرزی پشکنینی ١٩٥٦-١٩٥٧ دا ڕێگەدرا کە پاشماوەکەی شانیدەر ٣ بگوازرێتەوە بۆ پەیمانگای سیمث سۆنیان (Simth sonian) بۆ ئەوەی لە لایەن (T.D.S) یەکێ خۆمانەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت ، پاشتر پێش دەستپێکردنی وەرزی پشکنینی سالی ١٩٦٠ لە ئەشکەوتی شانیدەر ، هەرچی ئەو ئێسکانەی کە لە سالی ١٩٥٧دا دۆزرابونەوە ، پاککرانەوە و لێکدرانەوە و شێوەیەکی سەرەتایی پێ ئامادەکران ؛ لە پاش وەرزی ١٩٦٠ یشەوە هەموو ئەو ئێسکانەی تری شانیدەر ٣ کە لەوێ دەدۆزرانەوە ؛ ئەبران بۆ پەیمانگای سیمث سۆنیان بۆ ئەوەی شانبەشانی پارچەکانی تری شانیدەر ٣ لێکۆڵینەوە یان لەسەر بکرێت ، بەلام لەبەر چەند هۆیەک توێژینەوەکان لە شانیدەر ٣ دواکەوت، لە دوایشدا شانیدەر ٣ گوازرایەوە ، بۆ زانکۆی هارڤەرد (Harvard) و لەوێ ئەو بۆچوونانەی کە (T.D.S) لە باسە سەرەتاییەکەیدا بەکاری هێنا بوون ، هەمووی لابران و لە بریتی ئەوان باسێکی توێژکاری فروانتری بۆ کراو دوایین دا ڕشتنەوە و باسکردنیش لە لایەن (E.T) یەکەوە بوو.

سەرەڕای دوا کەوتنی بلاوکردنەوەی باسەکانی سەبارەت بە شانیدەر ٣ ، بەلام باسکردنی مۆرفۆلۆجی پارچە هەلبژێردراوەکانی لە لایەن یەکێك لە ئێمەوە کرا کە لەو بوارەدا شارەزایە ، ئەویش باس لە توێکاری بەشە هەلبژێر دراوەکانی ئێسکەکانی نیاندەرتالەکە دەکات کە بریتی بوون لە ئێسکی (Pubic) ی لای ڕاست (ستیوارت) ١٩٦٠-١٩٧٧ و ترینکەس ١٩٧٦ و دەفەی ڕاست و (ستیورات ١٩٦٢ (a) ١٩٧٧ و ئێسکی پێکان (ترینکەس ١٩٧٥ (a) ؛ ڕوداس و ترینکەس ١٩٧٧) و نۆهەم پەراسووی بریندار بووی لای چەپ (ستیورات ١٩٦٩ ؛ ١٩٧٧) و ددانەکان (ترینکەس چاپی (b)) لە سەروو هەموو ئەمانەشەوە ئەولیستە سەرەتاییەی پاشماوەکان کە ترینکەس نووسیویەتی (لە چاپی (a) دا).

باری ئێسکەکانی شانیدەر ٣ بە گشتی هەروەك باری ئێسکەکانی نیاندەرتالەکانی دیکەی شانیدەر وایە ، هیچ کام لە ئێسکەکان بەبەرد نەبووە و هەندێکیان بەهۆی هۆکاری کیمیاییەوە ناسك ببونەوە و زۆربەیان بە جۆرێك شکابووە کە پارچەکانیان نەدەناسرانەوە ، دەکرا هەندێك لە پارچە ئێسکەکان پێکەوە بنرێنەوە ، بەلام زۆربەیان ماددە بەربەستەکەی ناوەکانیان نەما بوون و پێدەچوو بە ئاسانی بشکانایە بەهۆی سڕێش و جۆینەکانەوە ؛ سەرەڕای هەموو ئەمانەش هەندێ لە ئێسکەکان ، بە




تایبەتیش ئێسکە بچووکەکانی دەست و پێیەکان ، لە شکاندنی زۆر ڕزگاریان ببوو.

خشتەی (١) بریتییە لە لیستی ئەو ئێسکانەی کە بەلای کەمەوە پارچەیەکی لێدۆزراوەتەوە لە ئێسکە پەیکەرە پارچە بووەکەی شانیدەر ٣ ؛ باسکردنیشیان لێرەدا بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ ئەوەیە کە پاشماوەکەی پێ بناسێنن ، پەیوەندی بەراوردکاری مۆرفۆلۆجیش لە نێوانیاندا زۆر کەمەو زۆربەی شێوە گرنگەکانیشیان بە درێژی باسکراوە یان باس دەکرێت ، لە کاتی باسکردنی گشتی نمونەی نیاندەرتاڵەکانی شانیدەردا.

هەموو ئەو پێوانانەی کە لە خشتەکاندایە بە ملیمەترەو گۆشەکانیشیان بە پلەیە (#-M) یش نیشانەی ژمارەی ئەو پێوانە هاوشێوانەیە کە مارتن (Martin) دایناون (١٩٢٨).

**پاشماوە ددانیەکان** Dental Remains

ئەگەر چی نە کاسەی سەرەکە و نە شەویلەکان هیچیان نەدۆزرانەوە ، بەلام لەگەڵ شانیدەر ٣ دا چوار ددانی تاك دۆزرانەوە کە بریتی بون لە کەڵبەی سەرەوەی چەپ (C) خرێی ڕاست (M3) و یەك بڕەری چەپ (I2) و کەڵبەی خوارەوەی ڕاست (C). (خشتەی ٢ وێنەی ٢).

هەموو ددانەکان توێژاڵێکی ئەستووری وەهایان گرتبوو کە توێکڵە ئەصلیەکەی

خۆی بە تەواوی داپۆشب[illegible]و ؛ هیچ کام لە (I2) ەکان تا جەکانیان نەما بوو ، بڕەڕەکانیش تەنها بە قەراغەکانی دەرەوە و ناوەوەیان میناکەیان پێوە مابوو ، ددانی (M3) یش بازنەیەك لە میناکەی بەدەوری ماددەی دیانەکەوە مابوو (بە تایبەتی لەو شوێنەی دەکەوێتە نێوان بەرگی ڕووبەری (M2) ەوە ، میناکە دوای مردنەکە شکاوە).

زۆر کەم زانیاری بە دەست کەوت سەبارەت بە تاجی ددانەکان ، ئەوەندە نەبێت کە ڕەنگە M3 بە تەواوی سێگۆشەیی یاخود لوولەکی بووبێت ، ددانی M3 سێ ڕەگی لێك بڵاوی هەیە ، بەڵام دووڕەگی ناو پووکەکە بە درێژایی قەراغی پووکەکە بە یەکەوە نووساون ، بەهۆی ئەو توێژاڵە ئەستوورەی کە دەوری ددانەکانی داوە ، بۆشایی نێوان ددانەکان تەواو بچووك ببوونەوە ، ئەمیش بەهۆی گۆڕینی شێوەی عاجی نێو ماددەی ددانەکانەوە. تەنها شتێك لە ددانەکاندا کە سەرنج ڕاکێش بێت گەورەیی قەبارەکانیانە.

بە تایبەتیش (C) ی سەرەوە و M3 و I2 (ترنکەس چاپی B) ، لەگەڵ ئەو بەرگە ئەستوورەدا کە بە ددانەکانی پێشەوەیە ، کەڵبە و بڕەڕەکان نەك تەنها تاجەکەیان ڕۆیشتووە یان هەر نەماوە ، بەڵکو ئەوانەی بەشی خوارەوەیان قەراغی دەرەوەیان خڕبۆتەوە ، ئەم شێوە خڕ بوونەوەیە لە ددانەکانی پێشەوەی شانیدەر (١ و ٤) یش و لە زۆربەی نیاندرتاڵەکانی ئەورووپاشدا هەیە ، ئەمەش دەگەڕێنرێتەوە بۆ ئەوەی گوایە نیاندرتاڵەکان بە زۆری ددانەکانی پێشەوەیان بەکارهێناوە بۆ کاوێژ کردنەوەی خواردنەکانیان (paramasticatory) (برەیس ١٩٦٢ ، وڵپۆف ١٩٧٧).

ئەم بۆچوونە ڕەنگە یارمەتیمان بدات لە تێگەیشتنی هۆی شێوەی ددانەکانی نیاندرتاڵەکان ، بەڵام ئەمە هەرگیز یارمەتیمان نادات لە تێگەیشتنی هۆی شێوەی دەموو چاوەکانیان بە گشتی (ترینکەس چاپی b) ؛ کە تا ئێستاش بە شێوەیەکی فراوان لێکۆڵینەوە لە بارەیەوە نەکراوە و ڕوون نەکراوەتەوە.

ئەو توێژاڵەی کە ددانەکانی داپۆشیوە ، لە ژێر ووردبینی ئاساییدا وەك بەرگێکی ڕووکەش نیشتۆتە سەرددانەکان ، میناکەی بێت یان ماددە ناوەندییەکەی ددانەکان بێت ؛ کە لە هەندێ جێگەیدا ڕووشاوە ، ئەمەش زیاتر بەسەر کەڵبەی سەرەوە و خڕێی خوارەوە دیارە بە هەمان شێوە بەشە خڕبووەکانی (C و I2) ی خوارەوە ، کە بە شێوەیەکی باش ڕووشاوییان پێوە دیارە ، ئەمەش زیاتر پەیوەندی بەڕێژەی توێکڵە بریقەدارەکەی سەر ددانەکانەوە هەیە کە بەسەر ماددە

ناوەندییەکەی ددانەکانــ‌ـرەن وەك لــەوەی کە بەڵگەیەك بێت لەســەر خڕنەبوونــەوەی مــاددە ناوەندییەکــەی ئــەم ددانانـــە و ددانەکانی تریش.

ئەم توێژاڵە تەنکە سەیرەی کە بەسەر بەشە خڕبۆوەکەی ددانەکانی خوارەوەیە، ئەوە دەردەخەن، کە ئەو خڕبوونەوەیە تەنها بەهۆی کەڵەکەبوونی خواردن بەسەر ددانەکانــەوە دروســت نــەبوون، بـــەڵکو بــەهۆی پێراکێشــانی هــەندێ مــاددەی جــێرەوە دروســت بــووە، ئــەویش بــە راکێشانە خوارەوەی ئەو مادەیە بەسەر لێودا، ئەم زانیارییە، کە پێویستە بەهۆی لێکۆڵینەوەی زیاتر لە توێژاڵی سەردانی نیاندرِ تاڵی دیکە و مرۆڤی ئێستادا ڕاست بکرێتەوە، پشتگیری ئەو بۆچوونەدەکات کــە دەڵێــت هــەندێ لــە نیاندرتاڵــەکان ددانەکانی بەشی پێشەوەیان بەکارهێناوە بۆ کۆکردنەوەی کاوێژ.

**بڕبڕەکــانی پێــش ســێبەندە Parasacral vetebrae**

بڕبڕەکانی پێش سێبەندەی شانیدەر ۳ پێکهاتوون لــە پارچــەکانی هــەر دوانــزە بڕبڕەکـــەی ســـنگ و پێنـــج بڕبـــڕەی کەلەکەئەگــەر چــی لــە ڕووی ســاغیانەوە جیاوازییان هەیە. شەش بڕبڕەی یەکەمی سنگ پێك هاتوون لە درکەنوون (spines) و تەنیشتە نــوون (laminae)، لەگــەڵ چــەند بەشــێك لــە جوومگانــە ڕوو (articular factets) و جوومگە نووك (pedicles) کە تا ئەندازەیــەکی زۆر بەباشــی ماونەتـــەوە، لەگــەڵ هــەندێ پارچــەی دیکــە لــە تــەنی بڕبڕەکە (body).

بڕەی (گرێی) ۷ و ۸ و ۹ هەندێ بەش لە جوومگانـــە ڕوو و جومگـــە نووکیـــان پێوەماوە بڕەی ۱۰ درکــەنووك و بــەێك لــە تەنیشـــتە نـــووك (lamina) و ڕووەکـــان و جوومگە نووکی چەپیا پێوەمـاوە، بـڕەی ۱۱ لــە بــەری پشـــتەوە تــا قەراغـــەکانی پێشەوەی ڕووی پەراسووەکان، بە تەواوی ساغن، بڕەی ۱۲ ش ساغە، تەنها بەشی سەرووی پێشەوەی و درکە نـووك و پانـە نووکی کەمێك شکاون.

پێنـــج بڕبڕەکـــەی کەلەکـــە کـــەمترین شکاوییان پێوەیە، هەموو بڕەکانی، بڕەی پێنجەم نەبێت، بەشە گرنگەکانیان ماون، وەك جومگــە نــووك و جوومگانــە ڕوو و تەنیشــتە نــووك و درکــە نــووك، کەلەکــەی (Lumba) ۱ و ۳ و ٤ درکـــــە نووکـــــی تەواویان پێوەماوە، کەلەکەی ٤ و ٥ یش تەنیشتە نووکەکانیان تەواو ساغن (وێنەی ۳).

هەندێك شت تێبینی دەکرێت سەبارەت بە بڕبڕەکانی پێش سێبەندەی شانیدەر ۳ تێبینــی دەکرێــت کــە هیــچ کــام لــەو درکــە نــووك و بڕبــڕەی ســنگ و کەلەکانــەی کــە ماونەتــەوە دووفــاق نــین (bifid)، لەگــەڵ ئەوەشدا درکە نووکی کەلەکەی ۳ و ٤ لـە





خوارەوە بووە بە دوو بەشەوە ، بۆ لای ڕاست و لای چەپ ، کە ئەمەش وایان لێدەکات کە لەوەر گرتنی پانە برگەیاندا بە شێوەی سێگۆشە دەربکەوێت ، بڕبڕەکانی کەلەکە لە ئاسایی پانترن (خشتەی ٤) بەڵام پێوانەکانیان وەك هی نیاندەرتاڵە نێرینە جۆرواجۆرەکانی تروایە ، بە شانیدەر ١ و ٤ یشەوە.

ئەو گۆڕانە پاتۆلۆجیانەی (pathology) کە بەسەر بڕبڕەکاندا هاتوون بریتین لە بە ئێسك بوونی ماددەی نێوان جوومگەکان (بەستەرەکان) (ligment flava) (attachments) ؛ لکانیان بە قەراغی سەرووی بڕەی ٤ و ٥ و ٦ و تەنیشتە نووکەکانیاندا کەمترین بە ئێسك بوون لە نێوان بڕەی ١٢ و کەلەکەی ١ و نێوان ك١ و ك٢ لەگەڵ ك٥ و س ١ دایە (وێنەی ٣) لەگەڵ گۆڕانی جوومگەکانی نێوان ڕووەکانی جومگاندنی بڕەی کەلەکە (خشتەی ٣ و ٤).

دوو تێبینی یەکەمیان نیشانەی کاردانەوەی فشارێکی میکانیکییە (بۆ ورك





١٩٦٧) و لەو شوێنانەدا بەدەرکەوتوون کە هێزی کشاندن لە سەر بەستەرەکان لە ئەوپەڕیدابووە ، وەك ناوچەی بەشی سەرەوەی سنگ لە پشتەوە ، لەگەڵ ناوچەی کەلەکە لە پێشەوە ، گۆڕانی جوومگەکانیش لەسەر جوومگانە رووی کەلەکەکان ، زۆر کەم بووە و ڕەنگە هیچ کارێکی نەکردبێتە سەر جووڵە.

**سێبەندە** Sacrum

سێبەندەی شانیدەر ٣ بریتی‌یە لە دوو پارچەی سەرەکی ، یەکێکیان لەگەڵ زۆر ترین بەشی S1 دایە ، ئەوی دیکەشیان لەگەڵ زۆرترین بەشی S5 , S4 , S3دایە (وێنەی ٤).

لەگەڵ هەندێك وردە پارچە کە بەشێك لە جوومگاندنە رووپشی لەگەڵدایە دەکرا پارچە ون بووەکانی دروست بکرانایەوە ، بەڵام هەندێکیان ، تەنها بە بۆچوونی (تخمین) خۆمان دەبوو ، تەنی S1 و تەنیشتەبەی چەپ لەگەڵ قەراغی سەرڕووی جوومگانە رووتەواو دەگونجا لەگەڵ قەراغی سەرووی تەنی S2 دا ، تەنەکانی S5 , S4 , S3 یش لەگەڵ درکە بۆشایی سێبەندەکانیاندا بە تەواوی دەگونجان لەگەڵ تەنیشتەقەراغی لای ڕاست کە دەکەوێتە ژێر ناوچەی گوێچکەلەوە (auricula surface) هیچ کام لە تەنیشت نووکی (S1) نەمابوون ، بەشێکی کەمیش لە S2 مابوو ، لە بەرئەوە زۆربەی دروست کردنەوەکان بۆ تەنی S2 دەکرێت ، کە ڕەنگە ئەمە کاربکاتە سەر نووشتانەوەی تیر ئاسای سێبەندە (Sagiltal Curvature) ، بەم شێوەیە دروست کردنەوەکەی ڕەنگە کەمێك لە

ڕێژەی نووشتاندنەوەکە ک[illegible]ر بکاتەوە.

لـە ڕوی مۆرفۆلۆجیـەوە ئـەم ئێسـکانە هەندێ شتی سەیریان هەیە : تەنەکانی S1 S2 ، بـە درێژایـی قـەراغی پێشـەوەیان پێکـەوە نـەلکاون ، بـەلاَم لـەلای ڕاسـتەوە پێکـەوە لکـاون (قـەراغی چـەپ و لای دواوەی تێـك شـکاوە) ، درکـە بۆشـایی سێبەندەی (S5 , S3) چوونیەك نین لەلای ڕاسـتەوە زیـاتر فراوانـترە ، لـە ڕاسـتیدا پشـتەوەی لای چـەپ (S5) ئەڕژێتـە نـاو جۆگەی سێبەندەوە و تەنها بەقەدەر کونە دەرزییەك بۆشایی هەیە لەسـەر ڕووبـەری پشتەوە. ناوچـەی بەشـە هـەڵتۆقیوەکانی درکەنووکی S1, S2 نـەماون و بـەلاَم ئـەم بەشە هەڵتۆقیوانە لەسەر S3 , S4 بوونیان هەرنیـە ، هێڵـی نـاوەندی پشـتەوەی S3 بریتی‌یە لە ڕوویەکی تەنکی نارێك ، هێڵی ناوەندی پشتەوەی (dorsal midline) , S5 S4 بریتی‌یـە لـە چـاڵێکی گـەورە کـە قەراغـەکانی لـە S4 دا بـوو ، بـە چـەند هەڵتۆقیوییـەکی گەورە و لە S5دا بووە بـە سێبەندە شاخ (Sacral Cornua).

لـە ڕووی مۆرفۆلۆجییـەوە کـەمترین بـە ئێسك بوونیـش بـە درێژایـی قەراغـەکانی پێشـەوەی سـەرووی و هـەندێك لـە لێوارەکانی تەنیشتە قەراغەکانی سـەرەوە ڕوویـداوە ، کـە هیـچ کامیـان شـایانی لێکۆڵینەوە نین.

پەراسووەکان : Ribs

تـا ئێسـتا زۆربـە دەگمـەن لێکۆڵینـەوە لەسـەر پەراسـووی پاشمـاوە مرۆڤییـە کۆنـەکان کـراوە ، چونکـە زۆربـەیان زۆر ناسـك بـوون و نەشـتوانراوە بـە تـەواوی بناسـرێنەوە ، پەراسـووەکانی شـانیدەر ۳ هێنـدە بەباشـی مابوونـەوە کـە دەتوانـرا زۆربـەی پارچـەکانی بناسـرێنەوە ، پارچەکانی هەر دوانزە پەراسووەکانی لای ڕاست بە باشی مابوون ، لەگەڵ پارچەی هەشت پەراسووی لای چەپ کە دەکرا بە ئاسـانی بناسـرێنەوە ، لەگـەڵ لەتـەکانی پێنج پەراسووی لای چەپ کە بە ئاسانی نەدەناسـرانەوە ، بـەم شـێوەیە ئەمـە ساغترین و تەواو ترین کۆمەڵە پەراسووی نیاندرتاڵـە کـە تـا ئێسـتا دۆزراونەتـەوە (خشتەی ٦).

پێکـەوە نانـەوەی ئـەو پەراسـوانەی کـە دەکرا ڕیز بەند بکرێنەوە ، لەسەر قەبارە و شـێوەی پەراسـووەکانی لای ڕاسـت درووسـتکرانەوە، بەهـەمان شـێوە پەراسـووەکانی لای چـەپیش بـە پێـی پەراسووەکانی لای ڕاست ڕیزکرانەوە ، کە زۆربەیان بریتی بوون لە ئێسکەکانی نزیکە تـەوەرە (Proximal) و نـاوەندە تـەوەرە (middle shaft) و لەگەڵ چەند پارچەیەك لە نێزیکە جوومگە (Proximal article) و بەستەرە ڕوو (Ligaments surface).

هەشت پەراسوویان چەند پارچەیەك لـە جوومگاندنـە هـەڵتۆقیوی (articulator





(tubercle) پێوە مابوو ؛ یەکێکیشیان ، کە پەراسووی شەشەمی لای ڕاستە ئێسکە ملەکەی بە تەواوی پێوە مابوو لەگەڵ بەشێك لە کەللەکەدا ، بەڵام هیچ کام لە ڕووبەرە کرکڕاگەییەکانی ئەو سەری پەراسووەکانی نەمابوون (distal coastal cartilage surfaces) ئەوشتەی کە جێگەی سەرنجە لە پەراسووەکاندا ، پتەوییانە ئەمەش لە ئەستووری تەوەرە کۆڵەکەوە دەردەکەوێت (خشتەی ٦) ؛ لەگەڵ ئەستووری جومگەکانی نزیکە تەوەرە (proximal ligmentous) جێلکانی ماسوولکەکاندا ؛ شکاوی زۆربەی پەراسووەکان ڕێگرێك بوو لەبەردەم دیاری کردنی ڕێژەی کەوانە بوونیان (تقوس) ؛ لەگەڵ ئەوەشدا وا دەردەکەوێت کە ئێسکەکانی نزیکە تەوەرەی پێش گۆشەکەوانە زۆر درێژ بووبن ؛ کە ئەمەش مانای وایە کەسەکە سنگێکی پانی هەبووە ؛ سەرنج ڕاکێشترین دیاردە لە پەراسووەکاندا ئەو شکاوییە نزیکە چاکبووەوەیە کە بەلای سەرەوەی پەراسووی نۆهەمی چەپەوەیە بە دووری (٦٠ ملم) [1] لە گۆشە کەوانەوە (وێنەی٥)، ئەمیش بریتی‌یە لە بڕاوییەکی لێوار تەریب کە پانییەکەی (١,٥) ە و بە ڕووبەری ئەو سەری ئێسکەکەدا چۆتە خوارێ تا ناوەڕاستی ناوەندی ئێسکەکە و بە گۆشەیەکی (٧٩ پلەیی) لەسەر ڕووبەری دەرەوەی ، وا پێدەچێت کە بڕاوێکە هی بریندار بوونێك بێت کە پێش مردنەکەی ڕوویداوە و ، ئەو ئامرازەش کە بۆتە هۆی برینداریەکە ؛ تا مردنی کەسەکە لە برینەکەیدا مابێتەوە چوونکە هەندێك کاردانەوە و کارلێك لەسەر ئێسکەکە و دەورووبەری پشتی برینەکە دروست بوو کە بۆتە هۆی هەڵئاوسانی شوێن دەمی برینەکە و بە تایبەتیش نزیك ناوەندەکەی و زیاد بوونی ئێسکی دەوری دەمی برینەکە (وێنەی ٥).

ڕێژەی ئەو کارلێك و کاردانەوەیەی کە لە ئێسکەکەدا ڕوویداوە ، بەڵگەی تێپەڕ بوونی بەلای کەمەوە چەند ڕۆژێکە ، لە نێوان بریندار بوونەکە و مردنەکەدا ، بەڵکو ڕەنگە ئەو ماوەیە زۆر لەوەش زیاتر بووبێت. بە پێی قووڵی برینەکە بێت ڕەنگە پەردەی ڕووپۆشی سی چەپیشی بڕبێت و سییەکەی کون کردبێت و

ئەمەش بووبێتە هۆی بادەی[٢] سییەکە (Peneumothorax) بەم شێوەیەش ڕەنگە بەهۆی بار ئاڵۆز بوونی لاوەکییەوە (المچاعفات الپانویە) شانیدەر ٣ گیانی لە دەست دا بێت ، یان ئەوەتا برینەکەی هێندە بێهێزی کردبێت کە نەیتوانیبێت لەو هەرەسە بەردییە هەڵبێت کە دواتر لە ئەشکەوتی شانیدەردا ڕوویداوە ، چونکە پاشماوەی شانیدەر ٣ بەهۆی هەرەسێکی بەردییەوە لە شوێنەکەی خۆی ڕامڵراوە ئەو ئامرازە نەدۆزرایەوە کە هۆکاری برینەکە بووە ، کە ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە ڕەنگە ئامرازەکە یان لەدار بووبێت و پاش ماوەیەك ڕزیبێت ، یاخود لە ئێسك یان بەرد بووبێت و پاش مردنەکەی وون بووبێت ، بنکی برینەکە (قووڵاییەکەی) کەمێك خڕبۆتەوە ، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە زیاتر ئێسکێك یان دارێکی تیژ کراو بەکار هاتووە وەك لەوەی کە تەلاشە بەرد بووبێت ، بە داخەوە کە ئەو پارچە پەراسووەی هەشتەم کە پێوەی لکاوە نەماوە.

بە پێی گۆشەی برینەکە و هێزی لێدانەکەی و ئاراستەی برینەکە بێت ، پێناچێت بریندارێکە بە ڕێکەوت ڕوویدا بێت ، لە ڕاستیدا گۆشە و جێگەی برینەکە بە تەواوی لەو جۆرەیە کە کەسێك لە بەرامبەرەوە بە دەستی ڕاستی ئامرازەکەی چەاندبێت بەو لایەی جەستەکەدا.



ئەو برینەی شانیدەر ٣ بە کۆنترین کێشەی بەبەڵگەوە سەلمێنراو و لە گومان بەدەری نێوان ، نیاندەرتاڵەکان دەژمێردرێت و نموونەیەکە لە سەر تووند و تیژی نێوان مرۆڤایەتی چوونکە هەموو نموونەکانی دیکە کە گوایە نموونەن لەسەر تووند و تی‌اژی نێوان نیاندەرتاڵەکان دەکرێ هۆیەکانیان بگێڕدرێتەوە بۆ بە ڕێکەوت بریندار بوون یان تێکشکانی ئێسکە پەیکەرەکانیان پاش مردنیان.

چەڵەمەی شانەکان Cl... les

پارچەکانی چەڵەمەی هەدوو شانەکان مابوون ، بەڵام هیچیان ساغ نەبوون (وێنەی ٦) بەشی ژێرەوەی چەڵەمەی ڕاست وەك خۆی ماوە ، هەر لەو جومگانە ڕووی نزیك پەراسووەکانەوە تا ئەستوراییەکەی ئەوسەری مابوو (درێژی گشتی = ٤٤,٠) لەگەڵ پارچە ئێسکێکی بەشی ئەو سەری چەڵەمەکە و زۆرترین بەشی پارچەی پەلەکەوانە acromial) curvature) بە تایبەتیش بە درێژایی قەراغی پێشەوەی (درێژی گشتی =٦٥,٠) هیچ کام لە جومگەکان نەمابوون.

چەڵەمەی نیاندەرتاڵەکان بەوەدا دەناسرێنەوە کە بە پانە برگەیی شێوەیەکی نیمچە خڕیان هەیە بە بەراورد لەگەڵ هی مرۆڤی سەردەمدا کەمێك چەماوەتەوە (گورجانۆفێك کرامبەرگر ١٩٠٦ ، و ککاون و کیپ ١٩٣٩) لەگەڵ ئەوەشدا چەڵەمەکانی شانیدەر لە باری بەرزیاندا زۆر پانن و چەڵەمەی ڕاستەیی ئەو چەمانەوەیەی بەشی نزیك تەوەرەو تەوەرە شەفتلای تیانیە کە لە زۆربەی نیاندەرتاڵەکانەی دیکە و مرۆڤی ئێستاشدا هەیە (بەرزی و پانی شەفتەکە لە ئاستی هەڵتۆقیوییە لولەییەکەدا نزیکەی ٩,٠ ە ١٩,٠ (بۆ لای ڕاست) و ٩,٣ و ١٦,٩ یە (بۆلای چەپ) ، ئەم پانییەش لە ڕووی شێوەییەوە (Morphologyically) زیاتر دەیانخاتە ڕیزی مرۆڤی سەردەمەوە وەك لەوەی کە هی نیاندەرتاڵێك بێت ، بەڵام لەگەڵ ڕەچاوکردنی جیاوازی نێوان هەردوولا ، ئەو نەبوونی چەمانەوەیە لە بەشە ئێسکەکەی نزیك تەوەرەدا ، (بەشەکانی ئەو سەری نەخۆشییانەی نەبێت) (Pathologidcal) ، چونکە بە شێوەیەکی گشتی ئێسکەکە ئاساییەو باڵی ڕاستیشی بە شێوەیەکی بەرچاو بێ کەم و کوڕییە ، دەکرێت ئەو ڕاستبوونەوەیەی ئەو بەشەی ئێسکەکە زیاتر وەك گۆڕانکارییەکی ئاسایی لێکبدرێتەوە لەو زنجیرە گۆڕانکارییەکەمانەی کە لە نیاندەرتاڵەکاندا هەبووە.

چەڵەمەکانی شانیدەر ٣ چەندین شوێن لکانی ماسولکەی بەهێزی پێوەدیارە (Musculoligmentous) لەسەر هەردوو بەشی نزیکە تەوەرە و دوورە تەوەرەش.

جوومگامە ڕووەکانی پەراسووە چەڵەمە (Costo clavicular ligament facets) زیاتر بریتی بوون لە چەند ڕووبەرێکی پانی ئاشکرا وەك لەوەی کە ئێسکێکی ڕەقی قۆقزی ئاسایی بن ، شوێنی پێوەلکانی ماسولکەکانی شان و دەفە بە ئاشکرا لە کۆتایی هەردوو پەلەکانەوە دروست بوو بوو ، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا هەڵتۆقیویە لوولەکیەکانی Coniod) (tubercles بە تەواوی بەرز نەبوون ، شوێن




پیوه لکانی ماسولکەی سەرەکی سنگ (major pectorali) بە ناوەندە شەفتی لای ڕاستەوە زۆر بەهێز نەبووە ، بەڵام دەکرا بە ئاسانی دەستنیشانی بکرێت بە قەراغی ژێری پێشەوەی ئەم نیشانانە تەواو گونجاون لەگەڵ ڕیز بەندی گشتی ماسولکەدیارەکانی دیکەی بەشی سەرەوەی شانیدەر ۳ دا.

دەفەی شانەکان Scapulae

ئێسکەکانی دەفەی شانیدەر ۳ لە جێهەڵکەندنەکەدا تێکشکابوون ، بەڵام دەکرا بەشە سەرەکییەکەی دەفەی ڕاست و کەمێکیش لە دەفەی چەپ پێکەوە بنرێنەوە (وێنەی ۷) دەفەی ڕاست بەشێکی زۆر لە ڕووی ژێر بڕبڕەی پشت لەگەڵ سێیەکی ناوەڕاست و پێشەوەی بڕبڕەی پت ، بەڵام کەوانەی خوارەوە و بەشی ناوەڕاستی سەرەوەی ڕووی ژێر درکەنووك و بەشی سەرەوەی ڕووکاری بنباڵەکان (axillary border) دیار نەمابوون (بەرزی گشتی = ۱۳٦,۰ ، پانی گشتی = ۱۱۸,۰) پارچەیەکی قلیشاوی ناوچەی سکیش (Coracoid border) هەیە (پانی گشتی =۲٤,۰) بەڵام هیچ پارچەیەکی قولکەچاڵ (glenoid fossa) نەماوەتەو ، نە ئێسکەپەلەکەی

(acromion) و نــــە ڕووی ســــەر دڕکـــــە نووکەکەی (super spinatus surface).

دەفەی چەپ پێکهاتووە لە سێ پارچەی جیاواز ، بەشێك لە ڕووبەری ژێر دڕکە نـووك لەگـەڵ قەراغـە بڕبڕەکـان (بـەرزی گشتی = ٧٧,٣) لەگەڵ بەشی سەرەوەی پێشی ڕووبەری ژێر تا ئاستێکی زۆر باش شـێوەی دەفـەکانی شـانیدەر ٣ مـان بـۆ دەردەخـات ، دەفـەی نیاندەرتاڵـەکان هیـچ جیاوازییـەکی ئـەوتۆیان نیـە لەگـەڵ هـی مرۆڤـی سـەردەمدا (ستیوارت ١٩٦٢ (a))* تاکە شتێك کە جیـاوازی هـەبێت شێوەی ڕووکـاری بنباڵەکانـە ، شـێوەی ڕووکـاری بنباڵەکانی مرۆڤی سەردەم بریتی‌یە لە سێ جۆری جیاواز : یان پێشـە قڵیشی هەیـە (ventral sulcus) ، یـان پشـتە قڵیـش (dorsal sulcus) یان پشتە و پێشە قڵیشی هەیـە (شـێوەی دوو قڵیـش) ، شـێوەی قڵیشـی پێشـــەوە لـــە هـــەموو شـــێوەکان بڵاوتـرە ، شـێوەی قڵیشـی پشـتەوە زۆر دەگمەنە (فۆن ئێکستێد ١٩٢٥ ، ترینکەس ١٩٧٧) لە نیاندەرتاڵەکاندا شێوەی لیشی پشتەو بڵاوترە و شێوەی قڵیشی پێشەوە دەگمەنە (ترینکەس ١٩٧٧).

پێدەچێت شێوەی ڕووکارەکان (border) پـەیوەندی هـەبێت بـە قەبـەیی کەسـەکەوە چونکـە بوونـی قڵیشـی پشـتەوە جێگـەی پێوەلکـان زیـاتر دروسـت دەکـات بـۆ ماسولکەی teres minor کە ماسولکەیەکە بەرپرسە لە سوڕانی چەسپاو (rotational stabilit) ی مـرۆڤ لـە کـاتی ئیـش و کارەکـانیدا (ترینکـەس ١٩٧٧) دەفـەکانی شانیدەر ٣ ش لەگەڵ ئەم ڕوونکردنەوەیەدا دەاونجێت چونکە هیچ جیاوازییەکی نییە لە دەفەی مرۆڤێکی قەبەی ئەم سەردەمە ، ڕووکاری بنباڵی دەفەی ڕاست بە تەواوی ماوەتەوە لەگەڵ نیوەکەی خوارەوەی شێوە قڵیشاوێکەشی بە تەواوی دیـارە ، ئەگـەر چی لـە نزیکـە قوڵگـەی چاڵـەوە شـکاوە ، پشتە قڵیشێك بە درێژی نیوەی پشتەوەی ڕووکارەکــە هەیــە ، بێگومـــان پێشـــە قڵیشێکی لە بەشی سەرەوە درێژ بۆتەوە تا قوڵگـە چاڵ (وێنـەی ٧) بـەم شـێوەیەش دەفـەی شـانیدەر ٣ دەکەوێتـە ڕیـزی ئـەو زنجـیرە گۆڕانکاریانـەی کـە لـە نـێزان نیاندەرتاڵەکان و مرۆڤی سەردەمەدا هەیە.

تاکە پێوانەیـەك کە بتوانرێـت بـەرێك و پێکـی بـۆ ئـەو دەفـە شـکاوانە بکرێـت بریتی‌یە لە درێژی بنچینەیی دڕکە نـووك (basal spinous length) (= 81 – M) لەگەڵ گۆشەی axillo – spinal (M 90.2) لە دەفەی ڕاستەوە. (– 16 = 60)

**ئێسکی باسکەکان Humeri**

هەر وەك دەفـەکان ، ئێسکی باسـکەکانی شـانیدەر ٣ لــە شــوێنی هەڵکەندنەکـەدا تێکشکابوون و تەنها چەند پارچەیەکی لێ دۆزرانـــەوە ، گـــەورەترین پارچـــە یـــان باسکەئێسکی ڕاست بوو کەلە بەشی نزیك




ملەوە بە تەواوی ساغ بوو تا قەراغی ئەو سەری هەڵتۆقیوییە سێگۆشەییەکە (deltoial tuberosity) و تەنها پێك هاتبوو لە ڕووبەری پێشەناوەند (antomedial) و پێشە تنیشت (antrolateral) کە درێژبووبووە تا سەرە گرێی جوومگانە ڕوو (supracapitular) (درێژی گشتی =٢٦٨ز٥) (وێنەی ٨) هەروەها باسکە ئێسکی پێك هاتبوو لە چەند پارچەیەکی سەروو گەورە هەڵتۆقیو greatertuberosity لەگەڵ پارچەیەکی ئەو سەری ئێسکەکە و بەکرەییە جوومگە ی ناوەوە و ئەو سەری لەگەڵ بەشی پێشەوەی گرێکە capitulum(پانی گشتی =٦٣,٠).

باسکی چەپ کەمتر ساغ بوو ، تەنها بریتی بوو لە بەشی ئەو سەری ئێسکەکە لەگەڵ ئەو بەشەدا کە بەستراوە بە هەردوو ماسولکەی (    ) ەە (درێژی =٦٧,٠) لەگەڵ medial epicondyle بە تەواوی و پارچەکانی ناوەڕاستی بەکرەییە جوومگە trochlea و جوومگە چاڵ (پانی گشتی = ٣٩,٨) باسکە ئێسکەکانی شانیدەر ٣ تەنها لەبەر پێکەوە نانەوەی شێوەی گشتی مرۆڤەکە گرنگە (وێنەی ٨) سەرەڕای هەڵتۆقیوییە گەورە ڕەقەکانی شوێن پێکەوە لکانی ژێکان (tendon insertions) باسکی چەپ ، تا ڕادەیەکیش باسکی ڕاستیش ، چاڵێکی قووڵیان تێدایە کە شوێنلکانی ماسولکەی ، ئەمەش نیشانەی

(خشتەی ٧).

**ئێسکە کەوەرەکان Ulnae**

ئێسـکە کـەوەرەکانی شـانیدەر ٣ پێکـهاتبوو لـە پارچـەکانی cooniod processes ڕاست و چەپ (درێژی گشتیان یەك لە دوای یەك = ١٧,٥ و ١٧,٧) لەگەڵ ئێسکێکی بەشی ئەوسەری epiphysis و پارچەیـەك لـە ئێسـکی ئـەو سـەری diaphysis جێگـە لکـانی ماسـولکەی pronator quadratus و ڕاستە ئێسـکی هاوتـای (درێـژی گشـتی = ٦٩,٠) بـە شـێوەی باسـکە ئێسـك ئێسـکی کـەوەرەکانیش وەك هـی مرۆڤـی سـەردەم وایـە ، بـەڵام جێلکـانی ماسـولکەکگانی دیارترە ئەمەش بـە ئاشکرا لـە جێلکـانی ماسولکەی ponator quadatus ی سـەر کـەوەرەی چـەپ دیـارە (وێنـەی ٨)

**ئێسکی زەند Radius**

زەنـدی چـەپ پێـك هـاتووە لەدووبـەش: پارچـەی نزیـك تـەوەرە Aproximal و بەشی زۆری سەرو مل و زەندە هـەڵتۆقیوی Radial tuberosity (درێـژی گشـتی - ٥٩,٠) وێنـەی (٨) لەگـەڵ پارچـەی ئەوسـەری ئێسـکەکەو نیـوە بەشـی پێشـەوەی ئەوسـەری Epiphysis و پارچەیـەك لەئێسـکی ئـەو سـەری Diaphysis ی پێشەوە (درێـژی گشـتی - ٨٤,٤) زەنـدە هـەڵتۆقیوی گەورەیـەو بەباشـی دیـارە. لێوارێکـی تـەنك هەیـە بـەدرێژی قـەراغی ناوەڕاسـتی جوومگـا ئەڕووی سەرەوە. جگە لەمانە، پارچەکانی زەنـد وەك هـەر پارچـە ئێسـکی زەنـدی مرۆڤێکی گەورە وایە.

**مەچـەك و ئێسکەشـانەو پەرنجـەکان Carpak Metacarpal and phalanges**

ئـەو ئێسـکانەی دەسـت کـە مـابوون لەکـەڵکی دروسـت کردنـەوەی شـێوەی دەسـتەکەی شـانیدەر ٣ نەئـەهاتن، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا زانیـاری زۆریـان لێـوە دەست کەوت. ئەوەی کەماوەتەوە بریتییە لەشەش ئێسکی مەچەك و چوار ئێسکی شـانەو سـێ بنکـەگری Proximal phalanges و چـوار نـاوەندە گـری Middle phalanges و سێ سەرە گری Distal phanages (خشـتەی ٩ بـۆ ١٢ / وێنەی ٩).

ناسـینەوەو جیاکردنـەوەی شـانەو پلەپەنجەکان بۆ پەنجەو تەنیشت Digit and side لەسەر بنـەمای شێوەو قـەبارە بووە. ناسـینەوەی تەنیشـتە شـانەو بنکـە گـرێو سـەرەگرێی یەکـەم دەکـرێ بـەهۆی شـێوەکانیانەوە بکرێـت. بـەڵام نـەدەوترا بەئاسـانی تەنیشـتی نـاوەندەگرێو سـەرەگرێی چـوار پەنجەکـەی ڕێکـی کەوەرەکان دیاری بکرێت. هەروەك هـەموو کۆمەڵە پەنجەیەکی ناتەواوی تر، دروست کردنەوەو پێکەوە نانەوەی ئەم پەنجانەش بەپێی گونجانیان کراوەو دەکرێت جارێکی تر پیاچوونەوەیان پێدا بکرێت.

مەچەکەکانی شانیدەر ٢ دەخرێتە ریزی ئەو گۆرانکاریانەوە کەلەشێوەی گشتی مرۆڤ ئێستادا روویداوە. ئێسکەکانی Scaphoid بریتین لەجوومگانە رووی گەورە بۆ ئێسکەکانی (radii) و (capitate) ئەوانەی لای راستیشیان رووبەری لێک جیاوازی پێوە بۆ ئێشکەکانی (trapezium) و (trapezoid). ئێسکەکانی (lunate)یش گەورەو هی لای چەپی گەورەترە لەهی لای راست (خشتەی ١٠)و ئەوەی لای چەپ بەئاشکرا جێلکانی مەچەکە زەند (radio capal)ی پێوە دیارە. هەلتۆقیویەکانی (trapezium) و (hamulus) هەردووکیان گەورەت، کە نیشانەی ئەوەیە کە جومگەو ماسولکەکانی ناو لەپی بەهێز بوون. لەسەر (trapezium)یش یەکەم جومگانەرووی شانەکە چەمانەوەی پشتە دەست و چالاّیی بەردەست دروست دەکات کەوەك هی مرۆڤی سەردەم وایە. ئەو یەکەم ئێسکی شانەیەی کەلەشێوەی زینی ئەسپدایە لەنیاندەرو تاڵەکاندا بوونی نییە، کە ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کەکاری دەستیان کەم بووە (مەسگرەیڤ ١٩٧١) و دەست رەنگین نەبوون. بەهەرحاڵ لەبەر ئەوەی یەکەم ئێسکە شانەی شانیدەر ٣ نەماوەو ئێسکەکانی (trapezium) ی نیاندەر تاڵەکانیش بەشانیدەر ٣شەوە، هیچ جیاوازیەك نیشان نادات لەنێوان مرۆڤی سەردەم و نیاندەرتاڵدا، لەبەر ئەوە ناتوانین رادەی دەست رەنگینی شانیدەر ٣ بەش دیاری بکەین.

شانەو پلە پەندەکان وەك هی مرۆڤی ئێستاوان، جگە لەهەندێك جیاوازی لەهەڵکەوتەو دروست بوونیاندا. جێلکانی ماسولکەی (opponensdigiti minimi) کەلەباری ئاساییدا وەك رەقاییەك دەردەکەوێت لەسەر قەراغی لای کەوەرەی ئێسکە شانەی پێنجەمەوە، کەچی لەسەر تەوەری شانەی شانیدەر ٣دا تەواو نەرم دەردەکەوێت (وێنەی ٩).

جوومگانەرووی ئێسکەکانی شانەو پلەپەنجەکانیش زۆر گەورەن. سەرە پەنجەکانیش بەتایبەتی سەرە پەنجەی ١و٣ کۆتاییەکانیان زۆر پانن (وێنەی ٩).

پانی سەرە پەنجەکان و گەورەیی جوومگەکانیان نیشانەی ئەوەیە کە فشارێکی بایۆمیکانیکی زۆریان لەرێگەی پەنجەکانەوە کەوتوتە سەر. یەکەم سەرچاوەی ئەم فشارەش بریتییە لەماسولکە بەهێزەکانی باڵ و دەست کەئەمەش لەدەرپەرپوی بنچینەو جێلکاویەکانیانەوە دیارە. لەمەشدا دەستەکانی شانیدەر ٣ وەك هی نیاندەرتاڵەکانی دیکە وایە. (مەسکەرێڤ ١٩٧١).


CMS


CENTIMETERS

بێناوە ئێسکەکان Innominate

بێنـــاوە ئێســـکەکانیش لەشـــوێن هەڵکەندنەکـــەدا ئێسکشـکابوون ولەوانــە تەنها نـۆ پارچـە کـەدەکرا بناسـرێتەوەو دوانـــزە پارچـــەش کەنەدەناســـرانەوە، مـابوون. پارچەکانی لای پارچـە تـەواوتر بوون و پێك هاتبوون لە : (iliac blade)([1]) لەگـەڵ ٦٥ (iliac crest) کـەگرێکان و پارچـەی بچـوك وووردی رووی نـاوەوەو دەرەوەی کەلە (crest)ەوە درێـژ دەبێتـەوە تا قەراغی پێشـەوەی هـەڵتۆقیوی (iliac)و جومگاندنـەوەروو (بـەرزی گشـتی - ٩٣،٥، پـــانی گشـــتی - ١٠١،٠). هـــەروەها قەراغـــەکانی ئێســـکی (iliac)ی نێـــوان پێشـەوەی ســـەرەوەو پێشـــەوەی دواوەی درکـە (iliac)، لەگـەڵ سـەرەتاکانی هـەر درکێك (spine)دا (بەرزی گشتی - ٥٠،٨). هـەروەها سـووچی پێشـەوەی گوێچکـە رووبـەر (auricular surface) لەگـەڵ ئێسکە رووبەری پێوەلکاوی چاڵە گەورەی ران (greater sciatic notch) (درێـژی گشـتی - ٢٩،١). هـەروەها پارچەیـەك لـە (ischium) لەگـەڵ (ischiuial spine) و قـەراغی (posteribr obturator foramen)، هـەروەها (intervining pelvic surace)و (actabuar notch) (بـەرزی گشـتی - ٨٤،٠، پـانی گشـتی - ٤٦،٥). هەروەها بەشێك لە (ischiopubic ramus) لەپارچـــەی نزیـــك راســـتە ئێســـکەکەوە تاپارچـــەی نزیـــك هەڵتۆقیویەکەی (ischinm) (درێژی گشتی - ٤٥،٨) هـەروەها پارچـەی ناوەراسـتی (pectineal line)، لەگـەڵ قـەراغی ناوەراسـتی سـەرەوەی (obturator foramen) (درێژی گشتی - ٧١،٥، بەرزی گشتی - ٣٦،٠).

بێناوە ئێشکەکانی چەپیش بریتـی بـوون لـە: چـەند پارچـە ئێسـکێکی (pelvic surface)ی (ischium)و چـەند بەشـێك لەقـەراغی (obturator posterior formen)(بەرزی گشتی - ٣٤،٧)، لەگـەڵ قەراغـەکانی سـەرەوەی (ventral)ی ناوەراسـتی (superior pubicramus) (درێـژی گشـتی - ٣٨،٧). لەگەڵ بەشێك (pelvic surface)ی (pubic ramus)ی دواوە لەگـەڵ ١٦،٥ لەرووبـەری راسـتە ئێسـکی دواوە (درێـژی گشـتی - ٤٤،٧). ئەگـەر چـی ئـەم پارچانـە هـەمووی ئێکشـکاون و لێـك جیابوونەتـەوە، بـەڵام دەکرێت شێوەیەکی گشتی پەسەندکراوی ناوچـەی حـەوزی لێ پێکهێنرێتـەوەو ووردەکارییـەکانی هـەندێك لایـەنی دیـاری بکرێت.

ilium و ischium ی شانیدەر ٣ لـەرووی شـێوەیانەوە دەچنـە رێـزی ئـەو زنجـیرە گۆرانانـەی کەلـەمرۆڤی سـەردەمدا هەیـە. ilium ی راسـتی کـەمێك باریکـتر



دەردەکـــەوێت لەگـــەڵ iliac دا. چونکـــە زۆرتریـــن ئەســـتووری crest دەگاتـــە ٩,٠ لـــەنێوان tubercle و tuberosity داو لـــە tubercle یشـــدا دەگاتـــە ١٥,٥. لـــەرووی پێشـــەوە tubercle تەنـها دەرپەڕیوییـــەکی بچووکی لێ دەمێنێتەوە (وێنەی ١٠) لەگەڵ ئەوەشدا چاڵایی iliac بەبەراورد لەگەڵ داو لەئاســـتی tubercle iliac دا- ٩٩,٠. قـــەراغی پێشـــەوەی نێـــوان دڕکـــەکانی (spines) ســـەرووی پێشـــەوەو خـــوارووی پێشەوە زۆرپتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا بەپێی پێوانـەی مرۆڤـی ئێسـتا بێـت مسـڵدانەی (ischium) فراوانێکـــی ئـــەو شـــوێنییە و تەنها ئەوەی شایانی گرنگی بێت مسڵدانە دڕکە ئاشکراکانیەتی.





لەگـــەڵ ئەوەشـــدا ئێـــسکەکانی pubic شێوەیان زۆر جیاوازی لەگەڵ هی مرۆڤی ئێستاداو لەنیاندەرتاڵیشدا زۆر دەگمەنـە (ستیوارت ۱۹٦۰، نزینکـــەس ۱۹۷٦) (وێنەی ۱۱).

ramus ی ســـەرەوە لـــە acetabulum ەوە درێـــژ دەبێتـــەوە تـــا symphysis (درێـــژی خـــەمڵێنراوی seal actabulosympha ی راســـت - ۸۰,۰ - ۹۰,۰). ramus یـــش لەبەشـــی سـەرەوە بـەرەو دواوە بەشـێوەیەك بـاریك ببـۆوە کـە obturat or crest ی ببوبـە قەراغێکی باریکی بەرز بەدرێژایی قەراغی ژێرەوە (بەرزی قەراغەکانی راست و چەپ یـەك لـەدوای یـەك - ٦,٥ و ٦,٨ تـیرەی خـەمڵێنراوی ramal dorsoventral ی راســـت - ١٦,٥). لەگـــەڵ درێـــژ بوونـــی ramus ی سەرەوەشـــدا obturator formen یـش درێـژ بـووەو گۆشـەی -sub pubic یـــش گـــەورەتر بـــووە (بـــەپێی پارچەکانی interior pubic ی چەپ بێت گۆشەکە (١٠٤)یە).

هەمان کۆمەڵە سیفات بۆ شانیدەر ١و ٤ و عمـود (amud) ١و تـابون c1 و لافێراسـی ١و کاراپینـــا ٢٠٨یـــش نووســـراوە (ترینکەس ۱۹۷٦). کە ئەویش یەکێکە لەو کۆمەڵە سیفاتانەی کە مرۆڤی نیاندەرتـاڵ لەمرۆڤی نوێ جیادەکاتەوە.

تاکـە گۆرانـــی بـاپولوجی (pathology) کەلەسەر بێنـاوە ئێسـکەکان دەرکـەوتبێت بریتی‌یـە لەدروست بوونـی هـەندێ لێـواری بچووك لەسەر قەراغی پێشەوەی سەرەوەی (acetabulum) ی راست.

بەم شێوەیە بێناوە ئێسکەکانی شانیدەر ٣ بـەوە دەناسـرێن کـە (ilia)کـانی گـەورەن بـەلام ئەسـتوور نـین و ئێسـکەکانی (pubic)ی درێـژو باریکـن. بەگشـتیش (pelvis)ی زۆر گـەورەن و (pelvic operature) (فتحـه الحـوض)یـش بەشێوەیەکی بەرچاو گەروەیە.

Table (1)
Portions of the skeleton which are represented by the Shanidar 3 partial skeleton

| | | |
|---|---|---|
| Max. Dentition: 2 | Clavicles | Innominate bones |
| Mand. dentition: 2 | Scapulae | Femur (side indet.) |
| | Humeri | Tibia (right) |
| Thor. vertebrae: 12 | Ulnae | Fibulae |
| Lumb. vertebrae: 5 | Radius (left) | Tali |
| Sacrum | Carpals: 6 | Calcanei |
| Ribs: ≥ 20 | Metacarpals: 4 | Ant. tarsals: 9 |
| | Prox. phalanges: 3 | Metatarsals: 6-7 |
| | Mid. phalanges: 4 | Sesamoids: 2 |
| | Dist. phalanges: 3 | Prox. phalanges: 2 |

Table (2)
Dental dimensions and occlusal wear of Shanidar 3

| | | Length (M-D) | Breadth (B-L) | L/B | LxB $mm^2$ | Wear Category[1] | Labial Rounding[2] |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **Maxilla** | | | | | | | |
| C | Lt | (7.3) | 9.8 | | | 7 | — |
| M-3 | Rt | 9.6 | 12.8 | 75.0 | 122.9 | 6 | — |
| **Mandible** | | | | | | | |
| I-2 | Lt | — | (9.0) | | | 8 | + |
| C | Rt | (7.2) | 8.4 | | | 7 | + |

Table (3)
Osteometrics and pathology of the thoracic vertebrae

| | T-1 | T-2 | T-3 | T-4 | T-5 | T-6 | T-7 | T-8 | T-9 | T-10 | T-11 | T12 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| Superior maximum articular breadth[2] | (41.0)[1] | — | — | — | — | 37.1 | 35.4 | — | — | (40.0)[1] | 42.2 | (41.0)[1] |
| Inferior maximum articular breadth[2] | — | — | — | (36.4)[1] | 37.0 | 35.9 | 36.5 | — | — | — | 37.7 | (29.0)[1] |
| Vertebral canal D-V diameter (M-10) | — | — | — | — | — | 12.5 | (13.0) | — | — | — | 14.8 | 16.0 |
| Vertebral canal trans diameter (M-11) | — | — | — | — | — | 17.8 | 17.0 | — | — | (17.0)[1] | 18.0 | (19.0) |
| Spine length[3] | 37.0 | 40.5 | 41.7 | 43.8 | 44.1 | 46.7 | — | — | — | 37.7 | 34.0 | — |
| Body ventral height (M-1) | — | — | — | — | 11.6 | — | — | — | — | — | — | 21.7 |
| Body dorsal height (M-2) | — | — | — | — | 14.2 | — | — | — | — | — | 25.1 | 26.6 |
| Body superior D-V diameter (M-4) | — | — | — | — | 14.5 | — | — | — | — | — | — | — |
| Body superior trans. diameter (M-7) | — | — | — | — | — | — | — | — | — | — | — | (38.0) |
| Body inferior D-V diameter (M-5) | — | — | — | — | 14.6 | — | — | — | — | — | — | 34.7 |
| Body inferior trans. diameter (M-8) | — | — | — | — | 27.5 | — | — | — | — | — | — | 46.0 |

Presence of pathological exostoses

| | T-1 | T-2 | T-3 | T-4 | T-5 | T-6 | T-7 | T-8 | T-9 | T-10 | T-11 | T12 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | Rt Lt | Rt Lt | Rt Lt | Rt Lt | Rt Lt | Rt Lt | Rt Lt | Rt Lt | Rt Lt | Rt Lt | Rt Lt | Rt Lt |
| Superior body margin | | | | | — — | | | | | | | |
| Inferior body margin | | | | | — — | | | | | | | + + |
| Superior artic. facet | — | | — | | | — — | — — | — | — | — | — — | — |
| Inferior artic. facet | | | | — | — — | — — | — — | — | — | — | — — | — |
| Superior margin laminae | — | — | — | + | + | + | — | | | — | — | — |

**Table (4)**
Osteometrics and pathology of the lumbar vertebrae

| | L-1 | L-2 | L-3 | L-4 | L-5 |
|---|---|---|---|---|---|
| Superior maximum articular breadth[2] | — | (33.0)[1] | (27.8)[1] | (38.0)[1] | (48.6)[1] |
| Inferior maximum articular breadth[2] | 28.5 | 30.4 | (33.0)[1] | (47.6)[1] | — |
| Vertebral canal D-V diameter (M-10) | 17.1 | (16.0) | (13.5) | — | — |
| Vertebral canal trans. diameter (M-11) | 20.5 | (20.0) | 22.2 | 24.5 | 31.2 |
| Spine length[3] | 34.0 | — | (36.0) | — | — |
| Body ventral height (M-1) | 23.0 | 24.0 | 26.1 | 29.0 | 31.3 |
| Body dorsal height (M-2) | 28.6 | 28.2 | 28.7 | 29.1 | 25.4 |
| | diameter (M-4) | | | | |
| Body superior D-V diameter (M-4) | 34.5 | 37.8 | 38.1 | 35.3 | 37.6 |
| Body superior trans. diameter (M-7) | 46.7 | 49.8 | 50.5 | 53.7 | (53.5) |
| Body inferior D-V diameter (M-5) | 38.4 | 36.3 | 35.5 | 36.3 | 38.0 |
| Body inferior trans. diameter (M-8) | 47.9 | 50.2 | 52.0 | 54.0 | 53.7 |
| Presence of pathological exostoses | Rt Lt | Rt Lt | Rt Lt | Rt Lt | Rt Lt |
| Superior body margin | + + | + − | − − | − − | − − |
| Inferior body margin | + + | − − | − − | − − | − + |
| Superior artic. facet | | − | − | − | − |
| Inferior artic. facet | − − | − − | − | − | − |
| Superior margin laminae | − | − | | | |

**Table (5)**
Dimensions of the Shanidar 3 sacrum

| | | | |
|---|---|---|---|
| Ventral height (M-2) | (102.0)[1] | Auricular breadth (R) (M-15) | 40.5 |
| Dorsal height (M-3) | (121.5)[1] | Bi-auricular angle (M-21) | (32 )[3] |
| Ventral depth (M-6) | (23.0)[1] | Base D-V diameter (M-18) | 35.1 |
| Point of ventral depth[2] | (67.0)[1] | Base trans. diameter (M-19) | (58.0) |
| Sacral breadth (M-5) | (91.0)[3] | | |

Table (6)
Shanidar 3 rib measurements and observations

| | Maximum length of piece[1] | Presence of part of tubercle | Proximal height (M-1) | Proximal thickness (M-2) | Shaft height[2] | Shaft thickness[2] |
|---|---|---|---|---|---|---|
| # 1 Rt | 40.5 | | — | — | — | — |
| Lt | 31.0 | | — | — | — | — |
| # 2 Rt | 120.8 | | 11.2 | 7.2 | 14.7 | 6.8 |
| Lt | 46.2; 59.8 | + | — | — | — | — |
| # 3 Rt | 139.0 | | 11.7 | — | 14.1 | 8.4 |
| Lt | 169.3 | + | 9.8 | 10.4 | 12.0 | 8.3 |
| # 4 Rt | 96.9; 106.6 | | — | — | — | 9.7 |
| # 5 Rt | 157.3 | + | 11.6 | 10.7 | 15.1 | 9.1 |
| # 6 Rt | 178.5 | + | 11.5 | 10.6 | 16.4 | 10.0 |
| Lt | 84.7 | | — | — | — | — |
| # 7 Rt | 139.9 | + | 11.6 | 10.8 | 17.7 | 9.7 |
| Lt | 155.0 | | — | — | — | — |
| # 8 Rt | 212.0 | + | 10.8 | 10.0 | 17.7 | 9.1 |
| Lt | 115.6 | + | 10.8 | 10.3 | 17.7 | 9.5 |
| # 9 Rt | 100.0; 72.0 | | 9.1 | 8.4 | 15.5 | 8.7 |
| Lt | 199.7 | + | 10.0 | 9.6 | 15.4 | 8.3 |
| # 10 Rt | 100.2 | | — | — | 12.8 | 7.9 |
| # 11 Rt | 59.2 | | — | — | — | — |
| Rt | 98.1 | | — | — | 13.0 | 5.6 |
| # 12 Rt | 111.2 | | — | — | 11.3 | 7.4 |

Table (7)
Dimensions of the humeri

| | Rt | Lt |
|---|---|---|
| Maximum shaft diameter (M-5) | 26.4 | — |
| Minimum shaft diameter (M-6) | 17.6 | — |
| Deltoid diameter (M-6 a) | 22.4 | — |
| Shaft circumference (M-7 a) | 72.0 | — |
| M. pectoralis major tuberosity length[1] | 46.0 | — |
| M. pectoralis major tuberosity breadth[1] | 10.4 | 9.5 |
| | Rt | Lt |
| Distal articular breadth (M-12 a) | (47.0) | — |
| Trochlear breadth (M-11) | 24.7 | — |
| Minimum trochlear depth | 17.1 | — |
| Projection of medial epicondyle[2] | 14.5 | 14.0 |

Table (8)
Dimensions of the left ulna and radius

| | |
|---|---|
| Ulna | |
| Head breadth | 18.2 |
| Maximum distal depth[1] | 25.0 |
| Distal articular depth[2] | 15.8 |
| Radius | |
| Head-neck length (M-1 a) | 39.8 |
| Sagittal head diameter (M-5 (1)) | 25.0 |
| Sagittal neck diameter (M-5 (2)) | 13.1 |
| Transverse neck diameter (M-4 (2)) | 10.9 |
| Neck circumference (M-5 (5)) | 39.0 |
| Radial tuberosity length[3] | 26.0 |
| Radial tuberosity breadth[3] | 13.2 |

**Table (9)**
Dimensions of the scaphoid bones

| | Rt | Lt |
|---|---|---|
| Maximum length of fragment[1] | 27.6 | (19.0) |
| Maximum length (M-1) | 27.6 | — |
| Maximum thickness[2] | 17.1 | — |
| Minimum thickness[3] | 3.9 | 4.0 |
| Radius articular length (M-4) | 19.0 | — |
| Radius articular height (M-5) | 16.5 | 15.8 |
| Capitate articular length (M-6) | 16.0 | — |
| Capitate articular height (M-7) | 12.3 | 12.0 |
| Capitate articular depth (M-8) | 3.7 | — |
| Tubercle projection[4] | 13.5 | — |

**Table (10)**
Dimensions of the lunate bones

| | Rt | Lt |
|---|---|---|
| Maximum length of fragment[1] | (14.0) | 13.6 |
| Maximum length (M-1) | — | 13.6 |
| Maximum breadth (M-2) | 17.3 | 18.0 |
| Maximum height (M-3) | — | 19.9 |
| Radius articular height (M-10) | — | 18.0 |
| Radius articular breadth (M-11) | 16.8 | 17.8 |
| Distal articular height (M-6) | — | 14.3 |
| Distal articular breadth (M-7) | 11.6 | 13.0 |
| Capitate articular breadth (M-7a) | — | 6.7 |
| Hamate articular breadth (M-7b) | — | 6.3 |
| Distal articular depth (M-12) | — | 4.0 |
| Triquetral articular height (M-8) | — | 10.4 |
| Triquetral articular breadth (M-9) | 8.9 | 9.6 |

**Table (11)**
